پێشەکی ........ 5
گەردەلوول ........ 7
(فریزوو) ........ 8
(وتووێژی کەوو کەوبار) ........ 10
(شلێر) ........ 12
(مەست نەبووم) ........ 12
(پیرە دار) ........ 13
(لافاو) ........ 14
(هەڵەبجە) ........ 15
(تاسە) ........ 16
(ئاوی گڕاوی میرئاوێ) ........ 17
(مخابن) ........ 18
(قاقڕ) ........ 18
(ئەوین) ........ 19
(زەردەپەڕ) ........ 20
(غەزەلی بێوادە) ........ 21
(کەنداوی ئارام) ........ 22
(دواڕوژ) ........ 23
(یادی یاران) ........ 23
(مەسیحا) ........ 24
(سکاڵا) ........ 25
(ژوانی قسە) ........ 26
(پارو) ........ 27
(خاڵەپچووکێک) ........ 28
(لێوەرگەڕان) ........ 28
(جاڕز) ........ 30
(نەهات ڕۆیی) ........ 32
(چۆڵەپێچی دوو سەرە) ........ 35
(نەورۆز) ........ 36
(گاڵتە دەگەڵ هاوشاریەکان) ........ 37
(تەزوو) ........ 39
(هەڵاڵەیەک) ........ 39
(نەشاردنەوە) ........ 40
(کۆچەر) ........ 41
(ڕۆندک) ........ 42
(ئاڵەگۆڕی ڕۆژگار) ........ 43

(ڕەنجەڕۆ) ........ 44
(دەستەمۆ) ........ 45
(شیکردنەوەیەک) ........ 46
(هاواری دۆست) ........ 48
(زۆردار) ........ 48
تیڕامان ........ 50
(گادەر) ........ 50
(تەنگەژە) ........ 52
(کەلاوە) ........ 53
(بیرەوەری) ........ 56
(بەرژەوەندی) ........ 57
(تەشی) ........ 60
(هەڵسەنگاندن) ........ 62
(بەهاری شنۆ) ........ 65
(وتو وێژی مێروولەو مێش هەنگوین) ........ 66
(وڕێنە) ........ 68
(جگ) ........ 70
(شمشاڵ) ........ 72
(گاجووت) ........ 74
(سنوور) ........ 75
(بۆهێمنی نەمر) ........ 76
(نیشتمان) ........ 76
(ڕەخنە) ........ 77
(چەڵتووک) ........ 78
(هەڵۆەدا) ........ 80
(مەهابادی) ........ 81
(ئیشقی دڵ) ........ 81
(خوێنگروخوێن ئەستێن) ........ 82
(ڕاوکەر) ........ 82
(هەراسان) ........ 83
(هێرش بۆسەرشاری شنۆ) ........ 84
(خۆزگە) ........ 85
(چێرۆکی دێرۆک) ........ 86
(گاشە) ........ 87
(گیانەڵڵا) ........ 88
(نیشتمان دوو) ........ 89

(شەڕاب ) ........ 89
(بۆ ژیان،برازام نوسیوە ) ........ 90
(شەم ) ........ 90
(پیری ) ........ 91
(کچە دیهاتی ) ........ 92
(خۆشەویست ) ........ 92
(شینگێڕی ) ........ 93
(نەخشێنەر ) ........ 94
(هێچک ) ........ 95
(بۆ زەرزای کوڕم ) ........ 97
(چاوەڕێ ) ........ 97
(بۆژێر وێنەکەم ) ........ 98
(دووری ) ........ 99
(بۆمنداڵەکانم ) ........ 99
(هەڵدێر ) ........ 100
(بۆکوڕەچووکەلەم زەرزا ) ........ 100
( دیاریە بۆ دۆستی شاعێرکاک عدنان ولی ) ........ 101
(بەندیخانە ) ........ 102
(هۆنگ کۆنگ ) ........ 102
(بەرەو نائومێدی ) ........ 103
(چۆڵەچرا ) ........ 104
(تامەزرۆ ) ........ 104
(بەرپەرج دانەوە ) ........ 105
(کورد ) ........ 106
(قاندڕ ) ........ 106
(کۆشکی هەرمان ) ........ 107
(شەهید ) ........ 108
(ئەستێ و پووشوو ) ........ 109
(کەڵاوەشکێن ) ........ 109
**بەرەونەڵیوان** ........ 114
خەیاڵی مەست ........ 116
خەیاڵی پەرچەمێک ........ 116
(دەلوو ) ........ 117
فەرمانی ئەوین ........ 118
تەوەللا ........ 119
خڵوە ........ 120

(شێتە) ........ 120
(کووتە خۆر) ........ 121
(کەرێزەی شێخان،ناوچەی مەهاباد) ........ 122
(ئازادی) ........ 123
(شەقی) ........ 124
(کوانی کوا؟) ........ 124
(فڕێن چسکە) ........ 125
(ئاسۆ) ........ 126
(مۆمیایی) ........ 126
(قریوە) ........ 127
(وتو وێژی باب وکوڕ) ........ 128
(تلکس) ........ 129
(غوسڵی خەم) ........ 130
(هەڵۆ) ........ 131
(کوردستان) ........ 132
(چرپە) ........ 132
(زستان) ........ 133
(بەرەوشنۆ) ........ 133
حەوشەی خانی(1337) ........ 139
(مێژووی کوردستان) ........ 140
(شەهین) ........ 141
لینادۆ ........ 142
شەمی کووژاوە ........ 142
(شەوانە) ........ 143
(شەو) ........ 144
(یەهوودی) ........ 144
(ئومید) ........ 144
(گەڕانەوە) ........ 145
کوێروو ........ 147
دەنگدانەوە ........ 148
اش(شیت) ........ 283

دیوانی هۆنراوەکانی...
حامیدڕەشیدی زەرزا(بریتی لەوچوار کتێبەن:

فریزوو.
بەرەونەڵیوان.
هەورازونشیو.
خێرۆک.
بابەت: شێعر
تیراژ:1000
چاپ: چاپخانەی ئۆفسێتی تیشک
ژ پ:516،510،514،513ی ساڵی 2000 وەزارەتی ڕۆشنبیری
پێدراوە.
سلیمانی 2006
مافی لە چاپدانەوەی پارێزاوە بۆ نووسەر

لە ناو نەتەوەی بێ ئاڵاو بێ وڵات،گڕی هەناسەی هەستیارو نووسەر کەم وەهەیە شەبەق بداتەوە ژێرپێ. ئەوەش بێگومان لکاوە بە چارەنووسی گەلو نیشتمانەکەی کە حاشا لە بوونی دەکرێت، بە هیوای داهاتویەکی نزیکو تەژی لە هیوا، بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد لەناو ئەو بازنە ناکۆکی خوازانەدا ڕێی خۆ دەربازکردن بدۆزێتەوەو بە پێشیل کردنی ئەم سنوورە دەستکرانە لە گۆڕەپانی خەباتی ڕاستە قینە بە یەکگرتویی ئاڵای سەربەخۆیی لە کوردستانی مەزن هەڵبدا.

چەند خۆشە حەنجەرەی خۆش،بدوێنێ دەمی شمشاڵ
تێی تووڕێنێ نەفخی سوور، سەرهەڵدەن کیژوو لاوی

-----------------------------------------------

بەناوی خودای مەزن

پیشەکی

کەم کەس پەکی بەوە کەوتووە شاعیر،یان نووسەرخەڵکی کوێ بووە، چی خواردووەو چی دەبەرکردووە، چەندە ژیاوە، زۆرترناوەرۆکی نووسینەکەی دەخرێتە ناو تەرازووی هەڵسەنگان. بەڵام ئیواش کەمنین کە زاڤ حەز لە ژیاننامەی نووسەرو

شاعیر دەکەن. هەر وەک لە پێشەکی فریزوو، دانووسیومە.. .ناوم حامید،ناز ناوو ناوبانگم( شۆرەتم) ڕەشیدی زەرزا،یە. لە گوندی گورگاوە ناوچەی شنۆ، لە دایک بوومە. ئەو کات قوتابخانە لە دێهاتی شنۆ ،نەبوو. بڵام چونکە بابم دەستی دەڕۆیی قوتابخانەیەکی لە( گورگاوە) بۆساز داین‌و ماموستاشی بە بەپارەی خۆی هێنا، سەرجەم سێ مامۆستا لەو قوتابخانە گۆڕدرا،کە خوالێخۆشبوو میرزامحەممدی کووبیدە، ناسراو بە میرزامحەمەدی مەلابایزی، یەکێک لەو مامۆستایانە بوو. ناوبراو خەتێکی یەکجارخۆش‌و دەلالی هەبوو.
بەڵام پاش مەرحووم بوونی بابم، براگەورەکەم بەشی زۆری ماڵ‌و سامانەکەی، لە شەندەو ڕەندەدا، ئیمەش هەموو لێک تڕاو بەڕابووین، کە باسەکەم بە تێروو تەسەلی لە کتێبی بەشیک لە ژیان، دانوسیوە. ئەمن نزیکەی دوو ساڵ لە گوندی نەڵیوان لە ماڵی کوڕە خاڵەکانم مامەوە، خوالێخۆشبوو مستەفاخان زەرزا، هێندی بڵێی مرۆڤێکی دەست هاوەڵاو سەخی‌و میوانگربوو، بەکوردی دوژمنی نانی خۆی بوو،کاک عیسمەت خان زەرزا، زۆربەموحیبەت بوو،لە گەڵ مامەندزەرزا هاوتەمن بووم‌و دایم پێکەوە بووین.
من وەک هەمووکوردێک بە هۆی هەل‌و مەرجی کوردستانەکان ودیکتاتۆری و سەرەڕۆیی حکومەتە داگیرکەرەکانی ئیران، عێراق، تورکیەو سوورییە،بەشی زۆرلە ژیانم بە چەرمەسەری ڕابوارد. چ چێژم لە ژین نەکرد! لێرەداقسە خۆشەکەی مامۆستای زاناو بڵیمەت هەژاری موکریانم، دێتەوەبیر دەیفەرموو: کابرایەک دەچێتە دێیەک ڕێگای بە سەر قەبرستانێکدا تێپەڕ دەبێ، پاش فاتحە خویندن، دەست بە خوێندنەوەی کێلی قەبرەکان دەکات. بەڵام واقی وڕدەمێنێ!
چونکە بە پێی نووسینی سەرکیلەکان تەمەنی هیچ کام لەو مردووانە ناگەتە 3 ساڵ،!! زۆری پێ سەێردەبێت. هەر چەند فکری لێدەکاتەوە سەرەدەری لێدەرناکاتو چی بۆهەڵناکرێت. ڕووی لە ئاوایی دەکات. دەچێتە مزگەوت. پاش حەسانەوەو پشوودان، لە خەڵکەکەی پرسیاردەکات: ئەرێ ئەو قەبرستانەی سەر ڕێگا، ئی گەورانە؟ یان ئی زارۆکانە؟ دەڵێن: مەعلوومەکە هی گەورانە، کابرادەڵێ: ئەمن کێلی دەیان قەبرم خوێندەوە لە شەش مانگ تاسێ سال زیاترنەبوو، ئەوە چ جوورە ڕێکەوتێکە!
دەڵێن: قسەکەت ڕاستە بەڵام لەو گوندە عادەت وایە، هەرئەگەرکەسێک مرد، کەس کاری بەوەدانییە کەتەمەنی چەندە! لێی پرسیاردەکرێ ئاخۆ چەندە خۆشی دیوە؟ هەرئەوەندی بۆ بە عومرحساب دەکرێ دەجاهەر ئەوەندەشی بۆ لە سەربەدردی گڵکۆی دەنووسن. کابرادەڵێ: کە وایە ئەگەر ئەمن مردم لە سەرکێلی قەبرم بنووسن..هەربوو مرد! چونکە ئەمن تەنانەت ڕۆژێکی خۆشم لە ژین نەدیوە. ئەمنیش لە سەرقسەی کابرا، دەڵێم: کەچی بە پێناس شێستو حەوت ساڵم، بەڵام سوێندوو بۆ دەخۆم لە تەوای ژیانم دا67ڕۆژم لە سەریەک خۆشی نەدیوە. دەجا تکایە هەرکاتێک مردم ساڵهاتی تەمەنم بەڕۆژ لە سەرکێلی قەبرەکەم بۆ بنووسن! زۆرجار بیردەکەمەوە، دەڵێم ئەرێ بۆچی لەو هەمەموو دەردو بەڵایە نەجاتم بوو، بۆ لەگرتووخانە نەمردم، بۆ لە حوکمی ئیعدامی دەورانی شاو ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ڕزگاڕیم هات، ئەرێ بۆچی بە گەنجی‌و لە سەر هێزوگورد سلار نە بوومەوە. بەڵام لە گەڵ قەزاوقەدەرو چارەنووس چەقەو گوڕەو بەربەرەکانی و ململانێ و شەڕە دندوکە ناکرێت،کەس ناتوانێ سەری هەوداوی ئالۆزاوەی دوا ڕۆژی خۆی لە ناوگلۆڵە یان ماشەری گرێپۆچکەی ژیانی داهاتوو بەهەڵوێزان بدۆزێتەوە. مرۆڤ دیلی دەمی ڕۆژگارەو ژیانی دائیم دەرهەم وەک پاوەک لە بن خەرەێنەی بەرداشی قیراندا لەخول وسوڕدا،هاکەنگێ بە دەم هەژدیهای بێبەزەی دەمدا پچڕاوداهەڵبلوشرێت!
وئینسان هەرچەندیش بژی چپاڵشاو چ بەلەنگاز لەم دونیایە میوانە ومحکوم بە ڕۆیین! دەجا ئەوهەی لە مرۆڤ دەمێنێتەوە تەنیامرۆڤایەتی وجوامیری وپیاوەتی ودەست هاوەڵایی و خزمەت بە نەتەوەکەیەتی وبەس. بۆیە ئەمن همێشە خۆم بە خۆڵی بەرپێی سۆلی شەهیدانی سورخەڵات و هەمووئەو تێکۆشەرو خەباتخوازانە دەزانم، کە بە گیان و قەدەم و قەڵەم لەخزمتکردن بە گەلە بەشخوراوەکەیان کۆڵنەدەرو ماندونەناسن .

گەردەلوول

چاوەکانت جووتە ئاسکێکن، لە نامۆ سڵ ئەکەن
کوڵمەکانت ئاگرن، ئاگر لە دڵما هەڵ ئەکەن
لێوەکانت وەک پەڕی گوڵ، ناسکو شلکو شەقن
تا بە خەندە دێن دەپشکوونو لەدەمتا گوڵ ئەکەن
هەنیەکەت بازگەی خەیاڵی تاسەبارانی ئەوین
ڕێ لە بۆ کازیوەدانی شەونخونان کل ئەکەن
بسکەکانت وێنە ئاڵان،کەسکو ئاڵو زەرد سپی
ئەکتەری فیلمن لە لاجانگ،شیوەیی سەنبوول ئەکەن
کەزیەکانت ڕووی تەنافو بەندو سێدارەن لەلام
ئەو لە مێژووی کوردەواری ڕیی خەبات کامڵ ئەکەن
گەردنت شووشەی گولاوی نیشتمانی خۆشەویست
کە شەهیدانی وڵاتم لیێ مراد حاسڵ ئەکەن
مەمکەکانت جووتە کارگێکن لە پانکەی کێلەشین
وا لە بن بەفراوی باڵات شەرحی ئاوو گڵ ئەکەن
بەژنەکەت دارێکی سەوزی پڕ لە سەر کۆتری خەیاڵ
بەو هەمووو بۆچوونی جیاواز ڕوو لە قوبڵەی دڵ ئەکەن
من کە پەرداخی دەمم پڕکەم لە مەیخانەی دەمت
چیم لەوانەی دووره پارێز خۆ لە مەی خافڵ ئەکەن
من بە فیدراڵی دەمی تۆ سەربەخۆییم دا لەدەست
تا گوڵۆکی چوار کەنارم بەرمزە تاوڵ ئەکەن
ئەو هەیاسەو سلسلانەو پلپلەی پاوانەکەت
بۆ مەڕامی سەر نەگرتووم نۆکە گوێچکە سڵ ئەکەن
تۆ لە ناو چێڕۆک هەنارو من لە پشتی سەحنە مەل
تەێری هەستو سۆزی ئیشقم ئەفڕنو چڵ چڵ ئەکەن
وەک دەڵێن گەرگیان لەپاش مردن بەرەو لەش داگەڕێ
بێ گومان دانیشتووانی دێن لە مەستیم گوڵ ئەکەن
هەمهەمەی دەنگۆی حەرامی مەی لە دەم شێخو مەلا
لات وەکوو ئەفسانە وابێ لەش بە مەی بیسمیل ئەکەن

لیڤیرپولسیدنی ئوستەڕالیا2005/12/22

**(فریزوو)**

من فریزوو نیم فریزووم پێدەڵێن
پنجو ڕیشەم سەختە ئەمما خوێن دەڵێن
چەرخی چەپ ئەمنی وەها خولْقاندووە
بەژنو باڵامی بە هەرزە نواندووە
وادەڵێن: من خوێنی هەردم مژتووە
تازە ئاوێکە وەهایان ڕشتووە
با سەرەو ژێروو سەرەو ژوورم بکەن
با لە مووچە دوورو مەجبوورم بکەن
با لە بۆ فەوتاندنم سەر هەڵبڕن
با ڕەگو ڕیشەم بە گاسن هەڵدڕن
گڵمەتو گڵ نیم، ئەمن ناتوێمەوە
پاشی سەرقرتاندنیش دەڕوێمەوە
با بژارم کەن لە شێوەردوو پەرێز
من زەویم گرتۆتە ئامێزم بە ڕێز
پنجو ڕیشەم داکوتاوە من لە هەرد
کوا دەرۆستم دێ بژارو شێوو وەرد
هەر خوناوێک بێ لەشم تەڕکاتەوە
تۆزی خەمباریم لە ڕوو بشواتەوە
پنج دەکەم پنجم لە سەرپنجی ڕواە
نادیارە لێم ڕەگو ڕیشەی خوراو
من لە چوار سووچی زەویدا نیشتەجێم
وا ڕوواوم ناڕوێ بەرگر لە ڕێم
بۆ ڕەگ ئاژۆ بەسیە بۆ من نەختێ خاک
دەرفەتو ماوام بدەن وەک پیاوی چاک
کەس نەکێلێ خۆم دەنێ جێ ناگرم
هەردو مووچەی هیچ گوڵێک داناگرم

ئەم شێعرە لەگۆڤاری سروە بڵاو کراوەتەوە

لەسالی 1365ی هەتاوی.

خەنجەرو سوالْ

تابەکەی بە فریو بچم لێرەو لە وێ
بۆ دەقو دۆغر نەڵێم من چیم دەوێ
ئەو هەموو خوێنم لە پێناوی ڕژا
مێشکی لاوانم لە سۆنگەی داپژا
من کە دەرمانی دڵم ئازادییە
ئەو هەوێنەم هۆی بەڵێنی شادییە
بۆ وەکوو ئەوخەڵفە دۆخە هەڵنەچم
بۆ لە ناخی داری گەندەڵ دەرنەچم
بۆ لە هەقخوازی بکەم پاشەکشە
بۆ لە ماڵی کۆلی کەم دەنگی وشە
بۆ نەڵێم سەربەستی مافی کوردییە
بۆ نەڵێم چاوپۆشی لێی نامردییە
بۆ لە بەردەم لانەبەم ئەو لەمپەرە
کوانی هاوبەشمە؟ ئەوە داگیرکەرە
لێم دەگوێ بگرن قسەی بێ باکی من
خەنجەرو سواڵیان نەگوتوە کاکی من

ڕێکەوتی شارۆچکەی گاتن ئوستەرالیا
سالی 2002ی زایینی.پارێزگای کویزلەند.

(خەیاڵ)

ڕووت بێنە با ڕامووسم کەچی بە خەیاڵیش بێ
کوڵمەت بێنە با بمژم کەچی سێوی کاڵیش بێ

مژۆڵت تاقو جووت کە، با ئەو خاڵە وەبینم
لە ناو پیلووت خولْقاوە کەچی وێنەی شاڵیش بێ
کاتێ خونچەی دوو لێوت بە پێکەنین دەپشکوێ
دیلی دەستی تۆ دەبم کەچی دڵم زاڵیش بێ
چاخێ لە تابلۆی ڕووی تۆ،وەردەگرم ڕەنگی جوانی
تامی شێعرم دەچێژێ کەچی بێ خەیاڵیش بێ
شینگێڕی خەمو ڕەنجت نادەم بە خۆشیو شایی
کڕیاری دەردی تۆمە کەچی کەکرەی تاڵیش بێ
ئاوێنەی ڕووت بنوێنە، با خۆم تێدا ببینم
لە ئینقلابی ڕووت دا، کەچی ئاش بەتاڵیش بێ
کۆشکو کاخی هەندەران بێ بایەخە ئازیزان
کوردستان خۆشە کەچی با چۆڵو بە تاڵیش بێ

1369/6/6ی هەتاوی
شاری ئانکارا،تورکیە

**(وتووێژی کەوو کەوباڕ)**

دەڵێن ڕۆژێک باڕەکەوێک بە دایکی گوت: توخوا دایە
چیڕۆکی ترساندنی من هەتا کەنگێ دوایی نایە
بەستێنو سەرچۆمێک نەما، باڵێکی پێدا ڕانەکەم
چ گراڵکو تێسوو نەمان کە سەریان دەبن ڕانەکەم
گوتت: ڕاوکەر ئەنگێوەیە"باشوو"گەلێک شالاو بەرە
پێت نیشان دام ڕێی ڕاپەڕین کێوی بەرزو دۆڵو دەرە
قسەی سەر کۆنەی خۆمانت بە هەزار زمان فیرکردم
ئەو ڕێی دەبوو پێیدا بڕۆم بە خەیاڵ پێیدا ڕابردم
دێڕۆکی پڕ کارەساتت بۆ من بوونەتەوە کاوێژ
پەنجەی"هەڵۆ"هێزی"باشوو"چەنچڕۆکی دەخوێناوڕێژ
ڕابردووی چەوسانەوەی خۆت،بۆ لە "داشگیروو" بێژینگ" دام
گەردەلوولت تەتەڵە کرد، تاکوو زانیم چییە، مەودام
هەودای بیرت ڕۆژێ جارێک پاشی ڕاچاندن هەڵوێژا
تاکوو دەماری دەلەشم سەر لە نوێ خوێنیان تێهێژا
زانیم شوێنەونکەی ڕاوچیو لوور بوونی "باشوو"دەهۆیە

جەردەی سەرڕێگای کاروانی لە حەولی جولبەندی خۆیە
گوتت لەبەر چەنگی "باشوو" لێک تەلاسابوون هەڵەیە
خۆڕانان لە بەر دەم سێرە مەترسی داوی تەڵەیە
"کوێزری" لە قوونەکەو نەدراو "زیوانیشی ڕەگەڵ دایە
"سەردی" دەروو هاوەڵا دانیش دەداتە لابایە
پێت گوتم: پاشدەنگی "مامڕ" نەکبەتییە لە بۆ خێوی
کەوێک دژ بە خۆی وەخوێنێ دەبێ دەربکرێ لە کێوی
کەچی دایە قسەکانت بۆ گوێچکەیی دڵم یاسین بوون
بەڵام ڕێگای چارە نەبوون هەموویان هەر دەردناسین بوون!
دایە هەر وەرزی کەڕەتێ بۆ خۆ لە سەرجەڕبان سوور بوون
نە ئەو کێوە دەپارێزێ نە هێلانە لە خاپوور بوون
خاسە کەوگوتی: ڕۆڵە گیان: ڕاست دەبێژی بەڵام چبکەم
گرێ پوچکەی دڵم توندە ئێشی زۆروو دەرمانی کەم
سەت خۆزیادەستێکی بەهێزدەستی پێ لەدەست یەک نابایین
قامووسی جوێ جوێ کردنەوەی لەو دەراوە پێ وێک نابایین
دەتەوێ بووکی قسەی نوێ تارا لە ڕووی بکاتەوە
دەبێ قاسپەن لە ناخی دۆڵ بە کۆ بێ دەنگ بداتەوە
نابێت واهیمەو مەتەرسی بتوانێ ورەن پێدانێ
قوشقەوانی ڕاوچی نەکەین لە بۆ ڕێگا پێشاندانێ
وەختێک کە ڕێگاو ئامانجو بۆچوون لە ناخی دڵ یەکە
دژی یەکتر بزووتنەوە لاڕێ بوون لە ڕێ ناڕێکە
لە پێک هەڵپڕژانی ئێمە سەرچاوەی ئاوێ شلوێیە
ئەوەی لیمێ ڕاناگرێ جۆگە نییە گەورە زێ یە
نابێ بڵێسەی هەست بزوین لە دەروندا سارد بێتەوە
نابێ لێواری مەنجەڵی قژقژ کوڵیو لار بێتەوە
دەنا هەزار دوعاو تووکو نزاو پاڕانەوەی شەوێ
نە ڕاوکەر لە ڕاو شل دەکا نە "باشوو" لە تەقڵەو ڕەوێ
کە شریخەی هەوری "نیسان" بێ کوارگی سنوورهەڵدەتۆقێ
کە دەستی بێ هێز، بەهێز بوو زراوی مۆتە دەتۆقێ
ئەوکات دەرمانی ئەم دەردە لە چەند پەڕی شڕوشێڵە
یان بارانێکی بە ڕەحمت یان هەورووهێڵو ڕەهێڵە

1368/1/5ی هەتاوی
شاری ورمێ کوردستانی ڕۆژهەلات

## (شلێر)

ئەوەندەم خەم دە دڵدایە دڵم نابا، خەمێکیتر
دەڵێی لەم کورەیی خاکی دەچم بۆ عالەمێکیتر
سەری خۆم تا بەسەت زەحمەت لەسێدارە وەشارد،دیتم
نەبوو یەک شەو،شەوە نەکوشێ دڵی کۆرپەی خەمێکیتر
هەتا نێڵەی شەپۆلی زێ بە حیلاندن دەبا تەرمێ
لە سەر نووکی قەنارەی دڵ دەدا ڕوو ماتەمێکیتر
نییە حەیرەت کە هەڵنایە لە بەر ڕووی ڕۆژی ڕوون چاوم
پەنا دایدەگرێ ڕووی ڕۆشن بە ڕۆژی ڕوون تەمێکیتر
تەسەلی چاوی بێماری لە سەر من واجبە ئەمما
لە دۆخی خەنجەری زاڵم بەعیدە مەرهەمێکیتر
کەچی ڕۆژم لە بەر میحنەت وەکوو تاریکە شەو وایە
بە هومێدم سەری هەڵدا لە ناخا سەردەمێکیتر
وەرە ناسیح بنۆڕە لێم گەوەم هەڵبوارد لە یەکو دوو
لە سایەی ڕوویی لەیلاکەم گەیشتمە عالەمێکیتر
بەرەومالی تەسووف من، ئەوە بارگەو بنەم تێک نا
کەچی حاجی لە مالی بێت لە دوو دڵدا ژەمێکیتر
شەڕابی ئەرخەوانی تاڵ لە مەعبوودت دەکا نێزیک
بەڵام بەرمالی جامبازی مووتیعی خاتەمێکیتر
کە دوێ پشکۆی دەمی شلێر گوڵی دا پێی گوتم: ڕابە
ئیتر بستوو گەوت هەڵبوارد نەماوە ئەستەمێکیتر
گوتم چۆنە بلێ پێم تا بدەم پێت شایلە خانەی دڵ
گوتی: داری ئومێد هەر هێند چلۆو دەرکا کەمێکیتر
هەموو باخی بەهەشتم بێ دەدەم یەکجێ بەپیاڵێک مەی
نەکەم تا تەرکی مەیخانەی دەمو گۆنای دەمێکیتر

1992سیدنی ئوسترالیا .لەگۆڤاری سروەبڵاوکراوەتەوە.

## (مەست نەبووم)

بێ تۆ ڕووم کردە دەری مەیخانە دۆست

پێم وەبوو بێ مەی خەمی دڵ بۆتە کۆست
بۆ هەموو جۆرە مەێکم بردپەنا
نەمدی سەرخۆشی لەچۆڕێک مەی دەنا
بۆ سەبووری هەر لە مەیخانە دەبووم
مەی بگێڕی دەست بە پێمانە دەبووم
تازە زانیم مەست هێنەر یەک مەیە
ئەو شەڕابی ئیشقی تۆیە نەک مەیە
ئیدی پیاڵەم توور هەڵداو شووشەمەی
خۆم لە پێناو نەیشەکەرناوبوومە نەی
بۆ چریکە وام گەروو هەڵپچکڕی
پەردەی تەقوام لە ئاست ڕیسوا دڕی
هەستی لێزمەی ڕێژنە بارانی شەوێ
دێ لە نێو گوێچکەی دڵمدا بسرەوێ

لیڤرپۆل ،سیدنی، 1993/7/27
ئوستراليا. لەگۆڤاری سروە بڵاوکراوەتەوە

**(پیرە دار)**

خەڵفێک بووم بە گوردوو توان
توولە نەمامێک بووم جوان
ساڵو مانگ هاتن ڕابردن
ئەستوور بووم لقم دەرکردن
ڕێشەم لە بانی زەوی بوو
سەرم لە تەشقی جەوی بوو
ملەم لە گەڵ هەوران دەکرد
باخم شەونەم باران دەکرد
بوومە گەورەی هۆزی داران
هەڵمەتی تۆفانو باران
بڕستیان لە بەر بڕا بوو
تەپڵی فیشاڵیان دڕا بوو
تەمەنم تا دەچۆ سەری

تویخێکی دیم دەکشابەرێ
کە سالم لێ وەردەسوورا
گوریسم تێ نەدەسوڕا
زۆرخەڵفم لێ وەپاش کەوەت
لە من جوانتر بوون بە ڕەوت
کەم کەم دەهاتم پیردەبووم
وردە وردە زەویر دەبووم
ڕۆژێکی لە گەڵ بەیانی
تەوری جەورم هاتە گیانی
سەرچڵووکم کەوتە گۆڕێ
بڵیند بوو دەنگی گابۆڕێ
لقو پۆپم کەوتە خوارێ
لە من ماوە ئێختە دارێ
بەڵام پتەوتر بوو ڕیشەم
بە هێزتربوو ڕەگو تیشەم
ئەی لە تەوری بە هەڵەچوو
نەیدەزانی ئەو ڕاستیە کوو
دار بەبڕێنێ جوانتر دەبێ
لکو پۆپی پانتر دەبێ
مەکۆی یەکیەتی پێک دێنێ
شووی تەڕو تازە دەڕوێنێ
بنواڕە ئەم لێڕەوارە
سێبەر هەرهی ئیختە دارە

1995سیدنی،ئوسترالیا-ئەم شێعرەلەگۆڤاری
سروە بڵاوکراوەتەوە.

**(لافاو)**

لافاو کە بەخوڕ دێتو بە هەیبەت دەگوڕێنێ
ڕازو ڕەوەزو ماەو چڕو زەرد دەڕمێنێ
دارو دەونو جاڵە هەموو هاتنە زاڵە
شێتو دڕە دەستی لەهەموو شت دەوەشێنێ

دۆڵو خڕو هەڵدێرو تەلانو گەوەوو پێچ
سینگیان وەکوو زۆنگ کون کونە ئاوێ دەدەڵێنێ
هێلانە لە بەر هێریشی ئەو نوقمی شەتاون
تالانو برۆی کوێ؟ دەیەوێ خۆی بسەپێنێ
پێشێلی پەلاماری ئەون سوورە گوڵی هەرد
زامارە دەڵێی ماشقە کوژاوە دەوشێنێ
ڕادەبرێو ڕادەگرێو هەڵدەگرێ چەوو چێو
دەڕفێنێ مەڕو مێگەلی شوانی دەشەوێنێ
بەزمی گەڕە لاوژیتی لەگەڵ هەورە تریشقە
خوڕڕەی ئەمو گوڕڕەی ئەوی، دونیا دەهەژێنێ
حیلەی بە سەر ئەو دەورە وەها بەرزوو بە زەبرە
کەم ماوە بڵێم: گوێچکەیی گەردوون دەدڕێنێ
شالاوی هەموو سوچو کەلێنێکی دەپێکێ
بەژنی گوڵو خەڵفو چڵە گیایان دەپەڕێنێ
جەرگی زەوی لەت لەت دەکرێ بەم هەڕوو گیفە
فرمێسکی خەفەت بۆ هەموو لا هەڵدەوەرێنێ
ڕادەبرێو ناوەستێ هەتاکوو کە دەوەستێ
ئەو کاتە پەپوو دێتو لە جێ شوێنی دەخوێنێ

1366ی هەتاوی شاری ورمێ
کوردستانی ڕۆژهەڵات،ئەم شێعرە لە
گۆڤاری سروەبڵاوکراوەتەوە.

**(هەڵەبجە)**

تاریکو ترووکە زەوی تارمایی بە سەردا
هەر خەونێ بە ڕووناکی دەبینم لە نەزەر دا
هەرمێشکی سەری کوردە دەچڕژێو دەپڕژێ
ساتۆرو قەمەی کۆنە سەری کوردی لە بەردا
هەرکوردە قڕانی دێ بە سەرجەم لە هەموو جێ
هەرکوردە سەری بەرزی بە سێدارەوە سەر دا
جێی داغو شکەنجەی هەموو لێدیارە لە سەرلەش

ئەو کوردە کە بۆ مافی ڕوای نوتقی دەبەردا
دێو ڕەچە دەشکێنێ لە"هێتلەر"دزی ئەفلەق
شەوپاتە،لە کوشتو بڕی من تۆپو تەشەر دا
کوا شینی دەوێ!خەڵکی"هەڵەبجەی"هەموو کوژران
هەر تۆڵەیە دەرمانی لە ناو داخو کەسەر دا
هات جۆگەلەیی خوێنو خوڕی تەرمی ئەزیزان!
خوارو سەرو ژووروو دەروو بێروونی وەبەردا
گشت کوچەو کۆڵان لەشو دەستو سەرو پێیە
وەک شوێنی سەلاخانە دەچێ خوێنی، بە بەردا
دڵ بیرە خەمی تۆ لە "هەڵەبجە وەکوو لەعلە
ویستم هەڵی بینجم هەموو دەردێکی وەدەردا
زنجیری عەدالەت!لە چ شوێنێکە بڵێن پێم
نەم بیستوە ئەم زەنگوڵەیە دەنگەکی سەر دا
ئەو کاتە کە سەر هەڵدە بڕم دێتەوە بیرم
سەرو ماڵم ڕوحو گیانم هەموو ژینم لە خەتەردا
ئەمواجی خڕۆشانی دەمی گادەرە زێیە
یان نارەتەیی خێوی شەوی ڕەش لە سەحەردا
دونیا هەموو هەر قودرەتە زانین هەموو، وەحشەت!
بەتڵانو قڕان تاکوو لە قامووسی بەشەر دا

1367/3/25ی هەتاوی
شاری ورمێ کوردستانی ڕۆژهەڵات،
لەگۆفاری سروەبڵاو کراوەتەوە.

**(تاسە)**

تا دەستی نەرمو نۆڵێ دادێنێ زولفی خاوی
بێ سێو دوو دڵی من وەک ڕاوچی چۆتە ڕاوی
تا هەڵدێ ڕۆژ لە سیلەی دوو چاوی پڕ لە گرشەی
بە خۆم نییە دەمکێشێ دەچم دەکەومە داوی
تا ئاڵی لێوی جوانێک بە پێکەنین دەپشکوێ
هۆشم لە گەڵ خۆ دەبا بۆنی بزەی گوڵاوی
وەک وێنەکێشێ تەڕدەست هەستم دەپێکێ بەژنی

لە تورتو جوانی گۆنای تا زولفی بەر بڵاوی
ئێستاش وەکوو جحیڵان هەستم دەبزێوێ ڕووی جوان
بەڵام هەزار مخابن نەمماوە گوردی لاوی
کەچی سەت شێعری دڵکێش نابێ بە ماچی لێوێ
چبکەم لە بۆ منی پیر نایێتە ژوان گراوی

1368/10/21ی هەتاوی شاری ورمێ،کوردستانی
ڕۆژ هەڵات.

**(ئاوی گڕاوی میرئاوێ)**

جەستە خەستەی دەست ئەوینم دەستەبەستەی ئەوبەڵایە
کوا پزشکم ؟کوا تەبیبم؟کوا حەبیبی دڵ؟ خودایە
گرشەگرشی چاوی مەستی، مەستی کردوومە بە پیری
بێسکالامە کەچی ئەو زاڵمێکی بێڕەزایە
تەرزوو بەرزی بێ پەڵەی ویم ناخرێتەدەفتەرێ بۆ
"یوسپی میسرێ"لە ئاست وی سەت پەڵەی تێدا گەوایە
دەردی دڵداری ئەوەندەی بێ سەرو بەر کردبوو دڵ
کەوتمە ئەو فکرە بزانم کامە دکتۆر شارەزایە
چوومە لای یەکێ هەتاکوو پێی بڵێم دەردی دڵی خۆم
پێی گوتم: دۆزیمەوە دەرمانی تۆم ئێستا لە لایە
بێدڵو دەرمانی دڵ ها! هاتەوە بیرم قسەی خۆم:
دەردی ئاسایی لەگەڵ دەردی ئەوین لێکتر جیایە
گەر بەچاوی منی بدیبای کاکی دوکتۆرنەیدەفەرموو
ئاوی سەرکانی گڕاوی گوندی میراوێ دەوایە
چیت لە ئاوی لەندی داوە کەوسەری ڕووت بێنە لاوە
هەر قومێکی عومری "نووحە" هەردڵۆپێکی شیفایە

لەسەرقسەی دوکتۆربەهمەن خوسرەی قەرەپاپاق لەگەڵ
کاک موتەلیب ڕەحیم زادە، بۆ ئاوی کانی گڕاو
چوینە گوندی میراوێ لەناوچەی شنۆ،ڕێکەوت1368/6/23ی

هەتاوی کوردستانی ڕۆژ هەڵات.

**(مخابن)**

ئەوەند چاوی خوێناویم فرمێسکی خەم دەڕێژێ
زاراوێک نادۆزمەوە ئیحساسم هەڵبڕێژێ
لە چەنگ زیانی خورۆ کەوتوومە ماڵی کوولی
نە ڕێگای دەست وەکریە، نە زوانی وت و وێژێ
خنکاوە لە گەروومدا شینو شەپۆڕو گابۆڕ
نەکبەتیە چەرخی سپڵە تیری تەرسە داوێژێ
ئەو سۆنەیی ڕاوێژکەر کە مەلەوانی "شەت"بوو
لێڵاوی لێمشت ڕایدا شەپۆل بردیە ناوگێژێ
ئەو ماشەرەی بەچەندساڵ بۆتەونێکن وەکۆ کرد
چاوی حەسوودی پێکای گلۆڵەی خستمە لێژێ
ئەستێرەکەی سەیاحم ئێستا لێ بۆتە "ثابت"
کەنگێ بەیان دەئەنگوێ کەی سۆفی دێتە نوێژێ
بازی دژ بە هەڵپڕژان هێلانەی تێک وەپێچا
ئیدێ مەلی هێمناتێ ناکا لە دان خوێ چێژێ
هەودای خەیاڵی باریک شەقڵی بیرم دەشکێنێ
هەستی تیژوو ناسک بین تامی شێعرم دەچێژێ

1368/8/6ی هەتاوی لەگۆڤاری سروەبڵاوبۆتەوە.
شاری ورمێ،کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ئێران.

**(قاقڕ)**

کەویرێکی هەراوی هەڵکڕاوی بێدەراوم
لە ئیلاخو لە زەنوێرو لە زۆزان دوور خراوم
گەڵای زەرد هەڵگەڕاوی داگەڕاوی سەر زەمینم
لە دەشتی بێ سنووری ویشکو قاقڕ بەند کراوم

لە باسکو بانوو زینو، ئەوەند دوورە پەرێز کەوتووم
دەچۆڵو هۆلی ئەو دەشتە بەرینو پانە ڕاماوم
ئەوەندە بێ بەزە ئاورینگ دەدا ئاور دەپڕژێنێ
شەوو ڕۆژوو ژەمو دەم شەونەمی ئارەق دەنێ ڕاوم
بە قولپەو قەڵبەزەی ئاوێ، لە لەندو بەرپەسارو ڕژد
بە دەم خەونووچکەوە وێڵم،وەنەوزی خەو دەکا ڕاوم
نە ئاودێرێ نە وەرزێرێ نە ڕێبوارێ دەدینم من
نە هاوکەوشەن نە خێوی بەندەنو بەندوو بەراوم
بەدەگمەن گەر پەڵە هەورێ، لەکوێستان ڕوو بکا هەتڵە
ئەوەندەم بۆ بە گوڕ دەگرێ، نەمێنێ هێزی پاراوم
لە ئارادا نییە بۆ من بە قەت فرمێسکی گوڵ ئاهێ
ڕەقەن کەوتوومو بێ بایەخ،بە دەردی خۆم نەچاراوم
بە تینو بۆچەکو بۆسۆ لەشم سەرتا بە پا شەق بوو
لە چەنگ گەرما بە چۆک داچووم،نەما ئاراوو قاراوم
لە دونیای پڕ جمو جۆڵی هەوارگەی چەرخی بیستەم دا
بەهاروو پاییزوو زستانو هاوین، سەر لە پێناوم
قەدوو لاپاڵ و هەڵدێروو تەلانو چڕ هەموو زۆنگن
لە سەر ئەو ئاوە زۆروو بۆروو بۆشە من نەدێراوم

ساڵی 1366ی هەتاوی شاری ورمێ کوردستانی
ڕۆژ هەڵات.ئەوشێعرەلەگۆڤاری سروەبڵاوبۆتەوە.

**(ئەوین)**

مەلێک بۆ جووجیلەکان دەگەڕا بە دوای لانەی
گەڕاوە دیتی ئاگر بەربۆتە ناو هێلانەی
دەی چریکاندو دەیگوت:خاپوور بوو بەرزوو نەوی
ڕووخا کۆشکو کاخو کۆخ تێک ڕمی بانی زەوی
یەک گوتی: لەم دونیایە کێ تۆی وەبیرە ئەی مەل
سووتانی هێلانی تۆ چی داوە لە خەڵکو گەل
گوتی: من هەرمانی خۆم لەو دەراوە دەبینم
کە ئەو سەرچاوە گیرا کوێروو کوتروو نەبینم

کێ بێ شعووری هەبێو بێ بەری بێ لەو هەستە
هێلانەی من کە تێکچوو دونیام پێ لەپی دەستە
تۆ پێکەنینت بە من لە ڕێگای شانداخییە
یانی خۆ بەزڵ زانیو خۆڕانیو خۆ باخییە
ئەوقەڵشو کەلێنانەی کاول بووی هەرەس هێناو
جێ شوێنی ئەڤینمن بە چاوێک نا هەزار چاو
ئەو جێگا ئاگردانەی کە تۆزی لێدەباری
نەخشی هەرمانی هەیە بۆ من هەرچوار دیواری
هەتا دێڕۆکی ناوی پاش ئاگردان هەر دێڕی
سەرپشکم کەن لە دونیا نایدەم بە کۆی دەزێڕی

1367/11/24ی هەتاوی شاری ورمێ
کوردستانی ڕۆژ هەڵات،

**(زەردەپەڕ)**

لە خەڵوەتخانەیی دڵدا کە شێون ڕانەکەم چبکەم
دوو چاوی پڕخەواڵووی یار بە هەست تێکڕا نەکەم چبکەم
لە ڕووی ڕۆژی بەجێماوە هەواری زەردەپەڕ لەیلا
لە بەر زەردی قەڵافەتێا بەژن دوولا نەکەم چبکەم
سەری دیلیم بە مەیلی خۆ گزوو گومبەت لە ڕێی دانا
بە بێ تەقیەی جەماوەر پشت لە لای پەروا نەکەم چبکەم
کە ویستی لێوی ئاڵی وی لە من بوو کشتەکی نوشتە
بە فرمێسک مشتو ماڵی داوی سەرسەودا نەکەم چبکەم
منی بێزار لە مەیخانە لە پاش دوری شەڕابی ڕووی
کە بیری ڕووی، دەپیاڵەی چینی بیرا دا نەکەم چبکەم
ئەمن ئەندازیاری ڕووگەیی ڕووی ویم نە پارێزەر
کە نەخشی دارژاوی دڵ لە دەفتەر دا نەکەم چبکەم

دەیان هەڵکێشو داکێشم لە زاویە  دێتە بەر چاوان
خەتی سەرجەمسەری سەفحە بە پاکون پانەکەم چبکەم
لە کۆڕی خێڵی نێو چینی گەمارۆ داوی خێوی دڵ
کەنیشکی دڵگری  مێژوو  وەها داوا نەکەم چبکەم
لە چوارباخی ئەوینی دڵ ئەوە دەروازە دێ بشکێ
لە بەرگی سەوزو خونچەی سوور گەلا ئاڵا نەکەم چبکەم
لە سەر ڕووی پارچە پارچەی وی لەشم چوارپارچەکەن لەیلا
کری ئەورشمی حەدوو سەدلە بەر یەک ڕانەکەم چبکەم
زرووفە بۆ زەماوەندێک  لە دووڕگەی باخی  نێو  مێژوو
بە خۆگەوزان لە ناو خوێندا کە خۆم  زاوا نەکەم چبکەم
سیامەندێ پەل ئەنگێوێ دەمی دارە بەنێ دەست خەج
لە زەردوو ماهوو  هەڵدێرێ سەرم ئاوا نەکەم  چبکەم
لە کێوی ئەستەمی دووری مەکەن لۆمەم کەخۆم بەتلاند
بە سەردانان لە  پێناوی کە  خۆم  ئازا  نەکەم  چبکەم
مەلی سەربەستو  ئازادی  ئەوە دێ  بێ  سەرم  لێدا
لە ڕێبازا سەرم وەک گۆی لە بەر پێی دا نەکەم چبکەم
لە پاش عومرێک پەژارەو خەم لە ئاخر نوختەیی دونیا
قسەی چەوتو حەدیسی ڕووی لە یەکتر جیا نەکەم چبکەم

1995/7/24ی زایینی،لیڤرپۆل،
سیدنی،ئوستراليا. –ئەم شێعرە لەگۆڤاری سروەبڵاو بۆتەوە.

**(غەزەلی بێوادە)**

فەرموویە لە بیری دەکەمو داویە گەواهی
ناچێت لە بیرم کە لە بیرم چێ ئیلاهی
لەو کاتە لە وی دوورم هەرکات ژمێرم
وێنەی هەمووکەس غەیری وی لێم بوو بەفکاهی
سووتاوە،ئەگەر کەوری بە دەخشان لەگڕی خۆر
زەڕڕێکە بە تەشبی لە هەناسەی منە ئاهی
گوتبووی وەکی بیستوویە نەیار مەیلی لەگەڕدا
بێ نرخە لە لای من بە عەمەل گوفتەیی واهی
من بەندەیی ڕوخساری ئەوینم بە دڵوگیان

ناگۆڕمەوە "دووشایی"گەدا پیشە بە "شاهی"
دیواری هەناسەی دەشکاند سینگی پەپوولە
فیدیەی سەری ئاشق بوو،نەبوو هیچ گوناهی
زێڕاوی دەکرد شەقڵی دووبالێ سەری گۆنای
سۆزی دڵی پڕ گڕ لە بەری بوو بە سیاهی
لەش نەرمو بەژن شیرنو دڵ ڕەق وەکوو خورما
من تالبی دوو سیفەتی جوانیم لە نیگاهی

1994/2/2ی زایینی،سیدنی،
لیڤرپۆل،ئوستراليا.

**(کەنداوی ئارام)**

من لە لێواری بە بێ ئارامی ئارامم ئەوە
ڕایەڵو پۆی بیری تیژی تێک تەنیم چین و گەوە
تۆ لە پشت دیواری خەتی ئیستوا پێداگری
فکری ڕۆژی ڕوونی تۆ،بۆمن لە نیوەی ڕاشەوە
نەک ئەتۆ، ئەمنیش لە خولدانی گەلاڵەی کات ژمێر
نیوە لەو خاڵەڕەشەو،نوختە بەیازم تەو هەوە
چاوی ئوقیانوسی ئارام کوێرەبێ نەیدی گوڵم
لووزەوی سەرجەم شەپۆلی ئەشکی ئەمنی بێ خەوە
خۆزیا ڕووی چارەنووسی تۆتیاکەی ئەم گەلە
ڕەمزی ڕزگاری بخولْقاندبا،لە دەست ئاڵەو شەوە
با"سقر"بێت و لە کێوی بەرزەفرکا، باڵەفڕ
چەوت ئەخوێنن لەو هەریمە ئەوتەرە دەستەکەوە
دیتنی ڕووی وی لەکاتێک دێتە دی ڕۆژ بێتە دەر
یانی کازیوە لە کەل سەرهەڵبدا بەم پەڕتەوە
جێگە بۆشایی ئەوینی پڕنەبۆوە داخەکەم
خاڵی نێو سۆمای نەپێکا ڕوژ بەتیشکی ڕووگەوە
جوانی"بشڕاو "هەلاڵەو ڕووی"شلێرو بەزمی تر
سەردەمێکیان ڕاکشاندم ڕاپەڕیم دیتم خەوە
ئێسقەکانیشم لە هاونگدا بهاڕن پێت ئەڵێن:
هەردلۆپە خوێنەکم ماجوونی چاوی بێ خەوە

1994/1/22ی زایینی،لیڤرپۆل،سیدنی،
ئوسترالیا.

**(دواڕۆژ)**

کەچی ئەو خێڵی وا دێتن لە زۆزانی ئەوین لادا
لەجێ هۆبەی دە ڕەشماڵی دەپێشوو خیوەت هەڵنادا
بەڵام وەک چاوی پڕئەسرین لە پرسەی مەجلسم دابوو
تکەی خوێنی لەشی ئاشق هەتا مەحشەر هەدا نادا
گەروو تەنگی هەناسەی با لە کازیوەی بەیانی زوو
دەمی ڕسکاوی ڕووی خونچەی بە ئاوی شەونەمی دادا
زەوی دارماڵ لە سەوزەی شین بە باوەش شلێرونەسرین
چ قەوماوە ئەگەر زریان گوڵی کۆشێک بە با،دادا
ئەوەند هەڵکا سەری لە سوێ شەماڵی دەم بە عەتراوی
گوڵۆکی دەم لە بن تارا گەمەی خۆیی بە"شا"نادا
بە نامووم تێمەگە،هەرچەند لە کوێستانی ئەوین دوورم
نەبانی چاوتەنگ نەڵێم، دەنا کەس ڕێگە لا نادا
بە خشڵی کۆلکە زێڕینە، کە خەملی مەوتەنی پێشوو
بە سێ پێی لە سەرچۆپی بەگڵکۆم پێیەکی دادا
ئەوەند بیستت بە هۆی شایی لە خۆشی ژینی سەرلە نوێ
نهێنی نیوە چەرخێکم بە جارێکی لە هەڵڵا دا

1993/1/28ی زایینی،لیڤرپۆل،
سیدنی.ئوستەرالیا.

**(یادی یاران)**

مەلی ئەوینم لە دەشتو میرگان

بەگەنجو پیری بە دیاردە هەڵنان
کە سەریان ناوە ئەمنیش لەگەڵیان
ڕاستەوخۆ دڵم لەگەڵ دەگڵ نان
تێر بە دڵی چاوم لە ڕوو نەڕوانین
بە بەر چاومدا هاتن ڕابردن
ئەوەند توانیم ڕابردووی وانم
پڕ بە کۆشی دڵ لەگەڵ خۆ بردن
گەرکمە جوانێک هەتا هەتایە
نەمامی بەژنی هەرجوان بمێنێ
دڵی نەتۆرێ ڕەنگی نەگۆڕێ
وەکوو دەقی پێش جەوان بمێنێ
ڕووگەی نەمامێک ناکەم بە قوبڵە
من لەمەو بەدوا، ڕەنگی بشڵەژێ
کانیاوێک ناکەم بە سەرینچاوە
کە خۆم نەبینم دەڕژێتە ناو زێ
تابلۆی نەقاشی دڵو دونیایەک
سەرگوڕەشتەی کۆن، لەم لا، لەولامن
من گیای خۆڕسکی پاوانم ئەوان
لە نێو زەوی دڵ بووکی دونیامن

1994/4/14ی زایینی،لیڤرپۆل،
سیدنی،ئوستەرالیا.

**(مەسیحا)**

فکرم نەدەکرد یاری مەسیحا نەفسم بێ
لەو بێکەسو تەنگانەیە دا ئەو بێ کەسم بێ
کوردێکی هەژارم ئەوە هەتڵە لە جیهان دا
ئەم تاکە خەمە پێم وەبوو بۆ نۆکە بەسم بێ
ئەمما چ بکەم نیمە لە دەست ئەم دڵە چارە
گەر گڕ دەگرێ کەس نییە فەریاد ڕەسم بێ
تۆبە دەشکێنێ نییە حەوجێ بە تەریقەت
مرواری خەیاڵم دەسمێ تا هەرەسم بێ
بۆ کاتی گەمارۆی دڵی خۆم نیمە چ سەنگەر

ئیشارەیەکی چاوی  کە دێ تیر ڕەسم بێ
ئەوکاتێ دەکەم نەختێ تەماشای دەمو لێوی
داخوازیە  دووچاوی دەشینی حەڕەسم بێ
ڕووی وی لە گوڵانو دەمی من ڕووی لەخەزەڵوەر
بێوادە  بە پیری چیە مەیلی حەبەسم  بێ

3/17/لیڤرپۆل،سیدنی،
ئوستەرالیا.

**(سکاڵا)**

نوختەک لە نوختەی چارەنووس
سکاڵای  بوو دەگەڵ پێنووس
سووچم، تاوانم،  گوناهم
بترسە  لە گڕی  ئاهم
هەرپیتێ کەوتووتە جێیەک
ڕووی کردۆتە کوێرە ڕێیەک
ناکۆکی تاوانی تۆیە
کەس ناڵێ پیت سەرە ڕۆیە
نووسەری یان هەزارە گێڕ
سەت دوولایی تێدایە دێڕ
هەستت لە دڵدانییە یان تین
ئەو هەموو ڕەشکردنەوە چین
زەمان ناگەڕێتەوە پاش
دەنا مزەی دیارە  ئاش
بە هێدی پێی دەگوت: پێنووس
وای بۆ  تۆ  نووسی چارەنووس
تا پیت ئاویتەی ژیان بێ
دەبێ نوختە سەرگەردان بێ

1994لیڤرپۆل،سیدنی،
ئوستەرالیا.

**(ژوانی قسه)**

لە ژوانی قسەم ڕۆژێ دوو سێ چەڵ لە کەڵێنێ
دۆست بوارێ دەگۆڕێ لە دەراو دوور لە بەڵێنێ
چاوی لە بەرهەڵنایە کەوانی ڕەشی پشت چاو
خونچەی دەمی ڕووی جوانی گراویم دەشوبێنێ
ڕووی قەندی دەمی مژت لە دەمی نەیشەکەری دڵ
کون کون بووە نەیزاری ئەوە شەی دەدەڵێنێ
لەو ڕۆژە کە چاوی بە وەفاکەی وی ئەدەب کرد
جامی تەژی زەلکاوی جەفاکەی دەڕژێنێ
ئەو نووکی زمانی بە ئەدەب نا لە مشوومال
ئەو هەرلە دەمی کەوری هەسان دەم دەسوێنێ
"ئابی"کەبە دڵ سووربێ لەسەرقەستی بەئەنقەست
هەستی بە چەق و چۆو بە تەزووی لەش دەتەزێنێ
قێڕەی قەلی ڕەش دێ لە کلاو ڕۆچنی ماڵی
ناهێڵێ دەمێک کۆتری تیژباڵ بگمێنێ
ڕووگرژی ئە،ئەم مۆتە بەشێکە لە جەهەننەم
دەسڵێتەوە لێی ئاسکی سڵ شەو لە شەوێنێ
حەقیە،کە لە ژێرڕابێ بە دووچاوی لە ژێڵڵا
داوەتیە دەسی خڕکەیی بەڵگە بوەشێنێ
تاراوگەکە گۆڕاوە لە شوێن هۆبەیی پێشوو
چوارلایەکە، ئەستوندەکە، لەکوێ بچەقێنێ
ناحوری سروشت بێتوو لە باخی حەڕەمی گوڵ
بێ مەیلی وەڕاست لێ بگەڕێ دڵ دەشکێنێ
پەنداوی خەیاڵو پەلەقاژەی ئەوی ناشی
مەرج ئەونییە سینگی بە شەپۆلان بلەکێنێ
بێوادە ترازا دەمی بێ گۆڵەو درکا
ناچێتەوە کالانی حەیا دڵ دەسمێنێ
دێڕێ لە وشەی شێعری تەڕم گەوتە گەرووی تەنگ
یاسەوڵێکی دێزە ئەوەخۆی پێ دەنوێنێ
گوێ سوانەیی کۆشکی ئەدەبی هێندە نزم کرد

قاڵدرمەیی بەرزی لە زەوی خزیە کەلێنێ
وای بێ ئەدەبی گاڵتە بەگوڵزاری ئەدەب کرد
نادۆزمەوە پیتێکی ئەدەب بیخمە شوێنێ

1994/7/27لیڤرپۆل،سیدنی،
ئوستراليا.

**(پارو)**

پاروەک لە دەوی زۆردار دا
ئەستۆ لە بن پەتو دار دا
بڕیاڕی دا کە لانەچێ
بە گەرووی زاڵم دانەچێ
حەوڵو دەولی ئەو بۆ قووت دان
تێکۆشانی ئەو بۆ هەرمان
هەر چەند خلێنەی لێدەدا
خۆی بە دەستەوە نەدەدا
قۆچاخ بوو دەهاتو دەچوو
دوورلە بەستێنی نێو گەروو
پشتی وەمەلاشوو دابوو
بە پارێز خۆی حاشار دابوو
بە دەرفەتی زانی باروو
سووڕا بە باری تر پاروو
بە ئاویش عیلاجی نەکرا
ئەوەی دەبوو نەکرێ بکرا !!
لە نێو گەرووی دا ئاڵقاوە
زۆردار مردوو پاروو ماوە

1993/3/17
لیڤرپۆل،سیدنی،ئوستەراليا.

## (خاڵەپچووکێک)

دەڕوانمە ناو دەفتەری ڕابردوو لە ژینم
هەر ژینی بە سەربەرزی لەمێژینە دەبینم
نووسراوە لە سەر لاپەڕی مێژوو بە دەیان شت
بە درێژی تەمە خاڵە بچووکێکە ئەوینم
سەت جاری تریش وەربگەڕێ مەڕ لە هەوێزێ
وەک ئێستا بە تاسەی شەوەکی ئاوی شەوینم
پەردوو دەگرێ ڕۆژ لە تاریکە شەوێدا
یەکرەنگی دەمی زەردەپەڕ ئاویتەیی ژینم
کاروان کوژی دڵ سیس بوو لە کازیوەیی دیمەن
هەر سێبەری جێماوە لە لێوی نەمەکینم
"چۆدانێ"لەناو"کوێزری" خۆیان سەری هەڵدا
ڕووی گەنمی بەخۆ بەستبوو پێی وابوو نەبینم
هەیدێم کە لە ڕووی کرد بەفوو،توێکڵی جێهێشت
توێڵخێک لە سەری قەڵچخی وی کەوتە برینم
لەو ڕۆژەو ناسۆری دڵم دێتەوە ژان شەو
هەرچێشتێکی شەوپاتەیە، بۆ چێژی بەتینم
لەرزۆکە دەمی تەنگی "چەوەڵ"خۆر لە بۆ ئاخافت
بێ بەش لە ئەوینە دلی ئاویە،منو دینم
ڕووی پێوە نەبی ئەوکەسە ڕووی پێوە نەبوو قەت
سەت ئێسقی کرۆسبۆوە لە بن پاڵی سەرینم
لەو ڕۆژەوە لێم زیزە بە دڵ خێوی هەڵاڵە
شللێرێ دەگێڕێ لە هەموو شیوەنێ شینم

1990/12/5
مێری لەند،سیدنی،
ئوستەڕالیا.

## (لێوەرگەڕان)

پاییز، گەڵای ڕادەماڵی گۆنای خونچەی پەڕ پەڕ دەکرد

هەرخەزەڵێک بە سرتەی دڵ کۆی سەت خەمی وەسەر دەکرد
جووتێک کۆتری سەربەکڵاوە چاوەڕوانی خێوی ڕێ بوون
شەو دەڕۆیی دەزرینگاوە ئەوجێی لێبوون هەرلە وێ بوون
لە ماڵی کەوانی ڕاوچی تیرێک دەردەچوو بە دەهۆ
دڵۆپە خوێنێک دەڕژا زەوی دەگرت لە باوەش خۆ
تاقمەک پەڕکوور هەڵکورمابوون شینیان بۆ یەکتر دەگێڕا
ئاخۆ کەنگێ ئاڵە گۆڕیک ئەو سەردەمەی وەردەگێڕا
چریکەی حەنجەرێکی تیژ لە غەیبەوە دەهاتە گوێ
دۆست بوو بانگی دۆستی دەکردڕێنوێنی دەکردبۆسەر ڕێ
دەیگوت: کری هری بنۆک تەشی ڕێسی چوستی دەوێ
دەستی تاک چەپڵە لێنادا بازێک لە کۆخ نابا ڕەوێ
تا دەسماڵی گوڵە هێرۆ نەبێتە دەمامکەی بەردەم
ڕووی ئاڵی گوڵە مێلاقە بۆ ئەویندار نەبێ بەشەم
لەو دڵۆپە خوێنە گەشە گشت دڵێک خوێنی تێنەزێ
لەو چاوگە گۆمیلکەیە دا نووکی مژۆڵ نەبێ بە زێ
لە دەنگدانەوەی ئەم دۆڵە گەرووی گەڵی هەڵنەدڕێ
سووچی تیژی تاشەی گاشە بەنی کاڵە هەڵنەبڕێ
چوونە سەرداری سەرداران قەتیس نەکا لەرەی فرمێسک
دەمی بەرداشی نەهاڕێ پتەوایی چۆڵەمەی ئێسک
نەڕازێتەوە ڕووی خونچە بە جیلوەی بزەی دەم گەشی
گەرووی کۆلەکە نەدڕێ بە پشووی "بیلالی حەبەشی"
داری حەدی لێ دەرنەکرێ بەلەم سواری ناو زێی شوعار
لە بن چەمۆڵەی ڕاوێژکەر ورە لە دەست نەدا نەیار
ڕووی کردەوە بە تیئۆری جێگای داسپان لێژنەکا
سۆزی دەروونی هەموانی جەرگ دابێژ، دابێژ نەکا
پەلاپیتکەی تەپلی دەستڕاست سۆمای گلێنە نەڕێژێ
سۆزی بەربەست نەکراو لە دڵ ویستی خەڵک هەڵنەڕێژێ
بە مقاشی موشتەبا نەبی دەستی هەڵبەسچی بەئەزموون
برینی کۆنو تەشنە نەکرێ بە مەلحەم گۆشتە زوون
پەچەی هەڵاڵە لانەدا شوانە لە ڕووی شەنگە بێری
لە بن بەردی پاڵێن نەنێ قەفی گۆچانی هاوێری
پێشەنگ لە قیتەکی زۆزان ڕێگا لە مێگەل ون دەکا
دەنووکی تیژی کۆلارە ناوقەدی کۆلکە کون دەکا
من سێبەرم بەساوی ڕوون خۆم دووردەخەم لەتاوی ڕووت
تا تۆ نەبیسی هەناسەم لە تەنگەژەی ناودەمی سووت
لە بەر دێوەزمە ڕادەکەم تا بەسەردەچێ بولێڵی

ئانیشکەی گزنگی  هەتاو کۆلکە  زێڕینە  ڕادێڵی
وەک خونچەی هەڵاڵە دەمم لەنێو گەڵا دا دەبوێرم
لە شەختەی ساردی پاییزی لەرەی ئاونگ وەدەشێرم
ناگەڕیمەوە تاگزنگ بەجێ دێڵم ماڵو حاڵم
کەچی لەتۆقی سەرتا پێ یەکپارچە هەستو خەیاڵم

1991/7/8
مێری لەند،سیدنی،ئوستەرالیا .

**(جاڕز)**

مەلی جاڕز چەندەی  ڕوانی
بەدی نەکرد ڕووگەی جوانی
بەستێنی هەتەر جەنگەڵ بوو
هەرقەلو کۆلکە گەندەڵ بوو
زێرو  هێند  ڕەگی مژتبوو
ڕاوکەر هێندخوێنی ڕشتبوو
جێ شوێنی سەرپەنجەی نگریس
وەرم بوونو ناسۆرو کیس
قەرەسوو لە زۆنگدا  نووقم
زستانو هەموو ئاست زوقم
ڕووی باگێڕوو گەردەلوولە
لە باڵی خستبوو  پەپوولە
دەنووک لە خوێنی لەشداسوور
گزنگ  نشیوو ئاسۆ دوور
تاگەوەی لە ڕێ هەڵدەبوارد
ڕووی ڕووگەی لە خۆیی دەبوارد
ڕێی دەکەوتە دونیای جوانی
سەرسام دەما لە  تێڕوانی
نێروو مێ جوان چاکو هێژا
خوش مێروو جوامێرو  وێژا
بەرپرسی جوانی لە کۆمەڵ
لێی وەخرِدەبوون بە کۆمەڵ
کۆشکی زێڕیان بۆ پێک دێنا

دەوری خەمیان لێ وێکدێنا
ڕۆژێک مەلەکەی پەڕی قوو
کە بە بزەی دەمی گرتبوو خوو
لە ڕەنگ زەردی مەل سەرسوڕما
لە دڵپڕی وی دڵپڕما
گوتی؛: چیتە بۆچ مەلوولی
کەوتوویە ناو ماڵی کوولی
شەو هەرلە پەردووی خەوێدا
ڕۆژی ڕوون سەری لە سوێدا
نەبژێو پێویستی چەنگەڕنە
نە ڕووی مەلەکە بۆگڕنە
نە داڵی گەروو پچکڕە
نە لە مەل هەڵدەبڕێ کڕکڕە
نە ڕووی قەنارە لە بەژنە
نە لەش ئامانجی دەست ڕێژنە
نە باڕ ملی هەڵدپسێ
نە باشوو لە کەو دادەڕسێ
مەل ئەوجار سەری هەڵبڕی
نهێنی دلی دەربڕی
بژێو بۆ ژینی ڕاستییە
ژینی ڕاستیش سەربەستییە
من لێرەو لە گەلی خۆم دوور
من لێرەو هێلانەم خاپوور
کەکرەی زێدم با تاڵیش بێ
ئازارگەستەی چەنگ داڵیش بێ
ڕووگرژی تاڵی ڕووی بادەم
قەت بەو حەسانەوە نادەم
دەچمەوە جەلە ئەو چەلیش
خۆشە نەمانی بەگەلیش
لە سێبەری بەردە بێرەک
لەبەر پەسیوی شلێرەک
خۆر وەنەکەوتوو ئەشکەوتێ
بەرەو دیمەنی خۆش ڕەوتێ
لە بەر بەرۆچکە بەیانێک
بەگوڵلەی لەگەل نەبانێک
دەم لە ئاوی کەویان بدەم

لە زێدی خۆمدا گیان بدەم
گازەی دەرگای خوای ڕاز بم
هاودەنگی دەم بەلەنگاز بم
هەر خەیاڵ بوو لە دڵیدا
لە گەڵی دەچوو گڵیدا
92/12/1
سیدنی،ئوستەراليا.

**(نەهات ڕۆیی)**

من ئەو کەسم کە تۆ ڕۆژێک
وەک ئاوی ڕوون دەتخواردمەوە
لە ژێر چەمۆڵەی جەللادی
وەک شووشە مەی دەتشاردمەوە
ئەو دەم لە باوەشی شەودا
خەمی دڵت پێ دەسپاردمەوە
ئاهەنگی گەنگاوەکانت
مەرزی خۆشەویستیان هەڵبوارد
ئیدی چێت لێ وەشارمەوە

من ئەو مەلەم بە هۆگریت
مەیلی بەندوو زیندانم کرد
خۆشەویستی ئەوەندە بوو
ئەویش ئەمن پاوانم کرد
هەر ئەو چۆڕە ئەوینە بوو
لە ناو پیاڵەی پەیمانم کرد

من پێرێکی لە پێ کەوتووم
چاویلکە لە چاو دڵ خەستە
من بازی سەرەکیم لە چیا
وەک هەڵبڕاوێک لە دەستە

پۆلووی ئیشقی ئاگراویت
لە دڵمدا شێعرو هەڵبەستە
لە ئاونگی سێوەڕەی ڕووت
ئاهەنگ وەردەگرم بۆ بەستە

تۆ جوانتر لە وەی کە دەڵێم
ناتوانم وێنەت وەکێشم
هەرنەخشی خودای جوانییە،
کە دڵ دادەنێ لە پێشم
گوڵ چییە فەرمووت: کە هاتم
بە دیاری بکە پێشکێشم
گوڵێک نییە پێشکێشت کەم
پاشان خەجاڵەت نەکێشم

عەتری هەموو گوڵزارێکم
هەڵمژی دەمار بە دەمار
لە ئاسۆی پشتی نیو سەدەی
هێشتا کەمێکیش بەرەو خوار
لێکدانەوەی مێژووش لەو لا
ڕاوەستێ هەریەک بە هەزار
هەمووم لە تای ترازوێک نا
خۆشەویستیت سەت ئەوەندجار

بڵێم بە قەت گەلای داران
یاکوو بە قەد ڕێژنە باران
یان هەموو شەپۆلی دەریا
یان خیزی هەموو ڕووباران
ئەوەند کە ئەستێرە هەنە
دەدرەوشێنەوە شەواران
هێشتا پێم وایە زۆرکەمە
لە ئاست خۆشەویستی یاران

تەمی کێوی ڕەنجەڕۆیم
ناکرێ دادی قسەی دادەم
وشەی جوانی خۆشەویستی
بەگشت گەنجی دونیا نادەم

بێ مەی لێوت ئەمن قوربان
قەت ناڵێم ئۆگری بادەم
سوورەی قورعانی دڵ بێنە
دیسانیش دەستی پێدادەم

دووریت ئەگەر قەلاّیچە بوا
بە تەلەسمانم دەکردەوە
دووریت ئەگەر هەژدیها بوا
(هیپنوتیزم)،دەکردەوە
دووریت فکری (استثمارە)
کە بیرم لێدەکردەوە
(بە تێئۆری) ئیسلامیزمە،
سهونیستە)بەکردەوە

دوکتۆر قەلبم ئازمایش کە
دەلەرزم پەڵتە زوانم
تەزووی سارد بە لەشم دا دێ
موچڕک نادا هەدادانم
تا دایگرتومە نۆبەتێ
تێی ناگەی چییە دەرمانم
من نەخۆشی جێو بان نیم
دلم ئێشی تێداو گیانم

کاڵەی ئاسن هەڵدەبەستم
گۆچانی ئاسن بە دەستم
لەهەرکوێ بێ هەنگاو،هەنگاو
بە دوات دا دێم دەتکەم
بە بووت دەتپەرستم.
1995/6/27
لیڤرپۆل.سیدنی،ئوستەرالیا.

**(چۆڵەپێچی دوو سەرە)**

ساڵ بە دوای ساڵ زستان سەخت
وەرگەڕا وەرز لە بەخت
کەچی زۆر سەریان تێدا چوو
زستانی بێ ڕەزا لاچوو
بە گوڕەی شەماڵ لە سەران
قەتیا ڕەنوی دۆڵو دەران
جارِکێش بە چاڕ دایان نیدا
هەرگوڵێک بۆنی خۆی دەدا
هەراو قریوە کەوتە کێو
گوڵ چادری هەڵدا لەچێو
شایلەخانەی ساڵی نوێ بوو
بەهارو بەهاری سوێ بوو
دڵ خۆش بوو بەڵام لە دوورا
نەدەزانرا چ دەگوورا
کشو ماتو بێ دەنگوکڕ
وڵات کپو شەوی ڕەش دڕ
هەر ئەو گزنگی پڕ شەبەق
گەرووی بوڵێڵی کرد بوو شەق
سینگی هەردی تەقاند بوو
کوارگی لێ هەڵتۆقاند بوو
بە قەفخواردنەوەو خوارە پێچ
دەبوو بە عیفریتێکی خێچ
چاوی زیت ببوو گوێچکەی وشت
تەفروو تونای دەکرد دەیکوشت
مێژووم گشت سینگەو سووژن کرد
ناخی دڵی کۆنم کون کرد
لایەک یاسا لایەک پەڕتووک
لینگەک قورس لالینگەک سووک،
تۆی تەپکەی ئی هەر دوولا مژ
یەک خوێنخۆروو هی تر خوێنمژ
عیفریت ڕۆژوو هەژدیها ساڵ
پێی ڕانەدەگەیشت خەیاڵ

1995/1/9ی زایینی،لیڤرپۆل،
ئوستەرالیا.

**(نەورۆز)**

نەورۆزە کەچی دەشتو دەوەن جۆگەلە خوێنە
هەر بەژنی کوڕی کوردیە سێدارە هەژێنە
جی هەڵمەتی پێشمەرگە بە عام کەللە پەژێنە
ئەو تۆڵەیە دەرمانی خەمی کۆنو نوێنە
دابێژ کە، سەرو کەللەو مێشکی وەکوو بێژینگ
ئێسکی بخە بەر جەنجەڕوو گۆشتی بخە ناو دینگ

گشت خونچەو شللێرو هەلاڵەو گوڵە شەش پەڕ
لە خوێنی شەهیدانە لە کوێستان بووە پەڕ پەڕ
سەت لێرە سەقامگێرو هەزار لەو بەرە داپەڕ
لاوێ نییە بە جوانی ژیانی ببێ تێپەڕ
دەی ڕابە وەرە کوتکەی ئاسن بگرە دەست
بشکێنە ملی دوژمنو گۆڕی بکە پێ پەست

سەت هێندە چەکو چۆڵی تریش بێنێتە دەستی
کاتێک کە بڵێسەی دڵی کۆمەڵ بهەڵەستی
پێشی هەموو خوڕێنی بە لێشاو دەبەستی
بەو دەستە کە هەموانییە شەش لوولێ بە دەستی
دابێژکە، سەرو کەللەو مێشکی وەکوو بێژینگ
ئێسکی بخە بەر جەنجەڕوو گۆشتی بخە ناو دینگ

بن چینەیی دیواری لە "برلێن" خەرا بوو
"مەسکۆ"بەهوموو هێزەوە واتەفروو تونا بوو
"ئاسیا"هەموو شپرێوو شپرزەو کەلەلا بوو
"شێری" دەمی "خونکاری" لە ناو پەرچەمی ڕابوو
باوە، هەڕەتە، فرسەتە، هەڵ والە لە ناو دەست
تۆش"کاوە"بە یەکبگرە بە یەکدەنگیو یەک دەست

لافاوی خەڵک کاتێ بەگوڕ بێو هەڵستێ
کام زاڵمە بتوانێ کە بێ پێشی ببەستێ

کام خوێنمژوو خوێنخۆره لـه ئـەنجامـە نـەوەستێ
دەشکێ قەبـەزەی پشتێ بـە غـەدارێ ببـەستێ
دەی ڕابـە وەرە کوتکێکی ئاسن بگرە دەست
بشکێنـە ملـی دوژمنو گۆڕی بکـە پێ پەست

"زوحاک"چ کەسێ بوو کە وات داوەتـە بـەرباس
ڕۆمـە، عـەڕەبـە، ڕۆرمیـە، یان، تۆرەمـەێ خاس
بۆ ناوی لـە چوارپارچەیی کورد بۆتـە قسـەو باس
هـەرسـەردەمی "زوحاکە" لـە بۆ کورد لـە هـەموو ڕاس

دوژمن دەبێ تێگـەیبێ ئیدی باوی نـەماوە
ئـەو ڕیسکە کە ئـەو بایدەدا ماشـەری خاوە
ئێستاکە هـەموو لاوێکی کورد چاوی کراوە
وەستانی نییـە تاکوو نـەڵێن مافی دراوە
دەی هـەستـە وەرە کوتکـەکی ئاسن بگرە دەست
بشکێنـە ملـی دوژمنو گۆڕی بکـە پێ پەست

3/21/مێری لـەند،سیدنی،
ئوستـەرالیا

**(گاڵتە دەگەڵ هاوشاریەکان)** بۆکاک موتـەلیب ڕەحیم زادە

هۆدەکەی لێی دادەنیشتین ماوە تاق و میچەکەی
ڕاستو لووسو لێکە یاکوو خێچو خوارە لیچەکەی
جێی نهێنی ڕازی شـەو بوو گـەرچی حاجی سڵ بوو لێن
دەنگی دارگۆچانو تـەقـەی دەرکـەو ڕاخستنی نوێن
حاجی هـەر ماوە لـە سـەر زاکوونو زەبری شـەو شـەوە
چاوی بۆ سرتـەی قسـەی گۆشی تـەلـەیفوون بێخـەوە
یاکوو پیری پێی نـەهێشتوە ئـەو بڕستو تاقـەتـە
بۆ کـەباری نیوە شـەو دەنگی نییـە بێ تاقـەتـە
کاک شـەفیع بێوازە وەک جارانـە هـەرسـەڵتو ڕەبـەن

کاکە مەولوود حازرە گوێچکە بە دەست بۆ کویی وەبەن
دۆستی کاک ئەیووب "موهەندیس"نۆکە هەرماوە لە وێ
مەجلیسی گەرمە لە خانووی تەنگو تارێک دا شەوێ
شەوچەرەی کاتی قسەی خۆشە دەمی "تیمسار"ی کۆن
ڕووی ڕواڵت ڕازییە ئەمما لە دڵدا گرژو مۆن
بۆ تەفەنوون جارو بار ئاغای"کەماڵی"دێتە لات
کاک ڕەوەندی وەک بەرێ لێی خەوتووە بێ دەنگو مات
بەزمی"حاجی شێخە" چۆنە کاتی سیمانکاریيە
"شێرعەلیزادە"لە دەست ماستی نەمەی هاوارییە
باخی"مەحموودزادە"ئێستاکەش لە گێلاس دا پڕە
جێگە ژوانی ڕۆژی هەینی خاسە بۆ کیژوو کوڕە
جێگری شای دامە وەک خۆی ماوە یاکوو پیر بووە
یان دەقی فەرمان بە دەستی "فەڕوخی"داگیربووە
ئەو جەفەنگانەی کە دەکران ئێستاش دەکرێن لە وێ
یاکوو پووڵو پارە زەوقی لێ مراندوونە لە وێ
بارگەیی سووتو سەلەم هەر وا لە پشت چەوساوەیە
دەنکە تەسبێحی جەنابی حاجی ڕێی ئاژاوەیە
مام مەلای خاوەن قەپان هەر وا دەگۆڕێ پارسەنگ
دەخورێ ماڵی خەڵک لەبن ڕیشو عەبا بێ هەستو دەنگ
قەڵسە ئێستاکەش دەگێڕن وا لە"شێخەو "کەیقوباد"
کاک"ئەمینو"کاک"ڕەسوڵو کاک"حوسێنو "مام نیهاد"
"گورگەکەی جاسووس"ئێستاکەش لە"ورمێ"دا دەژی
پێم وەیە ئەو ڕووی ڕەشی هێندە ڕەشە، بۆتە ڕەژی
شێخی بێ تەکیە چلۆنە حاڵو باڵی پێم بڵێ
شەڕ لەگەڵ مەوقوفەیە یان شەرحی حاڵی دڵ دەڵێ
کێ بەراتی بۆ بڕاوە بۆ دوعاو خەتمی شەو
کێیە جبەی بۆکڕاوە لێی بڕاوە خواردو خەو
بێ زەوەڕ هەرخەو ئەبینێ شەو لە باراشدابە ئاش
هەرلە فکری دڕک دەرێنان دایە پێاوێ بێ کەلاش
شەقلێ فکری کێ شکاوە خێرۆکی کێ شین دەچێ
ئێستری کام ماڵە کورد ئێستە وەئەسپی زین دەچێ
نێوگەرووی حاجیو مەلا بۆ مشتو ماڵی لاقە قەل
فرسەتی بۆ هەڵکەوت ڕۆژووی بەدەرفەت کردە هەل
دەنگو باسی غەیبەتی لێدێ دڵی دەم داخراو
لێم وەکە دەروازەیی دڵ تاکوو تاوێک بێمە ناو
بەژنەکەی ڕۆژت مەبە رۆژ ئاوا دەستم دامەنت

پەنجەیی ناسک خەیاڵ با نادە ئۆخەژنی بەنت
ئەوگەڵاڵەم گەر بە مووی هەودای هەستم بەستەوە
بیری  زوێری ویستی تۆ  بوو خستمە ناو بەستەوە

94/8/2ی زایینی،لیڤرپۆل،ئوستەرالیا

**(تەزوو)**

بەهارە بۆنی گوڵ ئەمما دڵم مەست ناکا وەک جاران
بەهارە سروەیی فێنک سەما ناخاتە نێو داران
بەهارە تەێری گەرمێنێ بە ئاواتی شنەی ساردن
کەچی کۆچەر لە کوێستانێ بە داخوازن لە بۆ شاران
بەهارە بۆ منی نامۆ هەموو شوێنک بە پەرژینە
دڵم ناکرێتەوە تاوێ بەبێ ڕووی ئاشناو یاران
بەهارە دەشتو دەر یەکجێ لەگوڵداچوارتەنێشت خەملّی
بەڵام ساکە بەیار ماوە قەراخی باخ لە بێ باران
کەچی بولبول نهێنی دڵ لە بۆگوڵ کەم دەدرکێنێ
دڕا پشکۆی دەمی خونچە قسەی دڵ کەوتە سەرزاران
لە گەڵ گوڵ قەولی دیدارم  هەبوو ئەمما دەخەوڕا چوو
بەیان ئەنگووت گزنگی دالە خەودا دوور لە دیداران
قوتاربوونی نیەهیچ کەس لە دەست دوو پشکی ڕەش ئێستا
لە دەستیش دانییە تۆزێ دەوا پاد زەهری بێماران
سورنگ بێنە سرۆمی ناوێ با بێدەم لە نەبزی دەست
هەتا کۆتایی پێبێ، گەندەتای هاوینە ئێواران

1991/1/23ی زایینی،
شاری کۆنیا،تورکییە

**(هەڵاڵەیەک)**

کەچی پەردەی ڕەشو شوورەی لێک دوور بوونەوە پتەوە

کەچی چاوگەی چاوی بەڵەک تەژی لە بۆرشکەی خەوە
کەچی پشکۆی ناو ئاگردان لە بن خۆڵەمێش دا ونە
کەچی شێوی داچنراون، قولانج، قولانج، بۆتە زنە
کەچی کێوی مراد دوورە سەر بە تەمە لووتکەی بەرزی
کەچی داڵ لە شێوەردی ڕەش تاریکان دەبینێ دەرزی
کەچی لە چوار قوڕنەی عالەم بەرگری دەکەن لە ئەوین
کەچی بە چاوی نزیک بین چیای مەزن تەپکی نەوین
کەچی بێستانچی گڕکە ڕن بڕکەی گڕکە پێشێل دەکا
کەلالە لە پشت چاویلکە چاو بۆ بن چارشێو خێل دەکا
ڕەشایەکی خۆیان نەدیو لۆدەی دڕکان وەردەگێڕێ
چەکچەکی لە باوەش شەودا ڕوو لە ڕۆژێ وەردەگێڕێ
بەڵام دڵنیابە کەسم شەویش دەچێ دەخەونوە
گزنگی ڕۆژ سەرهەڵدە دا هەوری دەڕەش دەڕەونەوە
بەردی بن ڕەوەز بە مروور بە دەنگی ڕەوەز ڕاهاتوون
تاشەی گاشەی چیای ئەستەم هومێدی ڕۆژی داهاتوون
منو تۆش دەگەین بە ئاوات دادەگەڕێن بەرەو کوێستان
من بەیبوونی ڕووی تۆ دەچنم تۆش هەڵاڵەکەی کوردستان

1369/10/22ی هەتاوی
شاری کۆنیا،تورکییە

**(نەشاردنەوە)**

کاتێک ناوت دەدرکێ لە دڵدا بۆت شێت دەبم
وەک مەی زەدەی مەیخانە دێوانەی سەر ڕێت دەبم
لێم مەشارەوە ڕووی خۆت من شتڵی سەر دێراوم
کە ڕۆژی ڕووت نەبینم ڕەنگ زەردو کرێت دەبم
مریدی ڕووی تۆمە دوست من قوبڵەم لێ ناگۆڕێ
جا چۆن ئۆگر بە پۆلوو شووشەو سواڵەت دەبم
نە سۆفی بە ئاڵداخم نە دەروێشی بێ ئەمەگ
لە خانەقاش دەرم کەی لە تەکیەی بەرپێت دەبم
شێتێک کە قەت بەزنجیر بەرزم نەکراوە ئەمنم

سەیرە وەرن سەیرم کەن منی پیر کە شێت دەبم
چاخێ دۆستم دەفەرموێ دێ بۆنی ڕووی هەڵاڵان
شێتیش نەبم یەکجاری ماوەیەک سەرشێت دەبم

1991/2/21ی هەتاوی
شاری کۆنیا،تورکییە

**(کۆچەر)**

ڕێ دوورە بەرەو ئەو سەری دونیا سەفەری من
هێند قورسە بەکێو ناکشرێ ڕووی کەسەری من
ئەوکاتە دەمی تۆ بە بەهار دێتەوە خەمڵین
ڕووی پاییزی پۆشیوە جەماڵی گوزەری من
کاتێ کە لە ڕووی تۆ دەمی هاوینە هەوارە
زستانە کەچی سونبوڵو نەسرین لە دەرەی من
ڕۆژی سپی تۆ بۆ منی تاریکە بەخت شەو
شەوگارەکەشم ڕۆژە لە بۆ چەوسەنەری من
ئەوکاتە بەری تۆ کە لە خوێندا سەری شەتڵە
پڕ سولحو سەفایە هەمووڵایەک لە بەری من
قەدری بەشەری زۆرە ئەلەم شوێنە کەچی دڵ
هەڵناکا لەگەڵیا ئەوەیە دەردە سەری من
چبکەم کە ژەکی فرچکی من دەردوو خەمە دۆست
تێروو تەسلی ناوێ ڕەوانگەی بەسەری من
مردنێکی بە تێکڕایی لە ژینێکی بە تەنیا
داخوازی دڵە چەرمەسەریو ڕێی خەتەری من
باگێڕە هەوا تووشە ئەوەند سەخڵەتییە کات
پێشی هەتەری گرتووە پیلووی نەزەری من
ئەو جێگە بەهەشتە هەموو ناهێنێ دڵی خۆش
ڕاستیم کە نەگوت بێژە سەری خۆت بە سەری من
من جەوهەری خۆم کاکە لە ڕووی شەونەمی وەرگرت
بۆیە ئەوە ئەو مەستییە بۆتە سەمەری من
هەرکاتێ کە خونچەی دڵی من لێوی دەپشکوێ
دێ بۆنی هەڵاڵان لە لە سەرانسەر ئەسەری من

1991/3/4ی زایینی،
شاری کۆنیا،تورکییه

**(ڕۆندک)**

ئەمن ئەو ڕۆم بە ساڵ ڕابوارد،کەچی ڕۆژێک بە ساڵ نابێ
ترۆپی بەرزەرێنەی کێو، لە بەرتەم دوور لە داڵ نابێ
هەموو دەروم لە سەرگێرا، ئەوەی ماوە unیوئێنو بەس
خەمی دەروی گەرو گیراو، ئەلەم دەروە بەتاڵ نابێ
دڵم وێڕای خەمی پیری، خەمی دووری ئەزیزانە
ئە بەو هومێدەوە دەژیام،کە زاڵم بێ زواڵ نابێ
دەڵێن پۆلی دەباڵندەی،موهاجر دێن لە زێدی من
بنۆڕن بۆم جەلەکراوان،لە وان یەک چاوی کاڵ نابێ
خڕوچۆمی پەلی دەست بێڕەزامە وەک هەوێردەی تۆڕ
گومانی ڕۆژی ڕزگاریم لە مێشکێ دا بەتاڵ نابێ
کونوکاژێڕی خانووچکەی هەرەس هێناوو باخی سێو
بەلاّم هەرکونلە بۆ دەستنان،هەمووسێوبۆقەپاڵ نابێ
خەسارە تا وەبەربالّی دەکارێتە نەدا جۆتیار
سەرینەی ئالّەداری بۆ سەری جەمسەر شەلاڵ نابێ
خودا بۆ دەستە وەستانیش دەبێتە دەستەبەر ڕۆژێ
لە کارگایی ئەمەل دا ئارەزوو تا سەر خەیاڵ نابێ
لەشەمسی فێرنەبوو هیچ کەس دەلّێی ڕەمزووفنوونی ئیشق
هەموو "دیوانی" مەولانا بە موو ڕێی بای شەماڵ نابێ
لە بەر دووری لە دۆست ئەم شەو خەمم یەکجارلەدڵدایە
بەلّێ مالی غەریبی لەم خەیاڵە بێ خەیاڵ نابێ
دەگەڵ"فاروق" قسەم داگرتە بەر ئاخر گوتی: زەرزا
هەموو کەس وەک "کەمالّی پوریانی" پڕ کەماڵ نابێ
دەڵێن ئەم شارە کوردەی"قەیسەری"خۆشە ئەوە "فاڕوق"
لە"کۆنیا"شاری "مەولانا" دڵم مەستی خەیاڵ نابێ
دەڵێن خۆزگەت بەخۆت"زەرزا"کە ماڵت بردە "ئارانێ"
دەڵێم بێ دینی"زۆزانی"خەمی کۆنم بەتاڵ نابێ

1990/7.12ی زایینی

شاری کۆنیا،تورکییە

**(ئاڵەگۆڕی ڕۆژگار)**

"شوانە هەڵخەڵتێن"لە کێو،بە دەنووک دەسمێ تاشەبەرد
"زەردەزێڕەو" بەرگاویلکە""پێشێل دەکەن شینکە لەهەرد
لەگوێسوانەی مالێ ئاوات هەر"بایەقووشە" ئەخوێنێ
"سیسارکە کەچەڵ"ماندەگرێ،بۆ وەی"کەلەشێر"نەدوێنێ
"سقرو"شەهێن و"هەڵەتاج"بێ ڕەو ماونەوە لە دوندی
"باشوو"کۆتر"بە دیل دەگرێ،"قەل"لە"باز"دەبێ بە"جوندی"
"پەڕکووری" بەگوردوو توان،دەرنابڕن لەگەڵ"چرگو"سی"
میداڵی خۆشبەز وەردەگرن،"ڕەشبەشەو"ڕەشۆڵەی" برسی
"چوڕڕەپۆپنەکی"هۆگری تەپکە دەبن، لە دوای دانی
"شالووری" پیتۆڵو چازان، بە فیتی ڕاوکەر نازانی
سەوزەی پێدەشت بەناکامڵ، تێی دەکەوێ دەمی ترپان
گەرووی دەرزی بە باریکی سەت کەلافی بۆ دێتە ژوان
لە لاگەوان تەژی دەبێ،جولبەندی بەتاڵی ڕێگر
گورگی دەکۆزی خۆی داوێ،ناشوانی سەرەشوان جێگر
ورچ دێو دادەماڵێ،سەرو سوکتی "شەکو بەران"
ددانی تیژی گورگی شین،موو هەڵدەگرێ لە پشت سەران
سەری"شونقاڕان"دەگووڕێ،بە دەست ڕاوکەری بێ بەزە
لەسەردەمی"داڵی، گۆشت خۆر،دەبەستی نەخشی ڕووی بزە
"قەلی" سەرکەلاوە کۆنە،ڕەخنە دەگرێ لە ڕەوتێ"باز"
دەدڵی نهێنی پارێزدا، دەشکێ قفڵی سندووقی ڕاز
بە دوای ڕاوکەریدا دەچێ،نێچیری گوێچکە سڵ لە داو!
ڕۆشنبێرێ بۆ دەرباز بوون،ڕووی بۆڵێڵی دەکا ڕەچاو
لەو چاخەدا بێ هەویەکان، هەڵدگەڕێنەوە ڕوومان!
ڕووی ناحەزی قسەی کاڵێش،هەرکاوێژ دەکرێ لە دوومان
دارێک هەڵدەخرا وەک"داوڵ"پەتی خنکانی لەگەردن
هێندێک پێیوە هەڵداوەسران،هێندێک بە بنی ڕادەبردن
چەپکەک نەدەشڵەژان کەچی،گیانیان بۆ گەل بەخت دەکرد
تاقمەیەک دەبەزین کەچی، ژینی خەڵکیان تەخت دەکرد

1991/6/7ی زایینی،
شاری کۆنیا،تورکییە

**(ڕەنجەڕۆ)**

ئاش دێ بەنۆرە دەگەڕێ
وازم لێ بێنە لێمگەڕێ
کەس نەبینە پێکراوم
لە چۆڵە مەشکێ دۆڕاوم
ڕووی ڕۆژم لەکەساسی دا
شەمی ڕووم لە کەماسی دا
دەستی لای شەترنجم شلە
کایەم بۆتە خووکە ملە
دەست بۆ پەڕان ڕادەکێشم"
تەکە" لە هەرد ڕابکێشم
وەنیە بڵێم پێی ناوەستم
تەک خاڵێک نایەتە دەستم
فەندی قومارباز هەریەکە
هاڤاڵ شەریکم ناڕێکە
من وەردەگرم ئەو وێی دەدا
بۆ دست خوێندنەوەم ڕێی دەدا
ئاوی بەرەجۆ وەستاوە
پەپوولەی دڵ لە پەستاوە
تاریکان بە سەر ڕۆژ زاڵە
ڤینگەی لێدێ بەردی جاڵە
خێوی "هەلووک"لێشکاوم
کاکۆڵی نێو هاڵۆزاوم
بێ ئامووشۆو بەرەو بێنە
پێم ناسوێ داسی درووێنە
سۆمای خەونووچکە تێ ماوم
وەنەوزی خەو تێ وەستاوم
ئاخی ساردی ماڵاواییم
قسەی ئاخر ڕۆژی دواییم

چاوی بۆرشکەم نوستووە
بستێک ڕێگام لێ بستووە
ڕێم نادەن بۆ بەردی پاڵێن
شەنگە بێری لێم ناهاڵێنن
نامۆی تەماڵی جێ ژوانم
تەرەی ناو کۆڕی لاوانم
منو گۆچانی هاوێری
شلکەڕانی شەنگە بێری
کاسەی ئەوینی دڵم ڕژت
گۆی مەمکی جوانی گوڵم مژت
وێژنگی ئامانجم داکرد
خۆم لە پێچەگەوان ڕاکرد
خۆیانی عومرم وەرگێڕا
نۆجوانی خۆم دەسەرگێڕا
بوومە بەردی قۆچەقانی
چاوی کەم کەس پێم دەزانی
لەگوڵە شلێرەک دەگەڕێم
بێدەمە دەستی وەگەڕێم

1990/9/14ی زایینی،
شاری ئانکارا،تورکییە

**(دەستەمۆ)**

ڕۆژ نیە جوانێ لە من نەبزێوێ هەست
کاتێ لێوی ئاڵە تاوێ چاوی مەست
دەم وەیە کوشتەم بە ڕووی خوێنشێرێنێ
تاوێ گێرۆدەم بە قۆڵباخی لە دەست
سەردەمێک ڕەش ئەسمەرێک ڕاکێشمە
جاری وایە دێ خەزیم شۆڕێکی مەست
ئەو دڵەی کە وەک کەڵی دابەستە بوو
خۆی بەمووی داوی خەزاڵێک دا بە دەست
ئەو دڵەی پێم وابوو قەت نابێ بە دوو
زۆرخەزاڵی دەستەمۆ لێی ڕێچکە بەست

1367/4/17ی هەتاوی،شاری شنۆ،
کوردستانی ڕۆژ هەڵات

**(شیکردنەوەیەک)**

بۆحاجی ڕەحمانی ڕەحیم زادە

هەرچەندە قسەی حەق ڕەقە حاجی کە دەزانی
خۆشی ئەوەیە ڕووی نییە هەرگیز لە نیهانی
تێفکرە قسەم حاجی کە تۆ تیخی دەبانی
دوژمن ئەوەیە کاتێ نەبان چاخێ دەبانی
من بۆیە قسەم قەت نییە بۆ دوژمنی لاڕێم

هەودایی خەیاڵم وەکوو ڕایێڵێ تەنیوە
ئەو ڕایەڵە پێت وایە لە نێو پۆیە نەدیوە
ئاوێنەکی ڕوناکە هەموو لایەکی دیوە
بەرزای هەمووکێوێکی داوێنی نشیوە
بۆیە دەمێ چاچیمو زەمانێکی سەری زێم

بێدەنگی لە دڵدا هەموو مانایە دەزانی
گوڵ کاتێ دەمێ ڕابسێ نێزێکە خەزانی
دەرد هەر ئەوەیە کاتێ نەزان بێو نەزانی
ڕووحم بە فیدای ئەو کەسە نازانەو زانی
بۆ قۆزتنەوی دەنگی قسە بازێکی چەنگ چێم

نەینۆکی دڵی هەرکەس جۆرێک دەدێنێ
ڕووی ناحەزوو جوانی دڵی خۆیەتی دەبێنێ
پەرژین نییە لەو ڕێگە لە بۆ ئاقڵو دێنێ
بۆ دوو بەرەکی چاوی حەسوودان لە کەمینێ
سم کۆتکی کوێتم گەرەکە دوور لەڕنگ شێم

خۆشم لە دڵی تەڕ دێ بەڵام نەک تەڕی خاڵی

سندوقی تەژی بێ وەکوو ڕووی جوان لە جەماڵی
تێگەیوو لە سەرخۆ بێ بە زۆر زانی نەباڵی
سەت سووچو گوناحی دڵی وام بێت وەباڵی
کرمۆڵە دڵی ویشک وەکوو خۆڵی زەوی دێم

قەلبم پڕە لە قسە لە بۆ درکاندنێ نابێ
لە خوام تەڵبە ڕۆژێ لە بۆ ڕێی قسە دابێ
خێڕن یەڕە، شەڕن یەڕە لەم رۆژە حیسابێ
ڕووی جوانو دەمی ناحەز هەر یەک لەکێتابێ
نامیلکەیی ئەو ڕۆژە گرانبارە ئەوە پێم

گەر ئەسپی تەمەن لەو چڕو هەڵدێرە نەوەستێ
مووچڕکی نەمانم دەڵەشی گەرم نەوەستێ
گیانم بە سەیاقە لە چلەی سارد نەبەستێ
دڵ بگرێ بە هیواوو ئومێد تاسە بە دەستێ
بۆ دۆستەکان تیرمو بۆ دوژمنەکان ژێم

تاکەی بدرم جاوی لەناو  پارچەیی ماهووت
بێ سوودە بەبێ کردەوە درکانی قسەی ڕووت
کوا ئەوکەسە تا بیسێ پشووی من لە دەمی سووت
"نیوگەز"کە دەمی خوارەوە بوو  کێ نییە لالووت؟!
هەربۆیە لە زۆر مەسەلەدا کەودەنو نەدوێم

سوێندم بە سورەی مائیدە بۆ مەنعی شەڕابی
تا مەست هەبێ مەیخانە لە مەی بێ مەیی نابی
مەی خۆڕەوە نیم حاجی بەڵام بۆ ڕەس و دابی
ناگێڕمەوە من دەستی فرشتە بدا مەی پێم

حاجی بە سەری تۆو بە  قوڕعانی کەریمت
سویندم بەسەری "هاشمو "عەولاو  ڕەحیمت
سەت جار بە"مەولوودو بە"ئەییووبو"نەدیمت"
گشت بانگو سەلا دێت لە لام بۆنی نەسیمت
جێی داخە لە بۆم حاجی نەزانی کە ئەمن کێم

1991/4/3ی زایینی،
شاری کۆنیا تورکییە

**(هاواری دۆست)**

بۆ وەی بە سێوەرەی دوو پەلک سێحروو جادوو بە تاڵ بکەم
بۆ وەی بە تەماڵی خەیاڵ هەیدێ لە ڕووی گەماڵ بکەم
بۆ وەی دەستی نەیاری گەل لە نزێکتر وەخوێنمەوە
بۆ وەی لە نێو بیری تەسکی بیرلێ نەکەر نەمێنمەوە
بۆ وەی بە لۆچێک ئاوی زێ دڵم وەمەلە نەکەوێ
بۆ وەی بە چۆڕێک شەڕابی نەچمە باوەش، شیرن خەوێ
بۆ وەی لە تابلۆی ڕووی جوانی بێ وێنەی تۆ بێ بەش نەبم
بۆ وەی لە دووری تۆ هەرگیز لە بەرچاوی تۆ ڕەش نەبم
بۆ وەی تیری شێعری بیرم ڕەچەی ئەوینت بشکێنێ
بۆ وەی مەلی دەنگ خۆشی من لە دۆڵی دڵت وەخوێنێ
بۆ وەی ئیدی لێوی ئاڵت تەشبی بکەم بە ڕووی مەی ناب
بۆ وەی لە ماڵی ئەویندا هەرتۆ بکەی لێم تەقولباب
بۆ وەی وەکوو بیرەوەری سەرگوڕەشتەی دوا ڕۆژت بم
بۆ وەی وەکوو وەختو ساعات تاریخچەی شەوو ڕۆژت بم
بۆ وەی تیشکی کۆلکەزێڕین ئاوێنەی دەست بگێڕم بێ
بۆ وەی لە پاش کۆچی دوایی چاوی ئەڤین شینگێڕم بێ
دەڕۆم بەرەو لووتکەی بەرزی ڕیی قافڵەی دوورو درێژ
سەڵالە وەی لەئاست ویژدان دەردی خۆیی نەکردوە چێژ
ڕیی کاکێش لە پەڕی ئاسمان دەباوەش مانگە شەوێ دا
مخابن چاوی گەلێک کەس ئەو کات لە شیرن خەوێ دا

1369/5/28ی هە تاوی
ئانکارا=تورکییە

**(زۆردار)**

لێرەش لە ژێر زەبروو زەنگی چەکمەی ڕەق
لەم جێگایە بە ساتۆر دڵ دەکرێن شەق
لەم جێگایە پیاوی دەپیاو دەکرێن  داخ
دەخارێنێ چەرمی سەر شیپەی شەلاخ
لەم جێگایە مەتاڵی پۆلا دادێ
خۆ ڕانەگر پشتی بۆ خزمەت ڕادێ
لەم جێگایە لێوی تەڕ هەڵدەقرچێن
ڕوومەتی شەق دادەکەون دەکرچێن
زوان دەبڕێن هەتاکوو بن مەلاشوو
حاشا دەکەن لێکتری هاوسەروشوو
لەم جێگایە لێی گیراوەگشت دەروو
دەتویننەوە قورقوشم لە ناوگەروو
لەم جێگایە تف هەڵباوێی دەیبەستی
بە چۆک دادێ ئەوەی بکا بەدمەستی
بێ ڕێز دەبن پیاوی بەزییک لەگۆڕێ
ناتێگەیو دێن، خۆیان  لێدەگۆڕێ
بێ ورە کوا دەتوانێ لەم جێگایە
سوور بێ لە سەر بەڵێنی بلێ وایە
سام دادەگرێ مرۆی پیاو ناپیاو
پیاڵێک ژەهر،قاپێک هەنگوین جامێک ئاو
پێ ویستە یەک یەک بچنە گوڵ بژێرێ
سەرپشک بێ لە سێ یەک هەڵبژێرێ
ئەوەی داخوازی دەربازبێ دەراوە
حیزو سەلامەت پێویستی بە ئاوە
ئەوەی خزمەت گوزارە بۆ نەیاری
هەتا هێزی هەیە هەنگوینە باری
ئەوەی هەودای کەڕامەت بادەداتن
بە پیاڵەی ژەهرێ خۆی سەرمەست دەکاتن
ئەمن لێرەش دەپارێزم دەمی تۆ
ڕوحم فیدای هەلاڵەی پەرچەمی تۆ

1369/2/4ی هەتاوی
زیندانی ئیتلاعات،شاری شنۆ
کوردستانی ڕوژ هەلات.

**تیرامان**

کاتێ هەوری ڕەش بە دەستی با لە ڕویالادەچێ
بۆنی خەڵی ناو مژۆڵی دێ بە دڵدا دادەچێ
تا هەناسەی با لە گەڵ خۆی دێنێ ئاونگی گوڵان
ڕوومەتی سووری خوناوەی ڕووی گوڵی پێدا دەچێ
ماتو سەرگەردانی گرشەی ئەو دووچاوە مەستەیە
گەرلە سوێیان شێت نەبێ بێشک سەری تێدا دەچێ
ئەم شۆ من ڕۆژووگری ڕووی پڕگڕی تۆمە ڕەفیق
گوێچکە هەڵخە بۆ قسەی حاجی چلۆن وێڕا دەچێ
بۆ سەلاکردن وەکوو وی ناچمە سەربانی خەڵک
تاکوو ئاوی خزمەتی خەڵکم بە ئەوکی دا دەچێ
سەت"وەلی بابا"لە دەرکەی "حوجرە"ناهێنێ مەنات
گیشە بەڵمی کوێزری لابا بە دەم با دا دەچێ
"حافزالقوڕعانی"ڕووتم سووڕەتی ڕووت بێنە پێش
تاکوو"فەتحەو"کەسرەو"زەمە"لە"ئەرجول"لادەچێ
سەیرە تۆ بەم جلوەیە هێشتا ڕموودەی ڕووی گوڵی
ئەو هەڵاڵە هێندە جوانە بۆنی هەر پێڕا دەچێ

1369/1/18ی هەتاوی
شاری شنۆ،کوردستانی ڕۆژهەڵات

**(گادەر)**

بەخێرو بێر لە زێدم هەڵقولابووم
ئەلەم شوێنە بەگادەر ناسرا بووم
لە بەرهاژەم لە نزماییو لە بەرزی
زەوی پانو بەرین پشتی دەلەرەزی
شەتاوو جۆگەلەو کارێزوو کانی

هەموو منیان بە سەرچاوە دەزانی
وەها تانەم لە دەشتو دەرتەنیبوو
بەراوو ویشکەکەندم پێ خەنی بوو
لەرەی ئاونگی سەرگۆنای گوڵی یاس
دەگرشاوە بە وێنەی قاشی ئەڵماس
جلی سەوزم بە داروچێو دەبەخشی
زەوی لە جوانی دست نەخشم دەنەخشی
کە خۆی دەنواند تریفەی مانگە شەو،شەو
لە مندا عەکسی جوانی خۆی دەدی ئەو
لە بۆ هەرشوێنێ من دەمبرد پەلامار
هەزارخونچە دەمی دەکراوە یەکجار
لە لێوارم گوڵی خۆشبۆ دەڕسکان
شنەم شانەی دەکرد شا لوولی بەسکان
هەموو جوانی و هەموو تەرزیو لەباری
بەکۆ ڕەوتی منی پێدا دەباری
کە دەمدا جینگڵو ڕێگەم دەپێوا
چەوو زێخ پاکی سەریان لێدەشێوا
هەوای فێنکو بلاوێنی بەهاران
خوڕەی هەڵدێروو سرتەی پەلکەی داران
بەدی دەکرا لە هەر قۆناخو شوێنێ
بەدی دەکرا لە هەر قۆناغ و شوێنێ
کەسێ نەیمابوو تاسەی خەم ڕەوێنێ
بەڵام لەو ڕۆژەوە باران نەباری
هەور رووی کردە ڕووگەی نالەباری
بڕا نێڵەم لە بەستێنو دەراوان
هەڵیگرتم خەمی بەندوو بەراوان
وەتی بێ بەندو بێ بنکەو هەوارم
بە دەم زورگەو ڕەقەندا بەندەوارم
پەڕیوەی نێو زنەو باتلاخو گۆمم
تەری زێدو، وڵاتو ماڵی خۆمم
لە بەربێ خێوی وا پڕشو بڵاوم
دەنا ئێستاش لەسەر ئەوگوردە ماوم
بە لەنگێزەو بە هەورو هێڵو تەرزە
دوو بارە دەبمەوە ئەو چۆمە بەرزە
لە ناڵەی من لەگاڵەی هەوری نیسان
دەخەملێ بەندەنو پێدەشت هەمیسان

ڕێکەوت 1365ی هەتاوی
شاری ورمێ،کوردستانی ڕۆژهەڵات،
لەگۆڤاری سروەبڵاوبۆتەوە.

**(تەنگەژە)**

خەزەڵ وەرێنە پاییزە
گوڵ ژاکاوە بولبول زیزە
هەڵێ کردۆتێ ڕەشەبا
لک دەشکێنێ گەڵا دەبا
پەلو گەڵای دەسەرداران
بوونە پێشێلی ڕێبواران
هەرچی دەنازێ بە بەری
شەختە دێ دەگاتە سەری
خۆش ئاوازەکان بێدەنگن
کەسکو سوورەکان بێڕەنگن
بێری بێزار بوونە لە ڕان
شەوێن بەجێماون بێ شوان
هەوار پەپووی لێدەخوێنێ
بێ خێوە بەردی پاڵێنێ
هەور لووتی داژەنیوە
تەماڵی بە تەم تەنیوە
بۆ وەی دونیا بکاتە خەو
حوکمی داوەتە دەستی شەو
گیاندار هەموو لێک نەبانن
تاساوی سامی زستانن
پاییز قاسیدی زستانە
بەرەی هەژار لە درانە
جا بە قەولی کوردە دەڵێ:
زستانیشی بێتەگەڵێ
تەیرو تواران ڕەق هەڵێنێ

سنووری خونچە بشکێنێ
شیناورد شپڕێوو شڕکا
بگرێ، ببڕێ، بکوژێ، قڕکا
خۆرلە نێو هەوران بنێژێ
پزوو وڕەنوان دابڕێژێ
بووکی پەردوو پەردووگێرکا
زاوا لە هەیبەتان پیرکا
بەچلوورەو سەهۆڵ بەندان
تیرهەڵبەستێ لە سەر دوندان
پیرە لەگ لەگ چلۆوبڕکا
کۆرپەی ساوا کوتوو پڕکا
خۆ بە زووری داسەپێنێ
کۆشکی ئاوات تێک بڕمێنێ
دژوارە کەس خۆ ڕاگرێ
دژ بە سەرما پێداگرێ
لە بەرئەو هێرشە نەبەزێ
بەم زەبرە جەرگی نەتەزێ
بەڵام بێتوو کەسێک نەمرێ
بەری ئەو هەڵمەتە بگرێ
هەتا بەم تەنگانە ڕادێ
بەهاری فەڕعانەش دادێ

ساڵی1365ی هەتاوی
شاری ورمێ،لەگۆڤاری سروەبڵاوبۆتەوە.

**(کەلاوە)**

باڵندێکی لە خۆبایی
خولی دەدا لە ئاوایی
گشت لایەکی دەکرد بەدی
کۆنە کەلاوێکی دەدی
چواردیواری هەرەس هێناو
تێک قرماو، تێک تەپیو، ڕووخاو
تاقەو میچو بانی کاولاش

پووش‌و پەڵاش لە وێ بەلاش
نەجریوەوو نەسریوەو دەنگێ
نە وێنەو دیمەن‌و ڕەنگێ
چۆڵ‌و هۆڵ‌و بێدەنگ‌و هەست
وەک لە غوڕابی خەودا مەست
زۆری لە سەرخول‌و سووڕدا
بیری کۆنی لە دڵ گڕدا
لە نەکاو پرسی ئەو جێیە
مەکۆی فیزو هەوای کێیە؟
هێشتا هەرگوێی دەزرینگاوە
کەلاوە کۆن جوابی داوە:
هۆ! باڵندە نەکەی نەچی
پێم بێژە دەگەڕیی لە چی؟
بۆچی دڕدۆنگ‌و شێواوی
چ ئازارێک دەوری داوی
تۆ نەتدێوە سوێریو تاڵی
بێ ئەزموونی کرچی کاڵی
ڕاستە ئێستا ناوم نییە
کەلاوەمەو باوم نییە
دەورانێکی من ئاوا بووم
پێت وا نەبێ هەر ئاوا بووم
سەرم لە تەشقی هەوران بوو
دەروازم بواری گەوران بوو
بەڵێ گەلێک گەورەگەورە
لێم داسەکنیون بە دەورە
گەلێک خانم لە سەر بوونە
گەلێک سوارم هەڵداشتوونە
دیومە قاتی‌و بوومەلەرزە
بەڵام هێشتا سەرم بەرزە
مەل پرسی قەڵای بێ ئەنوا؟
ئەی ئاسەواری بوونت کوا؟
دەڵێی ئێرە قەڵابووە
بە چی ئەوها تێداچووە
ئاخرکوامیرو مێرخاسی
کوا حەوزو کوا تات‌و تاسێ؟
کوا بێلا، کوانی گوێسوانەی

کوا مەیتەر،یەخترمەخانەی
کوا زەنای زەنای هاتو چوون
کوانی لەنجەولاری خاتوون
لەکوێنگزیر، میراو، چاچی
دەست بە شیرو تیرو چاچی
کوا دایەنو نەنێو دادە
خانوو خاتوونو خانزادە
کوان ماقوولو ڕدێن سپی
بۆ زاڵە بێدەنگیو کپی؟
پەڕیوەیکام شوێنو هەردن
بناخەی کام شوورەو بەردن
لێی هاتە جواب کۆنە قەڵا
تۆ نەتدیوە کۆسبو بەڵا
دونیا زۆر بە پێچو دەورە
شەوە، ڕۆژە، ساوە، هەورە
خودا لەو بەرزاییو بەستە
نەردیوانێکی بەدەستە
باڵەفڕەکەی بەرەو بەرزی
گاسن چا کردن لە دەرزی
چوونە خوار بەرەو نزمایی
ڕووناکایی، تاریکایی
هەرلە قودڕەتی ئەودایە
بۆم باناردێ ئەم هەودایە
بێتوو ئەومەیلی لە سەربێ
خێوم لە بۆ دەستە بەربێ
میعمار تەرحم دابڕێژن
کڵۆو سندەم داببێژن
بە چاولەسەریەک دانانێک
بە ڕوانینو تێڕامانێک
دەبمەوە جوانی دونیایە
چاو لە بەر جوانیم هەڵنایە

ساڵی 1266ی هەتاوی
شاری ورمێ،کوردستانی
ڕۆژ هەڵات،لەگۆڤاری سروەبڵاوبۆتەوە.

(بیرەوەری)

عەزیزم چاوەکەم دڵداری جاران
تریفەی مانگەشەو جوانی نیگاران
هەوێنی شێعرو ئاهەنگو ئەوینم
بڵێسەی ئاخی ناخی ئاورینم
گوڵم سەرچاوەیی بەختو ژیانم
گوڵی ئاڵوگەشو بۆنخۆشو جوانم
نەمامی بەژنو باڵات تینو گوردم
خەیاڵو هۆشوهەستو بیری وردم
بەسەت دەردوو سەدان کوێرەوەریو ئاخ
ئەتۆم پەروەردەکرد وەک گوڵ لە نێو باخ
بە چاکو شەخسو پیرانم سپاردی
لە شەختەی ساردوو بێڕوحمم وەشاردی
لە دەس دێوەزمەیی شەوگاری دڵڕەش
لە کۆڵم کردی تاوێ جارلە باوەش
دەمی پڕ پێکەنینت تازە پشکووت
قەلی ڕەش هاتە سەرهێلانەکەت جووت
لە پڕ لوور بوو سەرم تۆی لێڕفاندم
بە چەنگی بێ بەزە جەرگی تەزاندم
ئەوەی هات ئەنجنی جەرگو  دڵی من
دڵی بە دڵی منو تۆ بێ گوڵی من
تەماشا باخی دڵ چەند چۆلە بێ تۆ
دڵم شەیداو شێتو  وێلە بێ تۆ
قەلی ڕەش هەرلە سەرتەرمت قڕەیتی
گڕەوگرفەی دڵم گرفەو گڕەیتی
(بەڵام باباش بزانێ دوژمنی پەست
ڕەوز وەردناکرێ هەرگیز بە داردەست)
پەتو زیندانو زنجیر جەزرە بەو دار
قەڵاچوو سووتمانو کوشتو کوشتار
نەبۆ سەرمایە بۆ چەنگیزو هێتلەر
نەترساون لەوانە مەردی جوامێر
لە دووی زستانی سەخڵەت دابەهارە

شەوی تارێک دوایی دێ دیارە
هەزاران گوڵ وەکوو تۆ سیس بن‌و زەرد
هەزاران تەرمی خونچە بچنە بن هەرد
سەدان سەنبول دەبەرکەن سەرلە بەرکوێن
هەزارانی تریش بن بێ سەرو شوێن
کە زستان کەوتە بەرهەڵمەت بەرەوچوون
بەهارهەنگاوی نا، گوڵ هاتە پشکوون
لە بەندیخانەیی ڕەش گۆڵە دەشکێن
لەرەی ئارەق لەگۆنای خونچە دەتکێن
بەدی دەکرێ هەموو ئاوات‌و تاسە
پشوویان دێتەوە بەر بێ هەناسە
هەموو ناسوور دەهێنن گۆشتە زوێنێ
فەقەت سەرشۆڕی بۆ دوژمن دەمێنێ

ساڵی1365ی هەتاوی شاری ورمێ
کوردستانی ڕۆژهەڵات.،لەگۆڤاری سروەبڵاو بۆتەوە.

**(بەرژەوەندی)**

تابەکەی دەرکەی ئەوین داخەم لە هەستی پڕلە سۆز
تا بەکەی چاوم لەمەرگ‌و میری هۆزم بێ لە کۆز
تابەکەی دەردی دەروونی دڵ نەدرکێنێ زوان
تابەکەی بکشێ بە سەربیلبیلەدا پەردەی زەمان
تابەکەی هاواروو نالەی دڵ لە چەنگ بێدادیە
تا بەکەی دووکی ئەمەل هەر ڕیسی ئیستبدادیە
تا بەکەی خۆیانی سوور بێنم لە کوێزری باخنم
تابەکەی"زیوان‌و"چۆدان" ببنە هۆی نێو ئاخنم
تا بەکەی بەو پێوو دانە ساڵ‌و مانگم تێپەڕێ
بۆچی دانەگرم سەری گاگێرە بۆ لای سەر پەڕێ
تا بەکەی گوێچکەی سڵ‌و چاوی زەقم بێ هەست بکەم
بێ مەیی‌و مەیخانە خۆم پەنگ‌و خومارو مەست بکەم
پێم دەڵێن: بۆچ شێعری تۆ بۆنی خەزاڵانی نییە
کووڕە، پیرە پشت کۆمە ڕووی لە ماڵانی نییە

من دەڵێم: دڵ هۆگری بازی ئەوینی کێوییە
بۆیە ئێستاکە، بە گەنجی بەرهەلێخی چێویە
خەم ئەوەندەی ڕێک کوشیبوو کێچی کەوتە بەندەنێ
خۆی لە دڵ پێڕانەوەستا کەوتە کێوو بەندەنێ
هێندە کێوی،کێوو لەندان هات دڵی لێدایەوە
قوڵپەیی گریانی هەستا چوو لە کێوی مایەوە
تاکوو دڵ نسکۆی بە چاوی ئەو خەزاڵە بردووە
سەد ئەوینی بۆ ئەوینێک گاوو گەردوون کردووە
با خەیاڵی خاو بە پارسەنگی تەرازوون دابنێ
سەت تەخار دەرزی بهاڕی گاسنی تێ نابنێ
داوی پس پس پڕگریێە چۆنی مووروو پێوەکەم
کۆرپەیەک فرچکی دەوێ نۆکە لە مەمکەی چۆن وەکەم
من کە بێزارم لە دەستی زوڵمو زۆوریێو خوێنمژی
حەز دەکەم کە هەر چی ئینسانە بە خوش بەختی بژی
بێستوونی ئیشقە فەرهادی لە سەر دوو دەم بە دەست
گشت لەشم تێک هەڵبشێلی لێیدێ بۆنی خۆشی هەست
لێوی ئاڵت بێنە پێشێ تاکوو بێنی پێوەکەم
من ڕموودەی ئەو شەڕابەم کفرە لێوی لێوەکەم
کارەساتی ئیشقی من سەرجەم وڵاتێکی دەوێ
بۆ گواڵەی ڕوو هەڵاڵەی سوور خەڵاتێکی دەوێ
ئیشقی من فەرهاد کوژە مەحشەر لەگاور گرتنە
دەستە وەستانی ئەوینە چەنگ بە گڕ ڕاداشتنە
ئیشقی من چێوو، چەوو زێخی چەمێکی گڕ دەدا
چاخێ پێ دانێتە کۆمەڵ کۆمەڵێکی دڕ دەدا
بۆیە من کێردی زمانم ئەوکی فکری هەڵبڕی
بۆیە ناڵەی بێ وچانم سینگی هەردی هەڵدڕی
بۆیە ئێستاکە، لە کۆتری دەستەمۆ من ڕەو ئەکەم
بەینێکە ڕاوی خەزاڵو "مامزی"خۆش خەو دەکەم
لەو نیزامە بێ نیزامە بەزمی نادر سەر دەدا
دەس لەسینگو مەمکی خۆرو مانگو پەروین وەردە دا
داوی وایە بێ ئەوەی گشت بێ لە تەونی بادەدەن
داوی وایە گشت کراوە تەونکەر لێی لادەدەن
پەشمی ماهووتم هەزارجار دێوە تیتۆڵی لە دوو
جاوی بێ ڕەنگم بەدی کردوە لە لێفەی دەست دروو
کوا لە دونیا ئاقڵو کەودەن وەکوو یەک ژین دەکەن
گەر بە وردی ڕابمێنی لێی وەکوو خاڵو تەکەن

بۆیە تاسەم دەربڕینی حالەتێکی سەرجەمە
بەشخوراوێکی وەکوو خۆم لەو هەریمانە کەمە
حەزدەکەم بۆیە لە،لەش ماهیچەکانیش ڕێک ببن
پڕمەترسم من لە پشت کووڕیان نەوەک نالێک ببن
لێم گەڕێن تاکوو چریکەم گوێچکەیی دوون باخنێ
لێم گەڕێن با دەردی دڵداریم لە نێو دڵ ئاخنێ
بۆچی جوانی، جوانی جوانان دێڕفێنێ باوو بژ
بۆچ سەرینچاوەی ئەوین دەگرێ تەمی پیری بەمژ
بۆچ تەمەن چۆسەر نەمامی تازەلاوی کۆم ئەبێ
جێگە خڕخاڵی بەلک دێ تووشی داوی دۆم ئەبێ
کوانی ئەو چاوە ڕژاوە چاوی کل تێڕژاوی تۆن
کوانێ ئەوگۆنایە چرچە ڕوومەتی داڕژاوی تۆن
سەت مخابن دۆست لە جێگەی بەژنو باڵای ڕاستو کۆک
دەستی لەرزۆک وو، سەری پنجەی دەچرچو پیرەلۆک
خانی ژانی دڵ لەکوێیەو خاڵی سەرلێوی لەکوێ
دەربڕێنی ئیشقی کۆنەو دابڕینی هەستی نوێ
لێم گەڕین باگێژوو هوڕبم هەر وەکوو ساڵانی پێش
لێم گەڕن تاکوو لەخۆ دوورکەم خەمی دڵ ژانو ئێش
چەند جگێکو هێلکەییێکو مەزرەقێکی نووک شکاو
بچمەوە ناو کۆڕی یارنو ڕەفیقانی دەلاو
لیتەیی دەردو خەمو حەسرت لە گیانم دەربدەم
بۆ ڕەزاسووکێکی نەشمیلانە گیانو سەربدەم
گوڵ بەدەم گوێسوانە بگرم دەست بە سۆرانی ببم
دڵ بە تاسەی توورەیی شمشاڵوگۆرانی ببم
ڕوو لە ڕووگەی بەژنو باڵای نەونەمامێکی بکەم
هەست بەدڵداریو ئەوینی دەست بەجامێکی بکەم
شێتو ماخولیای ئەڤینی چاوکەژاڵێکی ببم
دڵ بەتاسەی دەنگی ئاهەنگی گەواڵێکی ببم
ماچی خاڵی گەردنێکو جی ژوانێکی شەوێ
هەڵبسووڕێ بۆم شەوێک ناو شەوێکەم دەست کەوێ
سەردمی ئەو سەردەمانەم چوو لە دەستی داخەکەم
سیسو ژاکاون لە چوارلاوە گوڵی ناو باخەکەم
لێم گەڕێن باپەردەیی ڕوخساری شەوگارهەڵبرم
لێم گەڕێن تاکوو کوڵو کۆی هەستی خۆو بۆ دەربڕم
لێم گەڕێن با ڕۆژێ ڕاگوێزم لە جێدا سەردەمێ
لێم گەڕێن با هەوری ڕەش بێنم گزنگی بەردەمێ

لێم گەڕێن با مەڵغەیێیکی پیشەقانی هەڵگرم
لێم گەڕێن ئەو جاڵە نگریسە لە سەرڕێ هەڵگرم
لێم گەڕێن با بووکی ئازادی بنێرمە بەندەنێ
نەک لە ماڵێ ئەودووانە چاو جنۆک بن نەمدەنێ
سەیرە ئەوگەردوونی گەردان هیچ نێزامێکی نییە
ئەو حەکیمە ناحەکیمە قورسی زامێکی نییە

1368/7/10ی هەتاوی،شاری ورمێ
کوردستانی ڕۆژهەڵات،

**(تەشی)**

تەشی بەسپا لە شلکەی ڕانی دەخشا
دەبەژنی شووشو تەرزو ڕێکی دەخشا
لەناکاو لێی دەهاتە جوابێ هەودا
خودا نادا بە زاڵم چیدی مەودا
هەدا دانم نییە ڕۆژو شەوێ من
لە چەنگ تۆ دا بە دڵ مەرگم دەوێ من
بەدەم شانە لەشم پشکندراوە
هەموو"ليندووم"لە بەريەک"هەنجراو"
دەمێک دەستت لە ئازارم وەکێشە
بەسە چیدیم لە بەریەکتر مەکێشە
هەتا کەنگێ لە سەر بڕواوو بەڵێنم
بە چەنگ تۆ پێچ بخۆمو پیش هەڵێنم
تەشی بەسپا وەڵامی داوە ئەی دۆست:
ئەتۆ پێت وانەبێ لێت کەوتوە کۆست
مەدە دەستی پەشیمانی بەسەرخۆت
ئەوی دەیکەم بەگشتی خزمەتە بۆت
قەدی باریکو تەرزوو شووشو جوانت
لە بیرتی بردەوە ڕازی نیهانت
ورینگەی من لە بن گوێچکەت بووەگێر
کە وا داخی برینگت چۆتەوە بیر
لەشم ڕۆژوو شەوێ تیماری تۆیە
دوو چاوی بێ خەوم بێماری تۆیە

هەموو عومرم لە ڕێی تۆ دا بەخت کرد
هەتاکوو کۆسپی ڕێم بۆ تۆ تەخت کرد
وەکوو مەزرق دەسووڕێم گاوو بێ گاو
دەمێ هۆرپەم لە دەست دایە دەمێک داو
لەکارگایی ئەمەل تۆ وا نەهاتی
لە شانتم من تەکاند تۆزی نەهاتی
لە دوو چاوم بە لووزەو خوێنی دڵ ڕشت
هەتاکوو چاوەکانی تۆم بە کل ڕشت
لە بێڵا تاگەیشتی‌یە شانشینێ
لە دڵدا جێ نەما بۆ گەرمە شێنێ
بە پرتەو بۆڵە بس جەرگم بکۆڵە
ئەمن ئیشم لە دونیا چەرمە زۆڵە
کەگوێچکەم ئاخنی چاوم لە تۆ بوارد
لە خۆڕا ئیدی مەکوتە ئاسنی سارد
سەبرکە ڕایەڵو پۆت بێتە دەستم
بە چوار"مێچەک"لە سەرتەونت وەبەستم
بە دەستو پەنجەیی ناسک خەیاڵان
لە ڕووت بچنم بە ئەژمار ڕێزی خاڵان
کەگەردی ماندوویی ڕێت لێ بتارێ
لە نێو بازاری خۆ بنوێنی جارێ
دەگێرێ ڕێ لە هەرلاوە لە ڕێدار
هەتا دێ نرخی زێڕوو زێو بەرەوخوار
کە تۆ خەملای لە تۆقی سەر هەتاپێ
لە کۆشک و شانشینان بۆت کراجێ
کە ئەو دەم قەدرو ڕێزت چۆسەرێ تۆ
کە کەوتیە دەستی خاوەن ئەفسەرێ تۆ
بزانە قەدری ئەو دەستە جەمامە
کە دەرمانی دڵی پڕئێشو زامە
لە خۆبایی مەبە مەغروری پیسە
لە هۆزی تۆنە ئەو پەتکەو گوریسە
لە سایەی نیونیگای ڕەش ئەسمەرانە
کە بەژنت ڕشکی چاوی دولبەرانە
ئەگەرجوانیت لە ڕوو دایە ئەگەر بۆ
کری نەخشینی بەردەستی منی تۆ

ساڵی 1367ی هەتاوی شاری ورمێ

کوردستانی ڕۆژهەڵات،.لەگۆڤاری سروەبڵاوبۆتەوە.

**(هەڵسەنگاندن)**

هەناسە سواروو شل قەدەم
پێچ دەخۆم جینگڵان دەدەم
پێش دەخۆمەوە لە بەرخۆم
لە هەیبەت ژینی ڕەنجەڕۆم
یادی بەخێر دەوری جوانی
بە لە خۆبایی دەمڕوانی
سیلەی نیونیگای بەشەرم
سەرخەوی باوەشی گەرم
دیمەنی ڕێکو تەرزوو شەنگ
بالابەرزوو شۆخو چەلەنگ
ناسکی، نازداری، لەباری
ددانی سپی مرواری
سیلەی چاو نیو نیگای دوان
ڕاوێچکە چاوەڕوانی ژوان
زەندی بەبازنو خرخاڵ
هەستی ناسک تیژی خەیاڵ
بەستەی بولبول چریکەی باز
لەنجەی کۆتر ڕۆێنی قاز
برۆی کەژی ئەو ئاسایی
چاوی دەجوانی خورمایی
خەتی سمێڵی تازەلاو
وەرزی زستان گزنگی تاو
پەڕی شێعری بە هەستو تین
خاڵی موشکین، چاوی دەشین
قژی دەزەردوو ئاڵۆزاو
ئەگریجەی دەپڕشو بڵاو
لەسەرگۆنا سانی مژۆڵ

دیمەنی کیژی سپیو سۆڵ
شریخەی هەوری ئاسمانێ
کە بۆ شەو دێتەجێ ژوانێ
بەفر، باران، شەماڵ، زریان
هەنیسک، فرمێسک، گریان
خولو سوڕی چەرخی چەبگەرد
شایی، خۆشی، نەکبەتی، دەرد
ڕاپەڕین لە دژی زۆردار
ئەشکەنجە، بەندیخانە، دار
ئاوی مەندوو شەپۆلی چۆم
هاژەی ڕووبار بەردی بن گۆم
دیتنی مانگو ئەستێران
کەلاوە کۆن ماڵی وێران
ئەوەی لە تەبیعەت دایە
بگرە هەناسەی شەوبایە
یەک بە یەک هەستیان دەبزاوتم
دەستو جێ دڵیان دەنگاوتم
(ئێستاپیرمو کەلەلا
هەموولەشم هەلاهەلا)
نەمماوە تینو گوردو هێز
بێ قەدرو بێ حوڕمەتو ڕێز
نە مووچڕکم بە لەش دادێ
نە دڵم بە خورپەژن ڕادێ
پەک کەوتەو بێ دەرەتانم
دیلی دەستی برکو ژانم
هەرکە شەو دێتە سەردەستان
من قەلبم دێتە ڕاوەستان
هەڕەشەی توندو تیژی ئەو
چاوی بێ سۆ نەبان لەخەو
نە تریفە نە گزنگی خۆر
نەگوڵە باخەی دەم بە مۆر
نە گوڵشەنو باخاتو ڕەز
نە دوندی چیا نە ڕەوەز
نە ئەوانەی تەرزوو بەرزن
نە ئەوەی دەخوێنی دەگەوزن
نە هەنیەی مانگی یەک شەوە

نە ئەوەی دەیباتەوە شەوە
نە لاجانگی زێراوی زەرد
نە گەردنی مینای بێگەرد
نە چاوی دەنیرگزی مەست
نە ژوانی بەبێ خوستو هەست
نە دەمی کۆرپەی بەبزە
نە ڕاموسان گەزە گەزە
نە شەپۆلی کەزی دەڕەش
نە گرشەگرشی چاوی گەش
نە تێرامانی بەژنی تەرز
نە سینگی سپی قەدی بەرز
نە گفتو لفتی کیژوو کاڵ
نە کۆڵمەی سوورو لێوی ئاڵ
نە جلیتو  تەقڵەو ڕمبازی
نە چاوی جوانی نازنازی
نە مەی، مەێخانە، نەشەڕاب
نە ڕەسمو نەریتو ئاداب
هیچ کامێک هەستم نابزێوێ
پیر بوومە ماڵت نەشێوێ
پەردەی سینەمای خەیاڵە
دێ دەڕوا جێ شوێن بەتاڵە
منو شێعری تەڕو پاراو
پیروو مەیدانی وا هەراو
هۆ هۆی سواری تازە لاوە
من بازارم لێ شێواوە
ماندوو مردوومە بەڕێوە
بەرهەڵێخی لەشم چێوە
نیعمەتی خوایە جەوانی
بەو شەرتە قەدری بزانی
بەڵام دڵگرتر لە جوانی
خۆشەویست ترلە جەوانی
کە قەت لە بیرناکەم یادی
لە لای من ئەتۆی ئازادی

1367/12/28ی هەتاوی
شاری ورمێ کوردستانی

ڕوژ هەڵات.

**(بەهاری شنۆ)**

بەهارە بۆنی عەتری گوڵ لە دەشتو دەر پەڕاکەندە
بە دەستی خۆم نیە چبکەم دڵم بەو شارەوە بەندە
کە دیم کیژو کوڕی کوردی ئەواڵە پێکەوە پۆل پۆل
بە دڵ پێم وابوو جەژنی ڕۆژی کوردە ئەو زەماوەندە
شەڕابی ئەرخەوانی سا بە دەست ئەو لێوە ئاڵانە
چ دڵ چەسپە چ دڵ گیرە چ دڵ بەندە خوداوەندە
تەماشا تافتەو مەخمەر چلۆن شێیاوی سەریەکە
ئەوەی پشتێندی پەشمینە کراسی پوولەکە بەندە
هەتا دێ قەیسی هەڵوێنی کە تامی تێگەڕێ تۆزێ
دەمی شیرینی تۆ نەسرین بە ناکامڵ وەکوو قەندە
جیا لەو کوڵمە جوانانە کە سوورن وەک پتی خوێنێ
لەشو ئەندامو ڕووخسارت کڵۆ بەفری سەری لەندە
سەدان نەشمیلو لەیلاو دەیان نارنجو لیمۆم دی
کەچی من ئارەزوو تاسەم دەمی جوانی سەمەرقەندە
لە ناو باخو ڕەزی شاری شنۆدا دڵ دەکا سەیران
هوموو ڕۆژانی هەینی ئەو هەوارگە، پڕ لە گۆوەندە
لە هەر شوێنێ لەکوردستان نموونەی جوانێ وا لێرە
ئەوەی دەربەندی ڕووی جوانە هەتاکوو ماوە دەربەندە
دەمی نەخشینی گێلاسی لە گۆنات دا دەبینم من
هەموو ساڵێکی ئەو وەختە کە دادێ ئەو سەرو بەندە
وەرن سەێری دڵی من کەن بە پیری مەیلی گۆڕاوە
دەبێ چۆن بێ دڵی ئێوەی جحێڵو جوان خوداوەندە
ئەتۆ خۆشە دڵت قوربان بە جوانی خۆت دەنازییو بەس
حیسابی داخو دەردی من بە قەت کێوی دەماوەندە
کە باش نابێنێ دووچاوم بە ڕۆژ ڕووناکێ ڕووت "ڕووناک"
لە بۆمن سەیری دیدارت لە بەرچاوی خەڵک پەندە
ئەوەی ئەمرۆکە پێی مەست بووم شەڕابی ڕوی دەمی تۆ بوو
تەماشا هەستی شاعێرکە، توانای لامسەی چەندە

ڕێکەوی 1367/4/3ی هەتاوی،لەشاری شنۆ

لەگەڵ ڕەشید دورستکار چووینە باخی ئاغای مەحمودزادەو عیسمەت خان زەرزا،بۆ گیلاس خواردن، ئەوشێعرم لە وێ نووسی کە ڕووناکم دی.

**(وتو وێژی مێروولەو مێش هەنگوین)**

لە نێو شڵخەی خەڵێفی پڕ لە هەنگوین
سەری هێنادەرێ مێشێک لە پەرژین
لە ڕوانینی گوڵو گوڵزارو چڕ دا
هەوای سەربەرزی ڕووحو گیانی گڕ دا
لە شیرەی شیرینی ئاوێنە ڕەنگدا
لە سەرچاوەی سپی هەنگوینی مەنگدا
لە ناکاو دیتی مێروولێکی بێ هێز
لە موو بارێکتروو کەم گیانو بێ پێز
دەمێ دەنکێک گەنم دێنێ بەرەو ژوور
خۆیانی سوورە بێ ماسوولکەوو سوور
نییە حەجمینی قەت ساتێ لە جێیەک
دەپێوێ تاو تاوێ کوێرە ڕێیەک
لە هەڵدێروو تەلانو بەر پەساران
لە سەرپێچو گەوەو پانکو نزاران
ئەوە هەر وا بەتوندوو گورجو گۆڵی
بە بێ کۆڵدان ئەوە بارێک بە کۆڵی
ئەوەند پڕکارە هێندە کارسازە
لە هاوکاریو لە یاری بێ نیازە
گوتی: چیتە کە دەکوتی دستو پێیان
چڕوو بەردوو ڕەقەن دەبڕی بە پێیان
چ وەرزێرێکی، هێندە بێ مشووری
لە درگای پادشایان بێ حزووری
بگیرسێوێ لە بن داڵدەم زەمانێک
لە مێشان هەڵبژێرە هاوزمانێک
بەسە چیدی لە بۆ گەنجی مەبە ڕەنج
ئەگەرڕەنجت لە بۆ گەنجە ئەوەش گەنج

وەرە فێربە لە من ئاکاروو ئیشم
چ جێ خۆش بێ دەچم لەو جێ دەنیشم
بەسە خۆ مەکوتە لەو هەرازوو لێژە
کەماسیت چی هەیە بۆ من ببیژە
هەتا ڕاوێژ کەران بێن لێت نەزەرکەن
گرفتی تۆچییە  بۆت چارە سەرکەن
وەڵامی داوە مێروو  وا لە سەرخۆ
پشوو سوارنیمە دالْدەی خۆم بەسە،خۆ
ئەگەر سەخلّەت لە ئەژماریش بەدەر بێ
سەدان هێندە هەمووشی دەردسەر بێ
بە هێزی شانو پیلو دەستو  باهۆ
وەدەست دێنم بژیوی خۆم بە دەست خۆ
شوکر بۆ خوا کە نەیکردم بە زاڵم
لە سەرئەو نەفسە حیزە بۆیە زاڵم
لە دەستو مستی خۆم دایە بژێوم
نییە غەیرەز خودا هیچ خانو خێوم
هەزار ئەفسووس لە بن ئەو باڵەزەردە
دڵێک تێیدایە دەکوتێ چەشنی بەردە
ئەرێ چۆن خاوەنی ئەوها دڵێکی
بەزەت نایە بە هیچ سوورە گوڵێکی
کە داناگری چزوو بۆگیان لەبەردا
مەترسی مەرگی خۆت پێشتر دەبەردا
ئەتۆ پێت وانەبی هەروا دەمێنی
چ بایەک نایەکۆشکت تێک ڕمێنی
ئەوەند پاییز سەری بنوێنێ بێنێ
ئەوەند لووتی شەماڵ بێ بەفرێ بێنێ
خەلەو خەرمانی تۆ بیباتەوە خێو
بەدەم زریانی هەڵقرچێن دەمو لێو
کەماسی تێکەوێ بن تەشکی هەنگوین
بە وێزەی بای لە ئێوەش تاڵ ببێ ژین
وەبیرت دێتەوە ئەو دەم گوتەی من
بە گوێی تۆدا دەچرپێنێ قسەی من
بەڵێ هەنگوینی شانەی تۆ شیرینە
بەڵام خوێنی هەزاران خوێن شیرینە

ساڵی1367ی هەتاوی شاری ورمێ

کوردستانی ڕۆژ هەڵات،لەگۆڤاری سروەبڵاوبۆتەوە.

**(وڕێنە)**

ساقیا جەرگم بڕا جەرگم بڕا
بێرە لام بەرگی هومێدم دادڕا
تۆ دەزانی بۆپەنام هێناوە بۆت
کەس لەهانام نایەساقی غەیری خۆت
کانی خوێنوخوێ دووچاوی سوێرمن
کاغەزم کێڵگەن قەڵەم ئاودێر من
من ئە لەو شوێنە شەوارم کردووە
لەو هەوارانە هەوارم کردووە
مل بە موورووی شێعری پاراوو جوان
ڕۆژگارێک بۆم دەهاتە جێ ژوان
هاودەمی ڕۆژوو شەوو،کاتو سەعات
دۆستو هاوڕێی سەرگوڕشتەو کارەسات
ڕێژنە بارانو، هەتاوی بەر بەیان
قاسپەی کەو شێعری هێمن،نەی شوان
دۆڵو کێوو کەژ هەموو پێوارمن
شەو خوناوەی پەلکی گوڵ دڵدارمن
بولبولی خەمگین نوا خوانی منە
ئێشو برکی گەل هەموو ژانی منە
تەیری سەرسەختی کەژو کێوم ئەمن
کۆتری تیژباڵی نێو چێوم ئەمن
ئاشقی ناڵەی بەسۆی خاسە کەوم
ساتێ دەنگی وی نەبیسم ناسرەوم
من لە ڕۆژ بێزاروو هاودەنگی شەوێم
بۆیە هەروا هەڵوەدای ئێرەو ئەوێم
لێڕەواروو جەنگەڵو سەرهەرد نەما
زەردو ماەو ئەستەمو بن بەرد نەما
جێ نەما سەرلێنەدەم ڕووی تێ نەکەم
تا وڕینگەی تۆ هەڵێگرت شوێنەکەم

من بە دوای ئەو دەنگەدا بەژنم لەری
خۆم تەکاندو داریَ بووم میوەم وەری
تۆ بلَێی وشک بێتەوە چاوی پڕ ئاو
تۆ بلَێی ڕاست بێتەوە پشتی چەماو
ئەو چریکەی ئاسمانی تازە چوو
هاو زمانی بێ زوانی تازە چوو
ساقێا من نوقمی دەریای مەینەتم
زۆر گرانە باری داخو حەسرەتم
من بە قەت ئەو کێوە دەردوو ژانمە
ئێشو برکو دەردوو کولَ مێوانمە
لێلَە ئاوی ڕوونی چاوەی کانی من
دوایی نایە دەردی بێ دەرمانی من
چۆن نەنالَم ،چۆن نەکەم ئەو زامە هەست
من هەوێنی گشت ئەوینم دا لە دەست
ئێستە گشت بەرپالَو زەنوێروو زەمەند
لێڕو، دۆلَو، زێو، گۆمی قوولَو مەند
زەردو هەلَدێروو، تەلانو لێڕەوار
چادروو چێغو شەوێنو جێ هەوار
چۆلە بێ تۆ وەک هەواری خالَیە
"حاجی" خەمبار"نالی"نالَە نالَیە
هەرچی فرمێسک بوو هەربۆ تۆ ڕژا
هێندە گریام نووری چاوم ڕۆڕژا
چاوی من ئیتر هەتەر ناکا لە ڕێ
کوا؟ لەکویی؟تاپێم نیشاندەی ڕاستەڕێ
بێ هەدادانم شەو ڕۆژ بۆ مەبەست
هەورو هێلَ هات ڕۆژی ڕوونی دام لە دەست
ئەو کەسەی سەختی لە بەرئەستەم نەبوو
داوەلَی مەرگی بە لاوە خەم نە بوو
ئەو جیهانە بەر فرەی پێ تەنگە ئەو
چون بە بێ هێمن ،بەبێ ئاو دەنگە ئەو
کۆچی وی هێلَی سنوورانی پەڕاند
چاوی کالَیشی لە خەودا ڕاپەڕاند
مل بە کوێنن گولَشەنو گولَزارەکان
پاکی ڕەش پۆشن هەموو دلَدارەکان
بەرگی سەوزی داڕنی داری بەری
گولَ فڕێداوە لە سەر تاجی سەری

تازە  شەو  بۆ بۆنی جارانی نەما
تازە سەوزە  ڕەنگی بارانی نەما
تازە ئاونگ شینکە ناکا،جوان و تەڕ
گوڵ خوناوەی تازە نابارێ لە سەر
تازە شەوداوەت لە هیچ کوێ ناگەڕێ
پیاوی چابە ئەو هەلەش بۆن داگەڕێ
گەر ورینگەی مەل بچێ بۆ ئاسمان
کەڕ بکا گوێچکەی زەوی تاکەهکەشان
گەر لە دۆڵێش دا بە کۆ دەنگ داتەوە
دەنگی هیچ مەل دەنگی تۆ ناداتەوە
دەستی من داوێنی تۆ هەستو خەیاڵ
دەربڕە سۆزوو فغانو  ناڵە ناڵ
بێرە هانامو  بەرەو بەرزیم بەرە
بەڵکوو بەرزی دیاری دا ئەو گەوهەرە
بەرزەفڕ بۆ سەر،سەرینچاوەی ئەوین
هەڵفڕینو  هەڵفڕینو  هەڵفڕین
وا بە کڕبۆش ڕوو لە ڕووگەی کێلی ئەو
هەڵدڕین جەرگی ڕمووزنەی چەوتی شەو
سەر لە نوێ پەیمانمان نوێ کەینەوە
وەک فریزوو سەر لە بن هەڵدینەوە
بەڵکوو تیشکی خۆر لە ئاسۆ بێتەدەر
ئەو جیهانە بەرفرەی بگرێتە بەر
تا وەکوو نەتویمەوە ناڵێم بەسە
با نەڵێن هێمن هەژاروو بێ کەسە

ساڵی1365ی هەتای شاری ورمێ،
کوردستانی ڕۆژهەڵات.
لەگوڤاری سروە بڵاو کراوەتەوە

**(جگ)**

لە نێو دیزەی بەتامو خوێی سەرووپێ

سەری هەڵدا جگێکو هاتە سەرپێ
وەنەوزی خەو ڕفاندی سەر زەمانێ
بەرەو بێشکەی دە ئەژنۆی شەک بەرانێ
بەڵام هێند پێ نەچوو لەش ساردی تێزا
لە زەنگەی شلکو ناسک هاتە بێزا
جگێکی ڕەنگ کڕووزی هاتە لاوە
جگێکی پەل کراوی چاو کراوە
گوتی: ئەمنیش بەرەی خێڵی چیامە
ئەوینداری غەلو چێوو گیامە
کەچی بەڵگەی دورشمم لێ سوواوە
چ جەغزێکم لە شوێنی خۆی نەماوە
بە دەم"نشتەر"پەراسووم دیوە دیوە
"قەبرغەو بن"موسڵدانم "سمیوە
دەڕاوی سەت هەزار"خەرگوێلکی"کەوتم
بڕا هێزوو توان،نەسرەوتو ڕەوتم
کرا پێم ئاڵەگۆڕ لێرەو لە وێ زۆر
درا لێم ڕەنگی سوورو، سوورمەیی‌و بۆر
هەلو پەل بوونی سەرکوچکم بەدی کرد
"ڕەفیزگەم" لووتی سێدارەی نەوی کرد
بەڵام ئێستا نە"قوێرە"دێم نە"ئەسقوند"
نە مزداری هەڵم دەگرێ بەرەو دوند
لە پاشقول دا کە کەوتمە پاڵە پەستە
لە ڕاوێجکەی چەقو تەف بوومە وەستا
کەچی بەرداشی گەردوون مێشکی هاڕیم
لە دەستی دام بە فێڕۆ گەنجو باڕێم
کەچی تیسکم وەری ڕەنگ زەردوو "بەل"بووم
ئەوەند کوشرام لە ناو"پت"تاکوو پەل بووم
لەتو پەت بووم بە بیورو تەورو ساتۆر
مەیی خوێنم هەتاکوو بووم بە پسپۆر
لەشم دابەش بە دابەش moورە مووره
لە خۆشی بێ بەشم جێ دانگە دوورە
ئە ئەو لووتەی کە دەسمێ ئاخی پەستی
دەوی کەوری هەسانی خستمە دەستی
بەرەنگاری دەمی کێردی دەبانم
ئە ئەو کێردەی کە دەیسوون بۆ نەمانم
ئە لەو جەغزە بەدەر ناناسێ ڕانم

لە سۆنگەی بیری تیژە خوێن ڕژانم
هەتا ڕۆژم گەیی بەو "سپیە" ڕۆژە
دەیان جارم پتر گرت "سینگەسۆژە"
جگێک بێتوو نەیێتە نێو جگێنێ
بڵا کەللا بێ پێت وایە چ دێنێ

ساڵی 1367ی هەتاوی شاری ورمێ
کوردستانی ڕۆژ هەڵات.لەگۆڤاری سروەدا
بڵاو بۆتەوە.

**(شمشاڵ)**

شمشاڵێک بووم بە ڕێزوو ناز
لە گەڵ شوانو بێری هاوڕاز
شوانە پەنجەی لێ دەبزاوتم
بیری، بێری پێ دەنگاوتم
بەڵام سووڕا،گەردون گەڕی
شوانەی منیش شەرتی پەڕی
ڕووی خۆشیو گەشیم لێ تارا
لێم نەدیو بوو بووکو تارا
نوقمم لە نێو گەردالێ تۆز
تانو پۆم لێ بووە ئالۆز
کەوتووم لە سووچی هەرزالێ
کەس هەوایەکم پێ نالێ
هاوار لە داری دونیایە
هاوارێکم لە بەر نایە
ئەتۆ بەشقی خودای شوانە
تێڕامێنە لەو زۆزانە
چیمەنو مێرگو گوڵزاری
کەندو لەندو بەر پەساری
قەڵبەزەی ئاو لە ئاو هەڵدێر

کانیو ئاوی بە خێروو بێر
زەوی سەرانسەر خەملاوە
دونیا خۆی لە گوڵێ داوە
هەور گشت گەواڵ گەواڵن
بە تەشقی ئاسماندا زاڵن
زەوی جلکی نوێی پۆشیوە
گوڵ عەتری ڕووی داپۆشیوە
وا تێک چڕژاوە گیاوو گۆڵ
لێک ناکرێتەوە شێوو دۆڵ
هەڵپڕکێو زەنا زەنایە
گۆوەندە، بەزمە، هەڵڵایە
دونیا بە شنە دەشنێتەوە
تۆش منت وەبیر بێتەوە
هەڵم گرە تێم توورێنە
دیلانم پێ هەڵسوورێنە
با سەیرانی دیمەنی جوان
هەستی خەوتووم بێنێتە ژوان
کەپرو هۆبەو چیغو چادر
ئاڵی گۆنا ڕەنگی ئاگر
وەجۆشو خرۆشم بێنن
ڕازی دڵم بدرکێنن
کاکە شوانە لەمنت کەوێ
هەرسووکە ئاوڕێکم دەوێ
تاکەی لێم داخرێ دەروو
ببەسترێن زارو گەروو
ئاخر منو بێ ئاودەنگی؟
وەرزی بەهارەو بێدەنگی؟
بەسە دەردم زۆر چێشتووە
فرمێسکی ئاڵم ڕشتووە
ڕابردووی تۆو شەنگەبێری
چەندین ترشیو تاڵیو سوێری
تۆماری نێو دڵی منە
بەو ئێشە جەرگم کون کونە
تاکەی بێەنگی ڕەچاوکەم
تێم توورێنە دڵ پاراو کەم
ئەوەی دەنگی لە بەرنایە

دیلی دەستی ڕەشە بایە
بمبەوە ئەو چڕو لێڕە
قامکم بەسەردا بگێڕە
بەوەی نییە بە ژەنگارم
وەک پێشوو دڵ بریندارم
هەرشمشالەکەی جارانم
خەم ڕەوێنی دڵدارانم

ساڵی 1367ی هەتاوی شاری ورمێ
کوردستانی ڕۆژهەڵات،ئەو شێعرەلەئیران،
لەگوڤاری "سروە"دا بڵاوکراوەتەوە.

**(گاجووت)**

لە وەرزێر هاتەجوابێ ڕۆژێ گاجووت
ئیتر پێی ناوێ هەڵ ئەنگێوی لێم لووت
گوڕەی بێ وەختی تۆ جەرگی بڕیوم
شریخەی شیپە نێو شانی دڕیوم
لەبن ئەرزی ڕەگی مێمووکە سەرشین
لە بۆ خارانی سەر شانم دەکا  شین
بنۆڕە بەژنی ئەو بوورەو بەیارە
سەری کووزو بنی هۆگان دیارە
ئەگەر زێدە بەدەر قایش دەکێشم
لە بۆ پیتی زەوی مل ڕادەکێشم
دەنا نیری تۆ خاوم ناشکێنێ
کە مل بادەم لە بۆ کڵاوە شکێنێ
دەیان گاسنم لە زوورگەیدا شکاندن
بەنی سەت دارکڵاوەم هەڵبڕاندن
سوان کاڵۆشی زۆرداران بە ڕێوە
بڕان ئامووری بووز لەو نێوە نێوە
بنۆڕە نێو بژانەی شانی بۆسە
ئەوەندە لێک خشاوە بۆتە کۆسە
لە جمگە هاتەدەر ئەو دەستو مستە

لە پاشبارەی بڕاندن دەستە مستە
کوڵو کۆی من بڕینی سینگی هەردە
لە بن هێنانی ماکەی داروو بەردە
لەشی بێگەردی گەنمو نۆک ونیسک
دەپارێزم لە دڕکی قونجلیسک
کە ئەو هەستە لە دڵدا دەگرێ ڕێزم
بەبێ خواردنی شەمێلەش هەر بەهێزم
ئەمن بەو پێوو دانە هاتمەگۆڕێ
ئەوین ناگۆڕێ با دونیا بگۆڕێ

ساڵی 1366ی هەتاوی شاری ورمێ،کوردستانی
ڕۆژهەڵات،ئەوشێعرەلەگوڤاری "سروە"دابلاوبۆتەوە

**(سنوور)**

کە ڕووت هەڵدێ ئەمن ئەو دەم نەباتم پێ مەیی نابە
دەمت خونچە گوڵە گۆنات شەڕابی سووری نایابە
ئەمەی پێی مەستو سەرخۆشم دەزانی تۆ حەبیبی دڵ
تەوافی کەعبەیی ڕووتە لە بۆ من بۆتە ڕووی کابە
دڵم نایە بە هیچ لەونێک دەمت بە پیاڵە تەشبی کەم
دەنا گیانە دەمی پیاڵە لە مەیخانەی ئەوین دابە
شەوم وەدرنگی خستوو تێرنەبووم ئیدی لە باسی دڵ
بە پارێز دەی لوتف فەرموو وەرە ئەو شوورەیە لابە
ڕمی تاقی بناخەی کۆشکی پۆڵاین لە دونیادا...
سنوور نەشکێنی،بشکێنی سنوورم تەرکی ئادابە
بە یادی تۆوە دڵ ئەم شەو بەرەو شاری شنۆ دەفڕێ
"گەوەڕ"تەنگە لە بەرچاوم بە مەی گیرۆدەمە بابە

لەڕێکەوتی 1368/11/28ی هەتاوی لەشاری "گەوەڕ"
ئەوشێعرم نووسی،کەلەگەڵ کاک ژیان کەریمی،کاک
سەیدڕەحمان سەرڕووتی،لە سەفەری تورکییەو"بوڵغارستان
گەڕابوینەوە، ئامازم بەڕوخانی شووڕەویش کردووە.

**(بۆهێمنی نەمر)**

ئەگەر نێرکی شلکی سەوزە ببنە قەڵەم لەو بەستینە
ئاونگی سەرگۆنای خونچە ببنە مەرەب لەو شوێنە
کلچۆکی چاوی پڕلەکل  ببنە نەخشینەر بۆ وێنە
پەلکو گەڵا ببنە کاغەز زاراوە ببنە ئاوێنە
هەستێکن ئەستێورو نەزۆک لەو هەریمەدا نەدوێنن

ئەگەرهەزار مەلی تریش شەقڵی وەرینگە بشکێنن
گوێچکەی ئاسمانێ کەربکەن چیای سەرکەش بلەرزێنن
ئەستێرەش بێنو ڕابخوشن بە سپایی خۆیان بنوێنن
کرنۆش بۆ کەهکەشان بەرن ڕۆژێ لە خەو ڕاپەڕێنن
کەتۆ لەگۆڕێ نی "هێمن" شتاق دڵم ناپشکوێنن

بەهاری 1366ی هەتاوی،شاری ورمێ،
کوردستانی ڕۆژ هەڵات.

**(نیشتمان)**

من زێدم وڵاتم دەشتم
کانی سروشتم بەهەشتم
بەر لە مێژوو نیشتمانم
دایکی گەنجو پیرو جوانم

گەلێک کارەساتم دیون
مردوو نامردم ناسیون
زۆرکێو سەریان کەوتە تەمان
زۆردار پیربوون کەوتنەچەمان
گەلێک گادەر بواریان دا
زۆر نەوێر لە ڕووباریان دا
داران وەراندیان گەڵا
تەپۆڵکە خۆڵ بوونە قەڵا
ئیشکاویان تێگەڕا کانی
زوورگە بوونە ئاوەدانی
تیخی دەبان کەوتنە ڕکە
جۆگەلە خوێن هاتنە تکە
سەیرە ئەمن هەر وا دیلم
کۆیلەم زیندانیم یەخسیرم
دوژمن هەرلێم دەسوێ شیری
ناخۆشە دیلیو یەخسیری
کەچی کوڕانی من شێرن
بەمشوورن ئازان بوێرن
ئەدی بۆچی خەمم ناخۆن
نایەن بۆ دەردی من باخۆن

ساڵی1366ی هەتاوی شاری ورمێ
کوردستانی  ڕۆژهەڵات.

**(ڕەخنە)**

ئەوەی فرمێسک دەبارێنێ لە چاوان
دەگریێ بۆ هەژاروو  بێ دەراوان
کە خانی زینو پێی ئاوزەنگی ناسی
خەڵاسی هات لە بەدبەختیو کەساسی
کە تووکی قوو کرایە پاڵەپشتی

لەناو دۆشەک حەساوە لاتەنشتی
جلو بەرگی لە تۆزێ داتەکاندن
ڕەوەی تاسەی لەکوێستان داپەڕاندن
کە ڕۆژی ڕوونی غاڵب بوو بەسەرشەو
کە وێنەی بوو بە متفەڕکی ئەمو ئەو
کە پشتی مێکرۆفوونی بوو  بە پاوان
گەڕا ئەزمان لە ناوەندی لغاوان
کە بازاری قسەی زل هات گەرم بوو
دڵی پۆڵا لە بەر تینی نەرم بوو
کە لاشیپانی درکەی بوونە پۆڵا
کە سەفیان بەست بە سەف پیاوی نەقۆڵا
کە میرغەزەب سەری ڕۆکردە ژووری
کە فەرمانی درایە سەر بگووری
گەیی بەنوا لە ژێرسایەی گەلی خۆی
دەبێتە"گورگوانی" مێللەتی خۆی
مشاروو، تەورو، ساتۆروو، قەمەی کۆن
ئەوان هەرچوار لە چوارلا دوژمنی خۆن

سالی 1367ی هەتاوی شاری شنۆ
کوردستانی رۆژ هەڵات.لەگۆڤاری سروەبڵاوبۆتەوە.

**(چەڵتووک)**

من برینجی گردەی ڕووتم
نانم،ڕسقم، ژینم، قووتم
شەڕمە لە گەڵ"گۆخڵ"بە تا
زەجرم دەدا پەیتا پەیتا
نازنێ چۆنم داچێنێ
چۆن لە"باسترخەم" دەربێنێ
بە خۆمەوە نەدی خۆشێ
بێ"پاستاوو  بێ"تاڵخۆشێ"

لێم نیشتووە زۆر تۆزوو گەرد
قەوزەم بووە بە تاشە بەرد
لێم هالاوە جلە وەک زنج
دایکوتاوە لە دەورەم پنج
منیش زەویم سندە پێدا
شەی ئاویم کێشا بە ویدا
"پێتاو"نەبوو لێم بگرێ ڕێز
لێم تێکچوو"پایەو "مارەگوێز"
شێلەگەم" هەموو خرابوون
"تێرەم" لێ هەلا هەلابوون
لە"چەنبەرو لە"خوونە"دان
لە وەختی"کۆڵنەمەو تەپان"
بەرەنگاری تۆزوو خۆڵ بووم
گەلێک کەنەفتو کلۆڵ بووم
بە قەولی"گۆخلانە"دانێ
گەیمە"قەرەنیمەێ" دوانێ
ئەوەی بوو بە پاشەکەوت
وەبەر"هینگی"دینگی کەوت
هێندێک هەرمان وەکوو بەرێ
هێندێک لە توێخ هاتنە دەرێ
منو دونیای تەنگو تاریک
مەکۆی دینگی وەها باریک
ویستی هاڕینی بوو بەس
تا ڕزگارنەبم لە قەفەس
بێنێو بمبا لە"دینگی" دا
نرکەم ببڕێ لە سینگی دا
بەڵام نەک هەردزێو نەبووم
چی واکەمترلە زێو نەبووم
ئەوجارلێم کەوتە تەڵەکە
خەمی لێکردم کەڵەکە
کەچی پێم گوت:بەسە زوڵم
زەفەر نابەی بەکاکڵم
زوڵم بەری تەنگە تەسکە
وەرە تۆبیو خودا بەسکە
دڵت بە پاکانم پاکە
بەندوو جۆگەلەم بۆچاکە

بێسووده ئەم گزەو تووکە
گرده ناگۆڕێ چەڵتووکە!

سالی 1367ی هەتاوی شاری ورمێ
کوردستانی ڕۆژهەڵات.ئەوشێعرە لە
گۆڤاری"سروه:"بڵاوبۆتەوه

**(هەڵوەدا)**

لێم گیراوه دەرکەی سنوور
بە پەرژینی دڕکی مەمی
دڵم خانوچکەی پیرێکە
ئازارگەستەی هەزار خەمی
ئە ئەو مێشکە بچکۆڵانەم
ئەو هیندە هەستی تێدایە
نە بەزمان دێتە ئاخافتن
نە بە قەڵەم دێتەکایە
بە درێژایی تەمن گەڕام
حەکیمێکم دەست نەکەوت
دەواو درمانی "بەیتاڵان"
بە دەری دڵم نەکەوت
نە بەجریوەی دەپاساری
دۆڵی دلم دایەوه دەنگ
نە بەچلدانەی سەرگومبەز
بەرەمەشکەم کرایە زەنگ
وەره با سوورەی ئەلفەتحێ
لە دیوانی ڕووت وەخوێنم
دڵم هەنگڕاوی خەمە
با لە ڕووگەی ڕووت ڕامێنم
بەشقی خوایە دڵی پیرم
وەک بەرێ خۆی لە گەڵادا
شنەی ئاوی کەوسەری ڕووت
پەچەی هەڵاڵە وەلادا

69/5/30 ئانکاڕتورکییە

**(مەهابادی)**

زیارەتگەی دەمت قوربان نەبێ کوانی زیارەتگام
لە وێ ڕۆژێوە دەڕوانم لە ڕووت یانی زیارەتگام
فریوی چاوی مەستی تۆی نەخوارد با گەردڵی مسکین
بە بێ هۆ بۆچی دەیگیرا لە سەرگڵکۆی ئەوینی شین
جەماڵی پڕتریفەی مانگ لە ئامێزی خەواڵووی شەو
لە حەجمەت کورتەباڵاکەت حەرامی کردلە چاوی خەو
لە بن داری بەژن باریکی گوڵخانەت وەکوو نیسێ
لە ڕووت گەرهەڵکرا ئاڵا سەری دیلیم بخە بەر پێ
خەزێنەی قاڕوونی جوانیت وەدەرخە با بنۆڕم لێ
کەتا ئەو هەیکەلە جوانە بگوورێنم بە سۆژەی نوێ
لە سەر ناوی مەهابادـدا لە سێدارە درا "قازی"
لە بن سێدارەیی بەژنت سەرم هانی کە تۆ ڕازی

1993/1/29شاری سیدنی،لیڤرپۆل،ئوستەرالیا.

**(ئیشقی دڵ)**

خودای خێوو خودانی بێ خودانان
خودای بزروو، خودای دوورو نیهانان
خودایێکی کە کەس نەیزانی چۆنی
درۆیە هەرچی گوتراوە وەتۆ نی
گوتم: کەی ئەو خوایەی من دەڵێم تۆی
خودای پەڵپو بیانوو عیلەتو هۆی
گەڕامو خۆم لە بۆ قانع نەبوو،بۆ

خوداێکم دەویست بێ پەڵپو بێ هۆ
بەخۆم گوت: ئیشقی دڵ بۆخۆی خودایە
خوداێکی ئیدی ناوێ خودایە!
1994/15/5ی زایینی،
لیڤرپۆل،سیدنی ئوستەرالیا.

**(خوێنگروخوێن ئەستێن)**

کێ دەهانام دێ لەکاتی تەنگەژە،هەردوژمنم!
بۆیە چاخێ دێ بە سەربەستی بژیم هەردژ منم
خوێنی من بۆچی لە کاسەی کەللە سەردافرِدەکەی
خوینی خۆتە لێی بنۆرە من لە بەر چاوت ونم
دوستی من بویو لەگەڵ دوژمن تەماعت چووسەرم
تێدەکۆشی بەردەوام بۆ سەر بە نیستوکوشتنم
شینو شایین تێکەڵە، تێنوو بە خوێنی یەکترین
سەیرە تۆ شیوەن بگێرِی من بە قاقا پێکەنم!!

1995/12/9ی زایینی،لیڤرپۆل ئوستەرالیا.

**(ڕاوکەر)**

بەفرێک دەباری لە دووێ نیوە شەوێوە
گیانداری لە سەریەک هەموو کردۆتە خەوێوە
ڕووی ڕاوکەری ناشی تفی لێ نیشێ بە سیخوار
شوێنگێرە کەچی ناگەرِێ شوێن لەوخروو شێوە
سوارۆی گەرەکە، دەنگی تەماڵێک لە قەدوو پاڵ

تا شینی قوتەی چاو لە خەو پێنەحەسیوە
ئەم ڕستەیە تا کەنگێ لە قوڵی دڵ دابێت
ڕایکێشە دەجا گەرمەیە ڕووی هەرد نەجەمیوە
ڕووی خونچە بە تێکڕایی بەبێ بۆنی گراوی
جێ شوێنی لە ناخی دڵی من پشت لە پەسیوە
سواران بەرە سەرکۆنە دەلانی شەوی پێشوو
دوولایی بکردبیش لە هەزارە بخزیوە
سندووقی سەرت کە وەرە سوێ لێم ببە ئاسۆ
قەیدی چییە شەو مانگی پتوون ڕووی لە نشیوە

1993/6/8ی زایینی،سیدنی،لیڤرپۆل
ئوستەرالیا.

**(هەراسان)**

لە گۆشەی تەنگو تەنیایی لە ژێر ئەشکەنجەو بێداد
لە بۆکێ دەردی دڵ بێژم بە کێ دادم بڵێم ئەی داد
لەشم زاماری دەم زێرووی ڕەشی خوێنڕێژە ئێستاکە
لە بن هەوری ڕەشی چڵکن سەری هەڵنایە ڕۆژ ئازاد
خوری بەردەستی هەلاجم ئەوە دەمباوو دەمهێنێ
لە بن پێخوستی داگیرکەر ئەمن لێرۆکە، دەتکەم یاد
وەڕاستم لێگڕا مۆتەی شەوی ناوشێعرەکانی خۆم
کپو بێدەنگو خامۆشە شەوی تاریک بە دەست جەللاد
گەرو بەسراوو دەم گیراو بەکێ دەردی دڵم بێژم
ئەوەند فرمێسکە دەیڕێژم چزو بۆسۆ دەدەم بەرباد
بەسە باشەرحیحاڵی خۆم لە بەندیدا نەکەم چیدی
دەمێکی بەندیخانەو ئەو هەموو دەردی دڵو ئیلحاد

لە ناو باوەش خەمان دا با خەمت بگرم لە باوەش دا
خەمی تۆوو ئەوینی تۆ لە زیندانیش دەکا بێداد

1969/2/4ی هەتاوی زیندانی ئیتلاعات
(ئیستخباڕات)ی شاری نەغەدە،کوردستانی
ڕۆژهەڵات،

**(هێرش بۆسەرشاری شنۆ)**

ئەی شنۆ شاری شەهیدان خاکەکەت دڵدارمە
خوێنی ڕەنگینی شەهیدان مەلحەمی بێوارمە
من بە هیوای دیتنی تۆ هاتمو نەمدیتی باش
ئەی وەتەن دارو دڕت ئەنگیزەیی ئاسارمە
ڕۆژو شەو هەروا لە تاوی تۆگرینو زارمە

من ئەلەو ڕۆژە لە هێرشی بەربڵاوی دوژمنی
یەک بەیەک ئەندامی جوانی تۆم بە چاو لێک پشکنی
چاوی کوێرم وا لەتۆ ڕامام لە سەر ڕا تاکوو پێ
بینمی وەک گوڵ لە خوێنی سووری ڕۆڵانت ونی
بۆیە لە سوێی تۆ بە دایم ناڵەوو هاوارمە

پڕ بەدڵ خۆشم دەوێی ئەی شارەکەی کۆنو نوێ
بۆ تۆ گیانوسەر هەموو بێنرخە هەرچی دەتهەوێ
سی قەڕن پێشتر لە دایک بوونی من مێژوو گوتی:
تۆجلی سوورت لە بەرکردبوو لەگەڵ تاقەو کەوێ
بۆیە بۆنی خوێنو خوڕ هەڵمی دڵی بێمارمە

ڕۆژ نییە ئەو دوژمنی زاڵم لەگەڵمان شەڕ نەکا
ڕۆژ نییە هاڕەی فڕۆکە گوێچکەکانمان کەڕ نەکا
ڕۆژ نییە بۆمبایی ناپاڵم نەخاتە سەر، سەرن
ڕۆژ نییە ڕاکێتو سارۆخی لە ماڵن دەر نەکا

شەڕ لەگەڵ ئەو دۆژمنە،تاچوونە سەر،سێ دارمە

ساڵی 1360ی هەتاوی شاری شنۆ
کوردستانی ڕۆژ هەڵات.

**(خۆزگە)**

خۆزگە کردەوە وەک خەون
جوانی وەک کری سەرتەون
ناحەزی وەک شەوی تاریک
چارە ڕەشی وەک ڕێی باریک
هەوێری بەردەستی دڵ بان
دەست شێلی ئاوی بەکوڵ بان
تاوێک شەوم دەبەستەوە
هەوساری ڕۆژ بە دەستەوە
تا دڵی چاوم دەینۆڕی
دیمەنی عەرزم دەگۆڕی
خۆڵی سەر زەویم دادەبێژت
کڵۆو سندەم لێ نەدەهێشت
فەڕشی گوڵم لە سەر زەوین
ڕادەخست تێکەڵ بە ئەوین
بووکی جوانیم بە تارای سوور
دەهێنا بۆ زاوای شعوور
داوی زانیاریم با دەدا
جۆلای فکرم هەوا دەدا
دەمگوت: بە ساقی مەی گێڕێ
دیزەی جەهالەت وەرگێڕێ
لە نیوان سپیو ڕەشو سوور
هەڵم دەگرت مەرزوو سنوور
ساکوڵمیخم لە دەست شەوگار
دانە لغاوم لە دەم ڕۆژگار
بەردەدا دەمگوت:بگەڕێ

با سەگ بە ئاسمان بووەڕێ

ساڵی 1364ی هەتاوی شاری شنۆ،
کوردستانی ڕۆژهەڵات،ئەوشێعرە لە
گۆڤاری"سروە"دابڵاوکراوەتەوە.

**(چێرۆکی دێرۆک)**

یادی یاری چاوگەلاوێژی خەیاڵ
ئەشقیای کردم تەرەی کردم لە ماڵ
ئەو خەمە یەکجاربڕستی لێ بڕیم
وەکهەلۆ چەنگیخەفەتجەرگی دڕێم
گەرچی یاساخم لە مەیخانە ئەمن
دووری ناکەم قەت لە پەیمانە ئەمن
بەشقی خوا بۆم تێکە پڕ بەو پیاڵەیە
من لە دەست ئەوچەرخە سپڵەم زاڵەیە
تێکە بۆم تاکوو دژی خەم ڕاپەڕم
یا هەڵینێم یان لە دستی داپەڕم
ئاشقی ئەو ڕەنگە سوورە ئاڵەمە
موبتەلای ئەو مزروو ترشو تاڵەمە
جابەمن چیچۆن دەسووڕێ چەرخی دوون
خۆزیا گەردوون دەبوایە سەرنخوون
من بە باڵاو بەژنیچاو کاڵ هەڵدەلێم
من بە،بەختیخۆمو لێوئاڵ هەڵدلێم
تۆ بە پیاڵەت هەڵبلێو تامی شەڕاب
من بە شێعرو تۆ بەرە دەست بۆ ڕوباب
سا نهینی دڵ دەدرکێنم لە بۆت
تاکوو ئیحساسکەی لە من ڕا دەردیخۆت
ئەوکچەکوردەی کە باسم کردووە
بووکە یازدەمانگەکەی ناو پەردووە
من شەقیو ماندوو بە دوایدا لارەمل

تێپەڕی تێپەڕگەیی عومرم لە چل
چوڵو هۆڵو بەڕو بەحرم گشت بڕی
خێڵو هۆبەیکەیلو تاسەمگشتدڕی
بەو هومێدە جارێکی تر بێتەوە
ڕۆندکی سوورم لە ڕوو بسڕێتەوە
دەست لەگەردن یاری دڵدارم بکەم
پشت لە ڕەنجو دەردو ئازارم بکەم
شەرت وو پیمانو قەراربێ تاکوو هەم
تا نەمەن مەودام دەداتێ زۆروکەم
تا نەنێرێ بۆم گزنگی خۆی هەتاو
تا نەبینم دیمەنی دیسان بەچاو
ئەوگوڵەگەنمەی کە پێی گرتوەگڕۆی
تا لە پەرچەمدا نەنەخشێ،نەخشی ڕوی
یاکوو نەترازێنێ کۆسەی خەنجەرم
سەد هەزارانگوڵمەزیش بێتە سەرم
تا قەڵەم لەو بەینەدا حاکم نەبێ
شەرتە مەرگیشبێلە ویباکم نەبێ

ساڵی 1365ی هەتاوی شاری ورمێ،
کوردستانی ڕۆژهەڵات.ئەم شێعرە
لەگۆڤاری سروەدابڵاوکراوەتەوە.

**(گاشە)**

گاشەک،لە چیای سەخت لە دوندێکی دڕو چڕ
پەڵپی بە زەوی گرت بە بیانووی دڵی پڕ گڕ
نزمایی دەرو دۆڵی بەدی کرد لە گەواندا
خۆی هاتەوە بەرچاوی لە تیشێکی کەواندا
پێی وابوو ئەوەی کێوو،کەژو، دوندوو تەلانە
تاشەو، ڕەوەزو، جێی هەڵەموتو بنەبانە
گەرخۆی ببزێوێو بە گوڕبچتەوە سەریان
ناکا هەتا ئێقڕازێ چ کەورێ سەرو بەریان

بەو تاسەوە گیپاڵی لەقاندن لە چیا دا
خۆی جاڵەوەکرد،چەنگی لە هەردو لە هەوادا
دەستریژی چەو چیوی دەپڕژاندکە لەلێژی
پێیوابووکە خوێنیێ لە،لەشی کێوی دەڕێژی
بنگۆمی دەرو دۆڵیچیابوو لەشی بێ سووچ
تیژبوونیبەبێ وادەو سووچیش،هەڵەیەو سووچ
سەت گاشە بە مەڵغێکی تەلاسا بوو لەڕێدا
هەرکێو بوو پتەو مابوو بە سەربەرزی لەجێدا

1367/11/11ی هەتاوی شاری ورمێ،
کوردستانی ڕۆژهەڵات،

**(گیانەڵڵا)**

وەرە سوورەگوڵی باخی بەهاران
وەرە هەتوانی بێماروو هەژاران
نەخۆشو بی پەڕەستارم لەمێژە
وەرە دووچاوی بێمارم بڕێژە
ئەگەر مردم بلا نەختێک جوان بم
کەمێک هەروا لە بەرچاوو دڵان بم
بلا تاوێک سەرینم چۆکی تۆ بێ
دەمێک ئاوێنەیی ڕووم، ڕووی لە تۆبێ
لە من وەسیەت ئەگەرهاتی بەلامە
مەپرسە کێلی گۆڕی ئێمە کامە
هەژاروو دەربەدەر بێ کێلی گۆڕن
وەچاکە شوێنی گۆڕی وان نەگۆڕن

1361/1/1ی هەتاوی ،کێلێ سەرشاخان،
کوردستانی ڕۆژ هەڵات.

**(نیشتمان دوو)**

گەر بە پیری ئێسکەکانم بێنو ئاگر بەردەنێ
تاکووگیان سەیران دەکاتن وا لە کێوو بەندەنێ
دڵنیابە تاکوو دەرنەچوو ڕوحم لە بەندەبێ
دەم وەلانابم هەتا ماوم لە خاڵی گەردنێ
بمکوژن،یا، بمبڕن ئاشق بە تۆمە ئەزبەنێ

گەرچی بەژنت نیشتمان بۆ من وەکوو سێدارەیە
کەزیەکەت وێنەی تەنافی گرتووە لەم بارەیە
چاوەکانی پڕ لە گرشەت ئافەتی ئەم شارەیە
دڵ بە تاسەو مەیلەوە کڕیاری ئەم ئازارەیە
هەرگڕۆی بۆ ڕووی تووە،بیدەنێ یان نەیدەنێ

1367/3/4ی هەتاوی ،شاری شنۆ،
کوردستانی ڕۆژ هەڵات.

**(شەڕاب)**

ترشو تاڵو مزروو شیرینە شەڕاب
یادگاری عەهدی دێرینە شەڕاب
کێ بێ ئاقڵ بێ نەنۆشێ جورعەیێ
خاوەنی سەت دینی بێدینە شەڕاب
کافری موتڵەق، موسڵمانە لە لای
عالمی بێدین لە لای دێنە شەڕاب
تۆ دەڵێی مەیخۆرەوە کافر دەبن
من دەڵێم ڕەجمی شەیاتینە شەڕاب
لایەقی هەرکەس نیە بیخواتەوە

جامی دەستی ڕوو بەپەرژینە شەڕاب
ئەوشەڕابەی من دەڵیم نەک تۆ دەڵێی
بۆ کەسێک نابێ کە خۆ بێنە شەڕاب

1336/9/23ی هەتاوی،شاری ورمێ،
کوردستانی ڕۆژ هەڵات.

**(بۆ ژیان،برازام نوسیوە)**

ڕابە وەرە ڕابە وەرە ئەی ژیان
ڕێگە گەلێک پڕخەتەرە ئەی ژیان
قەل بە قڕەیتیژی لە سەردوندی کێو
مەیلی سنووری نەزەرە ئەی ژیان
چۆلەکە لە جریوەکەوت سی فڕی
کێوی تەقی لەم گوزەرە ئەی ژیان
پێنجو دوو ڕۆژێکە بەهاری عومر
نەیەوێ ئەو دەردە سەرە ئەی ژیان
تاوێ وەرە تاکوو بە مەی ئاڵو سوور
پینە بکەین ئەو کەسەرە ئەی ژیان

پۆشپەڕی 1362ی هەتاوی ،گوندی سەرشاجان
کوردستانی ڕۆژ هەڵات.

**(شەم)**

ڕۆژێکی ڕووی لە شەمکرد پەپولێکی باڵ نەخشین
گوتی: بێ بەزە دڵدار تابەکەی یار نەبەخشین
من شەو هەتا بەیانی لە دەورەت دەت بگێڕم
بۆ سەدەقە تا گزنگ خۆمت دەسەر دەگێڕم

ئەو خەتوو خاڵەی جۆرجۆر لە سەربالْم نەخشیون
هەرکام بەلەونوو،تەرزێ جوانیان بە من بخشیون
بەلاّم لە سەرئەو حاڵەش ئەوینم ناکەی بەدی
من بێبەزەی وەکووتوو،کۆشخاڵی وەکخۆم نەدی
شەم لە وەلاّم داپێی گوت:منقۆناخم برِ داون
خۆم سووتاندوە ئینجا ناخی دڵم گرِ داون
نسکۆی بلوورینی من لە تینی گرِی ناخە
شینگێڕی سەرشینیمە لە رووی پەپوولە داخە
بۆ بڵێسەو قەرەمەشغەڵ لێوی ویشکم تەرِدەکەم
بۆ رِووناکیئەم کۆڕە،گیانم لە لەش دەردەکەم

1367/11/20ی هەتاوی،شاری ورمێ،
کوردستانی رِۆژهەلاّت.

**(پیری)**

لە بەرئاوینە رِاوەستام بە گەنجی
موێکم دی لە رِیش ئاماڵ برنجی
کەلێی وردبوومەوە جێگام بەدیکرد
بە سێدارەی موقاشلووتم نەوی کرد
ئەوێستە پیرمو تاقە موێک رِەش
سەری ناوە لە قورِ شانی لە ناوهەش
لە سێدارەی بدەم نەیدەم چ نابێ
بإ خۆم خەم بەسێدارەی  تەنابێ
مخابن تەرمی جوانی کەوتە گۆڕێ
بە دەستیخۆم کفنکردختمەگۆڕێ

1367/11/15ی هەتاوی،شاری ورمێ،
کوردستانی رِۆژ هەلاّت.

**(کچە دیهاتی)**

بەداوی کەزی ڕەشت وەبوومە
بەردانم نییە تاوێ لەم  بەندە
مژۆڵت وەکوو سەرنیزەی پۆلیس
بەرەو زیندانم دەبن لەو هەردە
هاتم ڕامووسم دەستی نەرمینت
کەچیڕاچڵەکام تەزووم کەوتە لەش
قۆڵباخی دەستت وەبیری هێنام
کەلەبچەیدەستم لە زیندانی ڕەش

1359/1/1ی هەتاوی،شاری شنۆ،
کوردستانی ڕۆژهەڵات.

**(خۆشەویست)**

لەو ڕۆژەوە تۆم دیوە،سەرم هەر لە گوزەر دا
ڕووت ڕووگەیە پێنج فەڕزەیی ،نوێژێ لە نەزەردا
ئەو شێنکە لە سەر لێوە کە ناکامڵە  هێشتا
زێڕی لەبرەو خستو ،شکەستی بە شەکەر دا
ئەو گەردنە مینایە،کە وەک شووشە گولاوە
جەرگی کە بڕیم هیچ ،لە دڵی کردوە ئەسەردا
خەندەی دەمەکەت،چاوی دەمەستت لەبی لەعلت
گشت ڕۆژو دەم وو کاتێ،لە بەرچاوو نەزەردا
هەردەمکە دەئەنگوێ، دەمەکەت قوبڵە دەگۆڕێ
بۆیە دەپەرستم، دەمی ڕۆژێ لە سەحەر دا
تاریفی تۆ کوا حەدی منە، ئەی مەیی خوبان
ئاڵی دەمەکەت نەخشی، نواندوە لە هونەردا
عارف ئەوەیە ڕوی تۆ ببێێ،نەبێ سەرخۆش

نەک زاهدی ڕێی کابە،کە دینی بە هەدەردا
خەڵکیتەڵەبی عیلمی دەکەن،منتەڵەبی ڕووت
پۆلووی‌گڕی ئیشقت ،دەلەشوگیانو جگەردا
گەرشاری شنۆ خۆشە، بەهۆی تۆیە، دەنا ئەو
کاول بووە وێرنەیەکە، خۆڵی بە سەردا

1367/8/21ی هەتاوی،شاری شنۆ،
کوردستانی ڕۆژهەڵات.

**(شینگێڕی)**

مانگ لە غوڕابی خەوێدا
ئەستێرە دەخوشین بەوێدا
چاوم لە عاسمان بڕیبوو
ئەستێرەکی ماتم دیبوو
نەمزانی ئەو سەربەهەشە
بەختی منی چاڕە،ڕەشە
پارێزم لێگرتبوو تاوێ
بەڵکوو بێ شەبەقێ باوێ
بەڵام ڕەنگی بزڕکابوو
سەرانسویی نەدا ئاوا بوو
هومێدو ئاواتو تاسە
ئەوەی سەرچاوەی ئیحساسە
لە فرمێسکم داکۆ بۆوە
هەموو خۆشیم لە بیر چۆوە
سوتمان کەوتە نێو بیروهەست
دەرگای هۆشو زانینی بەست
ماموستا ماموستا هێمن
کێ باسی تۆ بکا کێ! من؟
گەوهەرت بۆ هەڵبژاردین
تارماییت لە سەرتاراندین
ئاوڕت وەسەرمێژوو داوە
بە سەربەرزی سەرت ناوە

لە هیچ سووڕانو دەورەدا
لەو کوردستانە گەورەدا
ئەو خزمەتەی تۆکردووتە
بەو کوردە هەژارو ڕووتە
ئەبەو کوردە بەشخوراوە
کەمکەسئەوهای پێکراوە
تا دوا هەناسەی ژیانم
ناوی تۆ ویردی زمانم
وەک منداڵ لەگڕوگاڵم
ناسرەوی لەنێو خەیاڵم
بۆیە دڵی سوتاوی من
بابەڕۆیەتی بۆ هێمن

ساڵی1365ی هەتاوی،شاری ورمێ
کوردستانی ڕۆژهەڵات،.ئەوشێعرەلە
گۆڤاری"سروە"بڵاو کراوەتەوە،

**(نەخشێنەر)**

لە نەجارهاتە جوابێ دارێکی گوێز
گوتی: بۆچی لە هیچ کەس ناگری ڕێز
دەیان ئەمرازی کۆنو نوێت بە دەستە
لە داهێنانی من تۆچیت مەبەستە
تەڕاشم دەستەچیلەی زاری کوورەن
لکو پۆپم کەوانی دەوری شوورەن
مەسوو لێم ئەو مکارە تیغە شینە
بە دەم گێرە دەروو ژوورم برینە
کەمێک هێدی لە برغوو بادە دەستت
دەراوی ڕوونی من ئەو بوو کە بەستت
لە من لەش ساخی یاساخو نەبانە
تەزوو، مووچڕکو تێکو چرژوو ژانە
زەوی پڕگۆگەمو پنچکو تەڕاشە
بە تەوشۆ ئێسکی سەرشانم مەتاشە

وەڵامی داوە نەجاڕی بە ئەزموون
کە ئەی داری بەهێزوو پێزی گەردوون
ئەوەی دامتاشی توێخی بێ کەلک بوو
گرێو گۆڵو ڕەشو برشی پەلک بوو
دەیان شەوچاو دەمۆلەق مام نەنوستم
هەتا نەخشی جوانیت کەوتە دەستم
لە تیف تیفەو هەنوودان خۆ وەکێشی
سەرنجی وێنەکێشان ڕابکێشی
ئەوەند بۆ جوانی پێ دانێیە باژێڕ
لە هەڵسەنگان تەرازوو سووک بکا زێڕ
کە سوورمەی دەستی ڕەنگین لێی ڕوانی
کە کیشای وەسمە ڕیواقی جوانی
لە گۆڕەپانی سینگت خونچە پشکووت
دەمێ جۆرێک سەری هەڵداگوڵی ڕووت
لە گۆنای جوانی جوانان جوانیت ئەستاند
لە تابلۆی ڕووی گەشت مەحشەرهەڵستاند
کە سەفیان بەست لە بەردەست دەستەوەستان
تکاکاران لە بن پێچکی تۆ وەستان
لە دڵ چێرۆکی کۆنت بێنەگۆڕێ
هەتا نەخشێنەری خۆت لێ نەگۆڕێ

ساڵی1367ی هەتاوی،شاری ورمێ،
کوردستانی ڕۆژهەڵات،.ئەوشێعرەلە
گۆڤاری"سروە"بڵاوکراوەتەوە.

**(هێچک)**

کەژووی شین ئاڵەدین بۆوە،لە هێچک
بەزەت بێ تابەکەی پێچەک لە پێچک
گوتی: تۆ چێوی من هۆزی هریمە
ئەوەی چێو بێ بە دڵ لێی بێ بەریمە
کری بەردەستی خاتوونو خەزاڵم

دیان ڕەنگم سپیم، ڕەشتاڵم ئاڵم
ئەگەر شانم دەخم نێم بۆ جوانی
بەدی ناکەی لە دونیا نۆ جەوانی
گەوە هەڵببڕی بۆ هەرجێ لە بەرزی
بە بەژنی من بڕاوە جوانو تەرزی
بچوو بڕوانە لاکێشو کەنارە
لە سەر وان ڕایەڵو پۆی من دیارە
لە نێو هەودای ئەوا ئاڵۆزو پاڵۆز
سەری هەڵداوە گولزاری گوڵی ڕۆز
سەراپەردەی هەموو خۆنکارێ جێمن
سەرینچاوەی نەخش جێ شوێنی ڕێمن
دڵم پڕتاسەیی جوانی ئەوینە
تلو پەنجەی ئەزیزانم سەرینە
تخوونی هۆگریت نابێ دڵی من
تخووبی خۆی پەڕاندوە نەوگوڵی من
گوتی: ئەمنیش نەخولقاوم بە بێ هۆ
ببینە شوێنی جوانی ڕایەڵو پۆ
بنۆڕە دەشتو باخو کێوو چێوان
هەنارو بێو توو، نارنجو سێوان
لە کن شاوگەدا شایانی ڕێزن
چنارو پەڵکو بووزو سەرووگوێزان
لە گۆنای من وەریگرت خونچە ئاڵی
ئەوین فێربوو لە من ناسک خەیاڵی
کەچی بنچی تۆ خوریە یان لوایە
بنۆکی بۆیە تارو پۆت ئەوایە
ئەتۆش وەک من تەرەی بەردەستی خۆتی
لە بۆیە دیلی دەستی مل بە کۆتی
مەکە چیدیکە ئەو ڕاویچکو ڕێچکە
کەژوو هەرچەند درێژ بێ سەر وەهێچکە

ساڵی 1267ی هەتاوی،شاری ورمێ،
کوردستانی رۆژهەڵات.ئەوشێعرەلە
گۆڤاری"سروە"بڵاوبۆتەوە

**(بۆ زەرزای کوڕم)**

لە بەرچاوی‌من وەک تۆ،نەخشی نەبەستووەجوانی
ئەوەندەت دەپەرەستم هەرهێند دەڵیم خودا نی
تا بۆرشکەی خەو نەبەی بۆرشکەم ناشتە چاوی
تا نووزەت بێ نووزم دێ هەتا دەنوی بە دوایی
تاوێ ڕەنگێک دەنوێنی لە بەرچاوی من ڕەنگت
شەوێ هەتا بەیانی گوێچکەم سڵە بۆ دەنگت
بە زستانی ساردوو سڕ پێت نایە ئەم دونیایە
چلەی تۆ دوایی پێهات چلە هەر دوایی نایە
ڕۆڵە لە خوام تەڵەبە ژینت نەبێتە زستان
لە ماڵت هەڵنەکوڕمێ بولبولی هەزار دەستان
خەرتەلی لاشەخۆرت لە سەرسوانەی نەنیشێ
لە قڕڕەی قەلوو داڵی واهیمەت ڕێنەنیشێ
ویستم ئەوەیە هەرگیز نەبیە داری زەنجەڵە
بۆ خۆن نەبیە چەڵەمە بۆ هاوسێ نەبێە تەڵە
ژین بۆ دووپات کردنەوە  چەوڵ کاوێژ کردنە
سەرێک هەربۆخۆی بژی ئاویلکەی ڕێی مردنە

1367/11/27ی هەتاوی،شاری ورمێ،
کوردستانی ڕۆژهەڵات.

**(چاوەڕێ)**

(جلوەیی جوانی لە هەرچی داهەبێ  خۆشم دەوێ)
بۆیە تیشکی ڕۆژی ڕوونم ڕووگەیە نەک ڕووی شەوێ
من ئەوەی جلوەی جوانی بوو لە ڕووی تۆم کرد بەدی
بۆیە من ئیدی لە بۆ  ڕووی خونچەگوڵ نابم ڕەوێ
نانی من کوانی فەتیرە گەرمە تەندوورە کەچی

ڕاشکا شەو چاوی شاتر هەردەکا شیرن خەوێ
من بە وەردێنە هەریمی سەرپنەم داگرتوە
چۆن لە هەرچوارلای ڕفێدە لایەکم بۆ نالوێ
نان کەرێک نازانی نانی پێوەدا نانی چرە
گەرمە تەندوور بۆچکی لێدێ کە نانی تێکەوێ
کەوتمە ناو بۆسەوگەمارۆی ئەوهەموو ئەنگوتکە من
باشە دەستەوداوێنی سەرشێلکەبم دڵ بسرەوێ
سەرکڵم بۆت هەڵچنی تێی وەرمەدە دارکۆڵەوەژ
با نەبێتە خۆڵەمیش پشکۆی گڕی با وێکەوێ
من بەکێردی ناودەمم ڕووی ناحەزی خۆم هەڵکڕاند
بەشقی ڕووی ڕۆژت بە پارێز جارێکی هەڵبێ لە وێ
ڕووپەڕی شێعری منو ڕووی تۆ وەکوویەکن بەڵام
هەستێکی یەکجار بەسۆزوو چاوی وردبینی دەوێ
من کە زایە بم بە موژگانی دووچاوی تۆ ڕەفیق
تیرەکەی نابەدڵە بۆ دوژمن کە کۆستی پێ کەوێ
وەک گڕی پشکۆیە ئاڵی ڕووی هەڵاڵە چاوەکەم
بۆیە ئۆقرە ناگرێ هەر لێوی ئاڵی تۆی دەوێ
بیری تۆ ئەم شەوحەرامی کردلە چاوم خەوڕەفیق
پێت گوتم:دێیو نەهاتی چاوەڕێت کردم شەوێ

کات ژمێر%شەوی هەینی،1368/8/24ی هەتاوی
شاری ورمێ،کوردستانی ڕۆژهەڵات.

**(بۆژێر وێنەکەم)**

مەڕوانە برا دیمەنی تێکچوو بە سەڵاچووم
داخو خەمو دەرد چەرمی کشاندوومە بەسەردا
مەڕوانە دەمی خونچەیی لێوم کەچی ئاڵە
ئاڵی دەمی پشکۆیە هەناسەێ لە جگەر دا
زۆرم سەری ناسۆری دڵم هەڵنەدڕیوە
لۆچێکە لە خەرواریخەمو دەردوو کەسەردا

1368/5/10ی هەتاوی،شاری شنۆ

کوردستانی ڕۆژهەڵات.

**(دووری)**

ئەوەندت دڵ شکاندم تاکوو کۆچم کرد بە یەکجاری
جەنەتگرتلێم هەموو ڕۆژێ هەتاکووکەوتە لاساری
نەزانین قەدری یەک  بۆ خۆشەویستی پاشەڕۆژ تاڵە
چ سوودێکیهەیە پاشی لە دەست دان حەسرەتو زاری
دەمێک ڕاحەت نەبوو قەلبم لە دەست پەڵوو بەهانانت
ئیترفایدەی چیە بۆ من  بگێڕی شینی سەر زاری
هەموو عومری ئەبەد تێیدا نیە دوو ڕۆژی خۆش بەخوا
وەتەنگم  بۆچی هەڵدێنی لە ناو چەنگی دڵ ئازاری
بە پیریش ئاشقی چاوی دەکاڵم موبتەلای ڕووتم
کەچی زۆری قسە لە دووە بە پیری دەردی دڵداری

1369/2/15ی هەتاوی زیندانی شاری نەغەدە،
کوردستانی ڕۆژ هەڵات،

**(بۆمنداڵەکانم)**

چاخێ ڕەنگزەردی"نەشمیل"دەبینم
ئەو هێندە کە هەم سەت هێند خەمگینم
کە "کاوە"دێتو چاوان هەڵدێنێ
خەمی چوارولآت لەگەڵ خۆ دێنێ
کە "زەرزا"دەگری سەرەدڵم دێشێ
دەڵێی ئیزڕائیل ڕووحم دەکێشێ
ڕۆڵە هەر سێکتان  پێکەوە  وێکڕا
بە دایکو بڵێن ئەو  قسە  تێکڕا
هەتا بۆی دەلوێ هومێد بەر نەدا

ئومێد دەردی دڵ لە دڵ دەردەدا
تا سەفحەی کاغەز ڕووی دانەڕووشێ
قەڵەم هەناسەی دڵ هەڵنەلووشێ
گەرووی هەژدیها هەر هاوەڵایە
ئەمەشدوایی بێ خەم دوایینایە
1368/2/4ی هەتاوی زیندانی ئیتلاعاتی
شاری نەغەدە(ئیستخباڕات)کوردستانی
ڕوژهەڵات.

**(هەڵدێر)**

بەینێکە لە ڕووی ڕۆژی دوورماومەوە ئەلێرە
ئاتەگی هەوری چڵکن دایداوەتە گلێرە
بەچەختێک هەڵگەڕاوم هەڵدێروو لێژوو ڕازە
نە ڕێگەی وەپەڕینە نە جێگەی پردە بازە
باخوێن بێو سەرانبەرێ هەڵبخرێداریخنکان
لە پشت میز هەڵتووتوکێن ورکەخۆری دەدەرکان
بەرێ هومێدێ دەخوا کەسێک بێو بمێنێ
ڕۆژیکدێ سەرو مێزەر بای شەماڵ وەیفڕینێ

2/30/هەتای زیندانی،نەغەدە،
کوردستانی ڕۆژهەڵات.

**(بۆکوڕەچووکەلەم زەرزا)**

کە پەردەی سینەمای چاوم بە دەم پیلوو دەقووچێنم

لە بەحری بەرژەوەندی گەوهەری نایاب وەدست دێنم
ئەبەو لەونە سەری ناسۆری دڵ دەدڕم  هەتاکوو بن
بە چرتاندن قسەی ئەو کۆنە کۆنەت بۆ  دەدرکێنم
ئەوەندەم هەست لە دڵ دایە خەیاڵ دەمباتە ئەو جێگا
سەری زولفی دەکۆرپەی خەم بە دەنکی شانە دادێنم
کوڕم بەرخم ئەزیزم کۆرپەڵەی ساوای لە تاوان دوور
هەزار خۆزگەم بە تۆ ڕۆڵە  زوان نەکراوە  نەدوێنم
دەیان دەرکە لە لاشیپانە دەربێ قفڵە کەی  بشکێ
لە ڕێسمێ تا نەچێ ئەو دەرکە گەورە نایە من بێنم

1369/3/19ی هەتاوی شاری نەغدە زیندانی
ئیستخباڕات، کوردستانی ڕۆژ هەڵات.

**( دیاریە بۆ دۆستی شاعێرکاک عدنان ولی)**

من وەکی بیستوومە گۆیا دەست بەگۆچانی دەڕۆی!؟
هەی نەکەی، کاکە نەکەی، هێشتا زووە بۆ کوێ دەڕۆی!
دۆوو  دۆشاو تێکەڵە شاعێری گەش بینی  دەوێ
تۆ کە بازی ئەو هەریمی چقڵی چاوی دەست خەرۆی
چابەوە، هەستە لە ناو نوێن، ڕابە دەی خێرا ڕەفیق
شاعیریگەش بینەکەی مە، تۆیی بە بڕیاری هەڵۆی
پێی بڵێ قوربان لە زاری من: بەکابرای سەلکە توور
بۆچ لە ناو ئەو ئاوە بۆشە خۆ بە زەلکاوێ  دەشۆی
مازەلە خۆرەش قوماری شەرمەزاری گوڵ دەکات
هێند  نەماوە لێی ببیسین دەنگی خێوانی  تڕۆی
هەر دوو پۆو ڕایەڵێکی گرژی  قوماشێکن لە بنچ
لێخە دەی نووکی قەڵەم بۆ ڕۆشنایی گەینە سۆی
هێند نەماوە سێیەکەی، دیکەش برووخێنو بڕۆن
دەنگی  ئازادی ببێتە چوار پارچەی کوردە خۆی

2006/3/3 زاییینی،شاری سیدنی،لیڤرپۆل،
ئوسترالیا.

**(بەندیخانە)**

لە پشتمیلەی بەسامی بەندیجانەیدا شەکەت ماوم
بە شوێن تۆوە لە حەوت دەرگای دەپۆلادا بڕی چاوم
سەرینچاوەی دەمی کانی دڵم شلوێ بووە ئەوسا
گزنگ ئیدی شەبەق ناداتە نێو قەلبی چڕوساوم
لە بەرچەنگی دەمۆتەی شەو بڕستم لێبڕا چبکەم
بە داوی تۆوە وەبوو ئاتەگی داوێنی داو داوم
لە قرچەو گرفەوگڕ بێ سەرووشوێنن لە دڵ تاسە
وەرە تاوێ بە پارێز بۆ دڵی گڕ تێ هەڵایساوم
هەتاکەی چاوەنواڕی ڕۆژی ڕوونی ڕووتبکەم دادەی
وەرەسوێ تاکوو بدبینم لە سیلەی دەرکی داخراوم
بە پیرو پشت کۆمی کەوتمە ڕاوێچکە لە دەم زیندان
سەرنج ڕاکێشە پشکۆی دڵ ئەوەندەی لێبڕا چاوم
کەلەبچەی دەستیتۆ دوێنێ هەڵالەی خستمەوەیادی
بە دەستبندی دەپۆلای سارد لە جمگەت دڵ پەشێواوم
خەمی ڕوویتۆم ئەوەندە دوایی نایە قەت لەرەی فرمێسک
شنەی ڕووی تۆم نەبێ چۆن دادەمرکێ دڵ، وڕووژاوم!

1368/12/9ی هەتاوی شاری ورمێ،
کوردستانی ڕۆژهەڵات.

**(هۆنگ کۆنگ)**

شەختەیی پیریم ئەوەگەییە سەروو وەختم نەما
تافی لاویم چوو لە دەستو ڕێی بەرەو تەختم نەما
تامی کەکرەم پێدەچێژێ ڕۆژگاری بێ سیفەت
چونکە تێگەیوە کە ئیدی هێزی پێی چەختم نەما

ئەو دڵە عالۆرییەی من نیتی گوێجکەی تێگەین
بۆ نەفامیو شوورەی وی داوی سەرسەختم نەما
جارێکیترجوانێکی بێگەردی خەڵکی "هۆنگ کۆنگ"
کەوتە داوی دڵکەچی دڵ ڕووی لەگەڵ بەختم نەما

1994/3/12ی زایینی،لیڤرپۆل،سیدنی،
ئوستەرالیا

**(بەرەو نائومێدی)**

وەردە وەردە ڕێی هومێدم کەم بوو بۆ دیتنت
باشە تەیری دڵ بنێرم ماوەیەک بێتە کنت
کەرخی بەینی دڵلەکوێو ئالەگۆڕی فکری من
بۆکڵۆ ڕەژیەک دەبم دەست، ڕەش بکەم ڕووی دوژمنت
دوورلە دەنگی دڵڕفێنی لاوک وو حەیرانوگەلۆ
دوورلە بالاَی نەونەمامو ڕۆژی ڕوونی ڕۆشنت
کۆنە شمشالێکی بیدەنگ بووم لە بن هەرزاڵی لەش
تۆ وەدەنگت خست بە سەرپەنجەی دەسی پەنجە ژەنت
نۆکە بێدەنگی گەرووم مەحشەر لە دڵ بەرپا دەکا
سەردەکاتە دەستەبەر بۆ ڕەوتی دەست پێگرتنت
چاو لە دەست بەرپێی پەیام هێنەرترووسکی لێبڕا
ماتو سەرسامم لە ڕەنگ ئاژۆیی بێدەنگ کردنت
چەندە ناخۆشەکە ماڵی دڵ گەرووی لێ وێک بهێت
هێندە ناخۆشە کە هەتڵەو بێ دەراو بێ ڕێی ونت
پێم نەزانی تۆ لەکوییو پێم نەبوو شوێن هەڵگرم
چاوەڕوان بۆ هەڵوەشانی شوورەیی ڕێی بەستنت
ڕۆژێ سەت جۆرگوڵلە ناو باخی ئەوین سەرهەڵدەدا
منکەگێرۆدەم بە خونچەی شێعری ڕوویدەستەچنت
تەوری فەرهادیم کە هەڵگرت بۆ ڕەهەندی ئیشقیلەیل
سەرلە پێناو کردنت کردبووم لە بڕیار گردنت

11/14لیڤرپۆل سیدنی ئوستەرالیا.

**(چۆڵەچرا)**

گەرچەک نییە بۆ چۆڵەچرای ئەو دڵە چۆڕێ
تێکی دەتەنی دەرویدڵیمن  دەوی تۆڕێ
خیزنادا بەهیچ کولو بەهیچ بەبەتێکیگوڵ
شۆڕابەیەکی وێشکە چ تەشبیکەمە شۆڕێ
لێکدانەوەکی ئەو تۆ نییە پێی وەحەسێ دڵ
هیچ مەجلێسو هیچ ئەنجومەنوتاقمەوکۆڕێ
ساچمەزەنی دەست ڕاوکەری لوولە بەتەمو مژ
ساتێ نییە نەنگێوێ لە پۆڕێ دڵی پۆڕێ
قۆڕخی دڵ پاوانی لە دەوری نییە پەرژین
هەرخەرتەڵو کوندێ لە پەنا لێیدەکا مۆڕێ
بێ نەزمی لە ئەستێرەی عەڕشکەوتە دەئەستێر
ڕووی مانگێ بەشلویی دەگۆڕێ لە نەگۆڕێ

1994/2/8ی زایینی،لیڤرپۆل سیدنی
ئوستەرالیا.

**(تامەزرۆ)**

من ئەومێموکە سەرشینەم هەیهاتە ڕەگم پێ پەست بێ
سەلا لە وەی لە حاست تاسەی دڵەکوتەیمن بێ هەست بێ
دڵم بە سەت کوچک وەدەن بسۆژێ گشت بە داخو دەرد
پێداگری گوڵی سوورم  تێنوی ئاوم  ئۆگر بە عەرد
سێرەهەڵدەگرم لە مەبەست  کە دەنگوێ زەردە لە جەوی

دێواری ئەوین هەڵدەچنم  بە قەڵافەتی ڕووی زەوی
خوڵقێنەری هەزار تابڵۆی نەخشین لە پەردووی سینەما
هەودای دڵ لە ماشەری سینگ جوانتر لە پەردەی سینەما
زۆر ئەڵخەمی مێشکی ڕزیوو تەقینەوە لەو چوارلایە
نە گزنگیان بۆ دەستەمۆ بوو نە لەعلیان بۆ هاتە کایە
هۆ شوانەی سەربەردی پاڵێن  هانی گۆچانی هاوێری
من وشەم بۆت دەستەمۆکرد تۆ،بۆ مەبەست هەڵاوێری

1991/11/21ی زایینی،لیڤرپۆل سیدنی ئوستەرالیا.

**(بەرپەرج دانەوە)**

کای کۆنە بە با دەکرێ دەمی لەیلو نەهارێ
گەندەڵ بووە لەوکێوە  دەڵێن پرچنە دارێ
لەگوین نەچەقا خڵفی  بەژن ڕاستو نەماکات
ئاوابوو لەکەل ڕۆژوو گزنگ گەیوەتە خوارێ
ڕوو زەردەپەڕی پڕ لە بوڵێڵی خەمی مێژوو
هەرچادروو چیغی ڕەمەکی دێننە هەوارێ
ئەوکەوڵە بەراوەژوە نەمابوو فڕوو فیکی
هەرهۆرەبوو ڕووی چرژی لە خۆ هۆرەیی دارێ
هەرئۆگری دێڕۆکی لە دایک نەبوون کورد
هەن"مامەکەریم"ڕاستی بەچل ساڵی وەشارێ
ئەوگومبەزێ پێم وابوو دوو مەیتە بە قەڵافەت
دیم ڕێویەکی توولەک بوو خزابوو لە پەسارێ
گوڵدێ دەوەرێ دڕک بە پێلان دەگرێ شین
بازاری دەهۆ گەرمە لە بازێڕی دەخوارێ
ئەو داوەڵە دەمزانی وەئاڵای نەچووە قەد
هەرهاوسەفەری بابوو بە تیتۆل لە دەوارێ

1994/3/27ی زایینی،لیڤرپۆل سیدنی
ئوستەڕالیا.

**(کورد )**

پشت کۆمو چێو بە دەستم  نیمە هیزوو نووری چاو
مەستی پێ پەستم لەکۆڵانی خەمی دڵ گەستەوە
ئاسمان وەک زێوی قاڵ وایە بەڵام کوا زێوی قاڵ
ڕوو ڕەشی دیزەی تەنووری دڵ بە هەنگڵ دەستەوە
عالەمێک هاتو گوڵی لەو باخە پڕ خونچە چنی
من بە دەستی تۆم وەدی چەپکە گوڵێکی بەستەوە
بۆیەجوانی تۆم بە هەودای خۆشەویستی دڵ وەکرد
بەرژەوەندی یەک دڵی تۆم دی بە چاوی هەستەوە
دەست بە داوینکەسنەبووی تاکوو بڵێن پێت بەخەوان!
بۆ ئەوینت خزمەتی گوڵ کردو قەستت بەستەوە
نانی بەردەم گڕ دراوەی ناو تەنوور گوورئاسنە
شیشەجەرکیشی بکۆڵێ  نیتی ئێشی جەستەوە
مەڵحەمی گەل تۆزی پاکی سەر مەزاری تۆیەکورد
خۆزیا دەلوایە! ئەو جارەش بگوتبان هەستەوە!!

1994/1/25ی زایینی،لیڤرپۆل سیدنی ئوستەڕالیا.

**(قاندڕ)**

ئەوشەو خەمێکی تازە خەنیمی دڵە چبکەم
قاندڕ بەدەمی کاکڵی ناو توێکڵە چبکەم
پێخۆری دەمی سەخڵەتی بایە وەرەقی گوڵ
چەند خونچە لەباوەش دەگرم لێم سڵەچبکەم
قورسایی خەمی ویم بە قەڵاچۆ لە خەرەک نا
جێ‌شوێنی ئەوینجەغزی هەزار پێکوڵە چبکەم
باگولە بەکوند بۆچی وەنانێ بە شەوە زەنگ
دێوەزمەیی ڕەش هۆگری ڕووی کاکڵە چبکەم
دیواری خەمی هەڵچنی تا میچ دڵی جوان
دابەش دەکا ڕووی خۆشی لەخۆ ئەم شڵەچبکەم

پەنداوی لە دڵدایەوە ڕووی کوێرەوەریو  ڕەنج
خەم هەرلە برەو دایە لە نێو ئەو دڵە چبکەم

1993/3/22ی زایینی،لیڤرپۆل سیدنی
ئوستەڕالیا.

**(کۆشکی هەرمان)**

تاوسی خەیاڵ چەتری هەڵدا
چاوی تیژبین کەوتە ڕوانین
ڕەنگی نەخشی پەڕی تاوس
دەنکە فکری نەخشەی جوانین
دەباوەش دەگرم ئەستێران
دەیان گوێزمەوە بۆ مەرقەد
بۆ زیارەتی تابلۆی تخووب
لە سنووری بیری لێڕانین
سینگی مانگی چواردەکەوتە
بەر پێوانی شەقلی بەرپێ
ئێمە هێشتا لە سەرزەوی
بۆ جێ پێوان بەستەزمانین
سەت کۆڵەکەی زێڕی چەقا
لە بن کەپری ئاسمانی شین
سەیرە ئێمەنۆکەش وەک دوێ
سێرەگری شوێنی شوانین
خێل دەبوو چاوی گاکێوی
بۆی نەدەهاتە ژوان پێروو
بۆ هاوێری پەڵە هەوران
حەوجێ بەگۆچانی شوانین
قۆچەقانی هەڵسووڕاندن
هێزی شانوو باهۆی دەوێ
بەلەنگازولەش کەم خوێنین
بێن تەنگی تەنگەژەی ڕانین
بژارچنی بژارکەران بنکۆڵ

دەکەن کەڵە لە شین
دەس بە خەنە لە پشت دێراو
هەرخۆدەکوشن بۆ خۆ ڕانین
با ڕێژمی فکری بگرم
زەختم نەچیتە خواروو ژوور
بمشۆن بەگڵاوی چوارپارچە
بمبەن بۆکۆشکی هەرمانین

1ۆ/1995/1ی زایینی،لیڤرپۆل سیدنی ئوستەڕالیا.

**(شەهید)**

دلێک ئامانجی گوللە بوو مەکۆی گەلێک بوو بۆ هەدەف
تەژی بوو لە بیر باوەڕ پڕ بوو لە شانازیو شەڕەف
هەست ویستی هەستو نیستی شەهید بوونی ژینی ژیانی
سەرجەم بۆگەل سەرپاک بۆ کورد هێزی پێزی وزەو توانی
کوا مردن دەتوانێ شەهید بە سەر باوەڕت دا زاڵ بێ
عومری گەندەڵ ژینی سەرشۆر با هەربەشی قەلو داڵ بێ
مردنی ڕۆڵێکی بە شەڕەف هەستی گەلێک دەهاونێ
تاقمەیەک کوتووپڕ بمرن قەت کەسێک ناویان ناهێنێ
بەڵێ قەل لە دوای هەزارساڵ تەمەن، بەڕوو ڕەشی دەمرێ
هەڵۆ بە عومری کورتەوە سەر بەرزی لە باوەش دەگرێ
هەر چەند ئەو خوێنە بڕژێ پتەوتر دەبێت ئەم گرە
ئەو مێشکەی بەگولە پژاو لەگۆڕیش دا لە هەست پڕە
سیلەی دوندی کێوی قەندیل بۆ ڕووی ئاسۆ هاتۆتە ژوان
هەر لە زوانی کوردی خۆشە(یاکوردستان یاکوونەمان)

11993/1ی زایینی،سیدنی ئوستەڕالیا.

**(ئەستێ و پووشوو)**

ڕۆخی دۆخی تیخی جەوهەرداره شەرحی ناکرێ
باسی لاجانگی وشەی پڕ پێزه دەرسی نادرێ
بوومه بزرۆکو نەهاتمه سەر زوانان قەت چەلێک
قەڵبەزەی ئاگر لەکێوی دڵ بە خەم دانامرێ
با سنووری چاوگە بشکێنم بدرکێنم وتە...
بەو قسە دۆغره کوڵی گرتووم بە کڵپە دامرێ
تا نەپرژامە خەیاڵی خۆم نەگەیمە ڕاستەقین
هۆدەیی فکرم لە سەرکۆرپەی هەتیو داناخرێ
دۆڵیپڕهاژەیدەروونم دەنگ قەفیتێدا وەخوارد
ئاخ کە چۆکی بیر لە چەختی پڕ ڕکە دانادری
گەربەمۆری پەنجەیی زوقمێکی ساردیش بمکوژن
من دەزانم ئەو دڵە گەرمەم بە ساردی نامرێ

1995/3/25ی زایینی،لیڤرپۆل دیدنی ئوستەڕالیا .

**(کەلاوەشکێن )**

تا دەسووڕ دا گەردەلوولی داوێنی ئەو خیوەتە
بووکی فکریجوانی من هەر ڕووی لە تابلۆی ڕووگەتە
شاپەڕی بەرزی هەڵۆ کەوتۆتە کوێستانی خەیاڵ
ئەمڕۆ دەست کەوتی فکر لە ژوانی خاوەن هیمەتە
شەرحی گابەردی چیای بیرم لە دوندی قووچی دڵ
چیژی هەڵس وو کەوتی چیرۆکێکی کۆنی میللەتە
ئاسمانم کردە پێخەف بۆ خەمی کۆن تێیخزام
خوێنی من بوو زەردەپەڕ ئەو تابلۆ پڕ قیمەتە
بۆیە دوێ شەو خەونی خۆخۆریم دەدیتو ڕاپەڕیم

دیمکە بەیبوونو هەڵاڵەو سوێسنە جەرگیان لەتلەتە
با گەرووم پڕ کەن لە قوڕقشمو نەهێڵن هیچ بڵێم
پەردەیی گوێچکە دڕێنە سووتی هاژەی ئەم شەتە

1995/3/4ی زایینی لیڤرپۆل سیدنی ئوستەڕالیا.س

خوینی لەشی  باوە گوڕگوڕ تنۆک تنۆک دەمژی  زێروو
لە سەرتەخسو نەخسی تالآن جەردە پێکتر دەبن ئێروو
تۆی بێ وڵات هەرنەتزانی دۆستو دوژمن لێک جیاکەی
ئاسمان بە سەت لەون گۆڕا تۆ  جارێک نەبووی بە پێروو

1995/8/15ی زایینی،ئوسترالیا

وینەکەت ڕۆژێک  نیە لەیلم لە ناوەند بەندی  چاو
شێلەگەی بۆ هەڵنەبەستێ لێی نەنێ خوڕڕەی شەوئاو
بێکەسو  بێدەر لە کۆڵانی وڵاتێکی  غەریب
پێ سوواوو، دەست جەماوو، پشت چەماوو، دڵشکاو
93/6/8
ئوستەڕالیا

فەرمووتە:دەڵین:نووسەرەکان چاوچنۆکن
ڕۆژێکی لە سەرچۆکن ئەگەردانێکی کۆکن
پاشو پێشی کەم بۆ دەقی ڕاستی دەبێ قوربان
هی وێ هەموو(فی مایلو) ئێرە هەموو لۆکن

95/8/20ئوسترالیا.

بۆم درەنەکەوەت ئاخۆ چیە ئەو دڵی واشێت
پێم وایە لەناو چوار چیوەکی تەنگ دەکوشرێت
تەیرێکی فەقیرە بە بریندارى لە بەر پێت
بازی فەرەحی ڕووت بنێرە بڵێ دەرچێت

91/9/16
ئوستەرالیا.

بوولبول نەما تێی نەفکرم قومری نەما لێم نەڕوانی
جگەلەکانیاوی ڕووی تۆ تامەزرۆی نەشکاندم کانی
ئوستەرالیا

سەت خۆزیا وەک گوڵی سیدنی پاییزلێم دانەهاتبوایە
دەمی ئاڵی پڕ لە خۆنچەم بە نسکۆ دانەڕسابوایە
سەت خۆزیا شینو شیوەنم قەبۆڵ بوایە لەلای باری
هەڵکەوتبوایە لە زێی بیبوار دۆزیبانەوە ڕێی بواری
91/9/6ئوستەرالیا

کەنداوم هەموو هەڵوێزا ڕەچەی گەوەی دەریام بڕین
سەرزەویم دوایی پێ هێنا بەڵام دوایی نەهات ئەوین
تامەزرۆی خەیاڵی خاوی شەوانی لاوەتی جێ ژوان
جوانێک بە تەماڵ هەڵنانی ڕووگەی لێگۆڕیوە نەدوان

91/8/26ئوستەرالیا

ئەوهێندە چوومە، مەیخانە ساقی نەما کە بۆم تێکا
جێ خاڵێک ساخ نەمالەدڵ،تیری ئەوین کە نەی پێکا
بەڵام هەرتێرێک خستمی هەر بوومە نێچیری دڵێک
لە گۆڕەپانی ئەویندا تەنیا دڵم چنی گوڵێک
دەستی یەکگرتووی ئەبەدیم هەرپەنجەی دەستێکی کوشی
شەو تاریکان سێبەری دڵ هەر بۆ سێبەرێک ڕاخوشی

1992ئوستەرالیا.

ئەوە سوێم دێتێ بۆلۆچێک گڵی متفەڕکی کوردستان
بەبێ ئیمانەوە دەمرێ لە سوێت گڵ خاوەنی ئیمان
لە بن ئاڵای ڕمووزنەو مۆتەوو شەوگاری ساردو سڕ
قەراروو شەرتو بڕیاروو دەسی ئاڵەو شەوو پەیمان!!
دڵم زوێڵی شریخەی قامچی بەدگۆ بوو بەدەم ناکەس
قەدرناسێ لە کوێیە بۆی پرێسکەی دڵ وەکەم دیسان
12/2/ئوستەرالیا.

چاوەڕوانی دەستو پەنجەی ویم بەئاورشمی خەیاڵ
شەولەکاتی ماتو کش فرمێسک لە ڕووم بسڕێتەوە
مۆمی عومرم گشت تمواوە کەوتە بەرپێی بوو تنۆک
ڕووی گڕی جوانی لە دەوریدا بە شەرم دەخولێتەوە
داری خۆزیا کەنگی هێناوە لە بۆ کێ باروو بەر
کەس لە بن ئەو دارە یەکجاری بە دڵ ناسێتەوە

/2/6
94 ئوستەرالیا.

تافتەی چ بازێران نەما بە بەژنی ڕووی جوانی نەگرم
باإی چ خونچەیەک نەما تارای سووری لە بەر نەدڕم
لەبەرچاوی من گشت جوانی ئەسرینی چاوی بوو دەڕژا
ئیتر بۆیە چاوی جوانیم بە کلی جوانی هەر بۆ نەڕژا

91/10/9 ئوستەرالیا

ڕۆژێک تۆ لەپشت وێنەکەت نووسیبووت لەبیرت نەچم
ئێستا من لە پشت وێنەکەم دەنووسم لە بێرت دەچم
پێت وانبێ ئەمن دڵم هێلانەی بەتاڵەو خالێ
بیرو یادی بیرەوەریت ئەفسانەیەک بوو خەیاڵی
دەنا وێنەت ڕۆژێ سەت جار دێنێتە بیر رۆژی بەرێ
وێڕای ئەوچەپکە هەڵاڵەی بەرەوشنەی ڕووت دەلەرێ

1369/4/29 ی هەتاوی

هەرچەند لەسەر نەخشەی گەردوون لێک نزیکین وەک داردامە
تۆ لە سەر خەتی ئیستوای من لەم سەرەی دونیا دامە
بەڵام بە دڵ لێت نزیکم، نێزیکتر لە جاری جاران
بۆیە دڵم دادەمرکێ بەخوناوەی شەوی پاش باران

91/15/7ئوسترالیا

دیوی سکە کم لە دەستدا،ڕەسمی ئازادی لەسەرە
بەڵام دیوی لەمن نەدیو مترسی ڕووی دەربەدەرە

لەبن مێزەری مەلادا بۆمن فتوای بێ بەش دەرچوو
لەبن گوڵینگی حەگاڵدا بۆ تۆ کوچکی ڕەق بۆ گورچوو

1991/3/31شاری کۆنیا تورکیە

با پیریش بم کە تۆشەوێک توندم لە باوەش دابکوشی
کازیوەدان لە باڵ تۆدا بە گەنجی ڕادەبم لە جێ
وەرگیڕاولەحافزشیرازی

ڕۆژانی تەمەن دەفتەرەکەی ڕوو لە نشیوە
وەک خەندەیی لێوت کەلەناو دەمتەنەدیوە
وەکپرچیڕەشیتۆ شەویبەختمڕەشوتاریک
پاییزە لە من ڕەنگی گەڵای خونچە وەریوە

ئەرێ پێم ناڵێی ئەی پەری
لەدینو مەزب بێ بەری
تۆچیت لەگیانی من دەوێ
ئۆقرەناگرم ڕۆژوو شەوێ
ئایەی ڕووی خۆتم بۆ بێنە
واز لە ئایەی خودا بێنە
لە دڵ کە وەرنەگرم یاری
کوا دەبینم نووری باری
68/6/23ی هەتاوی شاری تاران،
------------------------------------

کتێبی بەرەو نەڵیوان

کەلەپچەی دەستم کەچی وەتی هەم
دژ بە سەر بەستیو سەرکوتی بیرە

هەستی ئازادی لە دەرونم دا
بەرپەرچی کۆتو بەندو زنجیرە

## بەرەونەڵیوان

خەیاڵ دەمباتەوە دەمکاتەوە لاو
لە سەر بەستێ نەڵیوانێ دەکەم ڕاو
دەبن من دایە ئەسپی قاب ڕەشی شێ
لە قۆڵم دایە ڕستەی تاژیەکی چێ
هەڵاوەسراو بە بەن سامۆرتەکەی پێ
خەیاڵی سەنگەسیری ئەو شەوەی دێ
سەرنجم ڕادەکێشێ پۆلێ بێری
لە وان یەکێک لە بێرێ خۆ دەبێری
بە چەقەی ڕێگەدا تێپەڕ دەبێ لێم
ئەوەی قەولی ژوانی دابوو پێم دێم
فراژوون بەرخەلەی ئەو ساڵە بۆیە
درەنگ وەختانە مەڕ هەروا لە دۆیە
دەرەتێنم کەحێلی شێ بەرەو دێ
بەرەو ئەودێیە،وا لەیلای منی لێ
چنارو، سێوو، گوێزو، بێو، هەرمێ
بەدی دەکرێ،لە قورنەی چواربەشی وێ
کلۆش جێ شوێنی کای ماوە لە جێدا
لە بیخن، ڕێچکەیی پێ پەست لە ڕێدا
تەپوو تۆزی هەژارو لانەوازی
خورەی ڕیخۆڵەیی برسیەتیە سازی
بەرەو ماڵ دێ بە کۆژە کۆژە داپیر

لە پڕ گالێش بە کۆڵی دێتەوە بیر
زەوەڕ دانێ تفاق بێنێ بکێشێ
بە زستان مننەتی نامرد نەکێشێ
کە ئەو پشتی لە ژێر خەم دا دەناڵی
خەیاڵ لەچکەی لە سەر ڕووی هەڵدەماڵی
بە دیمەن ڕۆژگاری ساردی دیبوو
لە چاوگەی چاوی دڵدا دابەزیبوو
لە خۆشیش دا ببوو بەشداری شادی
لە ئازادیش بدیبووی ڕووی منادی
دوو چاوی پڕ لە شین گێڕی سووێ بوو
بە تێڕامان هەزار گوفتاری پێ بوو
هەناسەی ناخی ساردی تیژوو خەم چێژ
دوو چاوی جوان، لە جێی کلرێژی خوێنڕێژ
دووگۆنای چرچی ڕۆژێک تورتو پڕ بوو
هەناسەی ساردی، ڕۆژێک گەرمو گوڕ بوو
هەوا تووشو گەڵا زەردوو زەوی شین
لە نزمایی ڕەپستەی پاییزیم دین
لە بەرزایی دڵم گوێچکە سڵەی تی
گلای سوارە سمی وەستەک ملەی تی
لە سەر ساباتێ مامۆستاو فەقێنە
لە سیلەی ئاشی پیاوی گەورە دێنە
بەرەو ئێوارەیە ڕاخراوە حەوشە
لە دەورەی حەوزەدا لاکێشی فەڕشە
لە دەنگی خشڵی تاسی کیژی زەرزا
قەڵاتی خانی ژێر پایەی دەلەرزا
لە دەستی سەمتی چەپ کۆنە قەڵایەک
"زولەیخایەک"گرۆپی ڕووی چرایەک
ئەوەی خونچەی دەمی دونیای دەهێنا
کەڕووی کەوتە سەروو برشی هەڵێنا
دڵم ئێستاش، لە ڕێیدا هەرلە دێی دا
بە ئەو پاوانە شینانەی لە پێی دا
منو بازی خەیاڵ هەر دوو بە دوو دوو
نە لە پێشمان نەکەس بە دواوەمان بوو
تەمەن بۆ من بەرەو بیست ساڵ گەڕاوە
مخابن بوو کەچی تێ هەڵگەڕاوە !

1997/11/20ی زایینی گەڕەکی لیڤرپول،
شاری سیدنی،ئوستەڕالیا.

## خەیاڵی مەست

هەتا خەرمانەیی ڕۆژە لە لاجانگ
سەفی بەستوە مژۆڵو تیری برژانگ
هەتا ئارەق سەراوژێرە بە زەنگوڵ
هەتا لێی دێ لەگەردن بۆنی سونبووڵ
دەنۆشم مەی لە دوو چاوی پیاڵە
زیارەت تا دەکەم ئەو لێوە ئاڵە
لە باخەڵ تا دوو لیمۆی دەکوشێ دەستم
لە گۆنای تا بە چەپکە گوڵ دەبەستم
گرۆپی ڕووی هەتا کوو لێم عەیانە
هەتا پروانەیی ڕووی ویم شەوانە
هەتا لاو لاوەمە لەو بەژنە ئاوا
هەتا گیرساوەمە لەو باخە ساوا
خەیاڵی مەستمو مەیخانە جێمە
نیە باکم لە وەی کێ بوومو کێمە

1998/12/9ی زایینی گەڕەکی لیڤرپول
شاری سیدنی، ئوستەڕالیا.

## خەیاڵی پەرچەمێک

تۆ لەکوێی چاوم لەچاوت کەم دەمێک
خەو دەمێکم بۆ بکاتە سەردەمێک
تا کوو ون بم لەو جیهانە گەورە دا
یا بسووتێم ببمە پەروانەی شەمێک
چەندە خۆشە خەڵوەتێکی دوو بە دوو

نرخی سەتساڵی هەیە خۆشی ژەمێک
کوا؟ قسەو وادەو بەڵێنی تۆ بە من
کوا؟ لەباخی سێوی کاڵت بەرهەمێک
چەند دەپێوم ڕێی ڕکەو هەورازو لێژ
هەر لە پێشم دایە چەختو ئەستەمێک
دێتە سەردانم خەمی نوێ شەو لە جێ
ڕۆژ دەگێڕم شیوەنی ڕووی ماتەمێک
دێ ئەوە تێپەڕ دەبێ لێم قەڕنی بیست
بۆم نەدۆزراوە لە دختۆر مەڵحەمێک
سینگ لە هەردی دەکوتم ئیستاش بێ وچان
دەمکوژێ نۆکەش خەیاڵی پەرچەمێک

1998/11/17ی زایینی گەڕەکی لیڤرپول
شاری سیدنی،ئوستەڕالیا.

**(دەلوو )** دیاری بۆ کاک عەلی بڵباسی لە نەغەدە

بەرخی لاوی گورکی پیری کەوتە دوو
ڕووی وەڕەق گۆڕا بە دیوی ئاوەژوو
بۆنی ئازادی وڵاتی من لە کوێی!
هەڵمژم تێر لێت هەتا دوایین پشوو
کوانی ؟ پۆلی ئاشناو دۆستان !
کوا؟ پیاڵەو جامو مەجلیسی سەبوو
کوانێ پێ شوینی دیاردەو جێ تەماڵ؟
ئەو دڵەی خورپەی دەبرد بۆ خشپە زوو
کوانێ؟ ئاوی "قەترەکانی"شارەکەم!
کوانی؟ کانی "کەندەباسو "ئیشکەسوو"
داری سەوزی لەش گەڵاڕێزانی کرد
تازە لێی هەڵنادا سەر بووکی چڕوو
یادی یاران بیری جێژوانگە لە کویی؟!
چوو لە دەست هیواو ئومێدوو ئارەزوو
جێ هەواری خۆشەویستان خاڵی‌یە
بەردی پاڵێن نادیارە نۆرە چوو
خێڵ بەرەو ژوورە لە وەرزی پاییزی

باوەڕێنی شەختە قەزوانو بەڕوو
چۆن بدرکێنم خەیاڵی دڵ لە بۆت
کەڵ لە وێ بەندە دەڵێن گۆیا بە موو
دەتهەوێ ڕاستی بڵێی سەر بەست بژی
یا ببە منداڵی ساوا یان دەلوو!

1998/9/18ی هەتاوی گەڕەکی لیڤرپول
شاری سیدنی ئوستەڕالیا.

**فەرمانی ئەوین**

چاو لەچاوم گەر نەکەی،فیتنەی جیهان بەرپادەکەم
دڵ بەراوم گەر نەکەی،گیانم بە ئامانج دادەکەم
ڕووت لە من تێکناوە گۆیا،من دواندوومە ڕەقیب
چۆن لە هی وا پستو خوێڕی من قسە بڕوا دەکەم
من لە سۆنگەی تۆ بە کوشتن سەر بڵێندم بێگومان
گیان چییە قوربان لە ڕێی تۆ من بڵێم ئیبا دەکەم
هەڵدێ لێم ڕووگەی گزنگی ڕوون،بە زستانی دەسارد
تا بەهاری نەونەمامی بەژنەکەت ئینشا دەکەم
بۆنی عەتراوی دەمی تۆ، مەستو سەر خۆشم دەکا
تا بە شانەی سۆز هەلاڵەی کەزیەکەت تا تا دەکەم
چەند نەیار خۆ پێ لەبابیو باخو زاڵم بێ ئەمن
هەر بە پشت گەرمی ئەوینم ڕۆژی لێ ئاوا دەکەم
ڕووم لە ڕووی شێعری مەجازی وەردەگێڕم تاوێکی
تا کوو باسی لێوی ئاڵت بۆ دڵم ئیملا دەکەم
یا هەتاوی چاوەکەت دەنگێوێ ڕووی لووتکەی دڵم
یا کوو ڕۆژی ڕوونی خۆم یەکجێ شەوی یەلدا دەکەم
بەژنی سێدارەت گەیاندی حوکمی ئیعدامم لە وێ
بۆیە هاتوومە حزوورت،مەرگی خۆم ئیمزا دەکەم
سا، بە کوێرایی ڕەقیب،داوێمە گەردن کەزیەکەت
من بە دەستی خۆم وەها،فەرمانی تۆ ئیجرا دەکەم

98/11/12ی زایینی لیڤرپول
شاری سیدنی،ئوستەرالیا.

**تەوەللا**

ڕۆژ لە بەردەرکەی کپی مەیخانەمە
شەو بە دەستی مەی بگێڕ پەیمانەمە
دێن بە لەز لێم تێپەڕن کاتو زەمان
لانەوازم دەردی بێ هێلانەمە
داخو دەردی ڕەنجەڕۆیی‌و دوور وڵات
وا بە پیریش تاوو تۆی ئەو ژانەمە
خەڵک بە خوازیاری کەیانی دڵ گەیی
من بە خوازۆکی لە بنکەی شانەمە
نۆکەری ڕۆم‌و عەجەم ناکەم بەسە
هەرلە ناتۆر ویستی ئەو دەرمانەمە
کوا کەرامەت بۆ ئەوانەی بێ بەشن
تا بەکەی لێرەو لە وێ پاکانەمە
تا ئەوان هەن ڕۆژی شاییم تازیە
یا تەوەللام یان لە بەندیخانەمە
تا ئەوان هەن بێگومان ژینم نییە
چاوەنۆاڕی بەندو داوو دانەمە
تا ئەوان هەن خێرو خۆشیم لێ سڵە
دوور لە دەنگی پلپلەو لەرزانەمە
تائەان هەن کاولە ڕووی زێدی من
چاوەڕوانی مۆجزوو ئەفسانەمە
تا ئەوان هەن نیمە گوردی ڕاپەڕین
دەست لە یەخە بەردراوی هانەمە
تف لە میرو ڕووی سەپان‌ودست‌وپێی
قەت نەبوو جارێک بڵێم متمانە
گوێچکە هەڵخە با بە کوردی پێت بڵێم
ئێستەکەش، سەرشێتەکەی، دێوانەمە
چارەنوسی من دروشمی میللەتە
گیان فیداکاری قسەی کوردانەمە
تامی مەی سەربەستی‌یە، مەستم دەکا

ئارەزووی ڕووگەی دەمی جانانەمە
دەنگی خۆیبوونە کە گوێچکەم پڕ دەکا
پەرچەمی کۆمار لە دەوڵتخانەمە

98/8/30ی زایینی لیڤرپۆل،
شاری سیدنی،ئستەرالیا.

**خلۆوە**

لەم خلۆوەتی‌یە، خلۆوە دەکات، دڵ دەڕوانی
دێتە نەزەری گوڵڕوخی ڕووت،گۆڵدەمی جوانی
ئاڵی دەمو لێو قرمزی گۆنا سپی لاجانگ
ڤینووسی خوداوەندیی‌و دەستکردی خودانی
ئاماژە بەدەریایی دوو چاوت کە دەکم شین
شینگێڕی شەپۆلێکە کری گوفتی زوانی
حەوداڵی جەماڵت منو دڵ پێکەوە شەیدا
هەر چەند کە دەزانم بە حەقیقەت تۆ وەها نی
وەسڵت بە خەیاڵیش لە خەویش دا نییە شەو بێر
بۆیە بە سەری پیری ئەوە دەچەمە ژوانی
ڕووی دەفتەری ڕووم شایەدی ڕووی عومری بەرەو شێست
دەست ڕاگرە لێم تیرە لە سەر ماڵی کەوانی
تێ فکرە ئەو خەونی خەیاڵێکە لە زیندان!
نامۆ نی کەچی ڕەنگە بڵێم لێی بەگوومانی

99/4/18ی زایینی لیڤرپۆل
سیدنی،ئوستەرالیا.

**(شێتە)**

گوتم: بۆ خاڵی لێوت دڵ زوێرم؟
گوتی: کازیوەیە شەوبێرێ فێرم؟
گوتم: بۆنی گوڵاوی گوڵدەمی ڕووت؟
گوتی: شێتە، کە مەست بووی بۆت دەنێرم؟
گوتم: کەنگێ؟گوتی: کێ دێ بە قاسید؟
گوتم: بایە!گوتی: دەی ڕاسپێرم!
گوتم: تووکو نەزای شەوگاری من چی؟
گوتی: ئی خۆتە من چیت لێ وەشێرم!

9/25/لیڤرپۆل،سیدنی،ئوستەرالیا.

**(کووتە خۆر)**

کێ لە مەمکی دێو  ژەکی فرچکی مژی
ئەو دژی سەربەستی‌یە، تاکوو دەژی
خۆری بۆ زین کەن لە تەشقی کەهکەشان
کازیوەی بۆ بێننە سەر بستووی ژوان
ئاتەکی ئاسمانی بۆ داکێشنە خوار
هەڵبدەن ئەستووندی لێ سێ لاو چوار
دەستەمۆ کەن هەورو ساماڵی لە بۆ
گشت لە ژێر فەرمانی ویدا سەربەخۆ
تاجی بۆ سازدەن لە زێڕوو گەوهەران
کۆشکی بۆ چاکەن لە وێنەی بەگلەران
هەڵبدەن چەتری گزنگانی لە سەر
دەر بدەن لە دڵێ خەمو دەردوو کەسەر
نۆبەداری بن لە پەردوو دا ئەمیر
بێتە دی بۆی ئەو شتەی نەیکردوە بیر
هەرچی مانای واقعی بەردەست دەدا
هەر چی ئەنجامی بە فورسەت دەست دەدا
نایەوێ هەتا تەنانەت سەروەری
جیا لە دەستەندەو غولامی‌و نۆکەری !

98/11/14ی زایینی ،لیڤرپۆل،
سیدنی،ئوستەرالیا .

**(کەرێزەی شێخان،ناوچەی مەهاباد )**

شەوم وە درەنگی خستوە هەر نەنستووم
ئەوەی فرمێسکە ئەم شەو  لێرە ڕشتووم
لە ئاسمانی دوو چاوە  شینەکانت
دەمێک"ڕووناک"دەبینم تاوێ"کلسووم
بە"کەیهانو"بە "کەیوانو" بە "هیوا"
بەئەو ناوانە خۆشانەی لە بیر چووم
بە وانەی وەک پەڕی گوڵ بوونو شەمزان
بە وانەی وەک پەڕی دڵ بوونو مەعدوم
دەڵێم خۆزیا بە گرتووخانەکەی "شا"
 کەچی پڕ بوو لە بێ تاوانو مەزلووم
لە ژووری هەڵخرابوو داری سێدار
لە بێرون ڕمکرانی حەپسی مەحکووم
بە یادی دەشتو دۆڵی دێی کەرێزە'
بە بیری شەونخوونی ڕێی دەحەوتووم
لە گردی کوورەخانەی بەردەإنێک
ببوو ڕێی جاروبارەی پێ هەڵاچووم
لە کێوی سەر بە"ڕادار"شێوو وەردێک
گەڵاڵەی دیمەنێکی کات بە سەرچووم
هەموو شوێن خاترەی جێ شوێنی پێشوو
هەموو جێگا هەوارگەی وادەیی زووم
"سەعادەت"کیژەکی ئاقڵ لە ناو ماڵ
لە سەرشانی نەنیشتبوو کوندی بەد شووم
لە لای وەک یەک بوو"حاجی"نانو گایەک
لە ڕوو نەرمی دەوی قایم ببوو ڕووم
شەوو نیوەشەوان جووجە کەبابێک
خەوی هەڕماندبوو دەنگی هەیاهووم
شەوێک ڕێم کەوتە دەرکەی ماڵی"پاشا"
پەری ناوێک پەریوەش بوو پەریڕووم
گرۆپی ڕووی چراتۆڕێکی ڕووناک

خەیاڵی شاعێرو کیژێکی مەعسووم
شکا دەرگای تەلەسمو گۆڵە ئەمما
لە ڕێسمە هەر نەچوو دەرگا لە سەر ڕووم
لە کوێی؟"کاکە شەشەی"دێی گردە گڕوێ
قسەی قەندت دەوای چاوی خەواڵووم
ئەوە تۆم کردە"قازی" جارێکی‌تر
لە هەڵسەنگان لەگەڵ وی پێم بڵێ کووم
مڵەی داخی دڵم هەر بۆ نەکوژرا
دەنا ئەوهەی دڵم دەی ویست گوتبووم

97/8/24ی زایینی ،لیڤرپۆل،سیدنی
ئوستەرالیا.

**(ئازادی)**

سەرم گێژە لەگێژاوی خەمت دا
دڵم گیرە لە ئاڵقەی پەرچەمت دا
لە جێ سوتمانی خۆیانی ئەوینم
گڕی بێ گرفە دەنگی ئەلکەنت دا
شنەی شەوبای خەیاڵی ناسکی دڵ
لە کازیوەی دڵۆپەی شەونەمت دا
وەکوو مەنسوور لەسەر داری ئەنەلحەق
خودایت کردوو دەرسی حیکمەتت دا
بە فووی عیسا نیازم بوو شەوێ دی
کە تۆ هاتی بەڵێنی مەڵحەمت دا
(فڕیدۆمی )دەوێ دڵ لەم وإتە
لە شاری دڵ لە ناو سینەو مەمت دا

98/11/30ی زایینی،لیڤرپۆل.سیدنی
ئوستەرالیا.

**(شەقی)**

کوانی ئەو لاوەی کە دڵداری دەویست
بۆ برینی دڵ پەرەستاری دەویست
بۆ کەماڵی دەربڕینی بیروو هەست
ژوورێکی بێدەنگ لە ئازاری دەویست
بۆ خەیاڵی ڕووی جەماڵی خۆشەویست
ڕەوتی"ئاواکسی" بە ڕاداری"دەویست
ڕۆژو شەو کاتی هەدادانی نەبوو
کیژی لادێ شەربەتی شاری دەویست
بۆ قەدەم نانی لە کۆڕی ئاشقان
دەنگی خۆشخوان بەزمی خەمخواری دەویست
دوور لە سەرکۆنەو لە لۆمەی دۆستان
لێو بە قەندی دەم شەکەر باری دەویست
لەو هەموو ئاماری هاوسێو ئاشنا
ڕووی بەزەی یاری وەفاداری دەویست
بۆ مەڕامو مەسلەکو بۆچوونی خۆی
ڕووی تەنافو بەندو سێداری دەویست
وا لە دوورگەی سەخڵەتی خەم دا شەقی
دەستی لەرزۆکی سەری داری دەویست

97/3/14ی زایینی،لیڤرپۆل،
سیدنی،ئوستەرالیا.

**(کوانی کوا؟)**

ئەو نەهێنی پێم دەکرد هەست کوانی کوا ؟
ئەو خەیاڵەی پێی دەبووم مەست کوانی کوا ؟
ئەو شەڕابەی هەر قومێک ئاوی حەیات

ئەو پیاڵەی پێم دەگرت دەست کوانی کوا ؟
ئەو نیگایەی بۆ ئیشارەی ڕەمزی دڵ
پڕ لە ئیحساسو تەزوو هەست کوانی کوا ؟
هەڵخلیسکانی لە لێو خاڵی ڕەشی
پێکەنینی دەم، دەمو دەست کوانی کوا ؟
ڕوو لە سێ بەنگی دە زولفی مارپێچ
جاروو بارە هەر بە ئەنقەست کوانی کوا ؟
دوورە ئاسۆی یادی عومری چوو لە دەست
شێعرو هەڵبەست ویستی سەربەست کوانی کوا؟

97/4/15ی زایینی،لیڤرپۆل،
سیدنی ئوستەرالیا.

**(فرێن چسکە)**

دڵم بدوێنە وەک دوێنێ دواندت
دەمت بنوێنە وەک دوێنێ نواندت
ڕوحم بستێنە وەک دوێنێ ستاندت
دڵم بڕفێنە وەک دوێنێ ڕفاندت
بکە تەکلیفی ئەو پیرە بە ڕەحمەت
لە بن ئەو دارە وا دوێنێ چەقاندت
کڵاوی لاتیلاکەم بەرزە ئەمما
مەترسیمە بڵێن ڕۆژێک کەواندت
لە ویرەی قەمچی دوژمن کوا دەترسێ
ئەوەی جارێک بە خورپە ڕاپەڕاندت
تخووب هەڵنابڕێ هەر گیز لە ئاسۆ
ئەتۆ حەددو سنوورێک بوو پەڕاندت
بەیادی کەینو بەینەی ڕۆژی گۆڕین
خەیاڵو تاسە بوو ئەوهەی گەیاندت
ئەمن نۆکەش دەکەم یادی دوو لیمۆت
کە تۆ بۆ من شەوی هەینی تەکاندت
گرێ پووچکەی خەمی دڵ بوو کراوە
قسەی لاوی بوو ویستی ڕاگەیاندت

97/5/3ی زایینی،لیڤرپۆل،
سیدنی ،ئوستەرالیا.

**(ئاسۆ)**

بۆنی ساردی لێوە دێ سێ کوچکی بەردی جێ هەوار
واردە وەک لانی شەوی دینێ هەناسەی ڕووی هەژار
وەک هەواری خاڵییە، زێدم بە بێ ناسیاو دۆست
جێگە پێ خوستی نەیارە شوێنی یاری نادیار
پیروو پەک کەوتەو کەلەلاو دەستە وەستانو ڕەبەن
مل کەچو ئانیشک بە پینە جل شڕو ئاتەک دەوار
کوانی دەرکەی کێ لەڕووم وەکراوەیە ڕووی تێ بکەم
دەرکەکی لێی بێت بە ڕاستی بۆنی بیری یادی یار
با بڕوومو ڕوو لە گۆرستان بکەم تێر هەڵمژم
ئارەقەی گڵکۆی ئەزیزانم بە زەنگوڵ دێنە خوار

97/3/17ی زایینی،لیڤرپۆل،
سیدنی،ئوستەرالیا.ە

**(مۆمیایی)**

ئەو ڕۆش ئەوە ڕووی لاپەڕی نوشتاوە کیتابم
شەو هاتەوە دیسانەکە بۆ دەردوو عەزابم
ئەو ڕۆش گوڵی عومرم ئەوە سیس بوو وەکوو دوێنێ
بە زیاد نەبێ ئەو ژینە کە چیدی بە تەما بم
خونچەی دەمی یار زۆری بە کوشت داوە وەکوو تۆ

لەو تاقمەیە  کەم نینە کە من لێی نە دووابم
فەرمووتە: دەڵێن: عومری درێژ خۆشی لە دوو دا
پێم وایە لە کورت دایە ئەمن خێروو سەوابم
باسووکەڵە بێت  عومری پڕاوپڕ لە کەرامەت
ڕیسوایی درێژی تەمەنی با،نە وەها بم
وەبزانە ئەمن بوومە"خدر" قازی شنۆیە
بێ بەر کە لە میراتی ئەوین هاتە حیسابم
"کابرا"گوتەنی: مرد بوو خۆ "قازی" لەمێژ بوو
جایز نەبوو تەڵقینی: بە کوردی کە دوابم....

**(قریوە)**

دەستەمۆم کە، تا پەچەی زولفت لە ڕووتا لابدەم
ڕوو لەڕووم کە، با وتەی دڵمت هەموو بۆ دابدەم
کوا شەپۆلی پڕلە هەنگامەی دوو چاوت چاوەکەم
پێی بتاسێنم خەمی دڵ دەردی پێ لێ لا بدەم
حەسرەتە  ئەو هەی بەجێماوە لە جێ ماڵی خەیاڵ
دەی وەرە فریام کەوە  لێمشت ئەوەی لێ ڕابدەم
ماڵی وێرانم قریوەی دێ لە ماڵی دڵ نەمان
دەم بە بلوێری گەروو داکەم لە واویلا بدەم
چەنگەکم ئێستا نەچەنگی سازو ئاواز چەنگی دەست
دەمهەوێ ئەو چەنگە بێنم بەو گوڵی هیوا بدەم
دەستی پێڕا ناگا،بەژنی کورت لە بەر کورتی تەمەن
تاکوو پەنجەی دەست لە ئاڵقەی گومبەزی حوزرا بدەم
ناوی خادم هەر لەبەر خائین کەمایەتیە کەچی!
ڕەوتی سۆزی دڵ بە دەم نووکی قەڵەم لەولا بدەم

98/11/15لیڤرپۆل،سیدنی
ئوستەرالیا.

**(وتو وێژی باب وکوڕ)**

کورپەی دڵم دەبێشکە دا
چاوی لە ڕەشکەو پێشکە دا
دەڵێ: ئەو زەنوێرە خۆشە
چاو لە بەهەشت دامەپۆشە
خەمو دەرد لە دڵت دەردە
تاوڵی خۆمان لێرە هەڵدە
گەرووی بێدەنگی ڕەچاوکە
ئەو دڵە خورپە تەواو کە
بەو هەواو کەشە ڕاوەرە
عومر گەلایە با وەرە
تاکوو بگەڕێ ئەم ئاشە
وێک بکەوێ ئەو بەرداشە
دەهاڕێ ڕۆژێ هەزاری
کە تۆ تێیدا نادیاری
بازرگانی خوێنو فرمێسک
باردادەگرێ لەگۆشتو ئیسک
تا ئاشەوان ئەوانە بن
ئاشگێڕ ئاوی شەوانە بن
بەد بەختو ماڵ وێرانە کورد
خێرابە بکە دەستو برد
باب دەڵێ: ڕۆڵە کەم بدوێ
ڕامیاری زانیاری دەوێ
مانای ڕاستەقینە بۆ ژین
هەوای ئازادی هەڵمژین
ڕاخوڕین تێخوڕین فڕین
بەرەنگاری کوشتو بڕین
دژ بە هاوسەنگی نەویایی

بەرزەفڕ بەرەو بەرزایی
هەزار پەڕم لێ وەریوە
سەت کەڕەت باڵم پەڕیوە
بە ملوێن دڵۆپە خوێنم
بە ڕووبار کەوتوونە شوێنم
مەلێک بۆ خۆیی نەخوێنێ
سزای نەمانەو نەمێنێ
من تەیری کەوشەنی خۆمە
من قومری لێواری جۆمە
بە شنە بای چیای کوردستان
بوومە مەلی هەزار دەستان
من بەو هەوایەوە مەستم
ناتوانم گەرووم ببەستم
هێزی خەڵک وەک لافاوە
کە پڕ بوو پەنداوی داوە
ڕادەماڵێ ئاشو ماشی
سەرکاروو بەرکاروو جاشی
ئەوها دەکوژێ ئاشەوانی
بەدەنگ نەگەیە سەر گیانی
کێ بەر هەڵستی بوەستێ
دەم بەندی لە دەم دەبەستێ
لە ڕێی کردەوە چەند دوورم
دێتە دی لە سەری سوورم

98/12/6لیڤرپۆل،
ئوستەرالیا
.

**(تلکس)**

ئەوەی فەرمووت: بڵا باسیان بمێنێ
پەمۆی ناو ئاخنی بوون تاکوو دوێنێ
بەییخ خواردی لەقەبیان کەوتە سەرجاش"
دەیانناسی جەنابت زۆر لە من باش
لە دەرگای میر هەبوون پیاوی چەواشە

دەیانخوارد بەرمزەی ئەو کۆنە ئاشە
لە گەڵیان بوونە هاوپشکی سەرو ماڵ
کە هۆی ناسینی ساداتە کوتێک شاڵ!
لە بازرگانی خوێنی ڕووی شەهیدان
سەری هەڵدا هەوای شێخو مریدان
کە پەڕیەوە کەری شینیان لە پردێ
دیسان داوێنە گومبەز بەردی بەر دێ
98/12/9لیڤرپۆل سیدنی،

**(غوسڵی خەم)**

مەستی دەمی مەیخانەیی ڕووی دورد کەشانم
دێوانەو سەرشێتو مناڵو چ نەزانم
چەند بکرێ لەشم شەق شەقو پیل پیل لە حزوورت
هەر شوڕەیی خوێنی دڵە دەڕژێ لە ڕەگانم
دڵ باری تەسەوف بوو کە لێی بوو بە موقەدەر
زانیم کە لە تەقدیری ئەزەل هیچ نەزانم
دەریا دەکەمە تەشبی بە دوو چاوی دەشینت
تا دەچمە سەری تێروو پڕی لێ دەڕوانم
پاپۆڕی خەیاڵم کە دەگێڕم بەسەری دا
ئیحساسی شەپۆلی دڵەکەت دێتە ژوانم
سەت جار پترم غوسڵی خەمت کرد کەچی قوربان
هەر دەستەملی بواری لە باری خەمەکانم
جار وایە تەنانەت وشەیەک نایەتە سەر لێو!
جار وایە هەموو بەندی لەشم دەبنە زوانم!
هەر چەند کە دڵم قەف قەفە زنجیرە گرێیە
قەت گوێی لێ نەبوو گوێت، لەزرەی ڕوحی ڕەوانم
ون بوومە لە دەریای خەیاڵت هەیە تۆفان!
کەنداوە بە دووره دڵی غەواس لە نەمانم.

98/11/26لیڤرپۆل،سیدنی،
ئوستەرالیا.

**(هەڵۆ)**

پاییزە خەزڵ زەردە هەوا تووشو مڕوو مووچ
گوڵ ڕەنگی پەڕیوە دەمی خونچە کزروو پووچ
قالۆرە لە دەشتو دەوەنێ بەژنەکی شللێر
بێ بۆنە هەلاڵە لە چیایی پۆشتەو زەنوێر
دڕ دڕ بووە تافتە کە کراسی گوڵی سوورە
پس پس بووە تەونی ئەزەلی داخی چلوورە
هەورن لە پەڕۆچک بەگەواڵ لەمپەرە بەریان
تاجێک لە سەرو خشڵ لە بەر گومبەزە سەریان
بێ سۆیە لە ناو کاولی چاو چاوی نەداری
هاتۆتە دەرێ ڕایەڵو پۆی جلکی هەژاری
دەستی بە شەقە بەند بووە لەو لایە سەرە ڕۆ
قرچەی دڵی داری بەری کردوویە بە ڕۆ ڕۆ
لەو سەردەمەدا دێوو هەڵۆیەک دەگرێ پەڕ
دەڕوا لە بەرەو بەرزەفڕی تا دەگەڕێ گەڕ
ڕاوکەر بەڵێ! ئەو خوێنمژە ناسراوە بە ڕێکەوت
تیرێکی لە ژێی ماڵی کەوانی وە هەوا کەوت
دەی پێکا لە بن تەشقی جەوی باڵی دەکرد شۆڕ
سەر بەرزی بە قەت کێوەکوو خوێنی بە قەدر چۆڕ
لوور بوو لە دەمی لووتکەوە بۆ نزمی بەرەو خوار
گیرساوە لە ڕژدوو هەڵەمووتێ بە لکی دار
نەیمابوو کەچی هێزو توانایی لە شاباڵ
نەیمابوو کەچی چاوی هەتەر شەوکەتو ئیقباڵ
نەیمابوو کەچی قودرەتی ئەو شانو دەباهۆی
هەر مابوو لەلای گەورەیی‌و عیزەتی شاهۆی
مەرگیش ئەوە سەر بەرزی بە گۆوەندی دەگێڕی
ڕوو ڕەش بووکەچی هەر بە ئەبەد ڕاوکەری خوێڕی.

98/11/18لیڤرپۆل،سیدنی
ئوستەرالیا.

**(کوردستان)**

بەهار هاوین  پاییز  زستان
خاکت بەهەشتە کوردستان
قاسپەی کەوت لە ڕەوەزان
نەغمەی بولبولت لە ڕەزان
نارەتەی  لاوانی شێرت
هەڵمەتی مرۆی جوامێرت
پڕ بە دۆڵو گەڵی دەنگت
ئاوازەی قسەی هاو سەنگت
هەزار ساڵ ژینی ژێر دەستی
نایەنێ ڕۆژێک  سەر بەستی
کوڕت کچت لە هەر شوێنن
بە جەرگن  دوژمن  تۆقێنن

98/12/14لیڤرپۆل،سیدنی،
ئوستەرالیا

**(چرپە)**
چەند مژیم قەنداو لە لێوت تێرنەبووم
ئەو دەمی دەربەندی ڕووی هاوێر نەبووم
چرپەیی ماچی دەمی تۆم هاتە گوێ
ئەو خەیاڵەی قەت کە لێی شەو بێر نەبووم
دەمهەویست دوو چاوی گەش ئەستێرەکەت

مایلی بینی لە نێو ئەستێر نەبووم
هەڵگری ئاڵای خەباتی ئیشقی تۆم
گەر چی قەت بەو ناوە من ناودێر نەبووم

98/11/17لیڤرپۆل سیدنی،
ئوستەرالیا.

**(زستان)**

لە  من داهاتەوە زستانێکی سەخت
هەڵیوێزنا، گلۆڵەی سەرجەمی بەخت
نە قومری ماویە ئەو ڕەوتی جاران
نە گوڵ تاجو نە بولبول ماویە تەخت
نە سۆزەی با،بە باڵی سۆنە دەشکێ
نە قاسپەی کەو لە شانو لووتکەیی چەخت
نە شاهین دێتە سەر تەپکەی مرادم
نە کات ئەژمێر دەناسێ عەقرەبەی وەخت
هەموو شوێن پێ هەناسەی گوێزە گوێزە
دەگەڵ جوامێر لە سەنگەر دایە بێ بەخت
98/11/18لیڤرپۆل،سیدنی،
ئوستەرالیا.

**(بەرەوشنۆ)**

هەزار خۆزگەم بە دەورانی دەپێشوو
بەڵام کوا مێوی خۆزیا دێنێ هێشوو

تەمو مژ دای نەگرتبوو کوردەواری
دیار بوو ئی بناروو خەڵکی شاری
ڕەزوو باخی "شنۆ"وێنەی بەهەشت بوو
خەڵک ساویلکەو خاوەن گوزەشت بوو
نە دڵ ئێشی نە دڕدۆنگی لە گۆڕێ
نە کەس وابوو بڵێێ خۆی لێدەگۆڕێ
نە گەندەڵ بوو دڵی پیروو دڵی گەنج
نە کەس دەیبرد بە فیڕۆ ڕەنجی دەسڕەنج
لە میچی قەیسەری بازاری شاری
چراتۆڕی لە بێرووندا چناری
دەخەملا ڕووی بە خشڵو تاسی کوردی
کچی جوانو بە شەرمی شاروو گوندی
بە خۆڕسکی بوو خونچەی لێوی جوانان
نە وەک ئێستا بە ماتیکی دووکانان
گومان لێکراو نە بوو، بوو حاکمی شەو
دلۆڤان لێی نەتۆرا بوو لە چاو خەو
لە سەر سوانەی دەمالان جێی نەبوو داڵ
نەگوورا بوو بە قەمچی ڕوومەتی ئاڵ
تەرازووی ڕووی شەڕە بەفری بەهاری
خەیاڵ هێنەر بوو هەر دەنکەی دەباری
لە ئاوی سەر بە کەپری "قەترەکانی"
شنەی ئەنگێوە لەش چاخی بەیانی
بزە گۆڕینەوەی لاو چاک کوڕو کیژ
دڵی بووکی گوڵی تاسەی دەکرد تیژ
کەبابی"کێشکەڵەی"داخوازی بوو لێت
ئەوەی تامی نەکردبوایە دەبوو شێت
"چیانلوو"بەستەنیو پاڵودەکەی سارد
ئەوەی نەیخواردبوایە ڕای نەدەبوارد
"سمایل قاوەچیو چای تازە دێمی
بە بێ گازەندە بوو گۆتیو دەلێمی
دەمی قەلیان بە قاوڵتوون بەرەوپێش
دەگەڵ بەزمی" گزیری"مامڵە دەروێش
کە باسی سەرترنجێنێ کرابا
لە دامەی "شەمسەدینی"ناو برابا
لە حوجرەی"فەڕوخی"بوو دەنگو باسی
ئەوەی نەیناسیبوو لەو جێیە ناسی

"پەریو کاروانسەرای ئەوکاتی شایەک
جنێوی مام"فەقێ وسوو"لە لایەک
"حوسێن نالبەندو هاوارو هەراکەی
خەراپەی قەت نەبوو غەیرەز لە چاکەی
کە میوانێک لە ماڵی خانەخوێ بوو
هەراو بگرەو بەرەو بێنەی لە وێ بوو
کەسێک کاری بکەوتبا دادگایە
ڕەدا کاری نەکردبوا بۆ ڕەجایە
دەیانپرسی "عەزیزمیرزا کەڵەنتەر"
دەبوو مشتو مڕو هەنگامەو شەڕ
بە تایبەت دوو برا ئاغای ئەمیری
بە نانێکی ڕەقو تۆزێک پەنیری
سوابوون وەک هەسانی شوان لە کێوی
جگی پەل بوونو گایان بابی خێوی
کە ئاغای"ئیستوارسەرکار دشی"مەست
لە بۆ تیتاڵ بە ئەنقەستی دەگەست دەست
پیاوێکم دەویست ئەو دەم بڵێ: لەل
کەچی پاشان دەبوو لالە پەتەی شەل
لە ئاغا کورتەکو پانتۆڵ لە بەزاز
سەلەم سێ پۆتە ڕۆنو دوو شەکو قاز
لە کێشەی فەتحەو کەسرە لە ئەڕجل
لە چاوی خەڵکی خوێنو هی ملا کل
کەچی شوورەک هەبوو مابەینی شوورە
لە یەکتر وا نەبوونە ژەنگە سوورە
مەلا حاڵی نەبوو مانای قسەی گەش
لە بەر ساویلکەیی دەیفەرموو:"کەڵبەش"
بە جەلادی دەگوت: نیسێی خودایە!
ئولوول ئەمرە! بە بێشک ڕاستە وایە!
ئەویش دەورو زەمانێک بوو دەزانی
دەبا دەرکەی بە قوڕ گیرێ نەزانی
بە بارێکی ترا گۆڕاوە دەنگدان
دەنا هەرکوتکە کۆڵە پێڵە سندان
کە تووتن زەرد، دەبوو وەک گەردنی زەرد
کە دەخشا ڕووی گەڵای زەردی لە سەر هەرد
وەکوو بەگلەر لە قاڵدرمە بەروو ژوور
بەرەو خواروو دەکەوتە باخەڵی نوور

قەپان لاسەنگو بەردی لاسەنگ تەنک
دەگۆڕا"تا" لە بەر چاوی خەڵک ڕەنگ
دەهات کاک ئەسعەدو ماژیک بە دەستی
لە چاوداگرتنی" ئاغا" بە قەستی
ڕئیس کاری بە بەرتیلی کرا بوو
لە بەر چاوی خەڵک قیرەو هەرابوو
لە نوور پڕ بێت قەبری دەشتەبێڵی
بە ڕاستی کوردو ئەمما دوور لە خێڵی
وەکوو پەشمی حەسڵ وابوو تەخت ڕووت
گەوەت کردباوە دیاری دابوو ماهووت
لە ڕەخ ڕووباری خوڕڕێنی بەهاران
لە گەڵ پۆلێک ڕەفیقو دۆستو یاران
بە خەونم دێتەوە بیر ڕووی نیگاران
هەواروو کۆنە لانی نادیاران
هەزار ڕەحمەت لەگۆڕی پاکی"لاوە"
کە دەنگی پێکەنینی وییم بە لاوە
نییە یادێک لە خوێن شیرین ڕەزا سووک
بە شێعر یان بە پەخشان یان بە پەڕتووک
نەماوە بەزمو ڕەزمو خۆشی جاران
مەگین یادێک ئەوا جارێک لە جاران
ڕەفیق دانێک ژەمێک کاتێک لە کاتان
ڕەفیق ساتێک کەڕەت تاوێک لە لاتان
دووگوێچکەی ئاخنیبوو دوێنێ خۆیی
لە بەر دەنگی تەقەی ڕاوچی شنۆیی
هەموو کێوی تەقیبوون وا لە کێوان
لە بەر ڕاوچی بەیانەو نوێژی شێوان
هومو ڕایەخ کە ڕاوچی بوو بە خێوی
دەدیترا کەوڵی جوانی بزنەکێوی
گەلێک ڕاوچی هەبوون گەرچی لە شاری
بەڵام هەر دوو سێ یەکیان بوون دیاری
دەڵێن پێکتر لە دوندی کێوی کێوی
ئیتر ڕاوکەر نەماوە کێو بپێوی!
دەڵێن ئۆخەی نەماوە باوی وانە
لە خشپەی وان بە دوورە ئەم تەلانە
دەڵێن: ئۆخەێ لە ماڵ خانە نشینن
دەڵێن: ئۆخەی لە گەرمەی گەرمە شینن

دەڵێن: ئەژنۆ شلو هەنگاو سستن
دەڵێن: ژێر چاوەدێری هەستو مستن
دەڵێن:"میرزاسەعید"پەک کەوتووە پیر
"جەنابی شاردار"بۆتە زەوینگیر
لە کوێی تۆ؟ خاوەنی "پێشتیر پەڕانی"
بەرەنگاری شەکو کوورو بەرانی
وەکوو ڕووی سپڵە ڕەش بێ ڕووی زەمانە
هەموو جێ، جێی شکو فکروو گومانە
بزانین ڕاوچی ئاخۆ چی دەدڵ دا
لە بەر چی پۆنگژاوە دڵ لە چڵ دا
کەچی هەروا خەیاڵی گۆشتی ناسک
دڵێ دەڕفێنێ بە دوای ڕاوە ئاسک
وەبیری دێتەوە بیرەوەری خۆی
کە نادۆزیتەوە هیچ عیللەتێک بۆی
لە چاوی پڕ لە ئەسرینی دەکێوی
دەبێ ڕووی چارەنووسی خۆی بپێوی!!
گڕی ئاگر بسووتێنێ حەمامە
هەموو شوێنێک لە خوێن گۆمی حەمامە!!
کەچی کاکم بە ڕەحمەت بێ نەماوە
هەموو خۆشی لە ڕاوێ بوو بە لاوە
لە"پیرناسر"لە"ئاسمبەر"لە"ڕەندۆڵ"
لە"سوڵتانی"لە ئیمامی"گەوەو دۆڵ
بناری"بەربنەی"لوتکەی"چیایی گەش"
لە"شێخ ڕێواسو شێخ بازیدو شێخ ڕەش"
بە فیتووی کاک لێتانی ناو قوڕانێ
لە شوێنگێڕێ هەتا سەر گەرمە لانێ
قوڵەی بازرەی دەخورتی دۆڵە پاشوو
تەماڵیان لێ نە دەدرا ئی فەراژوو
کەحێلی دەحەدوودی کۆتکی سم
بە پێکۆڵیان دەکۆڵی چەختی دمدم
کە زۆر قۆچاخ نەبوایە سوار لە سەر پشت
بەرەو پشت بوو لە سەر پشتی دەگوێ وشت
نەخارابوو تەڕادی وان بە ئاوزەنگ
بە دەنگی "ها" لە ئاسمانیان دەدا چەنگ
بڵێنە ئەو لەعینی کوێری یەک چاو
وەکوو دووربینێ وابوو سەر دەمی ڕاو

هەزار سواری لە پێش بوایە لە ڕاوێ
تەماڵ ئی وی بوو دەی پێکا بە چاوێ
لە کویی"عەیزە"گەلۆییێکی تێ هەڵکەی
بە"پاییزە پاییزەکی  یادی سەفەر کەی
بە"حەیرانێکی  پڕ سۆزی خەزاڵ مەست
بە لارانەوەیەکی حەنجەرەی هەست
بە سەر ڕابردووانددا بچیە خوارێ
لە بۆم تێهەڵکەیە بەندێک"قەتارێ"
دەنا بانگ هێڵی "خانزادخاڵە قادر"
"گوڵەگوڵێوو هەناسەی پڕ لە ئاگر
نەماوە "خانی زەرزا"دەنگ هەڵێنێ
بە مۆجێزی پشوو تێی بچرێکێنێ
"مەلا هەمزە"لە کوێی کۆڕێک بگێڕی
لە ڕابردوو قسەو باسێک وەگێڕی
لە ئاونگی دەمی خونچە لە بێداد
لە هەڵقرچانی ڕووی دژخیمو جەللاد
لە ئاوڕدانەوی جامی تەژی ژین
بە سەردا چوونەوەی دێواری بەردین
لە ڕووگەی چاوی مەستی پڕ لە شەرما
لە شەختە بەستەڵەک سیخواروو سەرما
وەبیرت دێ لەکۆشکی خانی باوە
حەدیسی میرو خونکارت بە لاوە
کەچی گەردوون نە کۆشکی هێشت نە تاقی
نە تاکێک لەو هەموو تاکانە باقی
حەیف ئەفسووس پەکوو یەکجار مخابن
دەبێ گوێ بیس نەبن ئەوهەی نەمابن
شەمی عومرم تواوە، گشت لە بەندی
ئەوەی ماوە دەڵێم پێی: وەرزی گەندی!
هەناسیک دێو دەڕوا دۆست بە بێ هۆ
وەکوو سەرچۆپی کێشی لاوی بێ دۆ

98/9/16لیڤرپۆل،سیدنی،
ئوستەرالیا.

**حەوشەی خانی(1337)**

بیرەوەری دێی "شاوانە"
بەو گوڵو ڕیحانە جوانە
بەو کیژە ڕوو نەشمیلانە
دەبنە هەودای خەیاڵی من
دەبنە سێحری حەڵاڵی من

حەوشەی خانی کەردوو کەردوو
سێوی لاسووری با بردوو
بووکی حەوتوو لە ناو پەردوو
دەبنە هەودای خەیاڵی من
دەبنە سێحری حەڵاڵی من

دەستە کیژێکی هاوتەمەن
وەک قومری ناو باخو چەمن
ڕوو گوڵو بەژن یاسەمەن
دەبنە هەودای خەیاڵی من
دەبنە سێحری حەڵاڵی من

نۆبەدارێک لە سەربانی
یەک شەرتی پەڕیوە شوانی
یەک هەروا لە پەنا خانی
دەبنە هەودای خەیاڵی من
دەبنە سێحری حەڵاڵی من

حەوشەی خانی ئاو پڕژێنە
گوڵ تێک سڕماوە بێ وێنە
دەستێک بەرە چەپکێک بێنە
دەبنە هەودای خەیاڵی من
دەبنە سێحری حەڵاڵی من

ئێستاش، دیمەنی ئەوگوندە
تێڕامانی ئەو مەڵبەندە
ئەو چیاو زۆزانو لەندە
دەبنە هەودای خەیاڵی من
دەبنە سێحری حەڵاڵی من

کۆچی دوایی بۆ هەواریان
خەمی خەوی بێ بێداریان
دێدار ئاخرەت لە دیداریان
دەبنە هەودای خەیاڵی من
دەبنە سێحری حەڵاڵی من

بە خەیاڵ دەچمە شاوانێ
دەڵێم "مەحمود چاوشین"کوانێ
تێ هەڵکاتە "سەبریخانێ"
دەبنە هەودای خەیاڵی من
دەبنە سێحری حەڵاڵی من

98/12/25لیڤرپۆل،سیدنی،
ئوستەرالیا.
مەحمودچاوشین،دانیشتووی "شاوانە"نزیکەی 19سالە
لێی بێخەبەرم،ناوبراو بەلاوی دەنگێکی یەکجار خۆشی
هەبوو بەڵام نەیارانی کلیان دایە ئیدی  دەنگەکەی
نووسا ئەمما دیسانیش کە بەو دەنگە نەرمە "سەبریخانی
دەگوت ئاگری لە دڵ بەردەدا.

**(مێژووی کوردستان)**

لەو بەری پشتی مێژوو ڕا
کە من دەمپەرست ئەهووڕا
کوردستان خاکی گەوهەر بوو
پەرچەمی کوردی لە سەربوو
سێسەت هەزار مایڵ خاکی

زەردەشتو ئایینی پاکی
خمی دیواری چل سەدەی
چوارهەزار ساڵ سەراو پەردەی
برجو باڕووی لەکەهکەشان
ڕووی زێڕوو سینگی زێو وەشان
ئیرووبی شمشیری کێشا
دەستی نەگبەتی ڕای کێشا
دەهۆی عوسمانی لێکیدا
فتوای مەزەبی  تێکیدا
عەجەمیش گەرای لە ناو بەست
قاتو قڕی تێکەوت سەر بەست
هاتە گۆڕ شەڕی "چاڵدڕان"
بۆ پێشەکی لێک  دابڕان
بە دوایدا پەیمانی "لۆزان"
خەزەڵوەری خستە ڕەزان
"ئەتاتورکو "ڕەزاگۆپاڵ"
لە دوو لاوە بوونە جڕجاڵ
زڕڕە زۆڕیەتی پەهلەوی
بەرزایی لێ کردین نەوی
کۆماری مەهاباد ڕووخا
گۆڕا ئەوهەی بارو دۆخا

98/12/7لیڤرپۆل،سیدنی
ئوستەرالیا.

**(شەهین)**

کە دێ ئارەق لەکوڵمەت بێتەخوارێ
دەترسم لێت لە چاوی چاو زارێ
خوناوی گەردنت تا دێ کە بتکێ
وەکوو گوڵ بۆنی عەتری لێدەبارێ
دەگەڵ خەندەی دەمت قومری گمەی دێ
بە فەسڵی پاییزوو وەرزی بەهارێ
شنەی لاوێنی ڕووت قوربان بە هاوین
دڵم ڕاکێش دەکا بۆ جێ هەوارێ

لەشم سەرپاک دەبێتە ڕووی چەقو چۆ
دەمی قەندت کە شەکری لێدەبارێ
بەڵام بازی خەیاڵ هێند پاکە لێوئاڵ
قسەی کاڵم بە عەمدەن لێ دەتارێ
نە من تەیری گوڵاڵەی باخی ڕووتم
نە تۆش هێشتا خەیاڵی واتە جارێ
بەڵام چاوی دڵە ناگێرێ چبکەم
ئەوە بازی بۆ هێناویە شکارێ

لیڤرپۆل،سیدنی، 98/12/10
ئوستەرالیا.

**لینادۆ**

"لینادۆ"ی کوردستانی من
مەلی هەزار دەستانی من
گۆشەی سیلە چاوێک لە تۆ
نادەم بە دەیان لینادۆ
بستێک خاکت بە دڵنیا
نادەم بەسەت کالفۆرنیا

لیڤرپۆل،سیدنی، 95/12/6
ئوسترالیا.
"لینادۆ"یەکێک لە ئەکتەرە
بەناوبانگەکانی ئامریکایەو
لەجوانی دا تاکە!

**شەمی کووژاوە**

وەتی خۆم دێتەوە بیر هەر ئەوەندە

ئەویش کاتێ کە لاو بوومو سەهەندە
گەزۆی شیرن لە باڵی مێشی دڵ نیشت
بەرەو ڕووی خۆزگە هەنگاوی بهاویشت
بە چەخماخەی ئەوین پووشوو گڕیدا
بووڵێڵو تاریکانی خەم دڕیدا
شەمم هەڵکردوو دانیشتم لە بنیا
ئەوە شابەیتی خۆشیم بوو لە دونیا
لە گشت بیرەوەریم هەر هێندە ماوە
کە مۆم بەژنی تواوە شەم کووژاوە
لە ڕەنج وێوەترم نەبووە لە ژین، ژین
بە گوڵ پەرژینی قایم بێ لە تۆ شین

98/11/23لیڤرپۆل،سیدنی/
ئوستەرالیا.

**(شەوانە)**

دەبینم ڕووت لە خەودا تا شەوانە
گوڵی بیرەوەریم دەگرێ جەوانە
مەلەی ماسی خەیاڵی دڵ لە دەریا
دەباوەش دەگرێ بووکی جوانی بریا
بەڵێ من لاوەکەی جارانو تۆ لاو
بزەی دەم تێکەڵی گرشەی بزەی چاو
کە دێن تێکتر هەڵەنگوون گۆمی مەنگن
کە دەترازێن، شەپۆلی پڕ لە دەنگن
بەڵام ئەفسووس کە هەڵدەستم لە خەودا
ئەوەند دوورم قسە بڕ ناکا مەودا
دەڵێم خۆزیا گوڵم پیری نەبوایە
بە لاوی ژینو مەرگ یەکلا بوایە

99/5/6گاتن،کویزلەند،
ئوستەرالیا.

**(شەو)**

شەوە نانووم لە تاوی یادی تۆ من
لە حەجمەت ئیشقی پڕ فەریادی تۆ من
لەشم قوربان وەکوو مۆمێک تووا وە
لە حەسرەت چاوی ڕەنگ جەللادی تۆ من
سکاڵای چی بەوە باخم کە گۆیا
دەپێکێ دڵ،دڵی سەیادی تۆ من

10/5/لیڤرپۆل،سیدنی،
ئوستەرالیا.

**(یەهوودی)**

سان شاینە هەڵدێ دەمی ڕۆژ لێم بە بەیانی
بەو جلکی کرێکاریە، جانتایە، لە شانی
جولەکەیەکی لاوە لەگوڵ ناسکترە ڕووی
دانیایەنێ شوشەی لەشەکەی بۆم قەڵەمی مووی
جوانی دەمی پشکۆیە کە دەمباتە سجوودی
ڕۆژێک چ دەبێ کوفرە!مەگەر ببمە " یەهوودی"!

99/6/4گاتن،کویزلەند،

**(ئومید )**

عومرێ گەرەکە کە ژینی تێدا
ژینێک کە بە ڕاستی تینی تێدا
ئاوس دەبێ شەو بەیان دەزانی
کازیوەیە سەر بڕینی تێدا

ئەستێیە تروسکە دێنێ ڕۆژێ
گرفەی دڵە ئاگرینی تێدا
سێدارەیەکەی سەرینی لاجانگ
بۆرشکەیە ڕاپەڕینی تێدا
خەونێکە وەدیدێ وا بزانم
بۆ عومری درێژ کە تینی تێدا
ڕاببرێ لە من لە تۆ بەڵام چی
نوێ سەدەیە شەرت بڕینی تێدا

97/6/27لیڤرپۆل،سیدنی
ئوستەرالیا.

**(گەڕانەوە)**

بە سەرچواندا دەچمە خوار
دەستکیس دەبینمو نەیار
شەوێن کپە شەو بێ خێرە
بەردی پاڵێن وەجاغ کوێرە
ڕۆژ لە تاوێرگە، ئاوایە
ئاورگە بڵێسەی نایە
کێ زۆر بێدارە خەوتووە
کێ نەگلاوە کەوتووە
ڕێگا هەر سینگەو سووژنە
ئۆخە لەو کەوشەنە ونە
دەرگا لە سەر گازی پشتە
کێ هێمنە گوێچکە وشتە
حاجەتی ماڵیش بە ئەگەر
لێرۆکە بوونەتە بەشەر
دوور لە گوێچکە سڵی پیری
ڕابردووم دێنەوە بێری
دوور لە خەمو دەردو کولان
نوقمی شایی هەتا ملان

سۆرانی سپی مرادخانی
جێژوان لە گوێ سوانەی بانی
جوامێر بوو چاوی چازانی
"شای" بە سەپان نەدەزانی
نە کەوری گومان لێکراوێ
داری بۆ دەچوو ناو ئاوێ
نە  باڵچۆخەی دەخەنجەرێ
کۆسەی دەترازا لە سەرێ
نە شرتووگۆم دەکرا ئەوین
نە گوڵ هەڵدەپرووکا شەوین
نە بنۆک هۆرپەی تەشی ڕێس بوو
نە قوبڵە هی کاسە لێس بوو
نە زۆنگی دە هەڵنەچۆڕاو
نە زوورگەنی، چڕوو بێ ئاو
چاوەڕوانی دەکرا کەشیان
نە داوێژرا پشکە بەشیان
دڵ شاگەشکەی ڕووگەی جوانی
هەنگڕاوی ڕووی هەتوانی
سنوور هەر تخووبی دێ بوو
دونیا هەر ئەو بستە جێ بوو
بەهەشتو حۆریو کەوسەری
بریتی لەم سەر لەو سەری
جۆگەلەی شیرو هەنگوێنی
وادەو بەڵێنی لە گوینی
ڤینووسی خوای بوو، خودانی
تێر نەبووم لە تێڕامانی
نۆکە سەرێک، هەزار سەودا
سەدان کیلۆ مێتر مەودا
لە ناو شەپۆلی ئاخی ناخ
گورچووبڕم بە تیری داخ
کە جوانی جوانە مەرگ بوو
داری ئەوین بێ بەرگ بوو
شەوە، دەست کوتانی کوێرە
کێ زۆر بوێرە نەوێرە
چاخی بێ ڕێزیش لە گۆڕێ
خۆت لە بەر چاوی دەگۆڕێ

لێم وەڕاست گەڕا ئەو هینە
بەرد لە جێگای خۆی سەنگینە
11/7لیڤرپۆل،سیدنی،
ئوستەرالیا.

**کوێروو**

دەستێک بە لەری دەستی بگرت ئاڵقەی کابەم
پێم وابوو لە شان کەسرییە،گەر دەستی وەلابەم
پەنجەم بکوشی گەرچی بە خوڵقەت نەبوو یاڕەب
پێم گوت:کە بە عیسمەت نەبی ئەو عیززەتە نابم
دەرچوو لە توێکڵ، قەڵچخی بوو نشتەری قەلبم
یاڕەب، بە چ قامووسێ کە فەرمووتە: پەنا بەم
دانرابوو لە بازێڕێ بکەن هەتکی بە تاوان
ڕاستە نە دەبوو بۆ کەسێ وا دەم بە (سەنا) بەم
هێند خوێڕیی‌و ناحاڵیی‌و گەوجە، بە سەری تۆ
بمبوورە کە نەمزانی چلۆنی لە حەیا بەم

98/11/10لیڤرپۆل،سیدنی،
ئوستەرالیا.

دوا ئاوات

هەرچەندە گەلێ سەختە، کە بزانی ئەوە دەمری
ژین شیرنە، هەر چەندە لە ناو باوەشی بگری
کەم کەس هەیە، ناچڕژێ‌و ناپۆشەکێ، لێی ڕووی
کەم کەس هەیە،نشتەرنەبێ لەو خۆفە سەری مووی
ئەمما ئەوە خۆشە کە بزانی هەیە ئەو فرسەت‌و کاتە

"گوودبای‌و سإوێک لـه هـه‌موو کـه‌س نـه لـه‌لاتـه
سه‌ر گومبه‌زی یاران‌و زیاره‌ت کرنـی خۆڵ...
ئه‌و خاڵه ڕه‌شه لێره که وا ناوی ده‌بن"مۆڵ"
ماچێک له ده‌م‌و لێوی هه‌موو جوان‌و ڕه‌زاسووک
شاری دڵ‌و کوێستانی خه‌یاڵ دوور له گزه‌و تووک
ده‌ی بابێ ئه‌جه‌ل بابێ ئه‌جه‌ل، چه‌نده به ڕێوه
نه‌م ماوه له دڵدا چ گرێیه‌ک له‌وه وێوه

98/11/19لیڤرپۆل،سیدنی،
ئوسته‌رالیا.

## ده‌نگدانه‌وه

دیسان له سیله‌ی مزگه‌وتێ ده‌نگ هاوارو ڕۆ ڕۆ دێ
دیسان سه‌پانی ماڵی میرله درشت‌و وردی کورد ڕۆ دێ
دیسان مه‌لێک له خه‌فه‌تی بێچووی ساوای ده‌چێ له هۆش
دیسان عیفریتێکی بۆگه‌ن به بۆنی ته‌رمێک وه‌خۆ دێ
دیسان جه‌للادی بێ به‌زه ده‌سوێ تیخی له خوێنی کورد
دیسان ده‌سمێ به ده‌م گولله قه‌لبێک تامه‌زرۆی ئاسۆ دێ
دیسان ئاگری زوڵمی زۆردار ئاگر له ماڵان به‌رده‌دا
دیسان له ماڵی هه‌ژاران بۆنی بۆچه‌ک‌و بۆسۆ دێ
سنوور ده‌شکێنێ سه‌خته‌ی مه‌رگ له وڵاتی پێشتر بێ تخووب
گلێره‌ی نه‌مان ده‌بارێ ئه‌و په‌تایه وه‌ک ئاهۆ دێ
لایه‌ک قرمه‌و هاژه‌ی ڕه‌شاش لایه‌ک ڕه‌هێڵه‌ی سارۆخی
لایه‌ک له سه‌ر ته‌رمی شه‌هید ده‌نگی حه‌یران‌و لۆ لۆ دێ
گوێچکه هه‌ڵده‌خه‌م بۆ سرته له په‌نا ماڵی هاوسێمان
ده‌نگی تێخوڕینی بیانی له ده‌رگای ماڵی ماڵخۆ دێ
هه‌ر خوێنی کورده به‌فیرۆ مه‌خته‌ی چوار وڵاته که‌چی
ئێسته‌ش هه‌ر به فیرۆ ده‌چێ ئه‌و گه‌له که‌نگێ وه‌خۆ دێ
له گه‌ڕ ده‌که‌وێ خه‌ڕه‌که‌ی مێژووی نیو سه‌ده تێکۆشان
که‌چی له زوورک‌و ڕه‌قه‌نێک ناڕه‌ته‌ی وه‌حه‌و هۆ هۆ دێ
نه‌یار بإ باش بزانێ ئه‌و قسه دۆڵ ده‌نگ داته‌وه
ئه‌و زه‌ویه سه‌رپاک کۆده‌یه جاڕیش بێ به وه‌ردێک شۆ دێ

ئەوەی لە شینی هاڤاڵان بزەی دەترازێ لە دەمی
دەبێ چاوەنواڕی خۆی بێ کەی لە سەر گڵکۆی ڕۆ ڕۆ دێ

97/6/4لیڤرپۆل،سیدنی،
ئوستەرالیا.

خوداحەفیز—گوودبای

ئەو خاڵە ڕەشە وا کە لەسەرپاکەتی لێوە
دی بۆنی بە دایم لە دوێ نیوەشەوێوە
هەر کاتێ دەمی تۆ بە ئیشاەر بڵێ "ئۆکەی"
کوا حەدی چیە دڵ بڵێ ئاخۆ سەری پێوە
فەرمووت:کە" بەلاف""کەن ئای هێڵپ یو کامین"
هێوربوو دڵم ئەمڕۆ، بە حەق وەک دەمی ئێوە
ئەو ڕستە کە فیربوومە لە تۆ دوێنێ لە"شاپینگ"
بەو شێوە لە بازاری خەیاڵ کەوتوومە ڕێوە
با سووکەڵە بێت،ماچێکی لێوت چ دەقەومێ!
ئازادە"فڕیدۆمە"لە ناو میللەتی ئێوە
هاوارە لە من"ئاڕیووبیلڤ می" وەرە قوربان
هاتوومەتە گوودباییو دڵم زۆر پەشێوە

98/11/27لیڤرپۆل،سیدنی،
ئوستەرالیا.

کچە ئازەری

کاکە ئەوە ئەم کیژە چ ئیشێکی بە تۆیە
دەرمانی هەموو دەردو برینێکی لە خۆیە
سارێژە بە ماچێکی لە نوسخەی دەمەکەی دڵ
تەسکین بە مەیی جامی دەمی سەر لە گرۆیە

شەیدای دوو چاوی دەگەشی حاکمی موتلق
سوڵتانی خەتی سوورەتی حوکمی سەرە ڕۆیە
نازانی دەڵێن:"کوردی" چلۆنی بدوێنم!
ئەو"ئازەری"یەم چەندە لە لا سەختو بە سۆیە
هەر دەنکە لە مووی ڕیشو سەرم هەڵگرێ پێنووس
شاسواری گلاوە بە ئەدەب حوکمی تڕۆیە
دەی سۆزی شێعر ڕابە دەفریام کەوە ئەم شەو
نوسین لە منو یادێ ئەلەو چاوو برۆیە
واڕەق نەبوو شێوەردی نەیەتە کەشێ جارێک
دووربووم لە ڕەخی لاوەتی پیریش نە مرۆیە

لیڤرپۆل،سیدنی98/11/11
ئوستەرالیا.

ڕەشکەو پێشکە

ئەوە سۆمای دوو چاویش دای لەکەمدا
ئەوەی ماوە، ئەوە دەڕوا لە خەمدا
شەپۆلی تێکەڵاوی تارمایی
دەڵێن: پێم پاپۆڕی عومرت لە چەمدا
ڕدێنو سەر سپی سوورەت لە گنج پڕ
برۆش وا ڕەشبەڵەک ڕووگەش لە تەمدا
منی بێزار لە گۆڕستان لە تابووت
قسەی تابووتو گۆڕستان لە دەمدا
نەما ڕێگا لە بۆ دڵخۆشی یاران
پسوولەی ژین لە دەستی کاتو ژەمدا
لە مالاوایی ڕووگەی یار بە دوورم
لە دۆستان کێ هەیە بێ بۆم لە دەمدا

لیڤرپۆل،سیدنی97/9/16
ئوستەرالیا.

کەری خاڵە هەیبە

خاڵە هەیبەم باش دەناسی، ڕەحمەتی هەیبوو کەرێ
کەدخودای ناو شارەکەن بوو، سیو چەند ساڵێک بەرێ
خەنجەری بەر پشتی خاڵەی، باڵچوغەی ماهی پتوون
قامکی قجلی پڕ نەقیمی بوو خەڕاجی کیشوەرێ
کورتەکو پانتۆڵی کوردی، لێوەشاوەی بەژنی ئەو
چەکمەکەی ئاوزەنگ لە پێی سیرەی دەگەییە بەندەرێ
پیرو دڵسافو عەگیدو خاوێنو پاکو نەجیب
بۆیە هەر چەند پیر دەبوو هەررەنگو ڕووی دەکشا سەرێ
ڕێشمەو زنجیری بەرچانەی کەرێ زێوکوت کراو
چاوی وێ ویشکو دوو چاوی خاڵە عەوزی کەوسەرێ
تەڕلگی ماهووتو زینی یایلیوو دانەو لغاو
کەس نەبوو بتوانێ ئەو دەم قیمەتی دانێ سەرێ
قەد بە قەد ئەسپێکو ناوقەد باریکو سم کۆتکی
خۆ کەفەڵ ناڵێم کەگوتبای:تەختە ئەتبێژا هەرێ
بێ شەکەت بوون قیتو قۆزو، خورتو سەرجەم پڕ لەگورد
هیچ مەیدانێک نەبوو ئەو بێتو نەییاتە سەرێ
وەک دەڵێن: گۆڕاوە دونیاو کەریش بۆتە دوو پەل
خۆزیا بمزانیبوایە چۆن لە.....بوون بەرێ
94/2/15

دەنکی هەنار

تێکە بۆم دادەی شەڕابێکی کەون
با کوڵووکۆی دەردی دووریم داکەون
ئەو دڵە کاول بێ، بێ تۆ خونچەدا
کوێرەبێ ئەو چاوە بێ تۆ بسرەون
دوێنێکە دەنکێک هەنارم دی لەباخ
لێوی ئاڵی تۆم بە شەو هاتە خەون
من تەونچیمو کری بەردەست گوڵە
گوڵ لە ناو گوڵچینی ڕووتا تەو هەون
سەر گوڵی هەر گوڵ دەبێ لێدەم بەتیغ
تا دەمی گوڵنەخشی دەستم دەرکەون
دەست لە ئاڵقەی ڕووی گوڵت نادەم گوڵم

نەک لە پڕڕا تارو پۆ بێن وێک کەون
کاری ئەندازیارە کاری دڵ ڕەفیق
کەم لە نەخشی یەکیەتیدا سەر کەون
داخی دڵ زۆرە بەڵام هەڵڕشتنی
چاخو بارو دۆخی بۆ هەڵناکەون
تۆ لە ئێران من لە سیدنی دوور لەیەک
دەردی دووری کوشتمیو زامی کەون
من ئەوە چاویلکەیی پیریم لەچاو
چاوی تۆ نۆکەش ئەویندداری ڕەون

92/3/19ئوستەراليا.

خوزیای هەڵۆیی

ژیان یانی هەڵسو کەوتن
تا دوا هەناسە نەسرەوتن
وەک ئەو هەڵۆیە تیژ باڵە
ئاسمان پڕ دەکا لە گاڵە
هەر بە هەڵۆیی پەڕ دەگرێ
هەر بە هەڵۆیی گورد دەگرێ
لە کێوو دوندوو لە کەژی
بە بیری هەڵۆیی دەژی
تا خوێن لە داوین تکەیتی
لە گەڵ مردنیش ڕکەیتی
هەر پێ شوێنێک جێ هەنگاوە
سەر بەرزی وی لە بەر چاوە
ڕابگرە جامینی خۆیی
وەدی دێ خۆزیای هەڵۆیی

98/12/5لیڤرپۆل،سیدنی،
ئوستەراليا.

کەوە

یادت بیرت "لەیلازانا"
شوێنی لە سەر هەستم دانا
کیژێک وا لە خۆ بایی بێ
قارەمانی تەنخوایی بێ
هەست بە چینی نەتەوەی کا
ژیانی خۆی لە کەوەی کا
ڕەگی سەر نەویاتی ببڕێ
کەرامەت بە مردن بکڕێ
تف لە ژینی سەر شۆڕی کا
مەرگی خۆی چاوەنواڕی کا
دژ بە چەوسێنەر بێدادی
هەڵگرێ ئاڵای ئازادی
تا ڕوح دەکراسی داماوە
ڕێزی لە سەر بانی چاوە
تەوفیری پیاوو ژن نایە
هەر زیخێک "لەیلا زانا"یە

98/12/15لیڤرپۆل،سیدنی
ئوستەرالیا.

بیستو یەک

بێ تۆ گوڵەکەم بۆنی گوڵانم ناوێ
بێ تۆ دڵەکەم نازی دڕنم ناوێ
سێ خاڵی قزی ڕووت کە"کویینە" لە دەسم دا
ڕووی تۆم گەرکە، پووڵی کەڵانم ناوێ

ساڵدات‌و ته‌كه‌و شا، له‌گه‌ڵم هاتنه‌ خوارێ
په‌سنی ده‌می تۆم كرد چ پڵانم ناوێ
نه‌غدینه‌ی سینگت ده‌له‌پی ده‌ستی دڵم كه‌
ده‌شكێ ده‌قی بێده‌نگی كه‌...فڵانم ناوێ

98/12/11لیڤرپۆل،سیدنی،ئوسته‌رالیا.

فڕێنچێسكه‌

ده‌می قه‌ندت له‌گه‌ڵ ئه‌و چاوه‌ شینه‌
یه‌كێك جه‌للاده‌ یه‌كیان دژ به‌ دینه‌
به‌ مه‌ی ته‌شبی ده‌كه‌م لێوت ببووره‌
ده‌ڵێی قووتی ڕوحه‌ ئه‌و پێكه‌نینه‌
له‌ گه‌ردن كێلی بێگه‌ردت ده‌بارێ
ئه‌وه‌ی بۆنخۆشی عه‌تری یاسه‌مێنه‌
له‌ ئێخه‌ی ئاوه‌ڵات سه‌ریان وه‌ده‌رنا
دوو لیمۆی زه‌ردی بێوێنه‌ له‌ سینه‌
وه‌ره‌ قوربان، به‌ڕۆژی جه‌ژنی قوربان
بنۆڕه‌ لێم له‌ ماڵی دڵ چ شینه‌
به‌ پیری بوومه‌وه‌ لاوێكی ده‌مڕووت
دڵی تۆلازێكی واش ئاگرینه‌

97/4/16لیڤرپۆل،سیدنی،
ئوسته‌رالیا.

كه‌سیره‌

یادی ڕۆژی گرتووخانه‌م دێته‌ بیر
تۆ،له‌ژوورو، من له‌ به‌رده‌رگای ئه‌میر
ئاخ له‌ ده‌ست دڵ، من ئه‌سیری ده‌ستی ویم
ئاخ له‌ ده‌ست گوڵ، مه‌ستی ڕووی سه‌ربه‌ستی ویم

99/6/5گاتن،كوینزله‌ند،
ئوسته‌رالیا.

تاسو حەمام

خۆشەویست تر لە گشت کەسم
تاکە کەسو هاو نەفەسم
ئاسکی پسکی گەرمە لانم
ڤینووسی بێگەردو جوانم
دڵی بە بێ گریمانەم
قومی تامخۆشی ەم
کورتە باسی چارەنوسم
لێنووس بێنە بووت بنووسم
درۆی پەتی بڕوای نەزان
پسپۆروو لێزانی بەزان
کێ قەرەپووک بوو ویژدانی
خاپەڕۆک بوو لە ژیانی
کێ کوێروو بوو لە ناو دەخڵ
خۆی پێ نەگەیشتبوو سەرچڵ
کێ نەفامو گوێ لە مست بوو
داردەستی کۆنە پەرست بوو
مەلا بە ئایە شیخ بە زەرگ
جاڵەی ئەجەل تاعوونی مەرگ
گزیر،مزیری دە درۆزن
لە وڵات دا بوون بە مەزن
کوڕێژگەی ماڵان لە دالان
دەمیان دەگێڕن لە خاڵان
بەردێک نەزان لە گۆم باوێ
سەت ئاقڵ بێو دەری باوێ!

3ۆ/96/5لیڤرپۆل،سیدنی
ئوستەرالیا.

گەنجی قاڕوون

گەنجی قاڕوونم هەبێ پێم هیچە چونکە لاو نیم

کۆشکی خونکارم دەنێ پێی خۆشدڵو خۆشباو نیم
دەوڵەتی جوانی خەیاڵی دەوڵەتی سەرمایە،یە
هیچە ئەو دەسمایە کاتێک ڕەنگ خولو دڵخاو نیم
ڕۆژی ڕوونم گەر دەوێ ڕووناکی دوو چاوم هەبێ
گەر وەکوو یەکە شەوو ڕۆژم، چ دەربەند چاو نیم
دەستەمۆ نەکرا لە بۆم شابازی لاوی داخەکەم
بۆ ملەی پیری هەتا هەم سەر لە ژێر پێناو نیم
قفڵی حەوت دەرکەی لەسەرما داخراند زاڵم کەچی
کردیەوە ئەو دەم کە بینی سقری چەنگ پڕتاونیم
گشتی ڕووی گیفی سمێڵم، دوژمنی خستە خەیاڵ
تێگەیی وەک"شێخ"ئەمن قەت، بەرزەمی چڵکاونیم.

99/7/24گاتن،کویزلەند،
ئوستەراليا.

درکاندن

کەچی قەتیا سەری هەودای ژیانم
لە بەندیخانەدا بەند بەندی گیانم
بەڵام ئێستاش گەلێک بیرەوەری خۆم
لە ناخی گرتووخانەی"شا" دەزانم

لە جێدا شەو وەکوو تەرمێ لە بن گڵ
بە ڕۆژ گوێچکە لە بۆ بێدادگا سڵ
لە ژێر ئەشکەنجەدا دەست بە کەلەپچە
کەچی هەمبوو ئومێدی دیتنی گوڵ

خەیاڵ بوو تاسە بوو هەرچی دەڵێی تۆ
مەبەست لەو باسەدا پڕ هۆ بوو ئاسۆ
بە ڕۆڕۆم بەس نەبوو نۆکە دەزانم
ئەگەر دەستی پەکووم گیباوە ئەژنۆ

99/7/27گاتن.کویزلەند،
ئوستەراليا.

هەیاران

ئەو لەشەی وەک خونچە هەڵپێچرابوو ڕووی
ئەو دەمەی دەتکا لەرەی عەتراو لە ڕووی
ئەو قەدە سەروەی لە تێڕامان خەیاڵ
ڕێی نەبوو جارێک لە شەرمان بێتە ڕووی
شەختەیی پیری وەها بێڕێزی کرد
ڕووی گەڵاڕێزانە ئێستە ڕەنگو ڕووی

99/7/28گاتن،کویزلەند،
ئوستەرالیا.

گردکاشان

"بەرداش"گەلێ هەورازەو ئەشکەوتێکی لێیە
ڕێگان بە"ڕەزی باخی حەوا" دا بە شەوێیە
هەڵدێرە کەچی چاوی هەتەر وردبووی پێ یە
ماتو شەکەتین دێینەوە ماڵ ڕێگە ئەوێیە
ژاندارلە کەمین چاوی حەڕەس پڕ لە گڕێیە

بانگی دەدا مامۆستا بە ناوەخت هەتا تێگەن
یەک بانگی دەکرد سەخڵەتە، پەز ها لەچ جێگەن
گوێ سڵ بوو حەڕەس تێدەگەیی بەرگرە ڕێگەن
ژاندارو چریک تێکەڵو دابەستەیی پێگەن
ڕەشتر لە قولە زەنگ کەلەشی چاوی شەوێ یە

"سابات"کەچی گیراوە گەمارۆیە هەموو لای
زنجیرە کەمێنێک بە درێژایی ڕۆژ ئاوای
سەرهەنگ کە بە سەروانی نەما یەکچەلی بڕوای
بەو سوێندە کە خواردوویە، دووبارە بە جوقەی"شای"
وێران دەکا ئەو گوندە کە قاچاغێکی لێ یە

دەشکا دەقی بێدەنگی بە گاڵەی دەمی بڕنۆی
کەو بوو دەقەپی دەنگی ڕەشاشی لە بەری جۆی
نەیبرد کە ورەی بەرزی کوڕی کوردی چ نسکۆی
سەرهەنگ وەها تاسابوو سەری نابوو دەبەر خۆی
بۆ پاشەکشە تەنگ ببوو لێی ئەو هەموو جێیە

ساڵی1343ی هەتاوی

گلدانەوە

گەر هەر پەڵە هەورێ خەمی بارانی دڵم بێ
ڕووی تەرزەکەشی ڕۆژێ چەمی ئاوو گڵم بێ
کۆشکی هەموو گەوهەرلە بنی دا نە سڵم بێ
چڵدا دڵەکەم کۆچەری گەر قەت بە دڵم بێ
من ڕاوکەری ئەو شوێنەمە هەڵدەگرێ تەماڵی

یادێ دەکەم ئەمڕۆکە لە دوو چاوی دەشینت
یادێ دەکەم ئەمڕۆکە لە لەعلی نەمەکینت
بۆنێ دەکەم ئەمڕۆکە لە گوڵبەرگی شیرینت
بازی نەزەر ئەمڕۆکە دەنیشێ لە سەرینت
دەتبینم ئە بەو چاوە  کە تۆ گەنجو منالی

ئەو کاتی خودای ئیشقی نەهانی دڵی من بووی
ئەو کاتی لە سەر ماڵی کەوانی دڵی من بووی
ئەو کاتی لە مەشقی تەڵەنانی دڵی من بووی
ئەو چاخی لە بەرچاوی دڵی من،گوڵی من بووی
پێم خۆشە بلاوێنمەوە بۆت  بووکی خەیاڵی

یادێ دەکەم لەو ڕۆژە کە بەژنت بە کەنێرە
ڕابردییەو پێم وابوو گوتم: دا وەرە ئێرە
خەندەی دەمەکەت خاڵی وەشاردویە لە سێرە
برسیش بکەوێ چاوی بەڕووت دەستووچێ تێرە
ناوەندی  مەهابادە دەڵێن: جوانی محاڵی

باسی قسەی ئەو دیمەنە زۆری بە بەریەوە
ئەو شەونەمە دوێ شەو لە دەمی خونچە لەریەوە
ئارمووشی خەیاڵی لە گوڵاندا بە سەریەوە
نەخشاوە بە ئەنقەست لە سەری ناوی "پەری"وە
یا ڕەوتی "سەعادەت" بە شەباهەت لە خەزاڵی

گیانە وەرە سەردانی خەمی تازە لە دڵ دا
ئێستاش ئەوە گوێچکەی دڵی ئەو چاوە لە سڵ دا
هات بیری "کەرێزێ" دڵی بێمارمی چڵ دا
خۆزیا کە بهاتبایەوە دیسان لە گەڵم دا
ڕابرد تەمەنو پاییزە خەوت بایی شەماڵی

ویزەی دەمی زریانی، دەڵێی قەمچی گرێیە
بەستێنی خەمی بێ دەرەتانم سەری زێیە
سەرچوو بەهەنیسکانەوە فرمێسکی لە پێیە
هەر هێندە کە بترازێ دەسی دڵ کە بە ژێیە
کۆتەڵ دێ دەبا تەرمی ئەوینم بە شەڵاڵی

سەرجەم دڵی بە برین کە تێنوو بە دوا بوون
لەو بەرقەدوو پاڵە لە خەمی یەکدی نەما بوون
سوارچاکی شەڕەنخێوی ئەلەو لێژە گلا بوون
خوێن دەکوڵی لەلاجانگی ئەوانەی شوهەدا بوون
سێدارە بە کڕنۆشەوە ئاونگی دەماڵی

ئەوکاتی گوڵم کاتی خەیاڵێکی نوێی بوو
سەت سەیدو مەلاو شێخی بە جببەو بەکەوێ بوو
سەت سۆفی بە تەسبێحەوە گوێ سڵ لە سوێ بوو
سەت لاوی لە سێدارە درا پێم وەبوو دوێ بوو
ڕێکەوتی چلو حەوتە بەڵام شەمسییە ساڵی

جار یادی پەری دێتەوە یادم بەسەری تۆ
جار دەربەدەری دێتەوە یادم بە سەری تۆ
جار چەرمەسەری دێتەوە یادم بە سەری تۆ
جار وایە لە ئامێزدەگرم ڕووی کەسەری تۆ
دەمکێشێ سەری بەندی گریی لەچکەیی شاڵی

ئەو دەم کە دەمی مانگە شەوت لێم ببوو داسۆ
دەمدی لە سیلەی چاوی گەشت قامەتی ئاسۆ
جێی لێ نەبوو دڵ هەڵنەدڕابێ سەری لێ سۆ
خوازیاری کەشو ڕەوتی هەوای وابوو دڵی تۆ
ئەز نۆکە وەکوو باڕەکەوم تۆ وەکوو داڵی

تا ساخو لە لاتم وەرە لام بەسیەتی مۆنی
ئەحواڵەکو کەیفەک بڵێ پێم: دادەیی چۆنی
سەرخۆش بی، بەمن چی!کە نەمام! یان وەکوو خۆ،نی!
فەرقی نییە لام ئەو دەمی مەی تازەوو کۆنی!!
بەو سوێندە کە بۆم خواردی، وەباڵی تۆم وەباڵی

99/11/10
لادلی،کویزلەند،ئوستەرالیا.

شەمی گیان

ئەوەند خەم دێتە سەردانم شەوانە
نەبانە چاو لە بۆرشک تا بەیانە
بە ناو باخی گوڵان دا دەچمە خوارێ
تەقولبابی هەموو دەرکێک لە یارێ
دەبینم یار بەڵام نەک یاری جاران
نە ئەو خۆڕسکی بێوێنەی نیگاران
نە شکڵی دەم لە میخانەی پیاڵە
نە مەی لێوی شەڕابی نابی ئاڵە
نە دیدەی پڕ خەواڵووی ئاسکی وین
نە پەنجەی نەرمونۆڵو ناسکی وین
نە قاقای پێکەنینو ڕووی بزەی وی
نە خشپەی پێ لە جێژوانە دزەی وی
نە هەنیەی خۆری بێوێنەی خەیاڵی
نە بە خەندەی دەمی دەخلیسکا خاڵی
نە خەرمانە لە مانگی ڕوونی ڕووگەی
نە سیلەی چاو لە سێرەی سووچی سووگەی

چزوو دایگرتبووم وەک مێوژۆکە
دەهات بمباتەوە یەکجاری شۆکە
لە پڕ لێم ون بوو دەنگێک هاتە بن گوێم
بە خڵوە تێی گەیاندم وا گوتی پێم:
بەسە چیدی بە دەردوو کول مەپێوە
ئەوەی دیبووت شەمی گیان بوو بە پێوە
جەمەدیان بەستبوو وشە لە دەمدا
نە بۆ من وەخت نە بۆ وان مابوو مەودا

گاتن،کویزلەند، 99/7/29
ئوسترالیا.

بەرماڵی ڕیا

هەوای سەربەستی تۆم تاکوو لە لایە
لە چاخی بێ نوایشم نوایە
کەوی نابی هەوێردەی لەندو پێدەشت
بە بێ دێوجامە ئەو لە ژوانێ نایە
لە لاپەڕ چاوە، چاوی مەیلی تۆمە
"سەفای" تۆم بێ چ منزوورم"سەفایە"
دەیان"مەروە"نییە نرخی دەمی تۆ
"حەلالی"ش هەر"حەلاڵی" تۆ ڕەوایە
تەوافی کەعبەکەت بووزی لە بۆ خوارد
ئەوەی کلێپەی دڵی بۆسۆی ڕژایە
بە سوێند، خۆ شینو ڕەش بەس هەڵبگێڕە
فڕێدە"جانەماز"ی ئەو ڕیایە
بە ڕەغمو پێچەوانەی ئەو کەسانە
لە قاپت"نیشتمان" گیانم فیدایە

لیڤرپۆل،سیدنی.ئوستەرالیا. 2000/5/5

سەدان نگریسو چاوچنۆکم دی
دەیان یانیگر لە هەر چوارلاوە
عەپەی گەمارۆی خۆماڵیشم بیست
خۆزیا بربانی شەوە لەم ناوە

خەنجەرو سواڵ

تابەکەی بە فریو بچم لێرەو لە وێ
بۆ دەقو دۆغر نەڵێم من چیم دەوێ
ئەو هەموو خوێنم لە پێناوی ڕژا
مێشکی لاوانم لە سۆنگەی داپژا
من کە دەرمانی دڵم ئازادی یە
ئەو هەوێنەم هۆی بەڵێنی شادی یە
بۆ وەکوو ئەوخەڵفە دۆخە هەڵنەچم
بۆ لە ناخی داری گەندەڵ دەرنەچم
بۆ لە هەقخوازی بکەم پاشەکشە
بۆ لە ماڵی کۆلی کەم دەنگی وشە
بۆ نەڵێم سەربەستی مافی کوردییە
بۆ نەڵێم چاوپۆشی لێی نامردییە
بۆ لە بەردەم لانەبەم ئەو لەمپەرە
کوانی هاوبەشمە؟ ئەوە داگیرکەرە
لێم دەگوێ بگرن قسەی بێ باکی من
خەنجەرو سواڵیان نەگوتوە کاکی من

ڕێکەوتی  شارۆچکەی گاتن ئوستەرالیا

(هۆگر) دیاری یە بۆکاک ڕەسوی غەفورنیژاد کەئەو دەنگە خۆشەی شاردوتەوە،

کە لێم دووری دەڵێم کەنگێ دەبێ بێت
کە دەت بینم دەڵێی قەت تێر نەبووم لێت
هەڵم وێزنا لە هۆرپە نووکی هەودا
چلێی دا دڵ بەکرنۆش کەوتە بەرپێت
بە پیری دۆستی لاوی هەڵبژاردە
دەڵێ مزگێنی گەنجینی دەدەم پێت
ئەوە گویچکە سڵو دەستەو بە داوین
دەبێ کەنگێ چریکەی دەنگی وی بێت
منو تۆ تەیری کێوی قۆچی شاهۆین
بە، بەیداخی گەلی کورد، دینو سەرشێت
بە شاڵی جەددی تۆ کاکە دەخۆم سوێند
دەبم سەرمەست کە سۆزەی دەنگی تۆ دێت

2002/3/03
ساڵی 60/59/58

لەمەڕسەرهەڵدانی ناکۆکی یەکان کە هێندێک تەقینەوەی بە دواداهات هەستی ناخی دڵم لە غەزەلێکداجێ کردەوە،بۆ ئەوەی سەری قسە لە شەهیدی نەمرکاک دوکتۆرعەبدولڕحمان قاسملوو سکرتێری ئەوکاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بکەمەوە، بەڵام بە داخەوە هەر ئەو چوار بەیتەم لە بیرماون:

(پاییزی ڕەش)
پاییزی ڕەش هات خەزل وەریە دەروو دیوانی کورد
با بەخوێنی گەش بخملێ ڕوومەتی کەیوانی کورد
سەیرە لێن تێکچۆو بەڵێنی ئیتێحادوو یەکیەتی
تانو پۆی وا بەر بەرینی هەستی بێ پایانی کورد
پاڵەوانی کورد کەسێکە دوژمنان کەم کات لە گەل
نەک هەموو لایەک بکاتە دوژمنی ئارمانی کورد
گەر سەرم چووبا لە ناو هاونگ ورد ورد دەمکوتا
تا نەچووبا کەللەو مێشکم قسەی نازانی کورد

(پاییزێکم لێ داهات)

پاییزێکم لێداهات پاییزێکی سڕوو سارد
تەیران،مەلان،تەڕلانەن لە زریان خۆیان دەبوارد

لە بەرچاوم ون دەبوون شوێنی تەماڵو دیارد
هێند بەروبوو درێژ بوو قەفی پێشی خەمم خوارد
هەگبەی سەفەرم هەڵگرت بۆ ڕێی هاتو نەهاتم

پاساری ناو باخو ڕەز سەرلە خەزەڵ ئەخشێنن
کۆترە باریکەی پێدەشت داماوو مل بە کوێنن
بولبول لە سەرگەڵای سیس هەڵکورماون ئەخوێنن
لە کەرماشان تا ورمێ لاوان شەڵاڵی خوێنن
دەی قوربانی دەستوو بم شاهینان هەڵفڕێنن
ڕاوی کۆنە پەرستی ئەرکی سەرشانە هاتم

کوا ئەو بەژنو باڵایەی شلکە ڕیحانەی یاران
گرشەی ئەستێرەی چاویان سبحەینانو ئیواران
ناڵەی بە برینداریان وێڕای نەم نەمەی باران
دەکولێنەوە برینم دێنەوە ژان شەواران
حەجمینم لێ هەڵدەگرن دەبنە مەکۆی خەباتم

شاری گوڵان لەکوێیە؟ پسیارم کرد دەزانن
دڵم گوڵی وێی دەوێ بەکریشمەو بەعینوانن
دوێ شەو خەونێکم دیوە شۆفار لێم بەگومانن
گوتیان چ حەوجیێ پسیارکە خەڵکی کوردستانن
بە بۆنی ئیوە مەستم کەچی دوورە وڵاتم

خاتوون لە تالاراندا کزوو ماتو نەدوێنن
تاسو خەزێمو قۆڵباخ تۆقو کرمەک ئەشکێنن
سەربسکە لە لاجانگو گوارە لەگوێ دەردێنن
خڕخاڵو پاوانەکان لە بەلەک دەپسێنن
بۆکی حەتوو بە شاڕەخت ئیدی خۆ ناخەملێنن
خرمەی هەیاسە نایە لەو دوو دەریانە ماتم

قومری دەسەر بەکڵاوە ڕەنگیان لێ بزرکاوە
ئەمواری کیژو لاوان بە شەختەی خەم گەچڵاوە
پشکۆی گۆنای لێوئاڵان بەکوریشک دا خورپاوە
هەرمێ تیکیان بردوو هەنار دەویان چرژاوە
نارنجو لیمۆی باخەڵ زەردوویان هەڵێناوە
خەونی گزنگی بەیان بۆتە دوا ئاواتم

باغەی ژیانم  سووتا بە گڕی چۆڵە چرای ئاخ
سا وەرن لێم بڕوانن لە وڵاتی خۆمم  یاساخ
ئەو مەڵبەندەی جێم هێشتوون بەدەردووحەسرەتوداخ
سنە، سەقز، مەریوان، موکریان تاکوو  سابڵاخ
لە مەیخانەی نیشتمان دەخولێمەوە وەک پەرداخ
ئاوی شنۆ  شەڕابە مەیخۆرم پێی ڕاهاتووم

سا پڕ بە دڵ ماچ ئەکەم خاکەکەی کوردستانم
دەیکەم بە تۆتیای بن سەرلۆچێک لەگیان کێشانم
وەک کلی سوورمە کێشی دەی کێشمە چاوەکانم
بەو هەستەوە لەو دونیاش دووپات ئەکەم ژیانم
من خۆڵی بەرپێی سۆلی شەهیدی سوور خەڵاتم

شارۆچکەی گاتن پارێزگای کویزلەند
ڕێکەوت2003ی زایینی

(دووره  وڵات)

لە وڵاتی خۆت ورکە خۆر بی
وەک بەردی تاوێر گلۆر بی
وەک داری کرمێ کلۆر بی
بەرچێڵەت لە بەر ساتۆر بی
نەکەی بیری دووره وڵات

ڕاوت بنێن لێرەو لە وێ
ڕەکێشت کەن نیوه شەوێ
ڕۆژێ نەناسێ لە شەوێ
کۆسپی سەت ئارەزووت کەوێ
نەکەی بیری دووره وڵات

بەکارەبا لەشت گەرم
لە ژێرشیپەی شەلاخ نەرم
خاوکێشت کەن وەکوو چەرم
بڵێی هانا بۆ کێ بەرم
نەکەی بیری دوورە وڵات

ئەوانەی مرۆڤ ناناسن
سینگت هەڵدڕن بەگاسن
نوخات هەڵبڕن بە ئاسن
بە درێشە مێشکت بکاسن
نەکەی بیری دوورە وڵات

بەردوو تەڵاش بێ جێ نوێنت
پێ بەپێ لە دوای پێ شوێنت
بە کەڵەشاخ بگرن خوێنت
لەو کاتەش دەستم داوێنت
نەکەی بیری دوورە وڵات

ببەستن لە دەمت دەمبەست
سندمت کەن لە پێو دەست
چواربالْت کەن بێدەنگو هەست
دەستی کەست نەگاتە دەست
نەکەی بیری دوورە وڵات

وەکوو دێوانە تارت کەن
وەکوو مەجنوون بێ یارت کەن
لەگوریسی گوێلەوسارت کەن
بەکوڵمیخەک لە دارت کەن
نەکەی بیری دوورە وڵات

بە دەست ئیسلامی بێ بەزە
کە نەیاری گشت نەبەزە
ناشیگرێ توکو نەزە
بتکەنە بێ ئەزەو وەزە
نەکەی بیری دوورە وڵات

به پیاوانه لەسەر ئەرزی
کە دەشمری بە سەربەرزی
کوا خەم بە قەت نووکی دەرزی

نەیکەیە ئاوێتەی خەیاڵ
نەکەویە دووی نەبیە عەوداڵ
دوورلە کەماڵ دوور لەکەماڵ

لە خەویش دابێتە خەونت
ئاڵەدین بەوە لە خەونت
بخەوە بیر دەردی کەونت
لە دار بکەرەوە تەونت
دەخۆ نووسێ بیکە بەتاڵ

چش لە شەرم کە بڕاوە
چش لە ئابڕوو کەگلاوە
چش لە حوڕمەت کە نەماوە
گەواڵ گەواڵ
نەماڵ ئی توە
نەسەرئی توە
نەکەسایەت
نە قەت منداڵ
دوورە وڵات...

2002/2/27

شارۆچکەی گاتن پارێزگای کویزلەند
ئوستەڕالیا

(بەیانی ئازادی)

دەنگی بەیانی ئازادی سینگی دۆڵو چیا دەسمێ

بە نارەتەی کاوەی نەمرکۆشکی زوڵمی زاڵم دەڕمێ
بە نیشانەی سەرکەوتوویی بلێسەی ئاگری ڕۆشن
لە زینوو ترۆپکو لووتکە چاوو داِن دەکا ڕۆشن
تەفروتوونا دەبێ بووڵێڵ بە زەردەی تیشکی خۆرەتاو
بەیداخی کۆلکە زێڕینە سەر هەڵدەدا لە میچی ساو
مەلی ئازادی ئەو ڕۆکە لە شەقەی باڵ دەدا دەفڕێ
خەیاڵی هەستیار ئەو ڕۆ ڕێگای هەزارساڵی دەبڕێ
ئەو ڕۆ ڕۆژی بیرەوریی پاڵەوانی نەمری کوردە
ئەو ڕۆ ساڵهاتی خەباتی چینایەتیی گەلی کوردە
ئەو ڕۆ زوحاک بە نارەتەی کاوەی ئاسینگەر دەحەسێ
ئەو ڕۆ زنجیری زۆرداریوکۆیلەتی قەف قەف دەپسێ
ئەو ڕۆ بە هێزی هەموانی پێ پەست دەکرێ گۆڕی دوژمن
با بزانن لێم حاڵی بن ئەوەی لە بڕیارە دژمن
ئەو ڕۆکوردی هەر چوارپارچە دەستیان لە دەس هەڤداتێکڕا
ئەو ڕۆ خەباتی چەکداریو ڕۆشنبیری بەرن وێکڕا
با زوحاکی ئەو سەر دەمەش گوێچکە هەڵخەن باش بزانن
کە تێ نەگەن گۆڕی وانیش پێ پەست دەکەێن کە نەزانن

ڕێکەوتی 2002/3/12
شارۆچکەی گاتن ،کویزلەندئوستەراليا

(بە سەرهات)

لەکوێ ڕا بۆت وەگێڕم چۆنیەتی بەسەرهاتم
لە زیندانی کۆیلەتی کوتمە بیری نەجاتم
لە وڵاتی غەریبی دا بەکۆی خەمان ڕاهاتم
تەنیا ئە، ئەو ئومێدە بۆتە تاکە ئاواتم
ئاخۆ کەنگێ دەبیسم دەنگێ لە هاو وڵاتم

پاییزەکم لێ داهات پاییزەکی بە سیخوار
زوقم هەردی هەڵداویشت،لێیدەنیشت خووسوخووسار
خاسەکەوی دە ڕازان حاسێ دەبوون بێنەخوار

هەڵۆ لە لووتکەی چیا هاتبوونە شانی نزار
لەو وەختەوە سەرسامو فکر گەچڵاوو ماتم

هەور لە تەشقی ئاسمان جڵەوگری ئاسۆنە
لقی داران بێ بەرن لە چرووی هەڵەسوونە
لۆتکەی دەمەلەوانان لەخورڕێن سەرنخوونە
قەرەسوو هەڵچۆڕاون سەرانسوێی نادەن سۆنە
زنەو زۆنگو کارێزیش قەتیسن لە وڵاتم

خەڵفی ڕاجیز خواربوونە وەکوو قەفی گۆچانی
پاپۆکەیان بەستووە قولی شوولی کەوانی
کوورِ بوونە بەژنی زراو بە ئاڵشکی بە بەیانی
لە بن پەچەی تەمو مژ ون بوونە ڕووگەی جوانی
ئەو دەردوو بەإیانە بوتنە سەرجەم ئافاتم

پاییزەکم لێ داهات پایزەکی بە هەورو هێڵ
دەریان نەدەبڕی لە ڕکە کوێتی قابرەشی کەحێل
کوێر ببوونەوە ڕێگای شەوباری کاروانی خێڵ
خەفەت وەهای داگرتبووم هەتڵەو سەرشێواوو،وێڵ
بێ ئۆقرە وەک قانگەلاش بە دەم باوە دەهاتم

ئەو جۆگە فرمێسکانەی دەهاتنە خوار لە چاوان
ئەو خوێنە گەشو سوورەی دەتکان لە لەشی لاوان
ئەو تاسەو ئارەزوانەی سەرهەڵداو لە شەتاوان
بە دەستی جەلادەکەم کەوتنە زنەی زەلکاوان
ئەوانە گشت دیاردەن لە بیرەوەری کاتم

هۆرپەی ماشەری زەمان هەڵوێزنانی چەتوونە
هێڵی تەماڵی شایی هەڵنانی بە ئەزموونە
چۆڵە چرای هێزی دڵ لێکدی متمانە بوونە
بەکوێرایی داگیرکەر یەکگرتووبین پتوونە
بە چ بایەک نالەرێ خەڵفی داری خەباتم

لە دالانپەڕ، دەڕوانم جێ شوێنی هۆزی خۆمە
لە وان ساڵی دەلەمێژ مێژووی بێ قەرەبۆمە
سمکۆ لە چاریە دا دوژمنی تورکو ڕۆمە

شەهیدکرنی بە دەهۆی لە شارەکەی شنۆمە
خەیانەتی پەهلەوی شوورەی خمی بنیاتم

جێگای بابو باپیران لە ڕەندۆڵە دەدینم
چادرو چیغو خیوەتوکۆزی سێپەکی ژینم
هۆبەی خێڵاتو خێڵو بارگەو بنەی ئەڤینم
هاتوو چۆو زەنا زەناو بەردەو بگرەی شەوینم
بە دەست تۆرەمەی تورک خاپوور بوونی وڵاتم

لە هەواری بایزی ڕا دەڕوانمە سەرکێلەشین
مێژووی سێ هەزارساڵەم دەدینم بەگوڕوو تین
کولانەوەی ناسۆروو تەشەنی کۆنەبرین
نۆکەش لە مەڕچارەنووس دادو واویلامەو شین
کوڕانی دە سەدەی نوێ هیمەتێک بۆ نەجاتم

لە سولەیمانیو خانەقین کەرکووکو دیاربەکر
زۆرکەڕەت چەتەی میری بوونە شۆفاروو بەکر
بڵام خۆ بەختکەری ڕەزا سووکی خوێن شەکر
پووچەڵیان کردۆتەوە دۆزوو پیلانو مەکر
بە هۆی ئەو ئومێدەوە هەست دەکەم بە نەجاتم

بێ چاوو ڕووتر لەوان لەکویی دونیا دەدینی
کە پێویست بوو بەرکۆلێک هەڵدەوێزن لە دینی
شەهید بوونی هەشتهزار وێکڕا کوردی بادینی
یاکوو پەیمانی سێڤر لە ناو کارگاکەی چینی
بە تێک بردنو شکانی ڕمی کۆشکی ئاواتم

پەیمانی شوومو نەحسی سەعدئاباد بە سێ قۆڵی
پاش لۆزان، سەری هەڵدا کوردی خستە کلۆڵی
دەمارگرژی خۆی نواند دڵی ناسکی کۆڵێ
کوشتن،گرتن، ڕفاندن لە شاروو گوندو دۆڵی
نەکوژاوە ئاگردانی بیرەوەری خەباتم

چەپەڵ ترین دوژمنم لە چوارلا ڕاوەستاوە
خوێنخۆرترین ڕەگەزەن لە مێژوودا نووسراوە
بێ بەشترین مللەتێک کوردە کە بەشخوراوە

شەکەتی‌و خوێنڕژانم لەو باسە ناتەواوە
لە سەربڕیارم سوورم هەتا زیندی‌و لە لاتم

گازی خەردەل‌و بۆمبو تۆپبارانی کیمیاویی
کارەساتی ئەنفال‌و خاپوور بوونی ئاوایی
لە قەنارە دانی خەلک تێکدانی خۆشی‌و شایی
شەهیدکردنی هەڵەبجە بە کۆمەڵ‌و تێکڕایی
کوانی لە بیرم دەچن هەتا ڕۆژی مەماتم

ئەوەش نهینی کاری سێ زلهێز بە هاو دەستان
ئیمە لە ژێر پۆتینی داگیرکەر دەستە وەستان
لە بەریەک هەڵوەشانی تورکیە ببۆ داستان
پەیمانی سایکس پیکۆ بەشی کردبوو کوردستان
بە سێ دەوڵەت لکابوو خاک‌و مووچەو داهاتم

ڕەفیقانم لەکوێنە یادوو دەکەم هەمیشە
ئەوکەسانەی دیدارولێم ببووکاروو پیشە
بیرەوەری‌و هەنۆکەش لێم بوونەتە ئەندیشە
دڵ دەڵێ: لەمە بەدوا لەگەڵ کەس دامەنیشە
وەتی لە ئێوە دوورم داماوو کزو ماتم

هەست‌و سۆزو عاتیفەم هەموو لە وێن کە جێمە
بە جەستەش لە وێ نەبم بە ئەندیشە لە وێمە
بە زیندویش ڕیم نەدەن کە مردم ئەوێ جێمە
با خۆ کەسیش نەمناسێ کوردم دەزانن کێمە
ئێوە وەکوو سەروەسیەت ئەو تێ بینیە لە ڕێمە
تابووت‌و دووگەزە جاو گڵکۆیەکە خەڵاتم

شارۆچکەی گاتن کویزلەند ڕێکەوت
سالی 2003ی زایینی.ئوستەرالیا.

(گوڵەگەنم)

باوەکوو قەرەساو لە بەند

بمکەنە بەرهەڵستی ئاو
بمخەنە ناو لاتاڕ بە شەن
بەرەو خۆیان گورجو پڕتاو
لە هەر چەپکە گوڵێکی من
دەیان دەنکی پڕشو بلاو
سەر هەڵدەدەن هەزارهەزار
دەبنە گوڵەگەنمی ڕواو
ڕەپستەی ساڵێکی ترم
بەو ناوەوە ناو دێرکراو
جۆتیار کێ یە لێی بپرسم
ترپان چی یە لێی بترسم
بێ مننەت لە تیخی سوواو

ڕێکەوتی 2002/3/3
شارۆچکەی گاتن کوویزلەندئوستەراليا

(فەریکە)

گڕی خەیاڵ هەڵیگرتم
بوومە فەریکەی دڵ برژاو
لەکۆمادا چوار وەرزی ساڵ
ڕۆژگارم لێ تێپەڕ بوو
بەدوای یەکدا بێشکەی مناڵ
چاوم هەر وا لەڕێکەوتی
ڕۆشنبیرێکە بەخەیاڵ

شارۆچکەی گاتن ڕێکەوتی
2002/3/3
ئوستەراليا

( داگیرکەر)

داگیرکەران گشت ئەکتەرن چۆنیان بۆ بلوێ وادەکەن
کە مرخیان لە ئێمە خۆش کرد شانۆی خۆیان بەرپا دەکەن
کامە کوردە نەیزانی بێ تێ نەگەیبێت  پێ نەحەسێ
لە تەبایی ئیمە ئەوان ڕەگی حەیاتیان دەپسێ
سۆرانی چی بادینی چی، کلْهوڕی چیو بەختیاری
تەپۆڵکو دەشت بەرزو نەوی چێوو چیا،لادێو شاری
هەموو خەڵکی کوردستانن یەک میللەتن یەک زوانن
کورد هەرکوردە لەهەرکوێ بێت  بەچاوەکی لێی بڕوانن
 چ لە باشوور چ لە باکوور چ لە خوارێ چ لە سەرێ
ئەو جێ کوردی تێخزاوە هەر کوردستان  بووە بەرێ
بە مێژوودا دەچمە خوارێ سەرم سوڕ دەمێنێ لێیان
لە هەموو ئاستێک دەبینم دەست تێوەردانو شوێن پێیان

شارۆچکەی گاتن کویزلەندئوستەرالیا

(بەهاری ئازادی)

شنەی بەهاری ئازادی ئەوە بەیداخ بە دەستەوە
نە هەرشاعیر بە تەنیایی سەرمەست بووە بەهەستەوە
هەموو مەلێک بە لەنجەولار لە ژێڕا دێ بەنارە نار
بە هۆی بەهار دەمیان بە شێعروو بەستەوە

2002/3/12
شارۆچکەی گاتن کویزلەند

(هاواری دڵ)

گوێچکەم هەڵخستبوو لە هاواری دڵ

دەیگوت: مخابن دەم پشكۆی ڕووگوڵ
ئەوگەوهەرانەی لە قیمەت نەهات
هەرهێند بارگەیان گویزراوە بن گڵ
2001/3/01
شارۆچكەی گاتن كویزلەند

(دونیای پێشكەوتوو خواز)

دونیای ئەو ڕۆی پێشكەوتوو خواز
بەو پیكو ماپیكی سەت ساز
ئەوهای لێ هەڵدەستێ ئاواز
دەبێ دوێنێ لە عەسری
كۆنو پاشكەوتوو
چ سێ جركەیەك لێدرابێت
نەدركانی لێم بۆتە ڕاز
هەڵەبجەیەك وێران كرا
باب نەگەییە سەرتەرمی كوڕ
برا نەگەییە لای برا
دایك كۆرپە لە باوەش دا
هەناسە بڕكەی لێ بڕا
پێنج هەزاركورد، درشتو ورد
هێندی بڵێی هەریەكو دوو
لە توێخو پیست هاتە دەرێ
بەو تیژاوە ئاوەكوڵ بوو
خوێنو گۆشتی بوو بە زەلكاو
تێكەڵ تۆزوو خۆڵی دۆڵ بوو
دەشتو دەوەن، كەوری چیا
هەموو چرژان بوونە خەڵووس
كەوتنە بەرپێ بێ سێو دوو
كەسێك سیلەی ڕوحمی نەبوو
هەتا لە خەستەخانەش دا
لە ژێرئێشی ئەو ژانەش دا

بە چەپکێک گوڵ کەچی دەکرا
هاو دەردیان لەگەڵ نەکرا
بەڵام لە مەڕ نەوتی کوەێت
کام داڵاش هەبوو کە نەچێت؟
میری شەترنج، تەکەی قومار
سوخرەو گەڕیدەی دێو شار
گوتیان بیکوژن، خوێنی بڕژن
سەت پارچەی کەن سەری ببڕن
سەرهەڵقەنە زگی بدڕن
شەڕلەتانە، شەوپلارە
عیفریتێکی تاوانبارە
کەچی لە سەر ئەو حاڵەش ڕا
ئەو جنایەتە تاڵەش ڕا
بۆ هەریمی کورد تێڕامان
پاشقولیان بۆ کردە سامان
دوور لە کەرکووک، لە خانەقین
بەردی پاڵێن بە بێ شەوین
ساوار بۆ وی بۆ مە بنکڕ
ئەویش بە سەت پچکڕ پچکڕ
بە دوولەتەی بادین، سۆران
لە سەرتاتی مردوو شۆران
کەس نەزانێ بیدەنگو کڕ
تێیدا ئیخی خواردوە چوار دڕ
هەریەک بۆ لایەک دەکێشێ
ئەو کەلاکە بە مشتو مڕ
ڕۆژێک نییە لێی هەڵنەستێ
بڵێسەی شەڕ هەناسەێ گڕ
لە هەزارکورد یەک وەدۆزە
بێ خەم لەماڵی خۆی مرد بێ؟
مناڵە کوردێک پەیاکە
پێی حاڵی کرابێ کورد بێ؟
بەڵگەت دەوێ؟ دەیان بەڵگەی
زیندووت ئێستا لە بۆ بێنم
کۆزۆفۆ یەکێک لە وانە
لەگەڵ کوردی هەڵسەنگێنم
بۆ وان سەردار بۆ مە سێدار؟

کوانێ ڕۆشنبیرو بێدار
ڕۆژێ بە دەیان کورد دەمرێ
لەپەنا بابە گوڕگوڕ دا
بۆ لەتە نانێک بەدینار
دارێک نییە لەکوردستان
لقی نەبێتە سێدارە
نادۆزیەوە یەک لە هەزار
نەچۆبێتە سەرئەو دارە
لەو بیرەوەریە تاڵانە
دڵم تێیدا سەت داڵانە
نموونەی دەی خاکەلێوە
هەڵخرا سێدار لە وێوە
لەچوارچەراکەی مەهاباد
پێتەختی کورد کانگای ئازاد
دادوو واویلا بەڕێوە
پێشەواوو سەرۆک وەزیر
سەدرو سەیفی قازی پێوە
هەر دوێنێکە بوو لە ئیران
ملکو ماشم لێ بوو وێران
سەرکردەم بە خەفیەکوژرا
تەرمی لە نزاران نێژرا
خۆڵە مێشی هەزار جەندەک
لە گۆمو زەلکاوان ڕێژرا
شاباشی شایی قودڕەتە
سەرجەم خوێنی کوردی هەژار
هەرلە هەڵپەڕکێ ئەواندا
مامەڵەی خوێنمە لە بازار
بە دلۆپە نەوتێک دۆشکەیەک
بە بۆشکەیەک دەیان هێندە
بارتەقای خوێنی کورد بەلاش
چەند فڕۆکە چەند دەبابە
گازی خەردەل چەندەو چەندە
زلهێزەکان دووکاندارو
مشتەری هەرچوار داگیرکەر
بۆ سەیرو سوحبەتی خۆیان
دێنو سەرم داوێنە سەر

لەو لاش ئەوە...
نەماچێکو نە هەزارماچ؟
چبکەم بۆ دەرمانی عیلاچ ؟
ئەو قەڵافەتە نەڕووخا
ئەو لێوە چۆن بوو نەقەڵشی
ئەو پەنجەیە هەڵنەوەری
نەکەوتە ژێرناڵچەی کەوشی
لەو لاش ئەوە...
کوردو عارەبێک پێکەوە
تانگو تۆپو عەسکەرلەدوو
هەر دوو هەر دوو دەمی تیژی
مقەستێکن،هەسان هەسوو
ئەو سازمانە بە درۆیەی
دونیاخۆران کۆڕی سەودا
بۆ حەقخوازی دەستە وەستان
بە هۆگان دوورە لە مەودا

ئیستا دەڵێم: زۆرکەس دەڵێن...
ئەو هاوارچی‌یە چەند دینە
لەو بازێڕە گوڵ داگێڕە
نەجێ لەشکر نەجێ قۆشەن
نە باسێک لەمەمو زینە
بۆ چی وا دەخۆ نووساوە
پڕ بەگەرووی دەچریکێنێ
گورەی دەنگی
میچی عەڕش دەهەژێنێ
کەسێک نایە لێم ناپرسێ
هۆی ئەو هاوارو ئەو شینە
سەت جار بە دەستی بە دەسنوێژ
دەستیان بە قورئان دادەدەن
بۆ ڕەچەڵەی بابو دایکم
دەیان چێڕۆکە دادەدەن
لە گەڵم دەبنە ئامۆزا
بە پێی مێژوو بڕبڕەی پشت
کەچی ئیعدام، تەبعید،کوشتن
لە من بە دەست ئەوانە گشت

هەڵە سوونەی داگیرکەران
لە چەند سەدەی مێژووی درێژ
دارجلیتی بۆرە سوارە
دەکەویتە سێرەی ڕاوێژ
کە گەینە ئەو قەناعەتە
سەرهەڵدێن ببینە شتێک
دێن تێن ڕۆدێن لە چوارلاوە
بۆ هەرلا دەبینە کوتێک

هەویەی هەرچوار داگیرکەرم
بۆ نوسرا بە درووی دەهۆ
بۆچی؟ هەتا لە بیربکەم
ڕۆشنبیریی میللەتی خۆ
دەمکەنە کاوی ئاسینگەر
فەریدوونم پێ دێننەوە
ماری زوحاکم پێ دەکوژن
شیرە شوانەم بۆ دێننەوە
کە پێویستیان پێم خەڵاس بوو
دەچۆلو چیام هەڵدەکەن
لە کەسایەتی ئینسانیم
هەرچەند بتوانن کەم دەکەن
بە باڵتە، بە ساتۆر، قەمە
بە پلار دەکەونە شوێنم
بەو چەکە گازە خەردەلە؟
قانگم دەدەن دەمخنکێنن
ئەو جارکە بەخێرا خۆیان
وەریانگرتم بە هاوکری
زوانەکەشم دەکەنە
بن لەهجەک لە فارسی دری؟
هەناسەی ساردی هاوارم
بڕناکا لەکڵی گریان
دەیان مەنجەڵ خوێنی گەشم
ناشکێنێ تامەزرۆی دڵی
زێرووی خوێنمژی دەو دڕیان
کەچی کلیلی ئەزموونی
چەند قات بوونەوەی کارەسات

به یەخەم وە پێی هەڵناگرم
گۆڵەی دەرگای ڕێگای نەجات
بەڵام گەلێک بۆ ڕزگاری
لە خوێن ڕژاندا سەخی بێ
ئاسۆی لێ ون نابێ هەرگیز
بووڵێڵی چەند لە ڕەخی بێ

ڕیکەوتی2000/7/10؟
شارۆچکەیگاتن،کویزلەندئوستەراليا

(شەپۆلێک)

هەتا بەژنت گەدەی بەفری نەوالە
هەتا ڕۆگەت لەبن هەوری گەواڵە
هەتا کەزیەت بە شۆڕابە تەنافە
لە بۆ من ژنی سەربەستی مەحاڵە
لە دڵدا بوومە کۆی زوخاڵ بەجارێک
کە بازاری شکاند ئەو وردە خاڵە
لە چاوی شینی دەریای مەنگ شەپۆلێک
شەوو ڕۆژم لەگێژاوی خەیاڵە
بەڵام تا دەشکێ ئەو چاخە بە بۆرشک
لە من دەکرێتەوە ئەو دەرەکە گاڵە
لە پێشوازی تەمەن بڕناکا وادە
لەسەر گڵکۆی منە ئەو شینەتاڵە

ڕێکەوتی 2001/9/8
شارپچکەی گاتن کویزلەند،ئوستەراليا

(گازندە)

پێکەوە وێکڕا لە چاخی لاوی

دەنگی قورینگان قاڕەی مراوی
لە سیپەی شەودا سێرە هەڵگر بووین
هەتا تۆقی سەر یەک پارچە گڕ بووین
حەودالی ڕیگای ڕەجەشکێن لە کێو
نەپرینگانەوە لە ڕووی زۆڵە خێو
تاسەی خوازیارین لە ناخا دەنواند
خەونی سەربەستین لە دڵدا دەڕواند
زەوی خولی دا لە نزمو بەرزی
من بۆم بەهەودا تۆ بووی بە دەرزی
بە دەستی شەوەی شەش تەقەڵ لە شەو
لە منت حەرام کرد وچان خواردنوو خەو
لە سەردیوارەی تەریبی تەسک
زوور جارماشتمت بە کۆڵە گەسک
نەبوونە داڵدەم پەسیوو قوژبن
بەگورگە لۆقە سەت جار سەرو بن
گەردن بە تەناف بە دوات دا وێڵم
ناچار بووم بڕۆم بەجێت بهێڵم
بە تێڕوانینی کاڵۆشی دڕاو
وەبیرت دێنم مافی بەشخوراو
چۆخەڵەی شڕی ئانشک بەپینە
سەت میرایەتی دێنێ بدینە
بەسە تابەکەی گەدەبەل سووری
تخ لەو نەریتە بکە لە دووری
وەرەوە ببە مانگەکەی نیسان
با بە تف سواخ دەیێین ڕووی نەیار دیسان

ڕێکەوتی2001/9/9
شارۆچکەی گاتن کویزلەند ئوستەراليا

(فۆتە حەمامی)

هەتا پەراسووت ڕەقو ئیشک بوو
گەرمای سوورە تاو لەلات تیشک بوو

هەوسارت لە چەنگ ئەمو ئەو دابوو
کەری بن باری لە جیات تۆ شا،بوو
لە جەلەی گێرە بنەت ئەگێڕا
زۆرجار ئەو باست بۆ من وەگێڕا
هەتا جلو جۆڕ توورەکە جۆیەک
بە مانگو بەساڵ لێت ببوو هۆیەک
ڕەقە وەرکەنان تیژاوە دۆیەک
پەرژینی قایم سەلکە زەپۆیەک
ئیکلام کێشانت ئاغاو قوربان بوو
تۆم لە جێی گەماڵ لەدەرکەو بان بوو
کە پاشووت سۆلی بازاڕی ناسی
کەفەڵی پانت خزیە کراسی
سڵەمیەوە لێم کە بە دەماخ بووی
هاویشتە سەرکەڵپ جاشو چەلاخ بووی
لە پزدانت دا وێنەی ئیمامی
بردیەوە سەرتۆی فۆتە حەمامی

ڕیکەوتی 001 2/9/17
شارۆچکەی گاتن کویزلەند ئوستەرالیا

(غەزەبی تورک)

بەهاری تەمەنت گوڵ بوو
با بردی ئاوێتەی گڵ بوو
دڵی کۆرپەی خونجیلانەت
دڵی ڕەقی پۆڵاسی نەسمی
غەرەزوو بوغزی بەرازی
سیلەی ڕووگەی ڕوحمی نەجمی
تۆی بێ تاوان
تاوانباری دەێنی من بووی
تۆی بچکۆڵان
تەمەن کورتی زەینی من بووی
ئەمما تۆ بە ئەمەگناسی
مێشکی پیسی تورکت کاسی

چاوی زێتت بە تێڕوانین
هەستت ڕاپەڕینت توانین
دەمباتەوە سەردوندی کێو
پاریزگاری لە خان‌و خێو
بیرەوەری دوازدە ساڵە
دەرگای وڵات لە سەرگاڵە
بانو بانو زەنوێر زەنوێر
قەڵبەزەی ئاو لە ئاو هەڵدێر
خۆ لە بۆسە نانی شەوێ
بۆ قەرەبۆی هێرشی خەوێ
دیمەنی خۆ بەخت کەران
قەبۆ قەبۆ، بۆ هەمبەران
وێڵی دەشتی چارەنووسم
ئاشقی جەماڵی ڤێنووسم
ڕەوتی مێگەل‌و کەتەپەز
چیغی بەرخەل‌و بەلەمەز
مەشکەی بن سێپەکی کوێستان
دیمەنی شەنگی چاومەستان
بەردی پاڵێن کیژیی جوان
سرتەی بێری، ورتەی شوان
بەزم‌و دڵخۆشی‌و هەڵپرکە
تاوێک دوور لەو ژان‌و برکە
بەڵام مەرگت شێعری منە
ئاهەنگەکەی نەسرەوتنە
دژی ملهوڕان ڕاپەڕین
بەرەنگاری کوشت‌و بەڕین
پاپیلانە جوانەکەی من
ئەمەگناسە گیانەکەی من
هەرچەند پێناسی تۆم پێیە
نەمزانی گڵکۆت لەکوێ یە
چەپکە گوڵێکت بۆ بێنم
بە زوانی حاڵ وەت دووێنم
لە کارەساتی ڕابردووم
لە گوڵی ئاواتی بابردووم
لە پەلاماری تورکی دز
لە عەجەمی مەزەب ڕافز

لە پاییزی گەڵاڕێزان
لە خوێنی ئاڵی ئازیزان
لە خۆفرۆشی خۆماڵی
لە شڕەخۆری ناحاڵی
لە هەوارو ڕەشماڵو کوێن
لە دووژمنداری کۆنی خوێن
لە چادری سەر بە ژەنگار
لە چاو تروکاندنی یار
بەڵام تەرم ڕاکێشانت
جیا بوون لە کەلەش گیانت
لە دووڕگەی خەیاڵێکی پیر
کۆتەڵی هێناوەمەوە بیر
کەچی هەڵسەنگان جیاوازە
بەڵام هەریەکە ئاوازە
ئەو پێدەشتە چیا بەرزە
تخووبە ڕۆکەشە مەرزە
هەڵدێرو زەنوێرو پانکە
جێ پێ کەڵاش چۆخە ڕانکە
لە قولانجو بستو گەوەی
ڕواوە گوڵی یەک شەوەی
گوڵم تکەی خوێنی لەشت
دەخەو چوونی چاوی گەشت
ئەو سەردەمی هێنامە یاد
من نێچیربووم نەیارسەیاد
کوردستان کەوتبوو گەمارۆ
یارنەبوو جگە لەیارۆ
هەمووشوێنێک بۆمباران بوو
گەدەبەلی لاساران بوو
ماڵ کاوڵو وڵات وێران
واژوی ناوی دەناودێران
لە هوندڕی دەفتەران دا
خاوەنیش لە هەندەران دا
لەو داگیرکەرە دەکەم یاد
بەکردەوە ببوو جەلاد

ئەوشێعرم بۆ تووتکە جوانەکە هۆندەوە کە لێخوڕێکی تورکی

نەفام وەبن ماشینی دا،بردمانە نەخوشخانەش بەلاّم بەنشتەر
گەریش عیلاجی نەهات لەگەڵ وی دەردی دڵم کردوە خەمی
خۆم پێ هەڵڕژتووە.

ڕێکەوتی 2001/6/12
شارۆچکەی گاتن کویزلەند،ئوستەرالیا

ژیان

حەسرەتم بۆ ئەو ژیانەی بێ ژیانم ڕابوارد
بێ ژیان تاوێک نەبوو ئێژم ژیانم ڕابوارد

ئەو ژیانەی بۆ ژیانم دەفرەکی پڕ بادە بوو
ئەو ژیانەی گشت ژیانی سووکو سەرجەم سادە بوو

2001/9/16
شارۆچکەی گاتن،کویزلەند

هەڵسەنگان دیاریە بۆ کاک ڕەسوو غەفوورنیژاد

لەبۆ سرتە سەرم بابێنمە بن گوێت
بەهەڵسەنگان قسەی دڵ با بڵێم پێت
سەری جەمسەر گرێ پۆچکە لە ماشەر
وەکوو لووتی گلۆڵەی خەم بووە شێت
هەلۆی تاسە ئەوە شێست ساڵی هەڵبوارد
کزەی دەردی دڵی وەک خوێنی دەتکێت
ئەتۆ قاسپەی کەوی سۆزەت لەکوێستان
زوانی بێ زوانیی پێیە دەدوێت
ئەمن نشتەر لە دڵ دەستە بە ئەژنۆ
تەمەن میچی کەلاوی کۆنە دەڕمێت
گەلاّڕێزانی ئاخر ڕۆژی پاییز

بەهاری تر نییە گوڵ بێو بڕوێت

ڕێکەوتی 2002/4/4شارۆچکەی گاتن،کویزلەند

(تووتی شەکەرشکێن)

گوڵم پێداگری بڕیاری جوانی
بەرەو شێتیم دەبا ئاخۆ دەزانی؟
بە ئیوارە کەلێوئاڵ تێت دەفکرم
لە باخی دڵ دەپشکوێ گوڵ بەیانی
هونەر دەڕژێ لە پێنووست چ ئیژم
گووتت: بێژم لە ئازموونداا چەوانی؟
قسەی شیرن لە ناو دوولێوی قەنددا
بە دەم تووتی شەکەرجوانە شکانی

22 /2001/9شارۆچکەی گاتن،کویزلەندئوستراليا

ئاڵای کوردەستان

ئەو ڕوخسارەی لەبەردەم دا
ڕووگەی ڕۆژی لەپەرچەم دا
لە خۆشیو شاییو ماتەم دا
لە سەربستووی ڕێی ئاستەم دا
شێعری تەڕوو تازەی منە
بە دیتنی پیریم لێ ونە

2001/3/10شارۆچکەی گاتن کویزلەند،

## چاوی بادامی

چاوی بادامی تۆ دوێنێ
ئەو خەیاڵەی خستمە بیر
قەت قسەی ڕاستی لە دەم
دەرنەچوە ئەو بێ بەختە میر
بۆیە گابەردم لە قوبلەی ڕووت
بە وەرچەرخان لە ڕاست
بۆ چەپی خواروو تری
هەنگاوی بۆ چوونم وەگواست
دڵ لە محرابی کەوانی
کۆمی ڕووتا دەستەبەر
گەرچی تێگەیوم کەداری
ویشک، قەت نایێتە بەر
بۆ خرۆشانێکی دیکە
بەشقی وەرسووڕێ زەمان
نائومێد نیمە لە ڕێگای
شانسو ئیقباڵ بێ گومان

2001/9/16
شارۆچکەی گاتن،کویزلەند

## تیل دڕوو

دوێ شەو بە خەیاڵ ڕێم
کەوتە زۆزانی لەشی
لەو پشکە بەشە خوایە
چیت داوە بەشی
شێتی دەمی قەندوو
ڕۆمەتی نەخشینی بووم
سەیرانگەیی دووچاوی
گەشو زولفی دەڕەشی

پشکووتنی پشکۆی دەمەکەی
بەو هەموو لەعلە
نالی، دەوێ بۆ شی وەکرن
مانی، بۆ دەست نەخشی
ماری پڕخەتو خاڵی ئەوین
جینگڵی دا ئەمما
پیریی‌و هەزار مخابن
لە مزاجی هەڵەشی

1997/3/14
لیڤرپۆل سیدنی ئوستەرالیا

## بەرەوو منداڵی

هاوینە دێ کڕوماتە
چرپەی ماچێک کارەساتە
نەشکاوە شەقڵی شەش پەڕی
گەنمە سمەوەژ دەپەڕی
شۆڕابەی شەنگەبی کانی
لێی دەڕژێ شەونەم بەیانی
جەنجەڕ لە سەرکزنو ماشە
چەم لێی نایە ناڵەو هاشە
لە باخی قەیسی بەرمالان
زنج لەگەلای گولان دالان
فەقێی گوندی بە شەشو حەوت
وەلی بابای بێلای مزگەوت
مەڕی ئاغای لە بەرمالان
عارە بۆغڵی‌و گۆشتی تالان
پوورە ئایشە بە هەلە هەل
نەنە گولی بە شەلە شەل
لە پشت مێژڕەوی سەربانی
هەرچاوە چاوبوو دەیڕوانی

گاوان ئەوە دالان دالان
سەر ڕۆ دەکاتە ناو مالان
بۆڕەی مانگا بۆعەی گامێش
حیلەی ئەسبی خورتو سەرکێش
سمرسمڕی نۆبە داران
هاتوو هووتی خزمەتکاران
تۆزو خۆڵەپووتی کووچەی
دیمەنی ئاڵۆزی مووچەی
کونو کاژێڕی دیواری
مۆرەی دەستی وەستاکاری
جەگەنی قامیشی قۆپی
پێخوستی یار شوێن سەرچۆپی
شەڕە قۆچەقانی ناو دێ
سرتەی بەرکۆڵان خشپەی پێ
خەمیس فرۆش لە سەرجۆخین
منداڵو دەستو دەم پۆخین
شەوی درێژوو حەکایەت
گێڕانەوی لە بیدایەت
کوردو هەژارییو مەزلوومی
کوندو سیفەتی بەد شوومی
پیلانی بۆ توانەوەن
بڕینی بۆ نەڕوانەوەن
ڕەفیقم دۆستم یارانم
خەمڕەوێنی هەیارانم
هەتا خەیال دەکەم ڕەجاو
دیمەنی دەبینم بە چاو
بزەی دەمی خاڵی لێوی
بەرەو خلیسکان دەبزێوی
کەچی لە دەرکەی دەڕوانم
سێبەرە نایەتە ژوانم

1998/6/20
لیڤرپۆل سیدنی ئوستەرالیا

(تاڵو سوێر)

ڕەفیق لەکویی؟
گوێچکە هەڵخەی
لە هاواری دەروونی دڵ
بارستایی دەیان خەروار
هەڵدراوەی خۆیانی گڵ
خەمو دەردو حەسرەتو کول
کوامخابن وەڵامدەری
دۆخی سەختی پرسیارمە
کوا؟دەنگی هەڵبڕاوەی دڵ
لەو هەریمە
سێبووری دۆستو یارمە
نانا هەرگیز نانا هەرگیز
بەرەو خوارووی لوتکەی تەمەن
دەڕۆم وەکوو بەردی تاوێر
بە چاوی دەمۆلەق وەستاو
بەرد بژێری بیرەوەری
دەتاڵو سوێر
بەگوڕ دەخەمە ناوکەوە
کەچی نەشەماڵ هەڵدەکا
نە ئانیشکی تیشکی گزنگ
شەق دەکا ئەم نیوە شەوە؟

23 ؟/2002/3شارۆچکەی گاتن،کویزلەند .ئوستەراليا

(گەلاوێژی1361ی هەتاوی)

هات گەلاوێژ ڕۆژی شادی
دەستەچیلەی ڕێی ئازادی

کاتێک ڕۆژ بە شەو پێکەنی
جلی ڕەشی لە بەرکەنی
سامالْ وەکوو زێوێکی قالْ
لە دوندی ئاسمانی خەیالْ
هاتو پەڵەک ڕەشی ڕاکرت
باوەشی بە زەویێ داکرد
لە سەر ترۆپی کێوەکان
ئاسۆی بەختەوەریی‌و ژیان
ئەنگووت لە ناوچەی کوردستان
باوەشی تێکۆشەری گەل
زالْ بوو لە سەر زەوی ئەمچەل
سی‌و هەشت سال لەمەو پێشتر
پێشەوامان ڕۆڵەی نەمر
ئەو ڕێبەری کوردوو زانا
حیزبی دێموکڕاتی دانا
باخومەینی باش بزانی
کوشتن، تەبعیدو زیندانی
بۆمبارانی دێهاتو شار
ئاساری خوێنرێژی خوێنخوار
پیشگێری بەتۆبزیوو زۆری
یاساخی وەزعی ئابووری
بەرگری لە خەبات ناکا
ئیشی حکومەت چا ناکا
تا،تاکەکوردێک وەمێنێ
بێ‌و ئاسەواری بڕوێنێ
بێ وچان ڕەو ڕەوەی خەبات
دەڕوا بەرەو ئاسۆی نەجات
ئەمڕۆ لە ژێر بۆمبای دوژمن
قیژەی منالْو گریەی ژن
جەژنی گەلاوێژ دەگرین
بۆکورد دەژین‌و دەمرین
لەگەل ئیوەم ڕۆڵانی گەل
مەهێڵن لە دەست بچێ هەل
ئیوە هەموو باش دەزانن
هەموو خەڵکی کوردستانن
ڕۆژ نییەکورد شەهید نەدات

ڕوژ نییە ڕەو ڕەوەی خەبات
سینگی دوژمن پێشێل نەکا
ئالای سەربەستی هەڵنەکا
ڕۆژ نییە دێوی جەماران
نەنداتە بەرگوللەباران
ڕۆژ نییەکچی شۆڕشگێڕ
ڕۆژ نییەکوڕی خەباتگێڕ
دەستە دەستە ڕم نەکرێن
بە گوللەی دوژمن نەکوژرێن
چەند هەزارمنداڵی ساوە؟
لەو کوردستانە کوژراوە
هەستن با ئالا هەڵگرین
ئاواتی دڵمان دەر بڕین
خەبات ڕوکنی ئیمانن بێ
هێزی ملو سەرشانن بێ
دەزگای زاڵم بڕوخێنین
ڕیشەی ئیستیبداد دەرێنین

ئەو شێعرە زۆری لێ کەوتووە هەرهێندەم لەبیرماوە
ناوچەی سەرشاخان/ 1361هەتاوی

(هەتلە)

من تەرم هەتلەم پەڕیوەم دەرکراو
کوردێکی بێ زیدو مەزلووم بەشخوراو
من نە سۆفیو شێخو دەروێشو مەلام
من نە هۆگر بەوکەسانەم بێنە لام
ناتراشم من لەشەخس ڕوخساری بووت
نەگوزو گومبەت نەقەت لووت وبزووت
ئەوکەسانەی بەدرۆ زاهیدی خودان
ئەوکەسانەی بەدرۆ لاگیری گەدان
ئەوکەسانەی بەدرۆ هاوفکری خەڵک
ئەوکەسانەی بۆنە حەزیاوو کەڵک

ئەوکەسانە چەند ڕەگەو چەندگیانەنە
ئەو کەسانە نۆکەری بێگانەنە
چەندە شل کەم گوێچکە بۆ خۆیی لەخۆ
چەند ببیسم دەنگی چەوتی کوندە بۆ
کات ژمێری عومرتێپەڕ بوو لە شێست
چەنگەکم ئێستاو لۆچێک ئێسکو پێست

97/3/18
لیڤرپۆل سیدنی ئوستەرالیا

(ئاوی ئەوین)

پیرمو نەمماوە گوردو هێزو پێزی پێی بڕست
یادی ئەوسەردەم دەکەم بۆ دەنگی بەرزو دەستو مست
کوا؟ لەکوێیی ئەی ئەوکەسەی ڕازاوەیی بووکی خەیاڵ
تامی تامەزرۆی  مەزەی ئاوی ئەوینت خستمە پاڵ
دەی وەرە فەریام کەوە خەونو خەیاڵی دورە دەست
بەڵکۆ بێتو جارێکی تر دەربڕم بەم هۆیە هەست
مەستی ڕووی تۆمە بە پیری قاپی تۆم مەیخانەیە
با بەخۆشی یەکدی لێکدەێن بەژنی ئەو پەیمانەیە
2001/1/16
شارۆچکەی گاتن،کویزلەندئوستەرالیا

شێعری ئازادی ژمارە-1-

ڕەفیق لەکوێیی؟
قۆندرەکەت
لە ناو لیتەی قوڕوو چڵپاو
جمگە جەماو
لە دێ یەکەی، کۆل بەدارماڵ
بیرەوەری

لە کەپری بن تاقەداری
جێگای سارداو
کە ئێواران پۆلێک کیژی
دەست بە خەنەی گۆزە لەشان
بە جام لێیان هەڵدێنجا ئاو
چەند بەتام بوو
قومێک لەو دۆ کوندەڵانە
لە ماندوو بوون
خەونۆچکەی تارمایی خەیاڵ
دەمباتەوە ئەو شوێنانە
کە لە دەست چوون
لە بن گوێم دێ
دەنگی جریوەی پاساری
کۆڵانی گوندی
هەنگاوی بەگوردی زاوا
لە شەو شەق بوون
زەردەخەنەی دەمی قەندی
لە بن تارا بووکی حەوتوو...
دەشکینێ لە چاو دەقی خەو
هەستی چرپەی ماچو سرتە
زرمەی بارانی بە ڕێژنە
زریزەی فرمێسکی گوڵان
لەرەی ئاونگی دەچڕوو
دەمباتە چەختی ئاسمبەر،
قووچی قەزەن،
کانیێ حاجی،
جڵەوگری کێوی شەرگە،
بەرپاڵی دە دۆڵی قۆزلوو،

دەسگیرانی قسەی دڵم
ئێستاش تەیری ئەو شوێنەیە
لە هێلانە شەتەک دراو
نهێنی دڵ هەزار هەزار
لە ناوکوپەی شێعرەکانم
دیزە بەدەرخۆنەکراو
جەمەد بەستوو

ئیستا دەڵێم:
سەت سەت وێگڕا
چەکمەڕەقی مورو ئەژمێر
لەو مۆڵگە شەو نابێرە دا
دەست کورتوو کوێر
چەک کراوی کەڕامەتی مرۆڤاتی
خۆ پێ نەکورد، یانی نەوێر
لە قاپی نەیار وەرکەوتوو...
بە سەدەقەی خۆڵی بەرپێی
کالۆشی ئەو جۆتیارانە
بە قوربانی مەردوو ڕەندیو
ساویلکەیی ئەو خەڵکانە
دڵو دەویان وەکوو یەک بوو
ئێستاش بێ گومان هەروانە
لەو دێ گچکە لاپەڕەدا
ناوی بەخێر دڵ وا لە دوو

2002/5/15
شاروچکەی گاتن،کویزلەند ئوستەرالیا

وڕینگەی دۆستێک

سەرم کوێستانی تۆڕێ
دڵم گوندی کانیەڕەش
زستانان بەتەمو مژ
بەهاران سەرسەوزو گەش
دیمەنی زینو شەمام،
شاییو هەڵپڕکێی هاوبەش
بەزەینم داتێپەڕبوو
سەڵا لەخۆمی بێ بەش

شارۆچکەی گاتن،کویزلەند،ئوستەرالیا

(هاتنەوە بیرێک)
گاڵەیەگۆڵەی دڵپاکان
تاکو تەڕا لە لاو چاکان
نەگلاوی زستانی خەمن
تروسکەی تارمایی تەمن
بەدوای بای وادە دا وێڵم
تەمەن کورتە بەجێو دێڵم

2001/4/20
گاتن،کویزلەند

ئالەکۆک

خۆشی ئەوندە بوو چێشتم ڕامبوارد تاوێ
بڕخسابوایە هەڵو مەرج،دەڕۆیشتم تا وێ
ئەو شەوانەی بە سەرخۆشی لێم تێپەڕبوون
ناگەڕێنەوە بۆم هەرگیز،گوتت بەهەشت کوا وێ
موحەنەکی زینکراوی حەدودم بۆ بێنن گەلۆ
خەیاڵ هەڵیگرتووم چ لێکدانەوەی پێناوێ
مخابن بۆ ئەو چاخانەی بەلاش لێم تێپەڕ بوون
بەحەسرەتی ئانیشکی گزنگی ڕوونی هەتاوێ
دراو، کەسایەتی، توانا،ناتوانێ جێگری دڵ بێ
ئاڵەکۆکی بن کەوی بەفری کوێستانم گەرەکە،کوا وێ؟

ڕیکەوتی 2001/9/8
شارۆچکەی گابن،کویزلەند.،

(خەونی گەڕانەوە)

دەگەڕامەوە وڵات شەو لە خەو دا تەنیایی

لەگشت کۆڕو کۆمەڵ داشین بوو لە شوێنی شایی
زوانی حەقخوازی کورد،دەرهاتبوو لە پاشکەسەر
ژاریان بەدەم وەکرابوو خوازیارانی فیدایی
گوێزینگ هەموو شکابوون بە نووکی سۆلی زاڵم
نوخای پشتی نەبەزان هەڵبڕابوون ئاسایی
فەرمانڕەوای دەحاکم دزوو، چەتەو، ڕێگر، بوون
ئەوانەی خۆ دەنوێنن پەروەردەی کیبریایی
خەڵکان بەرەوپێش دەچوون بۆ هاو ڕێزوو یەکیەتی
ئەوان لە پاشەکشە بوون بۆگەڕانەوە دوایی
لاپرەسەنی دەناو شار ببوونە داشە هارە
شێوازی دۆستایەتی سەرجەم ببوو ڕیایی
نەخرمەی بازنەی مەچەک نە زریزەی دەهەیاسە
لە بەرۆکی کێژۆڵەی چاو بەڵەکی ئاوایی
نە زەردەخەنەی یاران لە دوو دەریی‌و شانشین
نەو بەژنە زراوانەی شینیان دەکردە شایی
نە ئەو دڵە خورپانەی،لە دیاردەی شەوی جێژوان
نە لە ڕخ بەردی پاڵێن هەنگامەی لە خۆ بایی
نە ڕاوچی دەبەناو بانگ لە ترۆپی دە بەرزایی
تەنیا ئومێدێکو بەس، ئەویش نەسلی دواڕۆژ
سەرهەڵدانی کوڕانی نیو سەدەی چەرخی دوایی

ڕیکەوتی 2001/8/1
شارۆچکەی گاتن،کویزلەند،ئوستەرالیا

(خۆزیا)

جۆزیا نەبواینە وەرگێڕکەی ئەو چوار دەوڵەتە نگریسە
جۆزیا تێگەیباین نەزانی بەڵایەکی چەندە پیسە
خۆزیا داری مەدحو سەنا لە بنو ڕیشەوە بڕابوا

قەبەی کەسایەتی کوردی پێڵاوی لەبەر دڕابوا
قسەی نەپاڵاوتراومان بەگەرۆدا نەهاتبوایە
بەدەم دەمامکە خنکابوائەو وتەی لەوتن نایە
فیتی سیاسەتی نەیارڕاستەقینە لێ ون کردن
بۆ دووره پەرێز لە ئامانج ئەتڵەس لێ سەروبن کردن
سڕینەوەی مەوجودی یەت لە پێناسی بالغ بووندا
خەتی پووچەڵ بە زیندویی بەسەرچاوگەی زیندوبووندا

2001/10/9
لیڤرپۆل،سیدنی ئوستەرالیا

(گردکاشان)

کەتە پەزێک لەگوندی مە
لە داوێنی چیای (دزۆک)
بەرەو بەرزایی هەڵدەکشا
سەرە شوانێک لە (دووبەندان)
قەفی گۆچانی لە قۆڵدا
بە تاڵۆکە تێدەپەڕی
شوتکی بە،بەر پێدا دەخشا
چەند ڕەشماڵ لە پانکەی (گۆلاو)
لە سەرکانی لە نزاری
منارەی سەریان دەدروشا
پێنج شەش ئیشقی تفەنگ لە شان
ببوونە گۆترەی چاوو ڕاو
شەویان شەق دەکرد لە پڕا
لە ئەشکەوتی پشتی دەراو
دونیاکپو بێدەنگو هەست
ئەوان خەویان نەدەچوو چاو
جێ شوێنی وان
سەنگەری وان
شەڕو تێکهەڵچوونو قەیران
لە ئاوایی ئەوگوندەدا

ببوولاوکو بەستەو حەیران
بیست سال دواتر
کچی شیخی، وەجاخزادە
نیوە شەوێ
لە چاوترسان
بۆ پاکانەی مێردی سەیدی
لە بەر دەرکەی تاوڵی خۆیان
ڕایخستبوو ئەو پشتێندی شاڵ
چەند ساڵ دواتر
هەرئەو کەسە
بوو بە سیخوڕ
کەرامەتی مرۆڤاتی گشت لێ تۆرا
کەسایەتی لە دەستی دا
شەو بێ هەویە لێرەو لە وێ
بوو تیغەڵەی دەستی خوێڕی
قەمچی زۆردار لە دەستی دا
دوور لە بەژنی خەڵفی ڕاستی
خێچو خوار وەک داری کرمۆڵ
دەستی نەیار لە دەستی دا
2001/10/21
شارۆچکەی گاتن ،کویزلەند،ئوستەرالیا

شێعری (ئازادژمارە2)

کوا ئەوانەی ؟
کە پێم وابوو
بەبێ وان تاوێکی ناژیم
کە وا عومرێ لە تەکیانە
لە تاڵو سوێریانا ژیم
کەچی ئێستاش لە دوای
عومرێک، جەفاکاریان
دڵم نایە
لە ناخی دڵ بەتاڵیان کەم

کەچی کەکرەن!
بەڵام ناکرێ
لە پاش عومرێک لەتێکیانە
بە تفتو تاڵی سەرکۆنە
لە ناو ماڵی کەوانیان کەم

2001/5/15
شارۆچکەی گاتن،کویزلەندئوستەراليا

گەند

سوڕی دەوران سەری هەڵنا بە گووشم
گوتی عەیبە کە عەیبەی دا بپۆشم
پەژیوان بووم لە وەی ویستم بنووسم
خەجاڵەت باری ڕاوێژوو بنووسم
کە ڕوومەت قورمی تێ وەستا، وەکوو قەل
مڵوو مۆی گەند ڕەپاڵی نا بەرەو کەل
بەرۆکی ڕیخنی شالوورە ڕووگەی
دەبێتە دەستەمۆی نەگریس لە سووگەی
ئەمە مێراتی کۆنی داڵی ڕێیە
لەکوێ گەندبێ بنیشی وی لە وێیە
بە بادمجان ئەوەی بوونۆکەری خەڵک
بە بەرلۆخە دەبێتە هاو دەمی کەڵک
دەبا تۆش باوەڕم بە قسە نەهێنی
لە گەڵ من دەچنە بن گڵ زۆر نهێنی

2001/8/1
شارۆچکەی گاتن،کویزلەند ئوستەراليا

(تێگەیاندن)

کوا ئەوانەی؟ دەمپەرستن

سەریان قورئانی سوێندم بوو
ئایەی دەمیان، سیلەی بزەو
نیگای چاویان
وەختو بێ وەخت
ئەلفو بێتکەی، دەخویندنم بوو
کوا ئەوانەی؟
سەت جار، سەت جار،
دەستیان بە قورئانێ دادا
هەرئەوانە لە پاشملە...
چۆکیان بۆ سەرکۆنەم دا دا
بەڵام ئەمن
ئێستاش، ئێستاش
لە دوورترین نوختەی دونیا
دەلاقەی دڵی بچووکم
سەرجەم، جێ قاپی عەکسیانە
ئێستاش دوو چاوی چاوەڕێم
هەر بە تەمای
ژیانەوەی بیرەوەری
ئەو چاخانە

2001/5/23

شارۆچکەی ،گاتن.کویزلەبد،ئوستەرالیا

(چۆلەکەی خەم)

دوازدە ساڵە دوورمو نەمدیوە ڕووت
چاوەڕوانی ڕووگەتم لێم بۆتە بووت
شەو نییە نەمباتە بازێڕی خەیاڵ
سەرگوڕەشتەی سەر بەمۆری ناوەبووت
سەیرە، بێ تۆ، چۆن ژیاوم، چۆن ئەمن
من کەسێک بووم ڕۆژوو شەوگاران لە دووت

بیری بەندیخانەو پاشین لە بەند
یادی ڕسکانی گوڵی ڕەخساوی ڕووت
چاوی شینت، پێکەنینت، ڕووی گوڵت
یادی لاویی‌و ئازەبو ئازادە بووت
ڕیی کەرێزە، ناوچیا گەشتی دەمت
باخی سێوی سینەوو سەیرانی ڕووت
خۆزیا نەمدیبایە کۆشکی هەدەران
خۆزیا نەم بیسبایە ئەم دەنگە لە سووت
گەشتی ڕووم کردی لە ئاوێنەی خەیال
چۆلەکەی خەم بوویی‌و بازی دڵ لە دووت
2002/5/27
شارۆچکەی گاتن.،کویزلەند،ئوستەراليا

ئۆخەی لاوی

ئۆگری سەردەمی لاوی
فرچک گرتووی بەزم‌و شایی
نە چاو کراوەی چ کۆڕێک
نە تێگەینی شەرمەزاری

ئاشنا لەگەڵ تێگەیین
نامۆی ئاقڵی کاڵی کردم
بە هەتڵەبوون لە خۆلیایی
تووشی داوی داڵی کردم

خۆزیا هەبوا گەڕانەوە!؟
بۆ سەردەمی ناحاڵی بوون!
رەفیقانم، ئازیزانم،...
لێم تێدەگەن! لێم حاڵی بوون!؟

2001/10/17شارۆچکەی گاتن،
کویزلەند،ئوستەراليا

(بۆکۆرپەیەک)

سەدخۆزیا وەک تۆ منداڵ بام
وەک تۆ بەدور لەخەیاڵ بام
لەناو لانکۆڵەی خاسەڕەنگ
نوستبام کڕوو ماتو بێدەنگ
وەک تۆ فکرم چکۆڵە بوا
ئاواتم هەر مەمکۆڵە بوا

ورمێ،کوردستانی ئێران
1990

(دینداری)

دەینداری دەستی خۆمم
دەستی داگیرکەریان نەکوشی
سوپاس بۆ هەنگاوەکانم
بەرەو ماڵی میری نەخوشی
زوانەکەم ڕادەمووسم
کەقەت دوو زمانی نەزانی
بەرژەوەندی بەدەر لە کورد
تێیدا نەخستە سەر زوانی
سوپاس لە بۆ چاوەکانم
نەیاندی لە جوانی بەدەر
مەمنوونی سەرپەنجەکانم
ژەنیویانە بۆ ڕاستی هەر
ئەوەندە کە خۆم دەناسم
بەشم زیندانو جەلە بوو
ئەوەند کە بیرم بڕی کرد
بێزم لە لالۆ قەلە بوو

که خوایه بەلاوی وا بووم
بە پیری مەمچەمێنەوە
چۆن دەتەوێ با وا بمرم
ژیوەڕۆم پێ مەهێنەوە
2006/1/4

## گەردەلوول

چاوەکانت جووتە ئاسکێکن، لە نامۆ سڵ ئەکەن
کوڵمەکانت ئاگرن، ئاگر لە دڵما هەڵ ئەکەن
لێوەکانت وەک پەڕی گوڵ، ناسکو شلکو شەقن
تا بە خەندە دێن دەپشکوونو لەدەمتا گوڵ ئەکەن
هەنیەکەت بازگەی خەیاڵی تاسەبارانی ئەوین
ڕێ لە بۆ کازیوەدانی شەونخونان کل ئەکەن
بسکەکانت وێنە ئاڵان،کەسکو ئاڵو زەرد سپی
ئەکتەری فیلمن لە لاجانگ،شیوەیی سەنبوول ئەکەن
کەزیەکانت ڕووی تەنافو بەندو سێدارەن لەلام
ئەو لە مێژووی کوردەواری ڕیی خەبات کامڵ ئەکەن
گەردەنت شووشەی گوڵاوی نیشتمانی خۆشەویست
کە شەهیدانی وڵاتم لیێ مراد حاسڵ ئەکەن
مەمکەکانت جووتە کارگێکن لە پانکەی کێلەشین
وا لە بن بەفراوی باڵات شەرحی ئاوو گڵ ئەکەن
بەژنەکەت دارێکی سەوزی پڕ لە سەر کۆتری خەیاڵ
بەو هەمو بۆچوونی جیاواز ڕوو لە قوبڵەی دڵ ئەکەن
من کە پەرداخی دەمم پڕکەم لە مەیخانەی دەمت
چیم لەوانەی دوورە پارێز خۆ لە مەی خافڵ ئەکەن
من بە فیدراڵی دەمی تۆ سەربەخۆییم دا لەدەست
تا گولۆکی چوار کەنارم بەرمزە تاوڵ ئەکەن
ئەو هەیاسەو سلسلانەو پلپلەی پاوانەکەت
بۆ مەڕامی سەر نەگرتووم نۆکە گوێچکە سڵ ئەکەن
تۆ لە ناو چێرۆک هەنارو من لە پشتی سەحنە مەل
تەێری هەستو سۆزی ئیشقم ئەفڕنو چڵ چڵ ئەکەن
وەک دەڵێن گەرگیان لەپاش مردن بەرەو لەش داگەڕێ
بێ گومان دانیشتووانی دێن لە مەستیم گوڵ ئەکەن

هەمهەمەی دەنگۆی حەرامی مەی لە دەم شێخو مەلا
لات وەکوو ئەفسانە وابێ لەش بە مەی بیسمیل ئەکەن

2005/12/22لیڤیرپولسیدنی ئوستەڕالیا

بەهاری ئازادی

با دەمی خونچە لەگوڵشەندا شەواوی تێکەوێ
با پڕیشکی دەنکە دەنکەی ڕووی گوڵاوی وێکەوێ
ئەو بەهارەی کوردەواری سەت بەهاری لێکەوێ
دەنگی خۆشی بولبولو قومریو قەناری تێکەوێ
ئەو بەهارە چەندە خۆشە بۆنی سەربەستی دەدا
هەرگوڵێک دێو دەپشکوێ ڕەنگو ڕووێ مەستی دەدا
خانەقاو تەکیەش بە جارێک هەڵگڕاوەی شادییە
تەیرو تواریش دەنگ هەڵێنانیان گڕۆی ئازادییە
خۆش بە سەرخۆش جارێکیتر کوردەواری هاتەوە
هەڵدرا بەیداخی کوردی بەو پەڕی ئاواتەوە

کاتێک ڕیژیمی خوێن مژی سەدام بەهیزی نیزامی ئامریکاوئینگلیزڕوخاندرا،2003/4/27شاری سیدنی ئوستەرالیا
-----------------------------------------------------

(تکەی ئەسرین)

لاوەتی لێم ون بووە دەردی دڵم ئینشا دەکەم
دێم بە پیری دێم،لە پیری خۆم بە دڵ حاشا دەکەم
چاوەکانم با نەبینن گوێچکەکانم نەشنەفن
من لەگەڵ هەستو خیاڵم گوفتووگۆ بەرپا دەکەم
زەنگوڵەی دەنگی لە بن گوێم زەنگە زەنگی دێ دەڵێ

سەت فرشتەی عاسمانی دەستو جێ شەیدا دەکەم
ئیدی"هایدە"نەمردوە زیندووە هەر وا لەلام
نە"مەهەستی"نە"شکیلا"گەر "مقام" داوا دەکەم
ئەو چریکەی عاسمانیت دڵ بەرەو گەنجی دەبا
ڕوو لە پیری وەردەگێرم نوێژ بەرەو تارا دەکەم
شێفتەی نارەی قورینگی دەنگی تۆمە "نازەخان"
بەو جلو بەرگی هەژاری شێوە لافی "شا" دەکەم
من کە دەنگی تۆ دەبیسم شێتو ماخولیا دەبم
کێو بەکێو دەریا بەدەریا پشت لە ڕۆژئاوا دەکەم
من وەدەستی تۆ دەدەم بەیداخی کوردیم پەرچەمت
حورمەتی تۆیە دەنا من دەست لە مل ئاڵا دەکەم

پێشکێش بەنازێ ئازیزی هونەرمەندو دەنگ خۆشی مەهابادی، شەوی نەورۆزی سالێ 1358ی هەتاوی بەرامبەری 2006ی زایینی ئوستەڕالیا.

(گوڵ فرۆش)

ئەی گوڵ فرۆش گیان گوڵ فرۆش
ئەی دەم گوڵی گۆنا ئاگر،
نازانم کە گوڵ دەفرۆشی
چی پێدەکڕی لەگوڵ چاتر

گوڵو بەژنی ناسکو تورتی
ئەتۆ لەشی هەڵپێچراوت
گوڵو بۆنخۆشی دەمو ڕووی
ئەتۆ بۆنی بسکی خاوت

بەهارو بۆنی عەتری گوڵ
بەهاری لاوەتیو جوانی
هەر دوو شەمامەی دێراوێک
بۆم لێک ناکرانەوە جوانی

ئەو پشکووتن تۆ پێکەنین
ئەو ناسکیو تۆ نازداری

هەردوو ڕەنگو بۆو هەریەکە
لەکاتی مەستیو هوشیاری

ئەگەرگوڵی پشکووتووی باخ
بۆتە چەپکی دەستی جوانان
گوڵی دەمی نەپشکووی تۆ
کەوتۆتە سەر زارو زوانان

ئێستاش گوڵم بەیادی تۆ
گوڵ دەچنم بولبول دەخوێنم
کە تۆ لە وێ گوڵی من بێ
من واز لەگوڵ فرۆش دێنم

ئوستەرالیاشاری سیدنی لیڤرپۆل 2005/8/11

(ئێستاش)

نۆکەش وەکوو پێشووگوڵم، هەرساڵبڕ یادد دەکەم
یادی خەمی دوورو درێژ، ئەو ڕەنجی بەربادد دەکەم
قۆڵباخی دەستت دەم بە دەم،شەرحی کەلەبچەم بۆ دەکا
یادی دووچاوە شینەکەی بێڕوحمی جەللادد دەکەم
نەخشینی نەخشی کوڵمەتە، نەخشی ژیانم سەرجەمی
بوخەم گەڵاڵەت داڕژاند، هاودەنگی فەریادد دەکەم
هەرگوڵ دەزانم، گوڵ،لەشی بۆ ناسکی وەک تۆ دەچێ
بۆیە بە گممەی کۆتری، ئاو دەنگی فەرهادد دەکەم
بۆنی شەمامەی باخەڵت مەستم دەکا لێرەش ئەزیز
بۆ مل کەچی خۆو زوڵمی تۆ هاوار لە بێدادد دەکەم
تێنووی شەڕابی لێووی تۆ،سپڵە نەبێ وەک من دەبێ
قورسە ئەمەکناسی لەلام، بەو هۆیە دڵ شادد دەکەم
ئێستاش لە بن دووگویچکەما،ئەزرینگێ ئاهەنگی دەمت
ئەو دەم بە هێما ڕادگەیاند لەو بەندە ئازادد دەکەم

شاری سیدنی گەڕەکی لیڤرپۆل 2004/8/3

(ڕاپەڕە)

کوردە چی دیکە خۆ مەگنخێنە
لە دەس خۆت مەدە ئەو هەلە بێنە
هۆگانی زەوێت چەندگاسنەکرد
تۆی بە دڵنیا تێدا وەچێنە
جۆتیاری مووچەو پاڵەی سواڵت بە
لە تەڕاویلکەی نەیار وازبێنە
ئەو دارکلاوەی نیری کۆیلەتی
بەرگری تۆنە تێکیان بشکێنە
سینگت بۆ دوژمن بکە بە قەڵخان
بەر پەرچ دەرو خوێن تێچڕژێنە
هەیبەتت گوردت سامت بەردەوام
گزەگۆڕکەروو دەهۆ تارێنە
هەڵبڕە دەنگت تەژی بەگەروو
خەونی ئازادی تێدا بڕوێنە
هەتا کوو وەکوو گەلانی عالەم
بیری سەربەستیت بخرێتە وێنە
ئالای ڕزگاریت بلەرێتەوە
مافی چارەنوس بالا نوێنە

لیڤرپول سیدنی ئوستەرالیا 2004/4/18

(ڕەفیق لەکویی)

سەرهەڵبڕی دنیا هەژا
سەروبن بوو بەروپشتی
کاخی ستەم
قەڵای جەلاد
کۆڵەکەی دوکەڵە فەزا
گزنگی ڕوژ وەدەرکەوت
جمگەی جەمامی کوشی
لە بن هەریری پەشتەماڵ
بە مشتو ماڵ
بە تیف تیفەی دەسی ڕەزا

کوتکی عەڕش وەگەڕکەوت
لە بانی بەرزی ئاسمان
بە هەڕەمە
گەوەی بە دوای یەکدا بڕی
بەکردەوە
نهم بەندی ڕووی چەنبەری
زەوی دڕی
داکەوتە سەرقەڵای زوڵم
خمی خزا
ئەوهەی لە جمجەمەی بەشەر
قەڵاتو کۆشکی بردەسەر
وا بە فیزو بادی هەوا
بە چلورە نۆچەی دەبەزاند
ئێسکی ڕوح تێدای دەڕزاند
بە سەیاقە نوتفەی دەبەست
هێشتا پشتی دەستی دەگەست
بە شانو مل وەکوو وەرزا
زەبەلاحێکە بە چەغە
تارکراوە خوێڕی خوێڕی
داڵان داڵان
ئەم دەرک ئەو دەرک

کەوتۆتە داوێن پێدزە
ئەمڕۆ شەوی بەدکارانە
دواڕۆژی ڕووناکی وانە
ئەوانی قەمچیان لە دەست بوو
ئەوەی کوشتنیان مەبەست بوو
ئەوهەی ئەنفالیان ڕاگەیاند
حەڵەبجەیان لە خوێن گەوزاند
چوار هەزار گوندیان کاول کرد
مەرگو ژینیان بەراوردکرد
ببوونە کەوی دەست ڕاوچی!
خۆخۆری خۆیان بوون بۆچی؟
بۆ ژەمێک نان بە قوزەڵقورت
تەمەن درێژوو شەڕەف کورت
دەبا بچێژن ڕێی سزا
با هەڵگرنەوە بەرهەمی
چەوتیو بێدادیو بێڕەزا

مزگێنی بێ لە تۆ شەهید
ئەی شەهیدی ڕێی نیشتمان
ئێستا لە خوێنی پاکی تۆ
دڵنیات ئەکەم بێگومان
کۆشکی بەرزی کوردەواری
بۆنی گوڵاوی خۆڕسکی
لە چوار ئاقار لێدە باری
سا بێتە سەرلێوت بزە
بدە لە قاقای پێکەنین
تەژی بە دۆڵ
نەیار بەزا
دوژمن تەزا

زۆمپی عەڕش
لە تەشقی بەرزی عاسمان
وەک ئەستێرە هات ڕاخوشی
گەوەی بە دوای یەکدا بڕی
نۆهەمبەندی ڕووی چەمبەری
زەوی دڕی

داکەوتە سەر قەڵای زوڵم
خمی خزا
وەرن وەرن تەماشاکەن
لێی بڕوانن
ئەمە پەیکەری جەلادە
بەدەم سەرە شەقی خەڵک
لەکووچەو کۆڵانو شەقام
بەبێ پێناس ڕەزاگران
لە ژێر سزا

با حاڵی بن لێم تێ بگەن
ئەوهەی نۆکەش داگیرکەرن
ئەو دێوزمە چەنگ ڕەشانەی
لەو دیوی سنووری دەستکرد
بە هەڕەشە
بە بەرزاییو بڵیندایی
ڕووناهی هەوی دەوڕن
لە ناخی پیسی ئیفتیزا

وەکوو سەدام
وەکوو عەلی حەسەن مەجید
هیوایان بە ڕەشەکوژی
بە خاپۆر بوون
بە چیمەنتۆی کانیاوی ژین
تەماڵیان بەهەوری ڕەشی
گازی خەردەل هەڵچنیوە
لە خوێن ڕژاندا شارەزا

ئە ئەو شەمشەمە کوێرانە
کە ڕووناکی گزنگی خۆر
ئەلەم کۆوو کەهکەشانە
لەکونی زەنگیانە دەبینن
دەبا بکەونە بەرکوتکی
ڕەوەز ڕووخێنی ورەی خەڵک
ئەو خەڵکەی خوێن لە دڵ ڕژاو
بە جەزرەبەی زاڵم چرژاو

دوور لە چاوپۆشی لە بەزە

کوانی عەلی حەسەن مەجید
بۆی وەشی کەم مانای وشەی
تۆڵە چییە
داش بە داشە
چی چاندووە بدرویتەوە
لە بەرهەمی بەرو بووی خۆی
زەلکاوی جنایەتی ڕەش
دارشتنی پیلانی تاڵ
تەژی لە فێڵ کەڵەک گزە
بەلینگە فرتەی نادیاری
کە هەنۆکە
ناو تڵینگی دوولینگانەی
ڕێوی توولەک
بۆتە باری
بەکوتکی هەڕەشەی سزا

هەر وەک مێشکی عودەو قوسەی
تێدا لە هاوەنگدا هاڕی
سەدام حوسێن
لەکام گەڕەک لە حاشاردا
باحاڵی کەم ئەوملهوڕی
دەم خوێناوی
حەزیای دووسەری ژەهراوی
کوتکی تۆڵە تاراندویە
لێی دەرناچێت
بوز ناخوا تێیدا دەستکاری
لەجی کۆشکی دانیشتوونە
جوامێری بەرەی گەش بینان
بەژن بەرزانی پێشکەوتە
لە خەم ڕستووی دەبێداری
ئەوان تاعوون سەرکوت دەکەن
فێنکایی دەخەنە ولات
نەجات بەخشی میللەتانن
دابین دەکەن کوردەواری

با پێکەوە سەرهەڵبڕین
بۆ بن میچی عاسمانی شین
با پێکەوە دەبەر دەنگی
بەگوڕو تینو ڕق ڕۆچین
بدڕێنین سینگی ڕکەو حەستەمو
چەختو ڕەوەزان
بەخوناوی گوڵی سەربەستی
گوڵاو شۆرکەین
ڕووی نەبەزان

با چیدی ئاوازەی بەرز
قەف نەخوا پەنگ نەداتەوە
با ئەو دەنگە لە شێوو دوڵ
بەکۆ ئاوازە داتەوە
بێو بڕوا
پەیامی ئەو خەڵکە دەری
بۆ شەهید مزگێنی بەرێ
کۆرپەی ئاواتمان گۆچی گرت
فرشتەی چارەنوسمان زا
دەبا وابێ دەبا بچێژن ڕیی سزا

با بدرونەوە ئەو تۆوەی
چاندوویانە لە خوێن ڕژان
دەبا مێشکیان لەتو پەت بێ
بەکوتکی تۆڵەی پڕلە ژان
دەبا سەرشۆڕی بۆ وان بێ
کەکووتە خۆری میری بوون
با هەر ڕوو ڕەشی بۆ وان بێ
لەکوردکوژی هاوبیری بوون

دەبا ئەو زۆڵە کوردانەش
ڕەگەڵ کەون
ئەوهەی بەکورسی دەسەإت
دەخوڕین لە بێروی سیاسی
هاودەستی قەساوی گەل بوون

به درێژایی مێژوو ناسی

من پیشمەرگەم
ئابڕۆی گەلم دەپارێزم
بۆ ئازادی بۆ سەربەستی نیشتمانم
بۆ رزگاری وڵاتەکەم
حەولدەدەم
کە چوار ڕوکنە لە ئیمانم
گیان لە سەردەست
لە پێناوی تێدەکۆشم بە دڵو گیان
(قەتیش ناڵیم پەژیوانم)

2003/5/15لیڤیرپول سیدنی ئوستەرالیا

(پیشمەرگە)
بژی پێشمەرگەی کۆڵنەدەر
گوندێنی دوژمنت دڕاند
ئەوەی کە بەشی خوارد بووی
لە سەر زەوی بەشت بڕاند
بە نارەتەی بەرزو هەراو
ڕازو ڕەوەزت ڕووخاندن
زنجیری کۆیلەتیت قەف قەف
لە شانو ملان پساندن
تۆ پێشڕەوی پێش قەرەوڵ
تۆ پێشمەرگە
لە ناو لەپی پۆڵای تۆدا
بەشی داگیرکەر هەر مەرگە

بە بەژنو باڵای تۆ بڕا
جلی جەوهەری جوامێری
نەترەبەری نەیاری گەل
ئازاو نەبەزو بوێری

هەرتنۆکە خوێنی گەشت
موقەدەسە کە ڕایمووسم
متفەڕکە خۆڵی بەری پێت
دەیکەم بە تۆتیای پێنووسم
تۆ پێشڕەوی تۆ پێشەنگی
پێش قەرەوڵ تۆ پێشمەرگە
لە ناولەپی پۆلاکەی تۆ دا
بەشی داگیرکەر هەر مەرگە

2003/4/29میری لەند سیدنی ئوستەرالیا

(نەکنەکێڵ)

کە مردیو جیابۆوە لە لەش گیان
کە هاتن نەکنەکێڵ بۆگفت لەگەڵ تان
مەکە خۆفێ بە کوردی بۆ دوانت
فرشتەن گەر، ئەزانن ڕێزوانت
ئەگەرگوتیان لە دنیا چیت پەرستی
بڵێ یەکتا پەرستیم کەوتە دەستی
ئەگەر وتیان چییە ڕەمزی شەهیدان
بڵێ ئەوهەی خودا تەوفیقی پێدان
ئەوەی گیانی لە پێناوگەل بەخت کرد
بە خوێنی خۆی کلۆو سندەیی تەخت کرد
ئەگەرگوتیان بە لەعنەت کێ دەکەی تۆ
بڵێ ئەوهەی کەکوردیان کرد قەلاچۆ
لە لای وەک یەکە خوا بۆخۆی دەفەرمێ
لەوە زیاتر نییە هانایی بەرمێ
عەجم بێ یاعەڕەب وەک یەکە لایان
لە خۆیانی پەسندکرد پێشەوایان
لەمە زێدە ئەوەی گوتراوە کووشە
لە درکانی کەچی کەڵ وا بە مووشە
درۆی زل بۆ مەلاکردییو زانی

نەبوو تاوانی حەوجێ بوو بە نانی
2003/8/5لیڤرپۆل سیدنی ئوستەرالیا

(فیرعەون)

تەکریتی فیرعەونی بەغدا
ئەژدهاکی قەڕنی بیست
ئەوکەسەی خۆی میرغەزب بوو
دەنگی جەللادی دەبیست
مەفرەقی کەلەسەری سەدامی
خوێن خۆرم ئەدیت
ئەم سەرو ئەو سەر شەقامی
شاری بەغدای دادەلیست
ئەوکەسەی کوردی قەڵاچۆ
کردوو ئەنفالی نواند
کاریکاتۆڕ بوو لە دەی ئاوریلو
ڕۆژی مارچی بیست
کۆشکی سەدامی کە ڕووخا
کوولەکەی ڕووحی سە بوو
ڕەجمی شەیتانی بووکردی
"بۆشی" ئینسان خۆشەوییست
هاتە بەرچاوم خەریتەی
کوردەواری سەرجەمی
گیانەکی تازەم وەبەرهات
ناوی کەرکووک، م کە بیست
هاتەوە باوەش وڵات
ئەو شارەکەی جێ مەوتەنم
بەو هەموو فیشاڵە بێژە
تورکی فاشیست چی دەویست
بالە داخو دەرد وەزکدەن
سەرجەمی داگیرکەران
هاتە دی تاسەم لە مەڕ

چواریەکی ئەوخاکەم دەویست

کاتیک بەهێرشی نیزامی ئامریکاوئینگلیزلەماوی بیست ویەک
ڕوژ ڕیژیمی گڵاوی بەعەس ڕووخاندراوە لە مەیدانی بەهشت لەشاری بەغداپەیکەری  سەدام حوسین بە تراکتۆڕ کیشرا خوارو
کەوتە بەرتف لێکردن  وەبەرپیلاقەدرا  2003/4/28

(کەرکووک )

شەو نییە نەتکەم بە چەپکی ڕووی گوڵی بۆنخۆشی باخ
ڕوژنییە نەتکەم بە مەی بۆ مەستو سەرخۆشی دەماخ
پاشی هەشتا ساڵ ئەوە ڕزگاری تۆ جەژنە لە لام
خۆم بە شا، ناگۆڕمەوە هەرچەند لەناو هۆزم ئەیاخ
داری ئاواتم گوڵیدا دوایی هات کۆیلەیەتیم
گەرچی من بێژم لە فیزە هەست دەکەم ئەمڕۆ بە باخ
فەخرە ئەمڕوژە لە بۆکورد وا لە مێژووی نیشتمان
بەرزەمی کردوە نەیارو هەژدیهای سیفەت چەڵاخ
شاری کەرکووک باوە گوڕگوڕ مەوتەنی  کورد هاتەوە
هاتەوە باوەش وەڵاتم  سەرفیرازو شانیداخ

مێریلەند سیدنی ئوستەرالیا 2003/4/29

(بەهاری سەرکەوتن )

خۆ ئەوە دیتم نەمردم هاتە دی ئارمانی کورد
هەڵدرا بەیداخی سێڕەنگی  بە دەست لاوانی کورد
یەک لە چواربەش نیشتمانم دەرکی ئازادی وەبوو
بۆ سوپای پێشمەرگە مانی تا ئەبەد لە ژیانی کورد

شاری کەرکووک باوەگوڕگوڕ خانەقینو مەندەلی
دوایی هات ئیترخەمو دەردو کولو زاچلانی کورد
پەرلەمانو دەولەتو لێژنەی وەزیرانو سوپا
ئاشکرای کردوە لە دونیا ئاقڵو چازانی کورد
ڕێبەرێکم بوو بە سەرکۆمار لە بەغدا نشتە جێ
ڕێبەری دیکەم لە کوردستان دەدینێ سانی کورد
ئەو سنورە دەستکرانە هەر بە فووکوێر دەبنەوە
گەر بە هێزکەێن یەکیەتی قەولو بەلێن پەیمانی کورد
سالی تازەی کوردییە نەورۆزە جەژنی کاوەیە
هەرلە سابلاخ تا جەزێرێ کەوتە بەر جێ ژوانی کورد
ئەو بەهارە پڕشکۆیە کوا لە تاریف دێ برا
داری مێژووی گەل گولێدا هاتەبەر لە ژیانی کورد
کوێر بێ با دوژمن بزانێ کوردە ئەڕۆ جەژنەتە
گەییە تەشقی عاسمانان ڕتبە، پایە ،شانی کورد
بەزمو ئاهەنگان بگێڕن چەپلەڕێزانی بکەن
باچراغان بێ دلی کیژوو کوڕو کەیوانی کورد

شاری سیدنی لیڤرپۆل2005/3/25

(نیشتمان)

نیشتمانی خۆشەویستم بێژە پێم چاوانی تۆ
لەو هەموو خوێنە ڕژاوە نەمدی من تاوانی تۆ
خاکەکەت ڕەنگینی خوێنی ئالو سوورە زێدەکەم
قەندیلو سامرەندو شاهۆن ئەوکەلە پیاوانی تۆ
خوێنی تۆ بوو، بوو بەلافاو دوژمنی خنکاند بەکۆ
ئەی شەهیدانی ولاتم ئەوهە بوو ئارمانی تۆ
من دەماوەر نیم دەنا ئەو باسە زۆری هەلدەگرت
بێشکەزاناو گەل پەرستو ئاقڵو چازانی تۆ
شاری کەرکوک، گیانی کوردە تاکوو زیندوون پێکەوەن
شانەشینی کۆشکی مێژووی کووردییە ئەزمانی تۆ
گەرچی گورگی دەم بەخوێنن چۆتە جەستەی کەولی مەڕ

دەست خەرۆ ناكرێ بەمو بەو ڕۆڵەكەی بابانی تۆ
دەستەواژی لێ پەڕیوەی سوێندەكەی ئەلجەعفەری
هەروەكوو خۆیتی لە دڵدا دوایی قاو گاڵدانی تۆ
بیری ڕەڵمی دەشتی قاقڕ كەوتەوە مێشكی عەڕب
هەربەڕبەی خۆی دەپێوێ ئەنجمەن ئەركانی تۆ
گەر بەكورسیلە كوڵو كۆی دانەمركێتن ئەمێر
بەردەوامی ڕێی خەباتن سەرجەمی ڕۆڵانی تۆ
پاشەگەزگەربێ لە سەرچۆپی گەڕی گەل بەربدا
پڕكری بۆشایی وینە هەڵگری پەیمانی تۆ
دەوڵەتی وا با لە بنیات هەرنەبێتن چاترە
خاكی كوردستان بكەێنە بارەگای دیوانی تۆ
جێگە بەستێنی خەباتن كێوو دەشتو پانەگۆڕ
هەرلە ئاگریداغ، مەهاباد،تا وەكوو بارزانێ ،تۆ
باری ئاكاری سیاسیو كۆڕی ڕۆشنبیری كورد
پەڕلەمانو دەوڵەتو خاوەن شەڕەف هۆزانی تۆ
یەكگری مەجلیسی حوكمو یەكدڵی هێزو سوپا
هەڵگری بەیداخی كوردی دەستخەتو فەرمانی تۆ
هەر بینا مزگێنی هێنا شاهینی سەرلوتكە كێو
هێڵی جوغڕافی گرێدا سەربەخۆ عینوانی تۆ
من بە كازیوەی گزنگی پەرچەمی كورد نەشەمە
تیشكی خۆری ڕۆژ هەلاتە ڕۆشنایی شانی تۆ
خۆشی تۆیە بەزمو ئاهەنگ كوردەواری خاكەكەم
سەرلە پێناو تۆ دەنیم من كوردییە ئەزمانی تۆ

سیدنی2005/6/23

کۆماری کوردستان

ساڵهاتی ڕۆژی كۆمارە، هەڵیكردوە شنە
چوارچراكەی جێ چەقانی، پەرچەمی كوردی منە
هەرهەمان ئالا كە دوژمن،پێی وەبوو هێناویە خوار
نۆكە دەیبینی لە بەرچاو فەرقی وێبو ئێرە چنە
خۆ كەڵە پیاوانی خۆیبوون، قەت لە مێژوو نامرن
ئەو هەلو مەرج هەڵبژێرن، گەرمرن ناویان ننە
پێشەوا قازی محەممەد، تانجی لوتكەی كێوەكان

ئەو سەرەی بێ تانجی تۆبێ،بێگومان ئابڕووی تنە
پێشەواکەم تۆ دلێری، پاڵەونی قارەمان
تۆی کە سینگت کردە قەڵخان، والە ئاست ئەم دوژمنە
تۆ لەکردن نایەکەی،سەردارەکەش سەرداری کورد
شێوە ئاخافتنت زراوی،دوژمنی کورد بردنە
من سەری کڕنۆش لە بەرتۆ،بۆیە هێندە دێنمەخوار
باری ئاکارەت بە سەرجەم، ڕێزلە میللەت گرتنە

2005/4/6شار
شاری سیدنی لیڤرپۆل ئوستەراليا

(سەدەی بیستو یەک)

هەتا دوێنێ هێتلەرێک بوو
لەم دنیایە
کەس ئیرۆیی پێ نەدەبرد
شەرمەندە بوو لەو خودایە
هەرملهوڕێک
سەرە ڕۆیەک یاخی بوایە
هەرشێتێک کەفی هەڵدابا
بە کەس بەرزم نەکرابوایە
یاکوو شەپۆلێک چەلاخ بوا
لەم زریایە
وەباڵی وبیان دەدایە پاڵ
پیروگەنجو لاوو منداڵ
هەرکەژێک ئاگری دەپڕژاند
هەرلافاوێک خۆی دەنوواند
هەرتۆفانێک نەدەسرەوی
تەفروو تونای دەکرد زەوی
بە سەرجەم هەموو خوێن ڕژان

کوشتارو شەڕ پێک هەڵپڕژان
پڕوو پاگەندەی بۆ دەکرا
بە ناوی وی ناودێر دەکرا
دەهات ئاسایش سەربەگریَ
مرۆ یەک لە باوەش بەگریَ
دەنگۆی ئەژدەهاک هاتەگۆڕ
لایەک زەنا لایەک شەپۆڕ
نەزان لە هەوی دەڕوانی
زانا کەتبۆ بەدگومانی
خاپەرۆک دەخزانەکۆشکان
دەماوەرلە بەند دەوشکان
جەرگەی خوێڕیلەو پڕو پووچ
قاتارەی گەیبۆ بەژنی حووج
دابەستەی تالاری خونکار
هەرئاخوند بوو ئاخوند سالار
ژاوەڕۆ سەرجەم ویشک بوون
زنە گۆمیلکەی تیشک بوون
مامۆستای زانا شەیتان بوو
کە پاڵەوانی مەیدان بوو
گەرای داخست لە جەماران
بەگەزارە بوو شا،ی ماران
فتوای خەزاو تەقینەوەی
بوو میداڵی قوماندااران
ئیدی هێتلەر ناوی نەما
دەربازی بوو لە کۆی خەیاڵ
وێنەی کرا چەپکە گوڵی
کارتی جەژنە پیرۆزانە
بۆ سەری ساڵ
لە دوای ویدا هاوهزرانی
لە پێنتەگان، توویین تاووز،
لە ناوباڵی ،لە جاکارتا،
کە جنایەتی سامناکی
خۆیان بەسەردەکردەوە
گرۆیان لە موسولێنی ،لە
ئەتاتورک، لە یووگاندا
ئیدی ئەمین، دەبردەوە

ئێستا فەرخە ئاخوندەکان
چەعرە دزێوە کوندەکان
لە لبنان ،ئەفغان، فەلەستین،
لەکەربەلا،نەجف، کووفە،
لە تەقینەوەو خوێنڕیژن
داو ڕاچەنن لەگڵۆڵەی
سەر وەتەشی نووک قەڵانگی
قەنارەوە
مەعس کەری بە دەست نوێژن
بۆ حاملانی شتی بەجێ
کەڕن کوێرن شەلن گێڕن
تێ نەگەیون هیچ نەزانن
کاسن گیژن مێشک هێڕن
بڵام چیت گوت بۆ خاپۆڕبوون
بۆ وێرانی کاول کردن
بۆ خوێن ڕشتن
گشت مامۆستای تیرهاوێژن
ئامانج پێکن هیچ نابوێرن
لە سەدەی بیستو یەک وەرە
لێبڕوانە لەچاخێکدا
عیلمو تێکنۆلۆژی بەشەر
لەو زەمانە
لە سەرمارس گزنگ دەدا
دێ بەیداخی لێ هەڵبدا
ئەوان سەری مرۆڤ دەبڕن
بە کێردی ناو قەسابخانە
لە بەرچاوی هەموو خەڵکی
ئەم جیهانە
گۆش ئەندەرگۆش
وەکوو بەرخ
وەک کاریلە
وەکوو مەلێکی بێ زوان
بە بێ بەزە بێ باکانە
بە هەڵپەڕین چەپڵەڕێزان
شایلەخانە
دەجا ناڵێی وەحشی چیە

وێنەی چۆنە
دڕندەی ئەو چیاو چۆلە
کوا وادەکەن
ئەوە قسەی بەینی خۆنە
بەکەس مەڵێ
دەخیلت بم
مەیدرکێنە بەو زووانە

لیڤرپۆل سیدنی ئوستەرالیا 2004/8/29

ئاگاداربن

گەڕۆکەکان
شێلگێڕە بەژن بەرزەکان
گەڕۆکەکانی سەر وەوێ
سەری هەڵۆیان لەخۆنا
حەنجەرەی وبیان خستە دەم
پەنجەی وبیان خستە پەنجە
کەڕامەتیان گەیاندە وێ
بەیداخی هەڵکراوەیان
بە ڕەوتی وی
کردە ڕەمزی بە ڕێبواری
هەرە بەرزایی کەهکەشان
لە قەرێنەی مانگە شەوێ
گوڵۆکەکان
ڕوح سووکە
تەمەن چووکەکان
لە سەرەتای جوانی بەهار
لە سێزدە دا

ڕەزیلی چەنگی ئەوانن
کە لە تمتمانی مێژوو
ناویان دەرکرد
بە دالّی قڕونی وستا
لە سەر زەوی
لە هەموو جێ
بنژیلەکان پاژینەڕۆ
باوەڕ چەویلّە کوندەکان
ڕشەکوژن
ڕۆ ڕەشترن لە ڕووی ڕەژی
بیچمی خەلّۆز بنی مەنجەلّ
قورمی میچی لە چیو چی
لە ئامالّ تاریکە شەوێ
شەهیدەکان کە پێناسیان
لەکۆخی دێ وەرگرتبوو
گرێگرێ
لەگەرووی عەزیای سروشت دا
کە نەیدەزانی چی دەوێ
بارستایی بەفری سەرعەرد
چڕو چێوی دەکردە بەرد
بە ڕەهێلّە کەڕەسیسە
ویزەی باگەڕ
نەترە بەری چاوگەی خەوێ
سێ کۆسەکان
بە شەرتو شۆ نێرگزەنە
بە سەریاندا تێ مەپەڕە
کە ببنە پرد
خوێن دوژمنی نەتەوی کورد
مووی دەماخن
لە سنووری شەقلّی دەستکرد
بکوژانی دەسەدەی نوێ
گولّە سوورەی دەبەجێماو
لەکەرتی بەشەری سەرمارس
لەکۆمەلّی پێشکەوتووخواز
هەلّدەکلۆفێن
لە ناو دەمی قەرەونەکان

دوازده هەرامەکەی ئەوێ
خۆجێیەکان ئاگاداربن
ئازیزەکان
گوڵاو شۆرن بە فرمێسکی
لووزەو بەستووی
دەنزگەرەی کیژۆڵەی کورد
کاروان کوژی چەوساوی دێ
ئەو بڕڕەکە غەزریوانە
ئەو قرژاڵە دوو سەرانە
ئەو دژکارە چاوحیزانە
پاشەرۆکە
ئە،ئەو نەوی جرجاڵانە
هەژدیهانە
ئاچەری دێوەزمە لە مل
هەرئەو لالۆچ خاپەرۆکە
لە گێژەوێ
ئاگاداربن
مەعس کەران
بەفراوی خوێن دەخۆنەوە
بەکاژەڵەی لاوانی کورد
ئایەتەکان گڵاو دەکەن
بە چاو زار
لە شوێنی فەقرەقای ئەوێ
بەڵام ئەوە باوو بژن
دێنو دەچن لە بازنەدا
ڕەشو سپی قەرەچیوەی
دەفاشیستن
هەر ڕوو ڕەشیان پێدەمێنێ
لە پانتاو جاڕی مێژوودا
لێرەو لەوێ

لیڤرپۆل سیدنی ئوستەرالیا 2004/9/2

بۆناسرقادری جوانەمەرگ

ناوت لە چەند برگە دێنم
بە زوانی شرینی کوردی
سەرهەڵنابڕی پێناکەنی
خودا کردە خودا کردی
داخم لە دڵ ئەوە ماوە
جارێک لە لام دانەنشتی
هێند بە تاڵووکەی ڕۆین بووی
هەتا یەکجاری ڕۆیشتی
ئەوجار بە دەمی خەندەوە
دیمی لە ناوگۆمی خوێنە
کەچی وێنەم هەڵنەگرتی
مێشکم لێی هەڵگرتی وێنە
منداڵیت لاویت پێ گەینت
بە بەرچاومدا ڕادەبرن
ڕێچکە دەبەستنو دەڕۆن
جارجارچاوم لێدا دەگرن
ئەو مێشکەگەندەڵە برزێ
کە ئەوپیلانەی بۆت دانا
بە لاڕەشەو تاعوون بمرن
کە مەرگیان کردیەکارسانا
ئیدی نە دەشێم بدبینم
نە دەتوانم بێم ڕاتمووسم
تەنیا بیرەوەریەکانت
ڕەنگدانەوەن لە پێنووسم

یکەوت 2005/4/16
لیڤرپول سیدنی ئوستەراليا

بۆناسرقادری کەلەشەوی هەینی2005/4/16لەسیدنی شەهیدکرا

نەمامی بەهاری لاویت
سەرجەمی خەمو حەسرەت بوو
گوڵی بۆنخۆشی تەمەنت
هەتا بابردی مەینەت بوو
خەونی ئەفسانەی پەریان بوو
کە دەتەویست وەدی بێنی
داری ئاواتی شیرن بوو
کە دەتەویست بەری بێنی
ئەمە تارای ئاڵو سووری
بووکی زاوایەتی تۆیە
یان ئەو خوێنەگەشە سوورە
شەپۆلی شینو ڕۆڕۆیە
کۆچت کۆچەکی سەخت بوو
ماڵاوایت بێ وەخت بوو
چەپکەگوڵێکم بۆت پێیە
بۆم هێناوی لەکوێی دانێم
دەتبینمو لێم نایە پێش
ئەم خەیاڵە بۆکوێ ڕانیم

تەرمی ناسری جوانەمەرگ لەڕۆژی پێنج شەممەڕیکەوت 2005/4/21کات ئەژمێری 12وپەنجادەقیقەی نیوەڕۆبە وەختی ئوستەرالیا لەقەبرستانی لیدکام لەشاری سیدنی
تەسلیم بەخاک کرا بەقەرا ئەوخۆڵەی کە بووبەگڵڵۆی ئەوەندە
چەپکەگوڵ لەلایەن دوستانی لەسەرمەزاری دانرا

(گەورەم)

گەورەم قسەت جێی ڕەخنەبوو
فەرمووت عەرەب دۆستی مەیە
ئای لە دڵم چەند گران هات
لە دەمی تۆ ئەم وشەیە
نەتەوەشت دابەش دەکرد
بەچوار دیاردەی ڕووکەش دا
ئەمن دەڵێم هەرچواربەشی
گیانێکە لە ناو یەک لەش دا
پێت وانەبێ بەم هاوێرە

دەستت بەرەو نیازدەکەی
ئەمە خوێنو گۆشتی خۆتە
بۆ وان کفتەی لێساز دەکەی
چەند جار بە باروبووی چاکە
قەبەزەی پشتیان شکاندین
چەندجار بە ناوی هاو وڵات
لە وڵات دەریان پەڕاندین
ئێستاش لە سەربەردی پاڵێن
دەنگی شوانی بەردە بێر دێ
ئێستاش بۆنی کەلاکی کورد
لە لوتکەو چیاو زەنوێر دێ
بە درێژایی مێژووی کوردی
دەمبەستی وانن لە دەم دا
هەرچەند جارکە چەم بردوینی
بە هیوای وانن لە چەم دا
جەند جارلە بۆ داگیرکەران
بووینە بەردی قۆچەقانی
کەچی بە چیان فرچک گرتبوو
لە ئاست کورد هەرئەویان زانی
ئیستاش لە ئاستی کورد گەورەم
چ بارو دۆخ نەگۆڕاوە
بەڵام لاسەنگی تەرازو
بەلای واندا نەزۆڕاوە
خۆ تۆ ئاپۆی ناوسجن نی
بەهەلو مەرج وتە بێژی
هەرنەبی ناسیونالیستی ڕەنگ کوردی
دست بە دەسنوێژی
2005/4/14لیڤرپۆل سیدنی ئوستەرالیا

خوداکەی خەم
وەبیرت دێ ؟
کە من ڕۆژێک لە بەندی دا
هەڵکورمابوم
کزدامابووم
وەکوو دەتکوت:لە پەسیوێک

تێم ڕامابووی
واق وڕمابووی
قورینگی چەم
من تەیرەکی باڵ بەستراو
دەنگ کپ کراو
دڵی ئاگر پەژێنەکەم
بە شێوو دۆڵو لەندکراو
ئەتۆ مەلێکی ساوابووی
ئەگەرهاتی
ڕێگات لەو جەلەیە کەوت
لە نەهاتی
ڕەنگ بزرکاو
زۆرگەنجو لاو
لێکتر نامۆ دوور لە ناسیاو
بووین بە ڕەفیق بووێن بە هاودەم
هەردوو دیتمان
دنیاسووڕا
خولی سەیروو سەمەریدا
باری گۆڕا
ئاخوند سەرکەوت
خونکار دۆڕا
بیستو پینچ ساڵی لی ڕابرد
لەبازنەی ڕێکەوت سەرجەم
تیٚ پەڕی بەناو یاسەمەند
بەڵام حەکایەتی منو
چاوەکانی کەوە ڕەنگت
هەر وەک خۆمان
لەگێژاوی دەخوێناوی
نەک بۆ دەرچوون
لە دیواری بڵیندی بەند
شکاندنی دوازدە دەرگای
گۆڵەکراو
گاڵەدراو
کەلەبچەی دەست
قەتاندنی گەوەی کەمەند
هەڵبڕینی شورەی دیواری

سەرنیزە
لە تێل دڕووی بەندیخانە
لە ڕیژیمی سەرەڕۆی شا
ژاوەڕۆی شتاوی سەهەند
بۆ دیتنی ڕوخساری تۆ
جارێکیتر دوورلە بەندی
لە پاوانخوازی ئاخوندی
کۆشکی بەرزی خودام کۆلی
بە چنجرۆک
تێیدا پیربووم
کردمە ڕەهەند
چ لاباجەی تێ نەکەوت
چ گزنگی وێنەکەوت
سەرهەڵبڕم لەکووچەی خەم
ڕزگاریم بێ لە هەندەران
بێمەوە لات
بو ئاخرجار
ئەم لەند ئەولەند
تامی کەکرەی دیدار ئاخرەت
گەلێک سەختە
مەستم ئێستاش
بەیادی تۆ لە دەرەکی
ئازیزەکەم
شەمدانەکەی خاڵی لەشەم
خەم لێم بۆتە کەلەبچەو بەند

لیڤرپول سیدنی ئوستەرالیا 2004/10/4

شۆڕش
وەرن گەلی مشوور خۆران کێردی زوان بسوونەوە
بە مشتو ماڵ، دەیان کەڕەت بە سەریدا بچوونەوە

زوان گیانە لە جەستەدا کە نەتبوو یانی نەماوی
خەنجەرێکە لە کالاندا ڕاوەستێ دەبێ ژەنگاوی
شوێنەواری هەرە بەرزی نەتەوەکی سەر زیندووە
گەلێک زوانی لە دەست چوو بە زیندی سەری مردووە
شۆڕشێکم ئەو ڕۆ دەوێ ئاڵای شەکاوی زبان بێ
چوار پارچە بتەنێتەوە خۆیبوونو کوردی دوان بێ
بۆ نەتەوەی نۆچە بگرێ بۆ کوردی وەسەرپێ کەوێ
لە بەستێنی کوردەواری کورد لە کوێبێ وەوێ کەوێ
شۆڕشێکم ئەمڕۆ دەوێ پشت لە تۆرەمەی دوژمن کا
سینگی دێوەزمەی جەهالەت  بە تیغی دەبان هەنجن کا
من شۆڕشێکم گەرەکە تخ لە ڕووگەی بێگانەکات
لە دێروو مزگەوتو کنشت یادی مەیو مەیخانەکات
سەری شووشە شەڕابەکەی لارکاتەوە لە بۆ کڕنۆش
بۆدەمی پیاڵەی دەست کوردێک گیان لەسەردەست نەخۆفرۆش
پیاڵە لە پیاڵەی کەسێک دابزانی چیە  پێناسی
بە خۆشی کەسێک وەنۆشێ ئەمەک ناسیە سوپاسی

لیڤرپۆل سیدنی ئوستەرالیا 2004/9/22

(ئاقڵی عاڕەب)

تێنەگیوە عاڕەبی پێ دەشتەکی
کوردە کە ئێمە میللەتین
شیعەکەش وەک سوننەکەی
مارمێلکەخۆر پیێ پێپەتین
چاوی داگیرساوی شوێنیزمی
عەڕەب سەرچاوەیە
خۆ ژنن لێ هەڵنەگرتوون
چەندە داوای مەسڵەتین
مێشکی تۆقاو زراوبردو
دەهاڕم من بە مست
پەنجەیی دەستی لەشێکینو

ڕەواڵەت کەت کەتین
ئێمە خاوەن نەوتو خاکین
نیشتمانی خۆن هەیە
گەرلە ناوخۆدا تەبابین
قەیدی ناکا لەت لەتین
ئەو سنووره ڕووکەشانە
هەر بە فووکوێر دەبنەوە
گەربزانین تێ بگەین
دوو دڵ نەبین کە دەوڵەتین
کوردە ئالآت هەڵبدە
پێناسە بۆ کۆمارەکەت
با بزانێ دوژمنی جاهیل
کە ئاڵقەی وەعدەتین

ئوستەراليا شاری سیدنی/2006/5/3

(خەونەکانم)

خەونەکانم پیلانی ڕووداوەکانن
بەرلەوەبێن لێم ڕووبەدەن
شیکەرەوەن ئەیدرکێنن
بژارچنن هیمی پەڕی ناو دڵەکەکم
بنکۆڵ ئەکەن ئەڕووخێنن
خەونەکانم پڕمەترسن
لێیان دوورکەون بترسن

خەمم خەونەکانی خۆمن
بە شەو لێم ئاڵەدین ئەبن
ئاخۆ ڕۆژێک ئەو خەونانەم
ئەبینم خەونی من نەبن
پشووسوارن تەنگەبێنن

خەونەکانم پڕمەترسن
لێیان دوورکەون بترسن

بیرەوەری خەونەکانم
گەڕی سەرچۆپی شینمە
گریمانەی گرێ پۆچکەی
گەرای تووێژو چینمە
کراوەنین بەژنو باڵایان بنوێنن
خەونەکانم پڕمەترسن
لێیان دوورکەوەن بترسن

خەمەکانم کەچی خەمن
جاڕز بوونە لەم ژیانە
داخەی دڵیان بۆ هەڵناڕژێ
لە خەمی خۆیان خەمیانە
چین چین ئەبن ئەنووکێنن
خەونەکانم پڕمەترسن
لێیان دوورکەون بترسن

بەڵام گورگە پێمرەکان
گرژوو مۆنو ددان تیژن
شایلەخانەی تازیەداریم
پێ ئەکەنن حەنەک ئێژن
دێنو دەچن لەبازنەدا
پڕ بە دەمیان ئەلوورێنن

لیڤرپۆل شاری سیدنی ئوستەرالیا 2003/10/3

(دەردی هەندەران)

ڕەفیق لەکوێی...
خەفەت چنچڕۆکی تیژی
خستوومەتە قرقرۆچکە

ڕێکم دەکوشێ دەمخنکێنێ
دەرفەت شک نابەم بۆی دەرچم
دێوەزمەی دەس بە تەوەرزین
لەلاپاڵە لێم ڕاساوە هێرش دێنێ
چارەنووسم بۆتە نوشتە
کەوتۆتە نێو چوارلابەرداش
کە هەرلالینگ بە تەنیایی
بەردی خارا دەهاڕێنێ
قرشو بەڵمی سەرعەرد نەما
نەچووبمە بن
چ دارێکی کلۆرنەما
تێی نەخزابم بە شەو ئەمن
ژەنگەسوورە لە هەموو جێ
گەرای بەستووە بەکەرچەل سن
دەکولێنەوە کۆنەبرین
لەگشت قوژبن
ئەورینگیان لێ ڕائەسپاردووم
خەمی دڵم دامرکێنێ
لێرەش کەڵە بۆتە مۆمڵ
لە هەیبەتی...
گەڵای گوڵی گولاو بە کۆ
لە سەردێراو بە شیرنەک
لارەملە...
بەژنی تورتی دەپەڕێنێ
شەبقە توندە بگرە دەیانجار
کاول تر...
دوگمەی سیخمەی کەڕامەتی
مرۆڤاتی دەترازێنێ
زەردایی کزو لەرزۆکی
نێو ڕۆچنی بەندیخانە
تەم تێ بەزیو
مژ تێ تەپیو
دڵ لاوێنتر بوو لەم دەردە
کە دانێک بێ شەڵاخ نەبۆ
بێ سەرکێشو چەلاخ نەبوو
دەتگوت پۆلا دەگوورێنێ

ئێستاکانە موومی دڵم
لە تەنگەبەری بەستێنی
مەودای هەڵبڕاوی ژیان
بەنزگەرە...
ڕوخساری جەستەی کەڕامەت
بە دوو دەست دادەڕووشێنێ
سەرجەم دەردی نەتەوەیەک
بۆ ماکەی جەوهەری ئەسڵی
دەخەمە ناو بلورێکی
گەروو تەنگا
کە تێی دەفکرم دەبرشێ
کەلێی دەڕوانم دەگنخێ
قاتماخەی کەڕوو هەڵدێنێ
ڕەفیق وەرە دەستم داوێن
دەنگم ناتگاتێ
پێت بڵێم
کە بۆزبخوا مەییە ئێرە
ئەگەر هاتوو ڕسقیش هێنای
دەخۆ نووسێ مەبە بەدوو
کەبۆی بە دووش...
مەبە بەسێ
ئەگەرهاتو لە بۆت نەلوا
نەخازە واز بێنە لەمێ
مشوورخۆری دەوێ لێرە
زوو پلاری تێدەگیرێ
پێ شوێنی کەم هەڵدەگیرێ
بە ئازموونیش جاڕزدەکا
کەگەییە کڵاوە شکێنێ
زۆر ڕەوشتی نهینی هەن
کرێتو سەرناهاوەڵا
بەرلەوە بێن بۆت بدرکێن
ئەبن بەخۆرەی ناومێشکت
دەتخۆنو کلۆرەت دەکەن
لێت دەکەنە خەونو خەڵ
ژیانی ڕابردووی دوێنێ
بە زیندی سەربەچاوی زەق

ڕۆژێ دەیان کەڕەت دەمری
هەتا دێ دوور دەکەویەوە
لە ڕێگای هەس دانەوەدا
ئەگەرکەسایەتی ئەولات
سەری لە هەوران بخشێنێ
ئەرکی مندالْ بەخێوکردن
ڕاهێنانی پێ گەیاندن
بە تایبەت کیژ...
بەندەواری دەوێ لێرە
هەرنگایەک پەتایەکە
کێ لە بەری دەرچێت
شێرە
هەزارگرفت ...
دەرهێنانی ئەداو ئەتوار
گۆج دەگرن قەیرە دەبن
کە برگریان لێ نەکرا
دەبن بە شت...
خۆ حەڕەج ناناسێ لاسار
هەتا دێ هەرپێوە دەچی
هەتا کوو پەرە دەستێنێ
یەکێک لەوان...
لە پاشقول دا شەونخوونی
کە خووی پێگرت تەرخی ناکا
گەرای دالْیش لە هەموو جێ
سێبەرێکە وێلْی ناکا...
فەراژوو بوو چارەی نایە
کەلْی گوندار دەخەسێنێ
وشەی دێموکراسی لێرە
یانی جەستەی بەرەلاْیێ
ڕووتو قووتی عیساگەردی
مادەر زادی ...
شەو لەکووچەو کۆلاْن خەوتن
بە توێی پەی جامس ...
لەگەلْ هەرکەس
بە تەعبیری ئەوان ئەمە
پشت لەکۆنە پەرستییە

ڕاوی کەوی بە قەستێیە
ڕاسپاردەی فێرگەیان وایە
تێفکرە ئەمە وڵاتە
خاوەنی هێزوو ئاڵایە
دەجا دەکرێ مرۆڤ چ بڵێ
چۆن بێزی لە خۆ هەڵنەستێ
نەیتوانی بە خۆی بوەستێ
حەیف نییە وشەی دێموکڕاتی
واجوان...
بەو هەیکەلە بەرزە بێنی
بەم داوەڵەی  بقبلێنی
بەڵام کاکە بە کێ دەڵیی
چۆن دەردەبڕی ئەو شتانە
خۆنابی هەرگیز بدرکێن
بەڵام ئەگەرهاتو  ویستت
بۆ پێت وایە
لەم وڵاتە کاول بووە
کەسێک هەیە
کاتی خۆی بۆ تۆ تەرخان کا
هەرنەبێ بۆ لاواندنەوە
تاوێک بێ لە لات دانیشێ
سەربۆ قسەت بهەژێنێ
بەڵێ ڕاستە
کوانی ڕەنجو کورەوەری
ئەم نرخو بایەخەی هەیە
کە بتوانێ شەمامەیەک
لە سەر دێراو
پڕ بە کاکڵ بنەخشێنێ
ڕەنگە گوللەی قسەی دڵم
بێو سەرکا
لە پێواری ئەوکەوشەنە
بۆ ئی دیکەش ...
مەچەک لە چاو هەتەر نەکەر
بە تەماڵ هەڵنان بنگێوێ
بڵام چبکەم پڕمەترسم
پەنگدانەوی ببێتە زنج،

کەڵە، گورگە،
گەڵای نیاز پەڕپەڕ بکا
سەوزە زەردکا
گوڵی ئاوات بژاکێنێ
وشەی گەشتی بەکارنابەم
دەڵیم کوا ئەوشانسو
ئیقباڵ
کە تۆ لە هەندەران هەت بێ
گورک نەخۆرە هاوسەرێک
بەکۆشکو ماڵ نەبێ دەربەند
بە دەمامکەی حەیاوە بەند
شۆڕەکیژێکی مێرانە
یاکوڕێکی لەبەرچاو مەرد
نەتوێتەوە لە بیانی
ئیشتیای نەچەتە قژی زەرد
هەڵخەڵەتاوی چاوی شین
نەبێتە هۆی هەڵچنینی
کۆشکی هیوای لەدڵی بێگەرد
تەنیا هەرسەری کڕنۆشی
بۆ گەلەکەی بچەمێنێ
بەرەنگدانەوی جەوهەری
مێرایەتیو مرۆڤاتی
لە قابخی خۆی نەچێتەدەر
لە سەرکوردایەتی سووربێ
کوردی بەکوردی بدوێنێ

کویزلەند شاری توومبا ئوستەڕالیا 2003/1/17

(خەمەکانم)

خەمم ئەستێرەی عاسمانن
ناژمێرین سەر ژمێریان کەم
شەپۆلی زریان تێکداوێن
بۆم ناکرێ بەردەبێریان کەم
***

پیل دەدەنو تێکدەبەزن
پێچ دەخۆن دەبنە پاپۆکە
تاریکانە ئەنگۆست لە چاو
بوم ناکرێ چاوە دێریان کەم
***
ئەسرینن دێنو ڕادەخوشن
لەگۆنا لووزەو  دەبەستن
فرمێسکی کوڕی ماتەمن
سوێرن بێ ئەوە سوێریانکەم
****
خیزوو ڕەڵمی بەردەڵانن
دەخزن دەکەونە تاتی چەم
شێعرن ،مۆسیقان، گۆرانین،
نەشێم لە خۆ  زوێریان کەم
***
گەڵای سەر چڵۆکی دارن
سەرە پاییزە دەوەرن
بە دەم ڕەشەبای زریاندا
لە ناڵەناڵ  چۆن کڕیان کەم
***
ژارن  دەردن بزڕکاون
لە پەردوودا شڵەژاون
کوانی کۆنی کولاوەنە
با بەمقاش ژوورو ژێریان کەم
***
حەسرەتن ئاخن  هەنیسکن
لە ئەوکی تەنگو ڕێک کوشراو
ئانگاوتراوەی  شەختەنە
با بەخەفت بن بڕیان کەم
****
ئاسکی چیاوو زەردو ماهن
قوشقیو گوێ سڵ لە شانی کێو
هەست ڕاگری خشپەی پێنە
تەقڵەبازن بوێریان کەم
***
شەونخوونی بەندیخانەن

لێم بوونەتە ناسۆروو ژان
خەونی سێبەری سێدارەن
کە بە خەیاڵ هاوبیریان کەم
****
کۆتری سپی فرشتەڕوون
لە شەقەی باڵدەدەن دەفڕن
لە پەڕ پەڕۆچکەی عاسمانن
دەمەوێ تاوێ سەیریانکەم
***
ڕازن نیازن  ڕەوەزن
پاڵاوتراوەی ئاوەزن
بەرگری زێدن لووتکەنە
کە هێندێک سەرو بەریانکەم
***
ئاخی دووری ئازیزانن
لە ناخی دڵ هەڵدەقوڵێن
قەڵبەزەی ئاوی کەویانن
لە قاقڕوو کەویریانکەم
***
دڵۆپەی خوێنن دەتکێن
دەکەونە سەرهەرد دەلەمن
هەشی شانن تیانی خم
با بە دوو دەست وەسەریانکەم
***
قەتارەی قازو قورینگن
ملە لەگەڵ هەوران دەکەن
لە شتاوی کەهکەشانن
ڕاوچیم دەچم نێچیریانکەم
***
ماسین لەناو دڵی دەریا
جەستەی ڕەنگاو ڕەنگ دەنوێنن
زەنگینن پولەکە لیرن
کەمبەرزێون دەم زێڕیانکەم
***
ناڵەی دڵی بە برینداری
زیندانی داری چیانین

که بە قاسبەی بەرەبەیان
تێکڕابووی خەوی شرینانکەم
***
نووسکەی ئاسکی پێ نەگرتووی
بەور تێڕۆهاتووی دەشتن
ئاڵقاوی کەلووی بوڵێڵن
دەم بەگواندیڵی شیریانکەم
****
لەرەی خرینگەی هەیاسەن
بە شەماڵی وەرزی بەهار
کاکڵی وشەی سەربەستین
ئەمبازی ماڵی مێریانکەم
***

کوڵو دەردی هەندەرانن
لە ناخی دڵ هەڵدەرژێن
برینی شەقار شەقارن
تەشەنا بوون شەوبیریانکەم
***
بۆنو بەرامەی گوڵاون
مەیێون لە بلووری دڵدا
بزەی مەترسی تاڵینە
لە گوڕگرتن هێوریانکەم
***
پەرەنگی گوارەی ئاونگن
لەو چێشتەنگایە پاییزە
لەگوێچکەی گەڵا دەلەرن
با ڕوو لە خیروو بێریانکەم
***
گڵای سەوزی گوڵی هیوان
بە دەم ڕەشەبای بڕنەشکاو
زەرد هەڵگەڕاون دەوەرن
بەگواستنەوە تاوێریانکەم
***
هەرچەند لەگەڵم نەدوێنن
دەستم لەگەردەن وەردێنن

سەریان لەسینگم دەخشێنن
بەلاواندنەوە ژێریانکەم
***
هێندێک کڕن بازێک وڕن
بەشێک دەستەچیلەی گڕن
بەرەو پیری کوڵو کۆنە
با بە خەمی نوێ پیریانکەم
***
قومری دیدارئاخرەتینە
لە سوانەی کۆشکی دڵ نیشتوون
پێویستە لە ماڵی کاول
ڕێنوێنی هزری بیریانکەم
***
ئاخو دەردی ماڵاوایین
دەست لێک بەردانی یەکجاری
چۆن لە دڵیان دەراوێژم
بە دەستی خۆم هاوێریانکەم
***
خۆشەویستین لێک ون بوونە
ئیدی نادوزنەوە یەکدی
شەمی سەرگۆڕی یارانن
ئیترنەشێم لە بیریانکەم

لیڤرپۆل سیدنی ئستەرالیا 2003/9/29

(دەستکەنەی خەم)

گوڵم گوڵی تەمەن ژاکا،لە تۆ نەگەیی قاقەزێک پەیامێک
نە لە شەڕابی ئاڵی دەمەکەت لە هەندەران سووکەڵە جامێک
ئەوە لە لێواری بناری ڕەنووی برفراوی کوێستانی لەشت
سازو ئاهەنگی ویڵۆنو قاسپەی کەوو شێعری هێمنو ئیلهامێک
خۆلیای هەیکەلی یۆنانیت بوومو دووچاووی کەسکی ئینگلیزیت

کەچی ئێستاش لە دەست تۆدا دەبینم خەنجەری خوێن ئاشامێک
شوێنی شاییم ونکردووە ناچمەوە سەرخەتی ڕابردووی ڕاوگەم
مەگین ئەتۆ بمبەیەوە سەرجەغزی کووزی ڕێگا ئەنجامێک
ئەستێرەی بەختەوەریم لە سوێ ئاوابوو لاوەتی ڕەشبگیر گرتیو بردی
ئیدی منو عەزیای پیریو نەتەچاویی و چ هەیبەتو سامێک
ئەتۆ لە خاوەری دوورو ئەمن ئەوە بە زۆرەمل لە یەکاوی ئارام
ئالەگۆوڕی شەو ڕوژیش بەکردەوە نەیانگەیاندمە چ ئاکامێک
وەرە باروو بووم کە لە وەرشەی خاڵیرەشی گەردنی مینای بێ گەرد
با بەخۆشی یەکترو ڕزگاری گەلەکەمان پێکەوە لێکدێن جامێک
دنیا هەر ئەوەندە کە تێیداینو دەژین ئەویدی چیرۆکە گوڵم
یانی دەسکەنەی خەمە بۆ سبحەینەکی تروو ڕۆژ ڕابواردنی ئەیامێک

ئوستراليا شاری سیدنی گەڕەکی لیڤرپۆل 2004/7/7

(چارداخ)

بە بیرەوەری ئەو ڕۆژە
لە چارداغی باخی ڕەزی
کوێنی ژیلەمۆی لەشم بوو
سێبەری ڕەشماری کەزی
لە دیمەنی دێ ئالابوو
شا سواری گەڕەکی لاوی
لاولاوە سەری کڕنۆشی
بۆ دانواند بوو سەرعەرزی
لە بەرزی کیژۆڵەی تەرزی
گۆزە بە شانی ئاوایی
گوڵە باخەی مالاوایی
لێوی بە ئاونگ دەگەزی
لە وێدا فرشتەی دەلال
دست لە بەژنی پەرداخی مەی
هەر قومێکی ئایەتێک بوو

لە دەستهەڵی چێوری زی
خەونێک بوو تەمەن کورت
ڕابرد، بۆنی گوڵاوی هەڵمژراو
ئاوی جەڕە دۆی کوندەڵان
شوێن لە بەردە بێری پەزی

شاری سیدنی گەڕەکی لیڤرپۆل 2003/8/7

(زەردە لیمۆ)

با هەزاران نرخی ڕۆژی کەم بە قوربانی دەمی
شلکو بێگەردە لە جوانیدا نیە زەڕەێک کەمی
لێو شەڕابی سوور ترێی سەردەشت لە لاپاڵی چیا
سێوی نەخشینی دووگۆنای بەرگری دەردوو خەمی
کوڵمە وەک دەنکی هەناری لێڕەواری پڕ بە چەنگ
لێوی ئاڵو چاوی کاڵو زەردە لیمۆ بەرهەمی
چوزە ڕێواسی لەشی تورتو شەقی وێنەی کەلەم
شیرنو جندیو ڕەزاسووکو دەلالی دەیلەمی
سێوەڕەی سینگی لە دەورەی عەوزە جۆخینەی گوڵان
پڕ لە شەش پەڕ یاسەمەن نەسرین بەهاری سەردەمی
گەردەنی مینای سپی بێ عەیبی ئاونگ وا لە سەر
زەردە لیمۆی هەردوو لاجانگ وا بە زنگوڵ شەونەمی
بەژنەکەی گوێزی شنۆیی کاغەزی هەڵپێچراو
ڕێکو پێکی تەرزوو بەرزی شکڵو بیچمی سەرجەمی
هەرلە خواروو تاکوو بەرزایی ترۆپی تۆقی سەر
لێم ڕووانی تێرنەبووم لێی وا بە ئیستێک هاو دەمی
بەس نەبۆ ماچی لە سینگو مەمکی چەندەی تێخزام
لێکدا لێکدا هەرلە سەرپەنجە هەتا کوو پەرچەمی
جار لەکوێستانی سەهەندی کوردەواری پڕ ڕەنۆی
جار لە نزمایی دەپانکەی بەندەنی چاینی چەمی
من خەیاڵ بوومو خەیاڵیش سێبەری دەوروو بەرم
بۆ تەوافی چوومەکابەی گەیمە نوختەی ئەستەمی

شاری سیدنی گەڕەکی لیڤیرپۆل 2003/12/22

(ماچی بەقەرز)

ئەوچاخی پیکەون ڕابوارد
بیرەوەریەکەم لە یادە
پێکەنینو بەزمو شایی
دەست لە ناو دەست نوقمی بادە
لە لایەک ئاهەنگی وێڵۆن
لە لایەک پەیمانو وادە
ئێمە خاوەن بڕیارێک بووین
کۆڕێکی خۆیبوونو سادە
ئێستاش مەستی بەڵێن یەکەم
کە نەیار پێی وابوو دادە
بە قەولی ماچی بەقەرز
بە ساڵبۆری دڵم شادە

شاری سیدنی گەڕەکی لیڤرپۆل 2004/10/28

(وڵاتەکەم)

خوێنم لە لەش هاوار ئەکا
پێنج فەرزەکەم سەودا ئەکەم
لەگەڵ پێنج ڕوکنەکەی ئیمان
بەنیشتمان
ئەوەیە هەستو چێژی من
هەتا ئەگەر
بکوژەکان
فتوا بدەن
لە دەرەکی دەست ڕێژی من

کەچی دەزانی تۆگوڵم...
بەپێی پەڕاو
کە ئەرکی خوایە نوێژی من
کە تۆم هەبێ
چ باکمە لە وەرگەڕان
لە دابڕان...
بەڵا بەگشتی دەنگ بدەن
بەگاوریم
نا باوڕیم
وإتەکەم حیکایەتی درێژی من
گڕاوە ئاوی چاوەکەم
گوڵاوەکەم
لە کوشکی کەسکی ئاسمان
سکاڵەمە
لە پشتی دەروی گاڵەمە
بەرۆکی بادیبەوگەڕە
(هەتالەگەڵ خودام شەڕە) ..ئەم لەتەشیعرەئی مام خالیدە.
وڵاتەکەم
دێڕۆکەکەی لەمێژی من

سیدنی گەڕەکی لیڤرپۆل 2004/12/2

(پاسفندە)

پەنام بۆ بەردوو قاشوولکەو
چل دانەی سەرگومبەزان برد
لە نوشتە کوتەشاڵ ودۡم
سێرەم هەڵگرت درشتو ورد

مریشک لە سەرکۆی هێلکە
شێخ کورکی زێڕ هەڵێنان بوو
هەر دوو لە پارێزگاریدا

بەکەرامەت کێهەیان بوو

تەوەرەی ڕەهێڵە لەکوێو
خەبات لەکوێ کوڕی بابم
هەتا ئەمن ئەوها شێت بم
چاوەڕوانم مەکەن چابم

شاری سیدنی 2004/12/12

(ئەی هاو وڵات)

پێ تەختەکی سمکۆی نەمر،ورمێ دەڵێم ئەو شارە بوو
بەرپرسە زیندان وانەکەی، زابووتێکی بەدکارە بوو
لەو بەندییە حەوشەی مەزن، جێگای پەتو سێدارە بوو

خوێنی ڕژاوی لاوەکان، دوورتر لە وێ مەیدانی تیر
قازاخ هەموو دەستەو تفەنگ،ئەفسەر لە ژێر فەرمانی میر
جەلادەکان بۆ کوردکوژی، ئەڕتەشبودو میروو ئەمیر

نۆکە دەڵیم لەو دەورەیە، ئاخوند کە جێگای گرتووە
ئەی دوور وڵات هاو دەردەکەم،پێت وایە ئێستاکە کووە
سەت ڕەحمەت هێشتا لە بەرێ،زیندوەکەشی هەر مردووە

کاتێک ئەتاجیان پێم هەبێ، من کاوەکەی زوحاک کوژم
ئەو دەم کە ئیشیان پێ نەمام، دێن دەمکووژن من بکوژم
بێ کەلکە لایان گفتی من، وا دادەنێن باوو بژم

سەت ئایەیان بۆ بێنمەوە، ناوی دەنێن شەیتانییە
قورعان بجوونو قووت بدەن، ئەمنیش دەزانم وا نییە
دەی خوایە کەنگی دوایی دێ،ئاخووندە خۆ پاشا نییە

پەنجا بە ساڵبڕ کوشتمی،شاهەنشەهی هیچت نەکرد
پاڕامەوە لاڵامەوە، دەستم بەرەو میچت دەکرد

تاکوو هەموو لێی ڕاپەڕین،ئەوجارەکە، خیچت دەکرد

دیسان وەرن با ڕاپەڕین، بێشک خودا یارن دەبێ
گەر وانەکەێن پاڕانەوەن، دەردەێکی سەربارن دەبێ
کوردە وەرە سەر هەڵبڕە، ئەوجارە دەربارن دەبێ

ئوستەرالیا شاری سیدنی 2004/12/16

(فرشتەی لاوی)

دەنگێکی کزلەبن گوێم هات
گوتی: فرشتەک دێتەلات
سەرم هەڵبڕی لەلام بوو
دەم گوڵو شیرنو نەبات
بزەی هاتێ گوتی: چۆنی
گوتم دەخێل بمبەوە لات
شەوگارلە کەل ئاوا دەبوو
بەیان بەناوەخت دەهات
دەستم لە دەستی بەرهەڵ بوو
منو نووری خودا هەیهات
پیرببووم کەلەخەو ڕابووم
خەونەکەم بۆ لەکڕین نەهات
لاوەتی بوو هاتبۆوە لام
بووخچەی سەدان تاسەو ئاوات
نرخی دنیام هەموو پێدا
نەگەڕاوە سووتابوو کات

شاری سیدنی ئوستەرالیا 2004/10/15

(گوندی سەوزی)

بەژنی ئاخم بە بەرزاییو بڵیندایی
ڕووی دووکەڵی دەروی ماڵی دەوڵەمەندە
کە ڕۆژ داهات بێ هەدادان
بەرەو تەشقی عاسمانی شین
لە ڕێچکەدا، داژوا دەڕوا
ئەستووندەکەی بە با بەندە
خەمت ئەو هێندەگران بوو
دڵم هەژا
دەردت ئەو هێندە قورس بوو
هەستم چرژا
لە دور وڵات لە دوری تۆ
لەم مەڵبەندە
هەڵبەستە داره بازی مەیت
لە هەسپی هەستی شێعری من
وەک دەزانم بەڵینیەکەت،
وەک کۆتری ڕێگا هەڵوەدا
سیلەی چاوی قەڵەمبازی
لە دێی سەوزی
هەرلە،لەندە
قسەت کزەی جەرگی من بوو
چەشنی گوللە
تێپەڕ بوونی ئەم دیو ئەو دیو
کارتێکردنی لە نەدیو
دەیان هێندە
کۆڵەوگرێ هەنیسکی تۆ
فەرسەخ، فەرسەخ
لە بن گوێم دێ
وەک مۆسیقای خەم دەستەمۆ
سۆزی بە هەودای دڵ بەندە
ئێستا ئەمن لە پشت کەنداو
ئەتۆ لە خاوەری دووری
لە ڕۆژهەڵات

له لێواری خەتی سنووری
بەڵام لە هەموو کات
گیانم لەلاتە دەزانم
بارگەی خەمت چۆنو چەندە

شاری توومبا پاریزگای کویزلەند ئوسترالیا 2003/1/18

(کەوە)

بەوگولەیەی ناکاکوێرە
لە خاڵیگەی دوژمن سێرە
گولم ئێستاش ئەو جوانییەت
ئەو هەیکەلە یۆنانییەت
ئەو چاوە نەرمە مەستانەت
ئەو جۆرە لە خەو هەستانەت
ئەو خاڵە ڕەشەی سەرلێوت
ئەوکولمانەی شەکرە سێوت
ئیشارەت چاو تروکانت
کردنەوەی کتێبی ژوانت
ئەوکانییەیی قوڵکی چەنەت
زەندی بە بازنەو خەنت
دڵۆپەی ئارەقی شەرمت
خڕوو خۆڵیت لەشی گەرمت
ئەولاجانگی زێڕاوی زەرد
ئەوگەردەنەی مینای بێ گەرد
ئەو پەنجە نەرمو نۆلاسنەت
ئەو دەمە ئاڵە پەیمانەت
ئەوکەشمو نەشمو نازی تۆ
چاوی کتوومت بازی تۆ
شیرن خێلیت پێکەنینت
ئاگریچەی چین لە سەرچینت
دڵی ڕەقو لەش خورمایت
ئەویندارىو ڕێی سەودایت
خوێن شیرێنیو ڕەزاسووکیت
تارای سووری شەوی بووکیت

ئەو بەژنە شلکە زراوە
ئەو جوانیە خودا پێداوە
سەربووهەردەی دەڕابردوو
خودا کردەی خودا کردوو
هەمووم دێنەوە یاد ئێستا
بەڵام هەسپی تەمەن وەستا
چاوم قاپی وێنەی تۆیە
ئاوێنەکەش لەلای تۆیە
دەترسم کە بێنم نێوت
هەڵبخلیسکێ خاڵی لێوت

ئوستەڕالیا شاری سیدنی گەڕەکی لیڤرپۆل 2004/11/23

(سویندی هەندەران)

لە هەندەران کە سوێند دەخۆم
ئەڵێم بە جامی پڕ لەمەی
شەڕابی ئەرخەوانی سوور
بە دوور لە بۆسەو کەمین
بە خاکی پاکی نیشتمان
بە خوێنی قارەمانی کورد
بە بیچمو شەوکەتی هەموو
کچوکوڕانی چەنگ شەهین
بە بەزمو ڕەزمی سەرخۆشان
بە بادەنۆشی مەهوەشان
بە بەژنی بووکی زێڕوەشان
بە مل بە هەش بەکۆڕی شین
بەو بەڵێنیەی، لە مەیخانە
بەو پەرداخەی بە دەستمانە
دیسان سوێندم بەو پەیمانە
لە ئاست پەیمان وەک بووین هەوین

ئوستەراليا شاری سیدنی 2006/8/20

(یادی یاران)

لە ( گردکاشان ) بەرەو(شاوانە) ڕێمان
هەموو زەنوێروو شیناوردە دێمان
ڕەفیقانم ئەزیزانم گوڵانم
لە من زێدە لە یاران کوانی کێمان
گوڵو ڕیحانەبوون قازوو قورینگی
کە من ڕۆییم زوێر بوون لێم بەجێمان
لە پرسەو ماتەمو شینم مەپرسە
کە خێرخوازی دڵی تۆ چیدی لێمان
لەرەی ئاونگی سەر گۆنای گوڵی سوور
ئەڤینم بوون لەوێێم ناشتن بەجێمان
بکەن یادم لەکۆڕی شێعروو ئاهەنگ
لە ئێستاوە بدەن ئەو قەولە پێمان

ئوستەراليا شاری سیدنی گەڕەکی لیڤرپۆل 2004/10/15

(ساڵبۆری)

پیری هیچی پێ نەهێشتم یەکچەلی تاڵانی کردم
بۆ گەمەی خۆی بەرەڵای ناوکۆزی مناڵانی کردم
ئێستا لە دارە دارەمە بەڵام نەک بۆ گەورە وەبوون
بۆ مەرگ بۆ مردن بۆ نەمان بۆ سەر دانواندن لە بوون
لە دەستکەنەی ڕەنجی دونیا وەرس بووم ها کوانی مردن
گیان لە بەر لەبەری هەڵدێ من هاتوومە داوا کردن

پارێزگای کویزلەند شاری توومبا ئوستەڕالیا 2003/7/21

(تەماڵ)

لە خوێن شیرنی دەمت تاساوو شێتم
بە تامەزرووییەوە دێم کفتە ڕێتم
لە چاوی من بپرسە شلکی بەژنت
کە سبحەینانە نەقاشی شەوێتم

کەچی چێژی خەمو شایی بەساتن
دڵەو لێم ناگەڕێ ئابڕووم دەباتن
ئەگەر پسیار لە داخوازم بفەرمووی
ئەڵێم پێت ئارەزووم لێوی نەباتن

بەلاویم بڕ نەکردوو گەیمە پیری
لە نێچیری بەکات نامهێتە بیری
منو ئاودەنگی خاڵی ئەوکی کەوباڕ
نهێنی کاریوو شاییو نزێری

ئوستەرالیا شاری سیدنی گەڕەکی لیڤرپۆل 2003/10/27

(ڕاسپاردە)

کەشو بێدەنگە دونیا شەو درەنگە
شەپۆلی خەم قەتیس وەستاوە مەنگە
هەموو گیاندار خزاون وا لە جێدا
لە ڕۆین کەوتوون ڕێدار لە ڕێدا

دەمی ئاخافتنم ڕوڵە لە  تۆیە
ئەوێ زیدو  وڵاتو ماڵی تۆیە
لە جیاتی من زیارەت کەگڵی وێ
لەکێووکەژ پەڕەکراوی گوڵی وێ
بەگوڵ تەشبی بە ڕووی لاوان کراوە
گەلای سووری خەزەڵ خوێنە ڕژاوە
چێاو دۆڵو دەرەی بەستێنی تاسەن
جوامێری بەری وەرزی  هەناسەن
کزەی شەوبای گوڵاوی پڕ وزەی لەش
شنەی سروەی بەیانانی بەبێ خەوش
لە حاکمی وێ بە داگیرکەر بنۆڕە
کە کوردت دی لە بێڵای چاوی شۆڕە
کە تووشی بووی بەمۆڕە تێپەڕە لێی
ئەوە خۆ فرۆشە متمانە مەکە پێی
دەزانم تۆ کە نازانی دەڵێم چی
بەڵام داخی دڵە دەکولێ کە هەڵچی

پارێزگای کویزلەندشاری توومبائوستەراليا 2002/11/17

(شلکەڕێحانە)
هەتا شێتی دەمو لێوی تۆ بوومە
هەتا عەودالی ئەو چاوو برۆ مە
هەتا ئەفسانەیە بەژنت لە بۆ من
لە نێزیکو لەدوورت ڕەنجە رۆمە
***
هەتاکوڵمەت لە سووری خونچەڕەنگن
مژۆڵت تا لە سەر گۆنا پەرەنگن
شیفای قەلبم نەباتی لێوی تۆیە
کە خوازیاری بەخێرێ ڕۆژ درەنگن
***
پەچەی ڕیحانەبوو  بۆنی گوڵاوت
کەچەپکێک بوو لە دەستی پیرەباوت
شەوانە تاکوو کازیوەی بەیانی
بزەی تۆم دێتە خەونو مەستی چاوت

***

که خەرمانەی دەمت خەرمانەیی دا
که بەژنە شووشەکەت پێوانەیی دا
چناروو عەرعەرووو سەروم پەسن کرد
کەچی هێشتا لە بەرزی وانەیی دا

***

که باخی سینگەکەت هاتەبەرو بۆ
سەری هەڵدا لە باخەڵ جووتە لیمۆ
لە بەستێنی بناری گەردەنت ڕا
بەدیم کرد ڕەنگی ئاڵو واڵی ئاسۆ

***

لەشت وەک کوارگەکی تازە لەکوێستان
سپیتر زۆر لە بەفری وەرزی زستان
بەچاوی لاوەتی زۆزانی بەژنت
دەبینم وا مەزانە چێژی ئێستان

***

ئەگەر دکتۆری شێتانی منم شێت
بخوازە فایلەکەم تاکوو لە بۆت بێت
گەرای ئیشقت لە دڵ وا داڕژاندم
هەتا بەدوایی نەمرم دوایی نایێت

ئوستەڕالیا شاری سیدنی گەڕەکی لیڤرپۆل 2003/10/7

(لێروانین)
ئیستاش کە دەچمە ڕەخ کەنداو
سەر هەڵدەبڕم بەرەو هەراو
ماسی گۆمە شینەکانت
بانگم دەکەن بە سیلەی چاو

ئێستاش کە ڕۆژ دەڕوا شەو دێ
سروشتیيە کاتی خەو دێ

لەم دەرەكییە  دوورە دەستە
هەردەنگی تۆو قاسپەی کەو دێ

ئێستاش هەواری خاڵی یە
لە هەندەران بۆ من بیرت
ئێستاش کە ورد لێی دەڕوانم
تیراوەیە جێگای تیرت

پارێزگای کویزلەند ئوستەراليا 2003/1/3

(مات)

خەمت سەختە بەڵام بێچارە چارە
دەبێ هەڵکەم کەشک نابەم بوارە
بوایت بەختم بە بێوارە نەدەژیام
منی نێچیری بەردەستی شەوارە
***
خەمان تاکەی لە خۆبێنم بکەم کۆ
خەمی خۆمی لە بیربردم خەمی تۆ
بەکۆچت لانەوازیشم بە خەم ناشت
بڕێژم با بەکۆشی دڵ کوڵو کۆ
***
بەکۆشکت هەڵبلێم یا کوو بە حوکمات
کە شای شەترنج بدۆڕێ پێی دەڵێن مات
درشتو وردی تاسەت بردە بن گڵ
هەڵۆی بەرزەفڕی عاسمانی ئاوات
***
لە خوێ بەرگر لە بۆگەن بۆ هەموو شت
کە خوێ بۆگەن ببێ ئیتر قسەی چت
ئەمە ئەو میللەتەین خوێن بۆگەنیوە
هەتاکەنگێ بکەین خۆمان شلوکوت

ئوستەرالیاشاری سیدنی لیڤرپۆل 2003/10/20

(هێمن کێ بوو)
کێ پاش دوایی کۆچی هێمن
دەستی دۆی دیلانێ دەکوشی
کێ پاش دوایی کۆچی هێمن
بەرەو جێ شوێن ژوانێ دەخوشی

کێ وەک هێمن خزمەتی کرد
ئەوهەی لە دەستی هات توانی
کێ وەک هێمن خزمەتەکەی
بە ئەرکی سەرشانی زانی

کێ وەک  وی بەگزنگی شێعر
هەوری خەمی ڕەواندەوە
کێ وەک وی ملوانکەی شێعری
بە کوردەواری هۆندەوە

کێ وەکوو وی بیروو هزرو
فکروو وێردی تەنیاکوردبوو
کێ وەکوو وێ لە حاملانو
ڕاهێنانی کوردی کورد بوو

کێ وەکوو وی بێ نیازو
بێ ئەتاجی لە خەڵک بوو
کێ وەکوو وی گشت هەتوانی
هێزو پێزی بۆ خەڵک بوو

کێ وەکوو وی قسەی دەمی
ڕوکو ڕاستو بێ پەلک بوو
کێ وەکوو وی بۆخۆی نەبوو
هەرچی هەی بوو بۆ خەڵک بوو

پاش نەمانیش سەری بەرزی
تانجی زێڕی لووتکەی کێوە
ڕووگەی سەربەرزیو شانازیو
سەر فیرازی کوردی پێوە

پارێزگای کوێزلەند شاری توومبا ئوستەرالیا 2003/1/20

(چاوی کەوە)

عاسمانی گوندی کەرێزێ،وەک چاوی تۆ شین دەچۆوە
بە شەپۆلی بای شەماڵی، ملەقوتەی گەنمو جۆوە
هێشتا گەلاوێژ نەنگوتبوو،چاوم دەکەوت بە ئاسۆوە
پلەپلە هەڵدەکشام، خەیاڵ دەیبردمە جێ ژوانی

نازەنینەک کەشف بە دەست،دەهاتەکۆڕی دیوەخان
زولفی لێ سێ بەنگی کردبوو،ئەم لا ئەولا ئەوشان ئەوشان
بازی ڕەوەزی ڕازان بوو، ئاقڵو پسپۆرو چازان
چاوگەی ئەڤینی شاعێربوو، غەزاڵی شێعرو گۆرانی

چاوم دووربین بوو دەیکێشا، دڵم دەیپێکا لە جێوە
ڕووگوڵو ڕوومەتی نەخشین،دەمی دەتگوت شەکرە سێوە
بەژن کەڵەگەتو سینگی، جووتە هەنارێکی پێووە
بێجگە لە من ،لە خوا، لە دڵ،کەس شکی نەکرد نەیزانی

لە دەرکەی بەرماڵی حاجی،کەمێک سەروو خوارم دەکرد
شەو بووگەلێک درەنگ وەختان،سەفەری بووم بارم دەکرد
وەک ڕاوچی بە چاوە بڕکێ،نێچیر بوو شکارم دەکرد
لە چوارچیوەی ماڵەکەیان، ئەو پەریەی فرشتەی جوانی

دەگەڕامەوە بۆ شنۆ،کە سەردەمێک خولیای وێ بووی
دەچوومەوە سەر شوێنەکان،ئەو شوێنانەی کە تۆی لێبووی

گەڕەک گەڕەک ئەومالْ ئەومالْ،ئەو قۆناخەی لێی لە سوێ بووی
تێدە فکریم بە چاوی دڵ، لە تابلۆکەی نەخشی مانی

سەرەکم لە زیندان دەدا، کە کەلەبچەکان ڕامووسم
لە سەردەرانەی دەرگاکەی، بیرەوەریەکان بنووسم
ئەو، وشەی دەخۆشەویستی،کە دەهالآن لە پێنووسم
نیوە شەوانو بەیانان، لەو دیمەنانەم دەڕوانی

هەرکات کە یادی تۆ دەکەم،سەرخۆش دەبم بێ جامی مەی
هەر دەم کە ڕوو لە تۆ دەکەم،وەردەگرم لە خەمم ئۆخەی
ئەو فرمێسکەی زەنگوڵ زەنگوڵ،بەکەشمو نەشەمەوە تکەی
خەیاڵم لە ئامێز دەگرم، شەوانە تاکوو بەیانی

ئوستەراليا سيدنی ليڤرپۆل 2004/10/21

(ڕەخنەو پێشنارەشیکی دەقاودەق)

گەورەم سەرۆک کۆماری کورد بۆ ئەم ڕەخنە کوێرا گرە
بەرپرسايەتی ئەمڕۆی تۆ گەلێک لەمە گرنگترە
بۆ وەت شانازی پێ ناکەم کە کوردییو براپەوە
کەرامەتی کوردايەتیو پێشمەرگاتیت بەلايەوە
ئەوسێ دەوڵەتە ئێستاکەش لە ئاستی کوردان نەمژن
ئەو سێ دەوڵەتە ئێستا کەشخوێنی گەلی کورد دەمژن
حافز ئەسەد ئەو غەدارە حاشای لە پێناسی کورد کرد
تورکیە ئەو فاشیستەیە کە هەر کوردی بنەبڕ کرد
ئێرانی ئاخوندی گلاو هەر باسی لێوە ناکرێ
تەنوورێکی نێڵ دراوە کوردی بە بەردا دەکرێ
ئەوانە سەرجەم قاتڵی گشت نەتەوەی کوردستانن
ئەوانە کوا ؟ دوستی کوردن بە کردەوە سەرەتانن
ئەوان دۆستی هەرکوردێک بن کەسايەتی لە دەست دەدا
هەرکوردێک بە وان بڵێ دۆست دوژمنی کوردە موبتەدا
ئيمان بە دێموکراسی وان ڕێوی بە حاجی کردنە
زيارەتی ئەو وەجاغە فسوس بە تانجی گرتنە

دەخیلت بم، بە چ لەونێک داگیرکەران نەپارێزی
کوردپێت ئەڵێ: لە پاکانەی ئەوانە خۆت بپاریزی
هەتا ئەمڕۆ بەخت یارە دەروازە لە سەرگازی پشت
دەنگی بەور داکۆکییە لە چەوسانەوەی خەڵک گشت
ئەو هەلەن بۆ بقۆزەوە هەر ئەوەشت پێدەمێنێ
با لە مێژووی کوردەواری ناوت بەزیندو بمێنێ
لە ناوهەرای شەڕە پەڕۆک ئاڵا ڕاستییەکەم لێ ون بوو
کوندی شوومی ئەو نگبەتیە ئاژاوە نانی دوژمن بوو
دەبێ قەوارەی ناحەزی ئەو جیاوازیە تێک بشکێنین
لە بن سێبەری ئاڵایەک کۆ بینەوە خۆ بنوێنین
بە هیوای ئاو ڕۆژە گەشە بە پەلە بێ لێمان دابێ
یەک نەتەوە یەک حکومەت یەک بڕیارو یەک ئاڵا بێ

ئوستەرالیا سیدنی لیڤرپۆل 2005/4/11

(عارەبی دەشتەکی)

با لە عارەبی دەشتەکی دست لە دۆستایەتی بشۆین
ئەوان بە سەت ڕەنگ دەگۆڕێن کەچی ئێمە هەر وەکی خۆین
گورگ لە کۆزی خۆن دەکێن ئەگەر ئەوان بێنینەوە
لە زاری یەکتر تفیون هەڵەسوونەش بێنینەوە
بە ئاکار دووپشکی ڕەشەن لە گژە پێشوو دەیانکوژێ
کە گەرمایان وەپشتی کەت ژەهریان لەکلکی دەڕژێ
بەرسینگەیان بۆ مەبڕەوە لێیانگەڕێ با هەر وابن
ئەو چاغ پێرو لەکورد هەڵدێ کە ئەو وێکڕا ناتەبابن
جوامێری لە گەڵ نەیاران دوژمناتی لەگەڵ خۆنە
تۆ لە فیتی وان باش حاڵی لە من دیزە بەدەرخۆنە
هەرعارەبێک سەدامەکوو هەرعەجەمێک خومەێنییەکە
خوێنو گۆشتو ئێسکی ئێمە قاوڵتوونی حوسێنییەکە

لیڤرپۆل ئوستەرالیا 2005/7/12

(بۆ دەبلیۆ بووش)

ئەمڕۆکانە سی ژانویەی دوو هەزارو پێنجە کاکە
ئەمڕۆکە لە مێژووی کوردی ڕۆژەکی پیرۆزو تاکە
ئەمڕۆکانە دەبلیۆ بووش ئەرکی خودایی فەڕز کرد
کۆشکی زاڵمی تێک ڕماند بەیداخی کوردی بەرزکرد
ئەو عومەری خەتاب نەبوو بۆ بانگ کوولەکە بشکێنێ
دینی عارەب بە زۆرە مل بە سەرخەڵک داسەپێنێ
عیسای مەسیحی ڕاستی بوو کڕنۆشی بۆخوا بردەوە
فووی لە کەلەشی کوردی کرد مردبوو زیندووی کردەوە
خودایە شوکر بژێرین کە ئەم فرشتەت بۆ ناردین
چارەنووسی ئیمەت ئەوجار بەو چاو شینانە ئەسپاردین

ئوستەرالیا شاری سیدنی لیڤرپۆل

(چاکی مرادان)

ئەگەرتۆ خاوەنی ڕازوو نیازی
ئەگەرشەوگار نەنستووی دڵ بخوازی
مەکۆی چاکی مرادانە (نەڵیوان)
تەلاسابی دەکەویە لانەوازی
گوڵی باخی سروشتی قایمەداری
کچی جوانو ڕزاسووکو لەباری
لە سەیرانگای دەپۆڵیە جێ گراوان
بە حەوتووی دێنەسەر لاوانی شاری
چڵووکی داری سێوی کولمە سووری
بە شۆڕابەی گزنگی دەم بە مۆری
کەوانەی ئاوێنەی ناوعەوزە وێنەی
سنوورنەشکاوی ڕووی بێگەرد بلووری
لە ساباتی قەراخی کۆشکی خانی
لە خواروی قیرەتاوی سێ ڕێیانی

هەموو داری بەری گێلاسو هەرمی
بەگوڵ پەرژین کراوەی ڕەوشی جوانی
بەلاڵووکی دەترشی وەک پتی خوێن
لە ناودا کێژی ڕوونەخشینی نەدوێن
هەموو بیرەوەری کۆنن لەبەرچاو
لە سەرناخی دڵم دێن دادەنێن شوێن
هەموو ئاستی(قولیچاوەش) بەرەو ژوور
بەرەو ژێریش بە ڕەشماڵی گوڵی سوور
لە جێ ڕاوگە لە ڕەخ پشکۆی گوڵی ئاڵ
لە گوڵشەندا بە گوڵچن ڕوو لە تابوور

ئوستەرالیاسیدنی لیڤیرپۆل 2003/11/26

(ئاسکی پسک)

هۆهۆ ئاسکی پسکی بازرە، سنوورلە خەم بپەڕێنە
بەسم کۆڵ ئاونگی تورتی، گەڵای خونچە بلەرێنە
لە باخچەی دوولیمۆی زەردت،دەرگای گاڵە بکەرەوە
هەتا وەرزی بەهاری دڵ، چەند ڕۆژێکی بە بەرەوە
کوا عاسمانی چاوەکانت، تێیدا ببمەکۆتری تیژباڵ
کوا ڕەشماری کەزی ڕەشت، سێرەی لێهەڵبگرێ خەیاڵ
لە سیلەی بەرمزەی لێوت، گۆڵەی تەلەسم بشکێنم
چێڕۆکی شیرینو فەرهاد، بە کردەوە وەدیبینم
2003/1/10

(کیژێکی پۆلیس)

گوڵێک پشکووت لەگوڵدانیک بەیانی
لە کێ بەرکێ ببوو سەرتۆپی جوانی
بە چاوی شینی مەیلەو عاسمانی
بزەی هاتێ وەدرکەوتن ددانی
فرشتەی باخی جەنەت بوو لە سەرهەرد

عەگیدوو دەم بەخەندەو لاوو بێگەرد
دەواری شڕ منو ئەوگوڵ خودایە
دەڵێن قسمەت خودا بیدا وەهایە
دەسی گرتم لپی هاویشتمە ناولەپ
گوڵو ئۆگر بە بەژنی داوەڵی کەپ
کە پەنجەی کەوتە ناو پێنج تبلی دەستم
لە ناخی دڵ گڕی گرت موومی هەستم
لەپم ڕەنگینی ڕەنگی ڕەش لە دوو دەست
چزەی گەرمای لەشی بوو پێم دەکرد هەست
کە ئەو پەنجەی بە تاوانبار دەڕەنگیم
هەناسە سواری دەنگی بوومو ڕەنگیم
لە پۆلیسم کەچی قین بوو پەرستیم
ئەوەش ڕێکەوتی ڕۆژێک بوو لە هەستیم

2004/2/15ئوستەرالیا شاری سیدنی

(شازدە)

بەو برینگو کەلەخانەی
دەمیان ماهووت ڕادەماڵی
ئەو دوازدەوو چوارە قاپۆڕن
قاوخی چرووکن ناوخاڵی

خەمەکانم هەڵنابرینگان
هەتا نەبوون بەکۆی لێمشت
ڕاستیـیە کانم بۆ هەڵنەکران
لەدێروو مزگەوتو کنشت
غەیرەز خاوەنی کەلوەکان
پشتاون بۆ پەرستن گشت

2003/10/7ئوسترالیا لیڤرپۆل

(تەپکە)

بە خاڵی لێوەکەت دڵ وا لکاوە
لە تۆ زێدە بەکەس مەیلم نەماوە
ئەتۆم بینی وەبیرم هاتەوە ئەو
لە پڕ ناسۆری کۆنم گشت کولاوە
کەڵێنو قوژبنو جێ ژوانو ڕاوگە
هەموو دەرکی خەیاڵم لێکراوە
دڵێکی دەردوخەم کۆڵەی کوتا بوو
بە سیلەی نیو نیگایێکی ژیاوە
بە تەپکەی پیری ناگیرێ مەلی دڵ
دڵێک ئیلهامی ئیشقی پێدراوە
ئەویندار ی هەوێنە بۆ ژیانم
هەتا ماوم ئەمن ئەو ئیشقە ماوە

شاری شنۆ ماڵی عەزیزی خانەبەگی 1367ی هەتاوی

(ئەنتیکە)

گوڵم وەرە سەرینم، پیرم لێم مەگرە لۆمە
نوسخەی دەمت بنێرە،نەخۆشی دەردی تۆمە
چەند خۆشەگەنجو لاوی،بێ عەیبو عارو ئازاد
بە زیادم نەکرد پیری، ئەو دەردەی وا لە خۆمە
ئەمشەو بە یادی لاوی،دەبەینە سەر بەیانیش
هەرچی دەبێت دەبا بێت،(خودا کەریمە بۆ مە)

شارۆچکەی گاتن پارێزگای کویزلەند 2003/9/23

بازرە

کەس کەسی ناناسێ ئەمڕۆکە،لە ناوچەی (خانەوە)
هەر چی دێ دەڕوا دەبینم،سەر بە زولفو شانەوە
بسکی لێک هاڵاوە هەر وەک،دابەسو خوشکە مرۆت

پشتی هەڵنایە لە بەر،قورسایی  فیشەنگدانەوە
(مام تەها)و(عەوڵاجبۆ)ها،چوونە بنکەی مەعریفەت
ئاقڵ و زانا بە تێگڕاییی،لە کۆلان مانەوە
کاتی مەختەگرتنی پیاوی وەها پڕ هەیبەتە
ترسەنۆکو جرپنو خوێڕی بەعام عاوانەوە
بزنە مووڕەی ماڵی حاجی،کوانی لەکوێیە برا
دەعوەتی کەم بۆ نەهارو،شام لە مۆڵگەی بانەوە
ڕووی زەمانە ڕەش بێ باوە،چونکە کەس ناکەس دەکا
ناکەسی کرددۆتە کەس،ئەمڕۆکە، لەم جۆلانەوە

1360ی هەتاوی گوندی کاسەکەران

(دێلە کۆکۆدایەڵەک)

لە باتلاخێکی بۆگەنی
دوورە دەستی ئەم جیهانە
(نۆفل لۆشاتۆی) پاریس دا
کۆکۆدایڵەک ترەکی لە هێلکەدا
سروشتی‌یە  فەرخەکانی هەژدیهابوون
هەریەک لەوان لە خوێن ڕژانو سادیسم
بی ڕەزابوون
ئیستا هەزارە زیلەیە
هەموو دنیای داگرتووە
لە شام، میسر،لبنان، حیجاز،
ئیراق ،ئەفغان، لە پاکستان،
دوورترلەوان
جاڕ دەکێشن دەڵێن:
خێری ئینسان کوژی
کووڕی ئادەم لە سەر زەوی
خوێن فڕکردن لە کاژەڵەی
مزەی لە شێرەی بەهەشتە
حەفتا حۆری لە تەنشتە
ئەوەی کەبەرماڵ بەشانو
پیسو پۆخڵیو خەڕافاتی
ئەم جیهانە لێی کۆ بۆوە

خودایە کولو سەبەبێک
لەتۆ زێدە دەبی کێ بێت
تۆ لەکوێ بی حەق لە وێیە
دەبی ناحەقی لە کوێ بێت

12004/25
لیڤرپۆل سیدنی ئوستەرالیا

(ژین)

بەرهەمی ئەم ژینە چ بوو
هاتنو ڕۆینن لە چ بوو
دا وەرە دەی لێکیدەوە
ناخەڕەکە تێکیدەوە
کەس نەبوو لێی حاڵی ببێ
بۆیە دەبێ ئاڵی ببێ
ئەو کە دەڵێ: تێی گەییوە
ئەو لە نەزانی مەییوە
بارە لە پشتی کەری کاس
کێیە بزانێ چیەیە باس
ئەو دەمە کەس کەس نییەچی!
مەحفەرەچی! ئاچەری چی!؟

شاری سیدنی لیڤرپۆل
2003/11/27

کەرێزەی شیخانی مەهاباد

ئەمڕۆ بە بۆرشکەی خەیاڵ
لە دێی کەرێزەم دەڕوانی

چیایەکەی پشتی ماڵان
بنکەی پێشمەرگە بوو شانی
ئەو قوڵە زەویەی بەرەجۆ
ئاقارەکەی کەندەڵانی
ناوەندەکەی سەروو خواری
گشت زنجیرە کەژەکانی

ئەو باخەی تازە دەست چەقێن
نەمامی سێو بوو سەرجەمی
عالەمێکی خەیاڵات بوو
بۆ من سەرجەم زۆروکەمی
هاتووچۆم لە وێ بۆ ئەوێ
چێرۆکی پڕپڕ لە خەمی
کتێبیک بوو لە دەستم دا
خوێندنەوەکەم نەدەزانی

بەزموگەمەی دەئاوایی
سەربهوردەی دەڕابردوو
ڕەمەزانو جەفەنگی شەو
ڕەنگی ڕۆژوو بەخۆ گرتوو
سێ ژەمە پارو لێبادان
نانی پارشێو نردوو نردوو
تەسبێح گیڕان سۆفی سیفەت
جارو بار کاتی مێوانی

کاک شەشە، عومەرقەیتەران
منو مەلاخالید خاکی
ڕێکدەکەوتین بۆ سەفەرێک
بۆکاری خێر، نەک سەرچاکی
بەرژەوەندی ئاوێنەیە
دەشتەکی کاکی بەکاکی
زەمانە شت بزر دەکا
کە تۆ وبەرنەنێیی گیانی

گەڵاڵەیەک دادەڕێژرا

جێ برینێک دەبرژاوە
شێلەگەیەک هەڵدەبسرا
ئاگری خوێنیک دەکووژاوە
بەڵێنی دۆستایەتی بوو
لە هەڵگرتنی ئەو هەنگاوە
ئەوەی نانی بەگوێ نەخوا
بە جوامێرەتی دەزانی

لە پشت میلەی بەندیخانە
یەکێک دەستی درێژ دەکرد
بە قەولو پەیمانو بەڵێن
چیای سەرکەشی لێژ دەکرد
خمی دیواری دۆستاتی
بە چیمەنتۆ قیرڕێژ دەکرد
کەچی تێکوڵە شووتووش نەبوو
قەولو بەڵێنو پەیمانی

عەزراباتی خودای چی یە
لە بەڵێنی ویدا نەمدی
باسی وشەی خۆشەویستی
پێم خۆش نیە بکرێت چیدی
هەرچەند ئێستاش خۆشم دەوێ
قسەی لە سەرناکرێ ئیدی
بەڵام خێری بۆ من نەبوو
دەنکە هەرزنێک لە ژیانی

ئەوانە گشت ڕابردوونە
کە زیندوویان دەکەمەوو
زوان تیغە تیژی دەکەم
بە هەسانی دەسوومەوە
دەڵێم خۆزیا جارەکیتر
بە سەریاندا دەچوومەوە
بریا دیسان دەگەڕاوە
زەمانە بچمەوە ژوانی

بە دەنگی کەڵەبابی شەو

حاجی خەوی هەڵدەگەڕا
پشیلەکی نێرەکوتکە
لە حەوشەی ماڵیان دەگەڕا
کیژۆڵێکی چاو عاسمانی
چای دادەنا، دادەگەڕا
مەلا لە بۆ بانگی شێوان
خۆی دەگەیاندە سەربانی

کاکە سوارێکم لێدەدی
کە چاو تێروو دلۆڤان بوو
تەنیا هەرئەویش لەوگوندە
بێ گاوگۆلو بێ شوان بوو
بەڵام ڕەگی پیاوەتی
لێدیاربوو خاون نان بوو
هەر ئەوەندەشی بۆ ماوە
پاشملە لە مەڕ ژیانی

ڕدێن سپی ئاوەدانی
کەمیان لە دێ دەمانەوە
پۆلێک بەرو باژێڕ دەچوون
پۆلێکیان دەگەڕانەوە
بێڵاسی مزگەوت کۆڵانی دێ
جێگای قسە گێڕانەوە
لە وێ سروشت کە خۆی دەنواند
لێی دەتکاوە گەزۆی جوانی

سرتو قورتی دەتۆلازان
لە سەرڕێگای کیژووکاڵان
چاوەبرکێی دەجحیلان
میخەک لەمل ڕووگوڵاڵان
شلو ملان گەردەن کێلان
دەم گێڕان لە سەر ڕووی خاڵان
لە دەورو پشتو ئاقاری
ئاوی کەندەڵانی کانی

حاجی کاتێک قسەی دەکرد

کرێوە بوو دایەدایە
سەتی دەی نەدەکەوتە هەرد
لەو باو بژوو سەرمایە
دەنگمان ئەوها تێک دەئاڵقا
دەتگووت لە شەڕگە هەڵایە
هەردوو خوازیاری چۆپی بووین
دوورە پەرێز لە گاوانی

کاک عەلیو زەردە پێکەنین
لە باڵە خۆیدا دەکوڵی
دەستم دەخوێندەوە بەڵام
نەدەکرا بچمە ناو دڵی
هێورهێورتێن ڕادەما
نەیدەکەوتینە بەردڵی
بەڵام حورمەت دیوارێک بوو
چوونە سەری نەدەتوانی

گۆلکەکی سوور دەردەپەڕی
کابانی ماڵێ دەی قیژاند
پێی وەمەڕدۆشێک دەکەوت
شیری هێوارەکەی دەڕژاند
دەنگی شڵقە شڵقی مەشکە
دڵی تامەزرۆی دەچرژانە
یەکێک دەرکەی دەکردەوە
دەهاتە ژوور بە میوانی

حاجی بە قەڵەمبرەکەی
لکی داری هەڵدەپەرتاوت
چاخێک کە دەگەڕاینەوە
ئەو بایەداوە بۆ سابات
کەیهانو کەیوان هەر دووکیان
تەمەن گچکەو بەرزە ئاوات
خوێندنەوەی دەستی موقەدەر
بەجگە لە خوا کێ دەزانی

جیرانێک دەهاتە حەوشە

حاجەتێکیان لێ وەربگرێ
کوڕێک بەرەو پیری دەچوو
کە تولْە سەگەکە نەیگرێ
کوندێک لە بانی دەی گماند
دەیگوت:خاوەن ماڵ دەکوژرێ
بەڵام بە داخەوە هیچ کەس
زوانەکەی نەدەزانی

ئەمن ئەوکات تێ نەگیبووم
کەس نییە لە ژیان نەدۆڕێ
ئیدی دۆست هێندەتاڵ دەبێت
لە گەڵ دەژمن لێت بگۆڕێ
هەرچەند لە ڕاستی حاشاکەی
ڕابردوو هەر دێتەگۆڕێ
بە تۆپە قوڕ کوا دەگیرێ
گزنگی ڕوونی بەیانی

2004/12/14
شاری سیدنی گەڕەکی لیڤرپۆل ئوستەرالیا

(دەنگ بدەن)

دەنگە دەنگە دەنگە دەنگە دەنگ بدەن
ڕۆژی ئاهەنگە وەرن ئاهەنگ بدەن
با لە سێرەی چاونیشان داکەینەوە
مارە دوژمن با سەری پان کەینەوە
هەڵگرین بەیداخی کوردی پێکەوە
ڕۆژی وا کاکە بە دەگمەن دێتەوە
هزرو فکرو بیکری وردن دەربڕین
ئەو سنوورە ڕووکەشانە هەڵبڕین
دەنگەدەنگە دەنگەدەنگی چارەنووس
بۆم بنووسە دەنگی چل ملوین بنووس

دێ لە ژێرڕا کوردە هەروەک شێری چێو
بۆ سەری سندووقی دەنگدان کێو بە کێو
تێدەگا پیلانی دوژمن بۆ هەدەف
پڕگەفیش بێ ڕووی لە ناموسەو شەڕف
دێ وەکوو زریا لە مەنگی پەنگ ئەدا
ئازموونە چارەنووسە دەنگ ئەدا

2005/1/30
شاری سیدنی لیڤرپۆل ئوستەرالیا

ئەڵێن: تۆڵە لە گورگ ئەستێنێ گەردوون
کە بزنەکۆڵەکەی کردبێ بەشەوخوون

ئەڵێن جارێک بەخت بۆت دێتە ژوانێ
کوڕی هەل قۆستنەوی پێویستەکوانێ

ئەڵێن هەڵکەوتە وەک لۆتۆ ژنی چاک
لە بیگانە ئەوەند ڕێککەوتە ڕووی پاک

2004/10/8
شاری توومبا پارێزگای کویزلەند ئوستەرالیا

ئەوەساڵهاتی شێست و دووم گەیشتێ
تەمەن ڕۆیی بەلەز با نەیگەیشتێ
چڵۆکی داری ئاوات بەرزو من کۆم
گەهیشتی بوومو دەستم نەیگەیشتێ

2003/10/24شاری سیدنی لیڤرپۆل ئوستەرالیا

(پێشبینی)

وەکی دەڵێن ئێستا لە وێ
وەفا کاول بووە ماڵی
بێڕێز بوو کەسایەتی
کەس بۆی ناکێشێ وەباڵی
گومان ئەکەم چووبامەوەش
دوایین قسەم ئەوها بوایە
گوتبام بریا گەڕانەوەم
لە دڵدا هەرخۆزیا بوایە!

12003/24
شاری توومبا کویزلەند ئوستەرالیا

بەڕیزخان

دڵم ئاونگی ناوخونچەی دەمی تۆ
بەڵێنی مل کەچی تی هۆیەکەی هۆست
سەرنجت ڕادەکێشێ تا بزانی
بەزەخوازی لەقاتە لێکەوت کۆست
دەمی تۆ وێژەری هەستی دڵی من
بەڕێزخانو خەیاڵو مەحزەری دۆست

2006/1/26
لیڤرپۆل سیدنی ئوستەرالیالە
مالی بەڕێزکاک عەولا ئیبراهیمی

(بانگەواز)

دۆستان ڕەفیقان ئازیزان
ئەوانی دڵم بەدواوە
ئەی شاهینی دۆڵو بەندەن
ئەی پێشمەرگەی بەچیاوە
ئەی شاعێری بێ سەروشوێن
ئەی کۆیلەی دەستی داگیرکەر
ئەی لە هەندەران سەرگەردان
ڕۆژی لە پشت کێوان ئاواە
ئەی شێعری ئێوارەی پاییز
ئەی خوناوەی سەرپەلکی گوڵ
بەفری نواڵەی تووواوە
ئەوەند، سەرە بیانیک
بولبولی سەرچڵوو نەیخوێند
گوڵ لارە مل بوو چەماوە

(چەندئایە لەقورعانی پیرۆز)

چ پێغەمبەرێکم نەنارد مەگین بە زوانی گەلەکەی
هەتا ڕاستیان بۆڕوون وەکا تۆ نە فرشتەی نەمەلایکەی

ئەگەرحەزم بکردبوایە هەمووم دەکردنە یەک ئایین
ئەوەی باوەڕیان بەکتێب بێ دەتوانن خۆبکەن دابین

لە بۆ ئادەمو جنووکەش بە زوانی خۆیان کتێب نارد
پێغەمبەریشم لە بۆیان لە ناو خۆیاندا هەڵبژارد

گەرفرشتەش بە ئارخاین لەم دنیایە جێگر بوایە
دەمشاند بە زوانی وان کتێب پێغەمبەریش لە وان بوایە

2005/4/23

(بۆکاک خەلیل رەجەبی)
عەباوعەگالو مەندیل، دالاشو دەستی بەدەست نوێژ
تەسبێحی سەت دەنکەو یاهوو بسم اللەیی‌و گورگی خوێنڕێژ

گۆشتی کەریش لە گۆڕێ بێت ددان لە سیڕەوە دەبڕن
سەگیش ئاگای لەخۆ نەبێت زگی بە سەت جێگا دەدڕن
شەش هەزارو دووسەت وسی ئایەم ورد ورد لێک پشکنی
تێمدا نەدی ڕێی خۆکوژی بە درۆیان خۆم ناکەم خەنی
خودای ئێمە خودایەکە ئەتۆ ئەوهەی بە دڵت دابێ
ئەو دەیزانیو لێی حاڵییە بێ وەی لە شکوگومان دابێ
خودای خۆت بناسەو بەسە لە مافیایی ئاخوندی گەڕێ
بەڵکوو خودا ڕوحمت پێبکا شارەزات کات بۆ سەرپەڕێ

2005/4/23

(دوو بەیتیەکان لەسەرسبکی خەیام)

(ئاسمبەری) دەدوێنم و (پیرڕەش) لە سەری ڕێم
(کانی بەگوڵ) (شاوانەو)و زۆزانی (قەزن) جێم
شەترنجی خیاڵ و من و لێکدانەوەکی دوور
من سەوزە کە نیم کاتی بەهاربێت،لە وێ بڕوێم

ئەو شوینە هەمان شوێنە کە شوێنی لە دڵم کرد
ئەوگوندە هەمان گوندە کە لێی بۆنی گوڵم کرد
ئەو بەرزوو نەویوو شاخ و چیاو دۆڵ و تەلانی
هەر شەو،کوڵی پەیمانی خەمم بوو لە کڵم کرد

شاوانەیە، ئەو گوندە کە من ناوی دەهێنم
من لاوەتی لەوشوێنە بە ڕووی گوڵ دەشبێنم
مەی،چێژی دڵم بووکە بە لاوی لە وێ لۆچێک
سەوداسەری ئەو شێتییە ئێستاش دەحوبێنم

زۆرن کە لە وێ هەمدەمی من بوون و نەماون
کەم نینە ئەوانەش کە وەکوو خونچە ڕواون
نەمزانی کە لەم هاتن و ڕۆینە چییە ئەمانج
لەم بارەو گشت شیکەرەوان گێژوو گلاون

گوتراوه گەلێک گفتی بە سۆ پاکی درۆیە
لێکدانەوەی هەرکەس بەقەدەر ئاقلی خۆیە
تێرێک نەبوو بێ پێکێ دڵی ڕاستی ئامانج
مابینی مەلاو حاجی و شێخ شەرت و گرۆیە
*****
لە سەرئەمەرا کە دەمرین و نامێنین و دەننێژن
بەشی زۆری لە ئێمەی دە موسڵمان خوینڕێژن
وەرە سەیری ئەو هەموو خۆکوژی تەقینەوەکەین
کەللەی من و تۆ خوڵی جەهەنمە، کە داییبێژن

خەیام گوتەنی کەس نەگەڕاوە کە بزانین
شوێنی ڕویوو نەگەڕاوە لە کوێن و کوانین
باسی تووروگیزەران بۆ من بەس کاویژکە
بەڵایەکی هەرەگەورەیە تێنەگەیوو نەزانین

ئەوەی کە خۆ دەکەیە نەوەی حەسن و حوسینی
دەتەوێ لەکوردی حاشا کەی،بەعارەبیم بدوێنی
تۆ چەوسینەری سەرپاک ئۆمەتی بە ناوی ئومی
نەکەی بە دووگەزە شاڵ سەرلە ئاسمان بخشێنی

ئەگەر بەهەشت جێی کەروگایان بێت ئەمن ناچم
با لەگەڵ زاناو رۆشبیران بەکڵی جەهەنەم داچم
کە ئیسلام ڕدین تەسبێح و نوێژی ڕۆژی بە درۆیە
لە پەنا چ موسڵمانێکم مەنێژن، دێم بەگژو داچم

2007/3/8

(حەسرەت

پێم خۆشە هەموو دەردی دڵم لێرە بەتاڵ کەم
ماچێک لە دەمەت هەرنەبێ قوربان بە خەیاڵ کەم
شوێنت لە دڵمدا هەیە شوێن تێکەری ئێستاش
کارتێکەری ئەم شوێنە دیاردی بە تەماڵ کەم
ئەفسووس کە نەما جوانی خوا داوو دەمی گەنج
داوا لە هەموو عێزەت و بەخشیش و جەماڵ کەم
بەو پیرییە گەر بێمەوە خزمەت چ دەڵێی پێم

با تف لە چرووچاوی خەیانەت بە کەماڵ کەم

ڕێکەوت 2007/3/20..........سیدنی ئیتڕالیا
شەوی نەورۆزی ساڵی 1386

---

کاویژە ئەوەی مانای نەزانی،چەنەت ماندووکەی
کەڕە موسڵمانی  ئەگەر تێی نەگەی و یاهۆ کەی
سەیرە ئەوەی بە دەمت دادێ نەزانی چ دەڵێیێت
بۆ مانایەکەی داوا لە مەلای خاوەن نشتوو کەی

حاجی لە مانای قولهو وەڵڵا ناگات و نوێژی ناچێ
مەلا بانگ ئەدا حاجی  سەری لە مانای دەرناچێ
ئەو دەڵێ وەرە مزگەوت و خێرت دەگاتێ و چیدێ
حاجی بە ورتە ورت هێندە خۆی کوشیوە لێیناچێ

دەگەمە هەرکەس نوێژێ دەکەی؟ پێم دەبێژن یان نا؟
باوە پێم بێژن  ئێوە لە قەبری من ئەنێژن یان نا  ؟
پێمخۆشە لە سەرکڵی جەهەنم بسوتیم لەلای ئێوە نەبم
بۆم هەڵناسەنگێ خوایە چەن هێرو کەڕوگیژن یان نا؟

دەڵێن ئەگەر مەولودیەک بکەی و پاروەک لە پڵاو بادی
یان ئەم نەقل و نەزیلە بۆ دۆست ودەرو جینارت دادەی
یان بۆنی چێشتی مەولودی بکەی و نەفەسێک هەلکێشی
کەس و کارت بە هەشتین نەکەی فاتیحایان بۆ دادەی

کە وایە هەزار گونا دەکەم و کانیاوی بەهەشتم جێیە
لە بن داری توباو حوری لە تەنیشتم لە دڵم نەگرێیە
باوکم هەموو ساڵێ مولودی دەکرد مولود نامەی دێنا
ئەو جۆرە چوونە بەهەشتە لێگێڕانەوەی مرۆی لاڕێیە

دەڵێن رسق و ڕوزی  لە دەست خوایە نوسراوە  هەرێ
هەرکەس پشکەبەشی خۆی  بۆ دیاری کراوە لە بەرێ
هەژار گۆیا وەبەرغەزەبی خوا کەوتووە چارە نووسە چ بکا
ئەدی بۆ بە پێچەوانیە،ئەوەی لە ڕۆژهەڵات دەچێتە دەرێ

لە نیوچاوانم نووسرابوو بمبەن لە سیدارم دەن بەڵام ڕەشبۆوە
کە تخووبم پەڕاند دەرکەوتم لە میدلیست ڕەنگم گەش بۆوە
پێم وایە بەهەشت ئیرەیە بۆ گەنج و لاو خورد نەک بۆ پیر
لە قسەی ڕەمەکی سەیدو شیخ و مەلاو،  دەوم بەش بۆوە

لە چارە نووسم نووسرابوو کەلبچەم لە دەست دەن هەمووساڵێ
کەوڵ و پێستم  ئاوەژو کەنەوە و لەکونەڕەشبم  ساڵنا ساڵێ
کە سنوورم بەزاند چارەنووسی ئەولام خەتی بە سەردا کێشرا
بە تاڵە مووەک هەڵاوەسرابوو ژیانم لەوێ، لێرە مەکۆی خەیاڵێ

ئەگەرگوتیان وەرگەراوە، لە قەبرستانی موسڵمانان مەینێژن
بەم گەف وگوڕە بم هاڕن خەمی دڵی خۆتان پێ دەرهاوێژن
کە من مردم چ باکمە  لە تابووت و لە گومبەزو، فڕیدان...
گورگ بمخۆن دەچاڵم کەن بمسۆتین یان لە دەریام باوێژن

حاجی ئەوە لە مەکەیە منداڵی  سویی گۆشتی سوورە
دایکی باوکی خوشکی خزمی داماوی ڕەخ قونتەندوورە
بۆ ماچی بەردەی ڕەش دەچی، ڕەش بۆتەوە بنەماڵەی
کە مرد بڵێن بەهیلاک چوو مەلێن کۆکایی ڕێچکە نوورە
***
ئاوی زمزم بۆ متفەڕک، سەر لە قدودلەکەی دەردێنێ
لۆچێک ئاوی قوڕاوی خۆت، سەت تەنەکەی زمزم دێنێ
مانای چوونە حەج مەعلوومە ئەوەی ئاقلی لە مێشکدا
ئەو دەم ئەوێ ویشکاڕۆ بوو باج کردیە هەرامە شوێنێ
***

دەڵێم دووگەزە شاڵ لە پشت بستم و شەجەرە نامەیەک چێکەم
ڕیشێک دانیم و شانەیەک لەگیرفانم خەم و ئەو دێ ئەم دێکەم
لە مەیخانە مەست و کەلەلا و لە مزگەوت نوێژی بەدرۆ دابەستم
مووروی دوو زوانی لە هەودای تەسبێحی سەت دەنکە داجێکەم

دەرەکی لە سەرمارس دەنیشن و ئەمە لە سەرزەوی هێشتا شێتین
ئەوان ئاسمان دەپشکنەوە و ئێمە بە ئاواتی سواری هەسپی کوتین
ئەوان کوورە بە کوورە دەروون ئێمە بەکوێرکوێر ڕیی خۆن نازانین
لە نەقڵ و نەزیرەی بەدرۆی عارەب دەگەوزین و دەڵێین پڕ پێتین

مەلا تەڵقینم دەدا دەلێت لە ڕاستی لادم درۆیان بێژم
ئەوهەی کردومە لە چەوتی بەپاڵوینە ڕاستیدا داییبێژم
حاشا لە کردەوەم بکەم خۆم وەک پێویستە نیشاندەم
ئەدی وەلامی ئەو دوو فرشتەی سەرشانم چون دەرباوێژم

مەگین خودا نافەرمێ لەڕەگی حەیات، لە ئێوە نزیکترم
ئەو هەی دەیکەن و نایکەن ئاگاداری ماشەری سەرکرم
کە وایە پێم ناڵی مەلا مانای ئەو تەلقینە چ دەبەخشێ
لە دەربڕینی قسە بێتامەکانەت ئیستاش هەرگێژو هوڕم

دەجا کە خوا ئاگادری سەرجەم کردەوەمە فرشتەم بۆ چیە
نوسینەوەی قاقەزی چاکەو خەراپەی سەربەستەم بۆ چیە
کە چ شتێک لە دەست خۆمدا نییە بۆچ دەبێت تاوانبار بم
برسی وتیریشم بەخۆم نییە لێکدانەوەی دەمبەستەم بۆ چیە

ڕۆژ کورت ودرێژە غەیبەتکەری تۆمەت دەدەی لەم و لەو
ڕوژیک گورگ و دانێک ڕێویی سیرمەخوری جەمێک کەو
ئاڵە دینی، بێدینی دوورلە ئینساف و مرووەت، ڕۆژ و شەو
تەسبیحە سەت دەنکەکەت چییە خیری! بێژە پێم شڕ،دەو

نازانی و حەولنادی هیچ تیگەی و فیر بی، بە هێڕی دەمری
مەیموونی سیفەتی لاساکەرەوەی بە کەڕو گێڕی دەمری
پێت وایە ئەوەی عارەب گوتوویە ڕاستە کە مەلا دەیفەرموێ
پێتێک لە دێڕی ئەم معمایە تێناگەی بە دەسبگێڕی دەمری

پێت وانەبێ مەلا دوازدە عیلمە هەڵە ناکا هەرچی دەیڵێ وایە
ئەوهەی بە مناڵی بەگوێد دا چرپا، زانینی دونیا لە لای بایە
ئەوەی خۆی بەتوین هاوس داداو سێ هەزار بێتاوانی کوشت

زانایەک بوو شیت نەبوو  مێشک شوراوە،کەسم چارەی نایە

هەردوولا موسڵمانن و هەردوو خۆبەدینداردەزانن خواپەرستن
یەک چوارو ئەوی دیکە بۆپەرستنی دوازدەئیمام  ڕادەوەستن
مەیخۆر لەمەیخانە مەی دەنوشی و سەرخۆش ومەست دەبێ
ئەوان بەڕژانی خوینی نابەحەقی ئەم و ئەوسەرخۆش ومەستن

ئەوەی دنیای شڵەژاندو لە عالەم ناوبانگی دەردەکرد خوینڕێژ بوو
ئەوەی خوسڵی بەخوین و دەسنویژی بە خوین هەڵگرت نەگیژبوو
ئەوەی فیتنەی دونیای ناوەو خەڵکی  بەرەو  ڕیگای‌گومڕایی برد
گەوج و نەخۆش نەبوو مێشک شوڕاوەیەکی دەس بە دەسنوێژ بوو

دین و ئائین شێتت دەکەن ئەگەر بەربەرەکانیەکەت بە هیز نەبێ
قسەی دەمەت هۆی خۆ بەکوژ دانتە مەگین ئیشتیاو مەگیز نەبێ
هەتا ئەتۆ یاسایەکی ئەوها  پەسەند دەکەی سەت ساڵ دەکیشێ
ئەویش ئەگەرشعووری  دەسەڵات بەکردەوە  شەرع پارێز نەبێ

نەفام بەچیای هەڵەمووتی نەزانی هەڵڕوسکا
ڕاست بێژ لە ترسی کەروگا، دێت دەم وسکا
جاهیل لە سەرگڵکۆی عاڕەبێکی  کورد کوژ
نەزر پێشکێش دەکات کە ژنەکەی بۆ ئاوسکا

(چۆپی)

تۆ خونچەو من بەرگی خەزانم گوڵی بوستان
تۆ شەونەم و من بادی فغانم لە شەبوستان
تۆ ڕەنگی بەهاری من و پاییز،سەری زستان
لالەی دەمەکەت شەرعی دلی دیدەپەرستان
بەو پیرییە سەرخۆشم و بێ هۆشم و مەستم

هێند جوانە لە تۆ نازوکریشمەو دەمی عینوان
تاقی تۆ لە ناوکورد کە بڵێم کچ، ئەوە کەیوان
بەرنامەی دڵ بوو شەوی دێنێ ئەتۆ مێوان

داخوازی ئەوەم چەپکەگوڵی تۆ کەمە دیوان
مەرج بێ ئەگەرئەو جارەکە بەو سۆزە بوەستم

بەو شکڵەوو بەو تەرزەوو بەو جوانی خوا پێی
داویە، لەشی شیرین و ڕزاسوک، وەکووکێی
بەو تولە نەمامی کە ئەوە دەڕژێ هەوس لێی
تووم گوت کە هەزار ئەشهەدو بیلا لە سەراپێی
ئیشقت دەمژێ لێوی ئەوین و دەمی هەستم

ئەو سروە بەسۆزەی دەمەکەت عەنجەرە دێنێ
شەونەم بەهەناسە لە پەڕی گوڵ دەهەژێنێ
شەوبایە بەشەو بولبولی مەست باڵ دەتەکێنێ
پەیمانە لە غەیرەزگوڵی خۆی کەس نەدوێنێ
قەیدی چییە بۆ چرکەیەکی دەس بدە دەستم

(گیانا) بە سەری تۆوو بە دوو چاوی دە کاڵت
بەو بەژنی زراو، گەردەنیبەرزو گەشی خاڵت
بەو زەردەخەنەی دەم بە برۆی ڕەنگی کەژاڵت
سەت سووچ وگونای نابەحەقی من بێ وەباڵت
بەو دەنگەوو ئاوازەوو سەرخۆشییە، مەستم

ڕیکەوت 2007/1/2 سیدنی ئۆستەرالیا.

(بەسۆز)
ئەمجارە بەسۆزێکە، دەسووتێنێ هەناوم
ئەوگەنجەو، من پیرم و، سەیرانگەیە،ڕاوم
هەربەزمی خەیاڵە، لەگڵێنەم بەشەو ڕۆژ
سەرچۆپی دەکێشی دەڵەکەی گەنج وزراوم
2007/1/18سیدنی)

دەڵێم با لەشی بەبۆت تەشبی کەم
هەتا نەمردوم شەرعی تەوزی کەم

حەجاجی کابەی بەحاجیان ناسیم
قەبوولە حەجم دەستی لەملی کەم
2007/1/15

(پیری)
پیری ئەی حەزیای دوو سەری زاڵم
کۆگای خەم و دەرد، گرژەی خەیاڵم
ئیستێک ساخم و سەدان ئیست نەخۆش
لێم لا لووت بووە ئاقڵ و زەین و هۆش
دوکتۆرێک نەما نەچمە پاڵ و لای
لاوەتی گوڵم ئازیزم تۆ کوای ؟
بەخۆم نەماوە متمانەو بڕوا
دەڵێم پشویک بێ من گیانم دەڕو

(شاری خامووشان)
شاری خامووشان ئەوگۆرستانە
زانا و بلیمەت لێی بێزوانە
تابووتی گڵکۆم لە زێڕی چاکەن
نەخش و نیگاری تێدا پەیداکەن
بەردی گۆڕێچەم هەمووگەوهەربێ
زومرڕدی سوور ئەم سەر ئەو سەربێ
یان بەکوچکە بەر بە گڵکۆم دادەن
یا کوو فاتیحا و دوعام بۆ دادەن
پادشابم، دەرویش، یان گەدا زادە
شێت بم، سەرخۆش بم بەجامی بادە
من پارووی دەمی گورگی مردنم
ئەم سکالایە بۆ کوێ بردنم؟
بە ساخی ئەگەر قەدرم نەزانی
کە مردم بێ و نەبیی یەکسانی
ڕێکەوتی 2007/6/23 لیڤرپول سیدنی ئوستڕالیا.

خەیاڵ

گوتت کە پیرو داکەوتووی
بە چاوی من بنوارە کوی
کە تۆ شەو بێیە بەر بێڵا
مانگ لەشەرمان هەڵنایەڕووی

2003/8/6
ئۆستەرالیا.

با نەیار بێنم لە بەر چاو پاش ڕەجم کردن هەتک کەم
با .... بێنم لە داخی سڵ و شەیتانی پەتک کەم
با قەیسی هەڵوینی زەردت بەکوشینی دووپت لەتک کەم
با تاوێک بۆ حەسانەوە واز لە خەمی دونیا بێنم!

(دەردی زانا)
هێند لەشم ئازاریەتی ئیشیم گەیە ڕەمانە
دستم هەڵگرت لەهەرچی کەلە بەرێ بوومانە
بە فەلسەفەوحیکایەت چارەی نەهات مرادم
پرس و ڕا بە نەزانان گویز بە گومبەز دادانە
سەت کوین و دەواری ڕەش لەبەرچاوان بپۆشم
دەردی دڵ نادرکینێ بۆ ئەو کەسەی نەزانە
گورگی دەچیا بمخۆن سەت شایەدچاو لێبێت
تۆیەکی وا نەڕژاوە پێم بڵێن بێ تاوانە
خەڵک دەڵین نەزانی دەردیکی ئیکجارمەزنە
ئەمن دەڵیم ناوەاللە دەدی زانا گرانە
لە هیبەت دەنگی تەپە ئاڕەستوو دڵی تۆقی
لباد کوتان لە هاونگ تەنیا کاری لوقمانە
1369/2/23ی هەتاوی زیندانی نەغەدە

ئامپریالیست
ئامانجی بە درۆ تا بەکەی کرێگرتەی ئەمپڕیالیست

ئەوەی ئێوە داوای دەکەن قەت کوردنەیکروە بەهەڵویست
تاکەی خوینی کوردی هەژار ڕەنگی ڕوومەتتان سووربکات
تاکەی ئێوەی دوورلە غێرەت لەبەرچاوان چاو سوور بکات
ئەو تەرازوەی پێی دەسەنگێ خوینی کوردی رووت وهەژار
تنۆکی عەیایی لێ دەتکێ تفی شەرمی لێدێتە خوار!
3/14 /1997زاییینی لیڤرپول ئۆستڕالیا.

ئەو خەڵکە نە ئەو خەڵکەنە پێت وایە نەوەستن
ئەوخەڵکە نەئەو خەڵکەنە پێت وایە بەهەستن
خەڵکێک کە وەها زیندوکوژوو، مردوو پەرستن
پشتیان بە هەموو گەندەڵە دارێکی دەبەستن

بۆیە گەلەکی ئەم گەلەشم پی نە گەلێکە
داڕسانی لەکەم وەختیوو بێ کاتی دەمێکە
چل دانەیی سەرگومبەزی چل دەنکی چەلێکە
گشت خۆیی فرۆشن هەموو بێگانە پەرستن

چۆن داوی قسە بادەم و تێگەیی لە دەروونم
شەش تەقەڵە دوورمانی تەریبی دڵی ڕوونم
ها،هەڵوەشێ ها،نا، لە خەیاڵاتێ چەتوونم
لەعل و سەدەف وگەوهەرو مەرجان لەشکستن

1999ی زاییینی لیڤرپول سیدنی

دەوران
خول و سووڕی فەلەک کێ لێی دەزانێ
هەزار زانا لە لایەک و نەزانێ!!؟
نییە حەوجێ بڵێم من کێم! هەیاسی
لەناو سەت کەس قسەم بیسی دەناسی!
خەیاڵی شاعیرە قوربان دەنا، نا
تەمەن کورت و درێژی دوو بەیانا!

**اش(شیت)**
کە ڕوخسارت دەبینم شێت دەبم شێت
وەرە گیانە هەتا کوو پێت بڵێم پێت

دەمت گوڵ ڕومەتت گوڵ گەردنت گوڵ
دوولێوت خونچەگوڵ پەنجەت هەتا پێت
دەڵێی دائیم لە نێو باغی گوڵاندام
بەبۆنی گوڵ دڵم وەک گوڵ دەپشکوێت
کەدیم خونچەی دەمت پڕپێکەنین بوو
وەبیرم هات لەدڵدا ئەو قسەی دوێت
بە ئێشارەو بە عیشوەو چاوە بڕکێ
بەڵێنت پیدەدەام تا بێمە سەر ڕێت
گوڵم هەرگوڵ دەزانم گوڵ دەڵێم گوڵ
ئەوەند بیستت کە فدیە گیانە لە سوێت
شەڕابی ئاڵی ناو دوو لێوی تۆمە
کە پیاڵەت لاربکەی دەڕژێمە بەر پێت
ئەوەی جوانی فرشتەی ڕووی نەدیوی
لە سیلەی چاوی من، بنواڕێ با لێت

ڕێکەوتی 2007/8/3ی زایینی ئوستەراليا.
&*&*&*&*&*&*&*&*&*&*&*&*&
لە رۆژی 2008-01-20 بڵاو کراوە لە سەر سایتی:
www.peshmergekan.eu
www.peshmergekan.com